# دنیابینی

## له پانتاییەکانی دەقدا

# دنیابینی

## لە پانتاییەکانی دەقدا

د.رەئووف عوسمان

- دنیابینی لە پانتاییەکانی دەقدا
- بابەت: وتار و لێکۆڵینەوە
- نووسینی: د.ڕەئووف عوسمان
- دیزاین: هەرێم عوسمان
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار
- ساڵی چاپ: ٢٠١٥
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (    ) ی ساڵی ٢٠١٥ ی پێدراوە

**پێشکەشە**

**بە ڕۆحیانەتی بەهەشتیی دایکم و خوشکە بەڕەحمەکەم**

**خەجیجە گیان**

# پێڕستی بابەتەکان


پێشەکی........................................................... ٧
شاعیرێتی مەولەوی لە ئاستانەی سۆفیگەریدا...............................٩
پانۆرامای شەهیدکردنی هەڵەبجە........................................ ٢٧
مامۆستا عبدالکریمی مودەریس چرایەکی پرشنگدار.......................... ٣٢
ئەزمونێك لە مێژوو... وانەیەك بۆ ئێستا.................................. ٤٣
سەرد/Narration السرد..........................................................٦٩
تۆفیق وەهبی ، ئینسکلوبیدیای کورد..............................................٨٧
رەهەندەکانی هۆنراوەی نوێ لە باشووری کوردستاندا.............................٩٩
چەپکێ وشە بۆ ساڵیادی حەمە ساڵح دیلان........................................١١٦
خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی دیوانی مستەفا بەگی کوردی................١٢٤
خوێندنەوەیەکی فرەمەودا بۆ شیرین و خوسرەوەکەی خانای قوبادی.......١٣٩
ڕۆژی قیامەت..........................................................................١٦٦
لەنێوان هەردو پایتەختی روناکبیریی بەغداو سلێمانیدا.........................١٦٩
مەرجەعیاتی ڕووناکبیریی و ئەدەبیی کاك محەمەدی مەلا کەریم..........١٨٢
مەولەوی تاوگۆزی لە چەند دیکۆمێنتێکدا..........................................١٨٩
د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، پیاوێك لەکتێب.....................................٢١٠
خوێندنەوەیەکی فرە رەهەند بۆ هۆنراوەیەکی نالی بەزمانی عەرەبی......٢٢٣
میتۆدی مەلای گەور لەمەڕ (تەفسیری کوردی لەکەلامی خوداوەندی).......٢٤١
شاعیرێتی نالی و مەحوی لەنێوان سەرامەدێتی و بەخشین و وەرگرتندا...٢٦٧
مەنهەجی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا.........٣٠٧

## پێشەکی

خوێنەری ئازیز، ئەو بەرهەمانەی کە ئەم کتێبە گرتونیەتە خۆ، لە ناوەڕۆك و بابەت و شێوازدا جیاوازن و چون یەك نین، بەڵام هەر هەمویان لە هەوارێکدا چاو هەڵدێنن، کە ئەویش دنیای بەرینی هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی بابەتە ئەدەبییەکانە، زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان لەسەر داواو خواستی گۆڤار یان ڕۆژنامە یان ڤیستیڤاڵ و کۆنگرە ئەدەبییەکان لەکاتی جیاوازدا چێم کردون و بڵاوکراونەتەوە، بۆئەوەی ئەم بابەتانە لە کون و قوژبنی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بە پەرت و بڵاوی نەمێننەوەو تەپ وتۆزی ڕۆژگار لەچاویان ون نەکات، وام بەباش زانی کە لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا، جارێکی دی ئاشنایان کەمەوە بە کتێبخانەی کوردی و خوێنەرە ئازیزەکانەوە.

ئەو توێژینەوانەی کە تایبەتن بە کەسایەتیە ئەدەبییەکانەوە، هەرگیز ناچنە خانەی سەربوردەو هەڵس وکەوتی (سیرە)ژیانی تایبەتی ئەو کەسایەتیانە، واتە پەیوەندیان نیە بە مێژوی ئەدەبەوە، بەقەدەر ئەوەی کە بریتین

لە تیشك خستنە سەر بەرهەمو داهێنانە ئەدەبیەکانیانەوە و بە بالاْبڕینیان واتە بەندە تا توانیبێتی خۆی پاراستوە لە چێ کردنی مێژوی ئەدەبو گێڕانەوەی بەسەرهاتی کەسایەتێکانەوە، هەرچەندە دەشێت ژیانی تایبەتی بەرهەمهێن کەم تا زۆر کاریگەری هەبێت بەسەر بەشێك لە بەرهەمەکانی بە هەردوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەوە، بەلاْم لە دواجاردا هەر بەرهەمی نووسینو داهێنانە دەبێتە سەنگی محەك و خاوەنەکەشی بە تەنیا وەك ئامرازێکی بەرهەم هێن بۆی دەنواررێت و تەنانەت لای هەندێك تیوریزمی ئەدەب بە پشت گوێ خراوی دەمێنێتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئاوڕدانەوە لە شوێنەواری ئەدەبیو رونـاکبیریو زانستی ئەو کەسایەتیانە لە چوارچێوەی شیکردنەوەو نرخاندنی بەرهەمەکانیان، خۆی لە خۆیدا دەبێتە هەنگاوێکی رەخنەگرانەی بالاْو ئەهەمیەتی ئەکادیمیانەی خۆی دەبێت.

هیوادارم لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکە پیرۆزەدا خزمەتێکی بچکۆلانەم بە ئەدەبی کوردی کردبێت.

## شاعیرێتی مەولەوی لە ئاستانەی سۆفیگەریدا

مەولەوی ئەو شاعیرە پایە بەرزو پڕ میهرە بوو کە شیعری دلۆڤان و نەمری تێکەڵ بە زۆربەی بوارەکانی ژیان دەکردو لەو نێوانەشەوە، نەك رۆڵی عەبقەریەتی خۆی ئامێتەی دیاردەکانی بوون و مرۆڤایەتی دەکرد بەتەنیا، بەڵکو گەوهەری شەوچراخی شیعرەکانی دەکردە ئاوێنەیەکی بالآنمای کۆمەڵگای کوردەواری، بەملوانکە مرواریەکانی شیعر سنگ وبەرۆکی چیا سەرکەشەکانی کوردستانی دەڕازاندەوە، نەك هەر ئەمەش بەتەنیا، بەڵکو سروشتی ئاڵ و والآو بەهەشتینی کوردستانی بەشێوازێك دەنەخشاند، کە نەوەکانی کورد لاشەکانیان بکەنە تەیمانی و قوربانی بێ سنوری بۆ بدەن.

ئەم مەولای شاعیرانە، هێند پەیوەندی زانیاری و کۆمەلآیەتی فراوانی هەبوە بەگەورە پیاوانی کوردستانی خۆرهەلآت و باشورەوە، کە ناکرێت هیچ شاعیرێکی تر لەم بوارەدا بخرێتە هاوتایەوە، هەر لە حاجی کاك ئەحمەدی شێخەوە هەتا شێخ عەزیزی جانەوەرەیی و شێخ عەبدولقادری

موهـاجیرو فخـر العلمـاء و خـاڵۆی کۆماسـی و شـێخ مـۆمنی سـازانی و شـێخ عەبـدالرحمن ی تاڵـەبانی و شـێخ عەبـدوڵڵای داخی و بەگزادەکانی جاف و عبدوڵلا پاشای بابان و مەحمودی یـار وەیـس و فـەرهاد مـیرزای قاجـارو گـەلێکی دی، ئەمـە لەکاتێکـدا، کـە تـا ئـەو سـەرو بەنـدە، ئوتۆمبیـل نەهاتۆتـە کوردسـتان و هۆکـانی هاتوچـۆو گواسـتنەوە تـەنیا بـە وڵاخ و پیادەڕەوی مـرۆڤ بـوە، نـازانم چـۆن چـۆنی فریـای ئـەم هـەموو پەیوەنـدی و وەڵامـی نامـەو نامەنووسـین و یـەکتر ناسـینە کەوتوە؟!.

ئـەوەی کـە جێـی باس وخواسـتە لێـرەدا، ئـەو پەیوەندییـە ڕۆح ئەفزا توندو تۆڵەیە لە گەڵ شێخانی نەقشبەندی تەوێڵـەو بیـارەدا، کەشێخ عوسمـانی سـراج الـدین بەیەکـەمین خەلیفـەی مـەولانا خالیـدی شـارەزووی دەژمێردرێـت لەناوچـەکەدا، ئـەم پەیوەندییـە دڵوگیانیـەی مەولـەوی بـە (سـراج الـدین)ـەوە، بـەجۆرێك ڕەگ وڕیـشەی قـووڵی لـە ژیـان و شـیعری مەولەویـدا داکوتـا، کـە بڕێـك لـە بەرهەمـە شـیعری و عیرفانیـەکانی بکرێنـە بەشـێکی دیـارو زینـدوو لـەناو و ناوبـانگی ئـەو ڕێبـازە سۆفیگەرییە و مورشیدەکانیا، واتە ئەگەر ڕێبـازی نەقشبەندی وەك مـافورێکی ئاوریـشمین وێنـا بکرێـت، دەشـێت بەشـێك لـە بەرهەم و شیعرەکانی مەولەوی نەخش ونیگارو جوانکاریـەکانی نێو ئەو مافورە بن و ڕۆحێکی هونەری و نەمریی پێ ببەخشن.

واتە چ نەخش و چ مافوور بەشێوەیەکی ئۆرگانی و هونەری ئەو تۆ تامێتەبوون، کەتا مێژووی شیعرو ڕێبازی سۆفیگەری هەیە لە کوردستاندا ئەم دوو جەمسەرە لێك دانابڕێن، واتە چەندێك شێخ هەتاوی رۆحی و عیرفانی بەخشیبێتە دڵی بێ ئۆقرەی مەولەوی، ئەویش هێندەو پتریش کەسایەتی شێخ و ڕێبازەکەی بەنەمری لە دڵی شیعرەکانیا پاراستوەو کردوێتیە بەشێکی گرنگ لە مێژووی ئەدەبی کوردی.

بەهەمان ئاراستە، ئەوە جەلالەدینی رۆمیە کەشەمسی تەبریزی بە نەمری لە شیعرەکانیا هێشتۆتەوە، ئەوە مەحوی و حەللاج و ئیبن فارض و قوشەیری و سەهرەوەردیە کە گیانی پڕ ئەوینی سۆفیگەریان لەدڵی پڕ لەجۆش و خرۆشی شیعردا بەنەمری نەخشاندووەو گوڕو تینێکی جۆریی لێوان لێو لە ستاتێکای خەونەکانی رۆحیان پێبەخشیوە. ئەگەر ئەبوفراسی حەمدانی و موتەنەبی نەبونایە کێ ئازایەتی سیف الدولةی وەك خۆی لەبیر دەما؟، ئەگەر ئەبو تەمام نەبوایە، کێ شەڕو شۆڕو هەڵمەتەکانی خەلیفە موعتەسەمی دەور دەکردەوە؟، ئەگەر نالی مەزن نەبوایە کێمان زوڵم و زۆرو وێرانکاری تورکانی وەحشی و بێ هونەری لەبیر دەما، کە بەرامبەر شاری سلێمانی کردویانە؟!.

شێخ سراج الدین چوار کوڕی هەبوە بە ناوەکانی شێخ بهاالدین و ضیاءالدینء عەبدالرحمن ناسراو (ئەبو الوفاْ)و

**شـێخ ئەحمـەد، سـەیرکەن مەولـەوی لـە کۆتـایی (العقیـدة المرضیة)کەیدا چۆن باسیان دەکات:**

**هو الشیخ، هم ولده الأحرار**

**هو الشیخ، هم نجله الأبرار**

**سەرکردەی ئەصحاب با وەفاوصەفا**

**یەکێ (بوالبها)، یەکی (بو الوفا)**

**دەشێ چی بڵێ لە وەصفیان کەس**

**موحەمەدی خوڵق، رەحمانی نەفەس**

**یەکێ ئاییینەی فاروقی عومەر**

**یەکێ حەقیقەت ئەحمەدی سێبەر**

**بـا لـە یـەکێك لـە چـامە شـاکارەکانی مەولەویـەوە بروانینـە ئاســـتی پەیوەندیـــە رۆحـــی و ویژدانیەکـــەی شـــاعیرو مورشـیدەکەی، ئـەم چـامەیە بریتیـە لـە (٣٠) بەیتـە شـیعری سـفتو سـۆڵو یـەکێتی بابـەتی تیـا هاتۆتـە بـوونو وەڵامـی نامەیەکی شێخی (سراج الدین)ی پێی داوەتەوە.**

**شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی**

**یاگەی حەقیقەت، جیلوەی ئەحمەدی**

**واسیتەی راگەی بەینی عیلمو عەین**

**صاحیب جەناحەین! یەعنی (ذي النورین)**

**نامەی رۆح ئەفزای شیرینت یاوا**

**دڵ وە مەردومەك دو دیدەش ساوا**

**ئەررازیت وە یاد خەستەی دڵگیری**
**یا شێخ تۆ دایم (نەقشی) زە میری**
**خۆ من هەر جە زو وە مەیلت مەستم**
**هەر جان فیداکەی رۆکەی (ألست)م**

مەولەوی دەڵێت: (شێخی دەوڵەمەند)، دیارە مەبەستی لەدەوڵەمەندی عەقڵ و عیرفان و هۆشە، دەوڵەمەندی خواناسی و پاکی و تەمەسوکە بەڕێبازەکەوە، دەوڵەمەندی شێخ، ئینسان دۆستی و هەژار خواهیە، نەك بنیاتنانی کۆشکی قەبەو سامان و یەری یەری، شێخانی نەقشبەندی نەهاتون وەك قەشەو پیاوە ئاینیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا، لە گەڵ دەرەبەگ و ئاغاکاندا یەکبگرن دژی بەرژەوەندێکانی میللەت و تەلاری بالاو قەلای سەخت لەسەر لاشەی ماندوی جەماوەر بنیات بنێن و خوێنیان بمژن، هەموو هەوڵەکانی ئەوان دروستکردنی قەلای عیلم و عیرفان و چاکەخوازی و خزمەتی خەڵك بوە، ئەوەی کەلای خەڵکەوە بۆیان هاتوە داویانە بەخانەقاو مزگەوت و فەقێ و مەلاو موریدەکانیان، تەنانەت یەکێکی وەك شێخ عومەری ضیاءالدین، لە بیاوێڵەو خانەقین و سەعدیەو کفری و بیارە خانەقای دروستکرد وفەقێ و مەلای بۆ هێنا، نەك هەر ئەم ئەرکە ئاینیە بەتەنیا، بەڵکو بەشێك لە خەلیفەکانی مەولانا خالیدی شارەزووری، وەك شێخ (عبیداللە نەهری و شێخ

عبدالسلامی بارزانیو سەید طە)ی شەمزینی ئەرکی ڕاپەڕاندنی شۆڕشەکانی کوردیان گرتۆتە ئەستۆ دژی داگیرکەرانی کوردستانو دەوڵەتی عوسمانی کەدەمی خستبوە جواناوی میللەتی کوردەوە.

یەکێك لەو نموونە زیندوانەی کەنابێت هەرگیز لەبیر بکرێت، دوای ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ١٩٩١، گرانیو قاتوقڕیەکی ئێجگار سەخت ڕویکردە کوردستانی عێراقو خەڵکەکە بەلێشاو ڕوەو ئەوروپا کۆچیانکرد بەڕێگای تورکیادا،تەنیا پشتو پەنای ئەم ئاوارانە خانەقاکەی شێخ عوسمان بوو لە تورکیا، ڕۆژانە چەندان خێزانی برسیو ئاوارە خۆیان دەگەیاندە ئەمەکۆیەو لەوێندەرێ میوانداری دەکرانو دەحەوانەوە، یان دوای دابڕانو لێکترازانی خێزانەکان لەوێ یەکیان دەگرتەوە، بێئەوەی لە خانەقاکە لێیان بپرسن ئێوە کێنو ناسنامەتان چیە؟ ڕێنمایی دەکرانو یارمەتی فرەمەودا دەدران، تەنیا ناسنامە لای ئەوان کورد بوون بوو بەتەنیا، هەتا ئێستاش خەڵکی دەڤەری سلێمانی ئەم چاکەو خێرخوازیو نیشتمان پەروەرییە بێگەردە هەر دەڵێنەوە، دیارە ئەم خانەقایەی شێخ درێژە پێدەری ئەوەی بیارە بوەو هەمان ڕێڕەوی خزمەتی خەڵکی گرتۆتەخۆ.

مەولەوی لەهەمان قەسیدەدا باسی ئەو بەهرە ئەبەدیە خواییە دەکات کەبە پیری بەخشیوە، سۆزو ئەوینی مەولەوی

بۆ شێخ هێند ڕاستو ڕەوانو بیٚ مەبەستی دنیاییە، کەلە نێو پیتو وشەو دێڕەکانەوە وەکخۆرەتاو شەبەنگ پەخشدەکات، مەولەوی وەك ئەبولقاسمی فیردەوسی لەسەر پوولٚو پارە لەدانانی شانامەدا لەگەڵ شاه تێکنەچوە، وەك موتەنەبی لە سەر سامانو دەسەڵات لەگەڵ کافوری ئەخشیدیدا یەکلایی نەکردۆتەوە، دەوڵەمەندی رۆحیو عیرفانیو خواناسی سراج الدین بایەخ دارترین سەرچاوەی تینو ژیان بوە بۆیو لەوێوە بەهرەو توانا خۆرسکەکانی مشتومالٚ کردوەو چاوی شیعرەکانی هێندەی تر پێگەشو بینابوون.

(یاگەی حەقیقەت) لای مەولەوی، نەك بەتەنیا خودی شێخە وەك ڕەمزو کارێزمایەك، بەڵکو ڕێبازەکەیو مزگەوتو خانەقاکەشە، کە بوونەتە مەڵبەندی عیلمو ڕوکردنە یەزدانو پاکژبونەوەی رۆح لە ختوراتی ژیان.

وەك وتمان ئەم قەسیدەیە وەڵامی نامەیەکی شێخی (سراج الدین)ـە بۆ مەولەوی، چونکە خۆی دەڵێت:

نامەی رۆح ئەفزای شیرینت یاوا

دڵ وە مەرد و مەك دوو دیدەش ساوا

خۆشەویستیو دڵسۆزی نێوان مەولەویو شێخ لە ئاستی پیرو مورید دەرچوەو لێکدا تواونەتەوەو بونەتە هاوڕێی گیانی بە گیانی، ئەوەتانیٚ مەولەوی دەڵێت:

**ڕەفیق مەحرەم عیجزو سرورم**
**حەکیمەکەی ئێش زام ناسوورم**
**ئەنیس مەجلیس عەیش‌و نیشاطم**
**دەسگیر ڕاگەی هات‌و نەهاتم**

شـێخی سـراج الـدینیش لەنامەکەیـدا بەهـەمان نەفەسـی خۆشەویستی‌و ڕێز قسە لە گەڵ مەولەوی دەکات‌و دەڵێت:

(قـوةی بـصارتء قـرةْ بـصیرت، باعتـدال صـورت ء حُـسن زینـت سـریرتء برکـت علانیـة در خلـوت وجلـوت مجـور و مسرور.... یادی مەردان)(٤٥).

دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئـەویکات هەنـدێك نێوەنـدو مەڵبەنـدی ڕونـاکبیری‌و زانـست هـەبوون لـە کوردسـتاندا، بەیتوشی‌و شێخ مارفی نۆدێ‌و ئیبن الحاج وئیبن ئادەم‌و مـەلا عەبدوڵلای جەلی لـە کۆیـە، کەڵـە زانا لێهاتووەکـانی ئـەو بـوارە بوون، دیـارە مزگـەوت‌و خانـەقای بیـارەش گـەورەترین زانکـۆی ئـەو سـەردەمە بـوون‌و سـەدان مـەلاو زانـای پایـەدار لـەوێوە زانستیان وەرگرتووەو بەهرەمەندبوون.

مەولـەوی لـەم قەسـیدەیەدا لەگـەڵی دەرگـای بابـەت‌و مەبەسـتی داوە، کۆمـەڵێك خەسـڵەتی لاهۆتیانـەی بەخـشیوەتە مورشیدەکەی، وەك:

**واسیتەی ڕاطـەی بەینی عیلم‌و عەین**
**صاحیب جەناحەین یەعنی ذي النورین**

یان دەڵێت:

**جسماً لدنيا روحا لديه**

**دائیرەی تەمام منه إليه**

دیارە نامەکەی سراج الدین بۆ مەولەوی سەر لەنوێ رۆحێکی بەهرەمەندی پڕ سۆزو وەفاداری پێبەخشیوەو گیانی پڕ میهری ئەوینی تەریقەتی چۆڕاندۆتە گورپەی دڵە ناسکەکەیەوە.

لە کۆتایی قەسیدەکەدا مەولەوی گەشتۆتە پلەی یەکێتی بوون (وحدة الوجود) ئەوەتانێ دەڵێت:

**تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ**

**من‌و تۆ جەدەس من‌و تۆ سانۆ**

**تۆ، بێ تۆ، لوطفت پەی من زیاد بۆ**

**من، بێ من، رۆحم وە خزمەت شاد بۆ**

واتە جیاوازی رۆحی‌و نەستی نێوان مەولەوی‌و سراج الدین لەلایەك‌و نێوان هەردوکیان‌و حەقیقەتی پەروەردگار لەلایەکی ترەوە کاڵ بۆتەوەو بەهەرسێ جەمسەرەکە یەکێتی بوونیان فەراهەم هێناوە، ئەم یەکێتی بوونە (وحدة الوجود) دوا پلەی توانەوەی زاتی مرۆڤە لەگەڵ دیاردەکانی پەروەردگارو دوا قۆناغی پاکژبوونەوەی رۆحە لە ئامێزی نووری ئیلاهیدا، دیارە بەر لە میش محی الدین ئیبن عربی‌و حافظ و جەلالەدینی رۆمی‌و حەلاج‌و ئیبن فارض لەهۆنراوە

سۆفی گەراکانیاندا گەشتونەتە هەمان ترۆپکی بەرزبوونەوەو (تسامی) دابڕان لەو زەویەی کە ژەنگاوی کراوە بە زوڵم‌و زۆر تەنیا مەبەست لای مەولەوی نەك ڕازیکردنی مورشیدەکەیەتی بەتەنیا، بەڵکو ئەفراندنی هۆنراوەیەکی ئەو تۆیە کەتان‌وپۆی شیعریەتێکی رەسەن‌و نەمری لەخۆگرتووەو دەشێت بکرێتە ئاوێنەیەکی بالاْنمای شیعری سۆفیگەری لە ئەدەبی کوردیدا.

دەبێت ئەوە لە یاد نەکەین کە مەولەوی هەر بە شیعر سراج الدینی بەسەر نەکردۆتەوە، بەڵکو بەپەخشانی هونەری بالاْ، هەست‌و نەستی خۆی نەخشاندوە. سەیرکەن چی دەڵێت: (مخدوم مطاع میهرەبان‌و قطب دائره حق شناسان‌و ضیا بخش دڵ ناتوان‌و روشنی دە دیدە، پیرو جوان، أعنی بە شێخ عثمان... (یادی مەردان ل٤٢٥).

دوای ئەوەی کە مورشیدەکەی چاوەکانی بۆیەکجاری لێکئەنێ و ماڵئاوایی لەدۆست‌و یاوەرانی دەکات، مەولەوی بەهۆنراوەیەکی عەرەبی بالاْ، شیوەن‌و چەمەرانەیەکی ئەوتۆی بۆ دەگێڕێ کە وشەو پیتەکانی چۆڕاوچۆڕ خەم‌و پەژارەیان لێی دەتکێت: (یادی مەردان.. ل٣٨).

ألا ترى إلى التى بنُهيتي
ومهجتي مِن غُمّةِ البلية
لو نزلت منها على الثوابتِ
أوِ السما لانتثرت وأنشقتِ

**نَعَمْ أهل سراجُ الدِينِ المصطفى**

**ضياءُ أهلِ الشرع والطريقةِ**

مەولەوی گەلێ نامەی لەگەڵ شێخ بهاء الدین دا گۆڕیوەتەوەو زۆرترین شیعری بۆ ئەو وتوە، ئەوەتا بەبۆنەی گەڕانەوەی شێخەوە دەڵێت:

**ئایینەی کامڵ ئازیزەکەی فەرد**

**فیدای ئامات بام صەفاییت ئاوەرد**

**خەیلێن گەردی پات نەدیدەم دوور بێ**

**یانەی چەم وێران تەمام خاپور بێ**

**خاس بێ تەشریفت هەم ئاوەردەوە**

**گەردی پات وەتەن ئاوا کەردەوە**

لەم چامە ڕەنگینەدا مەولەوی بۆتە پارچەیەك ئەوین‌و سۆزو وەفای بێ سنوور، بۆ مورشیدەکەی‌و، تەنانەت نەك خۆیشی لەدەور ئەگێڕێ بەتەنیا، بەڵکو ئەو چاوەش کوێردەکات کەبێ ئەو بتروکێت، لە کۆتایی چامەکەدا مەولەوی داوای مەی دەکات، کامە مەی؟! مەیی دنیای حەقیقەت‌و ڕۆح ئەفزای گەردونی، مەیی عارفانی ڕێگای شەرع‌و تەریقەت، مەێیك کە ژەنگ‌و ختوراتی دڵ پاکژکاتەوەو باشتر ڕاپیەڕێنێت بۆ جەنگی هەمیشە ئامادە لە گەڵ نەفس‌و شەیتاندا، مەێیکی ئەوتۆ کە گوڕێکی بەتینتر بداتە دەورانی ژیانی‌و خەمە ئەبەدییەکانی بلاوێنێ، دیارە مەولەوی هەر بە شیعر سۆزی

دەرنەبڕیوە بۆ شێخ بهاْ الدین بەڵکو چەندان نامەی پڕ وەفاو میهریش لە نێوانیاندا هەبوە، ئەوەتانێ لەوەڵامی نامەیەکی مورشیدەکەیدا دەڵێت: (تمیمةْ بازوی حیات درویشانء تتمةْ نیروی ثبات دلریشان، أعني نتایج أفكار أبكار مُنشِیا إیشان... یادی مەتردان ٤٢٤)، با ئەوەش لەیاد نەکەین کەخودی شێخ بهاْ الدین و ضیاءالدین، گەلێ شیعری ناسكو پاراویان هەیە، ئەوە تاڵە ئاوریشمیەکانی شیعرە کە خەونو ڕۆحی هەردو جەمسەرەکەی پیرو موریدی گرێداوەو بە ئامانو زەمان لێك نابنەوە.

با ئەوەش لەیاد نەکەم کەسۆزو خۆشەویستی مەولەوی درێژەی کێشاوە بۆ شێخ (عبدالرحمن)ی ناسراو بە ئەبو الوفاْ)ی کوڕی سراج الدین، دیارە دوو هۆکاری گیانی کاریگەر ئەم دوو زاتەی پێکەوە گرێداوە، یەکەمیان پیرو موریدیە، دوەمیان کانی چاو قرژاڵی و ڕوونی شیعرە، چونکە هەردوکیان بەکامی دڵ دەمیان پێوەناوە، واتە ئەبو الوفاش شاعیرێکی بەهرەمەند بوە، بەڵام بەزمانی فارسی شیعری هۆنیوەتەوە مەولەوی کتێبی (العقیدە المرضیة)کەی کە بریتیە لە ٢٤٤١ بەیتە شیعرو باس لە عقیدەو فیرقەکانی ئیسلام دەکات هەر لە قەدەریو جەبریەوە هەتا موعتەزیلەو ئەشعەریو بیری سۆفیگەریو گەلێ بابەتی تر، بەدانپیانانی خۆی لەسەر هاندانی فرەی ئەبو الوفاء ئەم کتێبەی داناوە،

ئەوەتانێ دەڵێت:

**خەڵقم زەحمەت دا، بووگم بێ ئەدەب**

**بابەس بێ، چاکە، بێمە سەر مطلەب**

**هیمەتی ئەبولوەفا وەفای کرد**

**ئەم خدمەتی یە بەمن جێ ئاوەرد**

**وەرنە منو علیم بەم گرانی یە**

**فەهمی بێ چارە بەم نەزانیە**

دیارە مەولەوی زاناو عیرفانی لەم دێڕانەدا خۆ بەکەم زانینو بێ سەوادی خۆی دەردەبرێ، کە یەکێکە لە خەسڵەتە دیارو بەرچاوەکانی دنیای سۆفیگەری، ئەمە یەکەمین شاعیری کوردە کە توانیویێتی بەشێوەزاری لۆکاڵی جافی ناوچەی تاوگۆزی، کەبریتیە لە ئاخاوتنی کۆمەڵگەیەکی کۆچەری ئاژەڵدارو جاروباریش کشاوەرز، عیلمی کەلامو منطق دارێژێ، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا هەڵزنانە بە کەژێکی سەختو هەزار بەهەزاردا، چونکە زمانی کوردی لەو بوارەدا هەژارو دەسکورتەو ئاستەمە ناوەڕۆکی زانستی کەلامو منطق بگرێتە خۆی، ئەگەر لەسەر دەستی یەکێکی وەك مەولەویدا نەبێت، دیارە بەمکارەی زمانی کوردی دەوڵەمەند کردوەو خوستویێتیە سەر ڕێچکەی دەربڕینی بابەتی زانستییو عەقڵ گەرایی.

مەولەوی جگە لەو هۆنراوانەی کەبۆ مورشیدەکانی وتوە، لەبەشێك لە شیعرەکانی تریشیا پەلی هاویشتوە بۆ فەلسەفەی

تــصوف‌و زاراوەو قۆنــاغ‌و کەســایەتیە بەرچــاوەکانی‌و لــەو نێوانــەوە لــەبوارەکانی عیــشقی ئیلاهــی‌و پەیامبــەرو پــیرو ئەهەمیەتی پیرو خەسڵەتەکانی خۆ بەکەم زانین(هـضم الـذات) دواوە، هـەروەها ئاوڕی‌لـە حەقیقـەتی ژیـان‌و بـوون‌و نـەبوون‌و ئینسان دۆستی‌و ڕاستگۆیی‌و هـەژار خـواهی داوەتـەوە، دیـارە تــەنیا مەرجــەعیاتی زانیارییــەکانی مــەڕ دنیــای ســۆفیگەری مەولــەوی وەك ڕێبــاز، کتێبخانــەی عــەرەبی‌و فارســی بــوە، بــە بۆچــوونی بەنــدە ســەبکی داڕشــتنی شــیعرەکانی لــە ســەبکی عێراقیــەوە نــزیکترە وەك لــە ســەبکی هینــدی‌و خوراســانی، دەتــوانم بڵــێم ئــەم ســەبکە درێــژە پێــدەری ســەبکی خانــای قوبادی‌و بێسارانی‌و ئەوانەی پێشوو ترن.

مەولـەوی بەهـەمان نەفـەس‌و گـوڕو تینـەوە لـە سـەر داوای ســراج الــدین کەلــە کــاتی خۆیــدا شــێخ بهاءالــدینی کــوڕی ڕاسپاردوە، کتێبـی (الفـضیلة)ی داناوە کـە بریتیـە لـە (٢٠٣١) بەیتـە شـیعرو لەهـەموو دنیـای عـەرەب‌و ئیـسلامدا، تـا ئێـستا بەرهــەمی لــەم شــێوەیە بــە شــیعر نــەوتراوە، ئــەوەتانێ دەفەرموێت:

وصيةُ المستخلف الممجَّد

شيخ الهدى نورُ الورى محمد

أمرني بنظمها وحالي

تعللت عن حسن الأمتثال

**إذا شيخُنا قطب الزمان أمرا**

**مطابقا لإمر سيّد الورى**

مەولـەوی جگـە لـە شـاعێریتە دەگمەنەکـەی، وەك وتمـان زانایـەکی پڕ عیلمو عیرفان بوەو ئاگای لـە هـەموو قوتابخانـە فیکریـــەکانی وەك موعتـــە زیلـــەو قـــەدەریو جـــەبریو مورجەئەبوەو وەك خۆی لە شیعرێکدا وتویەتی:

**أشعرتْ الى الأشعري الوحيد**

**نفسي ما تريد نحو ما تريد**

واتە مەیلی بەلای بۆچوونەکانی شێخ حەسـەنی ئەشعەریدا هەیەو أبو مەنصوری (ماترید)ی ڕەتدەکاتەوە. سەیرکەن لـەدوا دواییـەکانی تەمەنـدا، بەرامبـەر بـە سـەربوردەی پانۆرامـای ژیانی ئادەمیزاد چی دەڵێت:

**هەرچیت دی بەچاو، ڕۆیی بۆ سەفەر**

**هەرچی ئەبینی وا لە سەر گوزەر**

**کەس حاڵی نەبو، هیچ کەس نەیفامی**

**ئەو بۆچی ڕۆییو ئەم بۆ هاتەدەر**

دیـارە ئـەم پرسـیارانەی مەولـەوی لەمـەڕ (وجـود، عـدم)و سەرەنجامی تراژیدیای هەڵوەرانی گەڵای تەمەنی مـرۆڤو هاتنـە بێ ئیختیارەکەی دنیـاو ئـەم قەدەری سـەفەرە بـێ نـاو ونیشانە ئەبەدیە، هەمیشە لە دڵو مێشکیا گینکڵیان داوەو سەرچاوەی دڵـەڕاوکێ بـوون، سـەرباری هـەموو ئەمانـەش قـەدەری بـێ

دەسەڵاتی و لاوازی ئادەمیزاد لە ئاست چارەنووسی خەمگینی خۆی، کە بۆ هاتوەو بۆ دەمریّ و ئەو هەموو خورپەو سۆزو هیــوای ئــادەمیزادە چــیان لێــدیّ و ســەربەکوێوە دەنێــنن؟! نەخشەو خەونە ئەفسانەییەکانی رۆح بۆ لەت وپەت دەبن؟ چرای ئاواتە دوورە دەستەکان، بۆ بە فوویەك رەشەبای مەرگ دەیکوژێنێتــەوە؟ ئــەم پرســیارانەو گــەلێکی دی لــە دێــرەوە مێشکی بیرمەندان و فەیلەسوفانی هەژاندوە، پرسیارەکانی(أبو العلاءالمعریء خیام و حافظ ونیتشەو گۆتەو گەلێکی تر، تا ئێــستا بــیّ وەڵام ماونەتــەوە، لــەوە دەچــێت ئــەم دوو بەیتــە شیعرە، لە تەمەنی پیریی مەولەویدا وترابن و وا هەست دەکەم کەتووشی نامۆ بوونی ئەنتۆلۆجی بوو بیّ و تەزوویەکی هۆش ئامێز بەتوندی رایتەکاند بیّ و لاپەڕەکانی مەرگی لەبەردەمدا والآ کردبێت، یان تەمی رەشبینی و بیّ ئومێدیەکی چڕ لە سەرتاپای رۆحی ئالآ بێت، ئەگەر نا بۆ دەڵێت:

سەدای ئاسیاو چی مەیۆ پەیا پەی
ئاسیاو خاڵیەن نۆ بە تەن سادەی
هەر کاتیّ زانا چەرخیّ وەردەوە
چون یاران دانەی ئێمەش هەڕدەوە

با ئەوەشم لە یادنەچێت کە شاعیری گەورەی عەرەب ایلیا أبو ماضی بەر لە سەدەیەك هەمان دو بەیتەکەی مەولەوی دەڵێتەوە.

**جئت لا أعلمُ من أين، ولكنى أتيتُ**
**ولقد أبصرتُ قدامى طريقا فمشيتُ**
**وسأبقى ماشيا إن شئت هذا أم أبيتُ**
**كيف جئت؟ كيف أبصرتُ طريقى**
**لستُ أدري**
**أجديدُ أم قديم أنا في هذا الوجود؟**
**هل أنا حرُ طليقُ أم أسيرُ في قيود؟**
**هل أنا قائدُ نفسي في حياتى أم مقود؟**
**أتمنّى انني أدرى ولكن لستُ أدري**

یەكێك لەمەلاو زاناكانی نەجەف وەڵامی یەك بەیەكی ئەم چامە درێژەی داوەتەوە بەناونیشانی (أنا أدرى)

**چەپكێ گوڵو چەپكێ نێرگس**
**مەرگتان نەبینم هەرگیز**

## ئه نجامگیری

مەولەوی پێش ئەوەی تەمەسوك بكات بە ڕێبازی سۆفیگەریەوە، هەم شاعیرێكی بەهرەمەندو هەڵكەوتە بوەو هەم مەلاو زانایەكی باڵا دەستبوەو ناو و ناوبانگی لە كوردستاندا وەك شاعیرو زانا دەنگی داوەتەوە.

تەمەسوك كردنی بە ڕێبازی سۆفیگەریەوە لە سەردەستی شێخ عوسمانی سراج الدین دا، دەرگایەكی عیرفانی نوێی بۆ

کردۆتـــەوەو پـــەی دەر پـــەی هەوڵیـــداوە کەهـــەم لـــە ئـــەدەبی ســـۆفیگەری‌و هـــەم لـــە دنیـــای تەســـەوفدا قـــووڵ بێتـــەوەو بەهرەمەنـد بێـت، دیـارە ئـەم سـوود بینینـە، کـەم تـا زۆر لـە هەندێك لە شیعرەکانیا ڕەنگی داوەتەوە.

دانـانی هـەردوو کتێبـی (العقیـدة المرضـیة) و (الفـضیلة) لەسەر پێشنیارو داوای سراج الـدین رۆڵێکی بەرچاوی هـەبوە لــە پــتر دەم ژەندنــە نێــو زانــستی کــەلام‌و لۆجیکــەوەو قــووڵ بونەوە لەو مەیدانەدا، دیارە ئەگەر مورشیدەکەی دڵنیا نەبوایـە لە ئاست‌و توانا عیرفانێکانی مەولەوی، لەنێو ئەو هـەموو زانـاو مـەلای دەڤـەرەدا، روی لـەو نـەدەنا بـۆ بـەجێهێنانی ئـەو ئەرکـە عیرفانیە. بالاو نەمرە.

* سەرچاوەکان

---

١. دیوانی مەولەوی، مەلا عەبدالکریمی مدرس.
٢. دیوان ایلیا أبو ماضي
٣. یادی مەردان، بەرگی ١، ٢.
٤. العقیده المرضیة.
٥. الفضیلة.

# پانۆرامای شەهیدکردنی هەڵەبجە

هەڵەبجە بووکێکی گۆنا ئاڵی چاو ئەستێرەی ئاودامان سورمەچن بوو، وەك عاشقێکی عەزەرەتی هەمیشە لە ئامێزی گەرموگوڕی قۆرتاس و گوڵ عەنبەرو بەکراوای سەدان ساڵەی شارستانێتی ئەم رۆژهەڵاتە تێر نەدەبوو...

دار چوالە پەمەییەکانی شنروێ و بالاّنبۆ قردێلەی کەزێ و بسکی بوون، مۆردی پرچە خاوەکانی بە شان و ملی تریفەو پریس و نێرگسەجاردا پەخش بووبوونەوە، شەماڵی دەم کەژی نوەرو قەلاّی شەمێرانیش بۆیان شانە دەکرد، لەگەڵ نواڵەی هەر زەردەخەنەیەکدا سەدان پەڵە نێرگزو مۆردو رێحانەی دەشتەکانی نەورۆڵی و شەمێران چاویان هەڵدەهێنا.. هەڵەبجە..هەڵەبجە عەنبەرخاتوونی باوە مەولەویم بوو.

لەگەڵ یەکەمین لیزگە خۆری شانزەی سێدا سەدان جووتیاری دەوروپشتی هەڵەبجەو شارەزور وەك پوورەی هەنگ بەدوای پارویەك نانی سەربەرزانەدا کەوتنە گوڵ بڕین و جۆماڵ و شەتڵ داکردن...

خوێنـدکارەکان وەك پۆلـە مـەلی سـرك‌و تیـژڕەو بـە ئـاواتی زانکـۆو فێربوونـەوە بەسـەر چـڵی خـەمناکی قوتابخانەکانـدا نیـشتنەوە، میلـی کاتـە ترسـناکەکان بـە هـەورازی سـەختی کـاژێری یـانزەو نیـودا هێـدی هێـدی هـەنگاوی شـێتانەی هەڵدەهێنا..

چـەند فڕۆکەیـەکی قێـزەون بـە فـەرمانێکی فاشـیانە، لـە بەغـدای دەسـت‌وپێ سـوور بـە خـوێنی حـەلاج‌و بابـك‌و سـەهرەوەردی، بەغـدای چـەقۆو سـێدارە، شـاریان لـە چاوتروکانێکدا وەك بوومەلەرزە بردو هێنا.. زەوی‌و ئاسمان لێکیان داو دۆزەخی مەرگ داخرا، خەڵکە هەژ بە سەرەکەش بەیەکا دەهـاتن‌و دەچـوون‌و هـەر ژاوەژاویـان بـوو، مـەرگ فرسەتی چاوتروکانیشی نەئەدان، نە ئەوەبوو ئاسمان بیان باتـەوە، نـە ئـەوەبوو زەوی هـەڵیان لووشـێ، لـە دووی پـاش نیوەڕۆدا.. ئەم جارەیان شار بە خەستی کیمیاباران کرا، ئیتر هەڵەبجە بوە بووکی ژێر دەواری سیانیدو خەردەل، تەمێکی سەوزو سوورو زەرد نیشتە سەر باڵای هەڵەبجەو بەیەکجاری بەری خۆری لێگرتن... بۆنی مۆزو سێو بە هەناسەو سنگی شاردا هێدی هێدی پەخش بوەوە، هەبوو تا دەیتوانی قاقا پێدەکەنی‌و خوێنێکی شین بە دەم‌و لوتیا دەهات‌و چنگی لە زەوی گـیر دەکـردو لەپـەو ڕوو لێـی دەکـەوت.... هەنـدێك چـاوەکانیان لـە کـالان دەرهـاتبوو بـە ڕوومەتیانـدا شـۆڕ بووبووەوەو پاڵیان دابوو بە دیوارو پەسێوەو هێند دەکۆکین

تا گیانیـان لەدەست دەدا.... هەنـدێك کـەفی سـەوزو سـوور بـە دەمو لێویانـدا دەهـاتو هـەر خیـزەی سـەر سـنگو هەناسـە بڕکێیـان بـوو دەهـاتن و دەچـوون، تـا دواجـار وەك مریـشکی سـەربڕراو لـە خـوێنی خۆیانـدا سـەمای مـەرگیان دەکـرد، هەندێکی تر سەرتاپای لەشیان وەك کۆلـەوژ ڕەش هەلْگەڕابوو و تا دوا نووزە هەر دەگریان، کە سەرت دەکرد بە ژێرخانێکدا، وات دەزانـی خەلْکەکـە مەجلیـسیان گەرمـەو چاوەڕێی سـلاوت وەلام بدەنــەوەو بــەرزە پــێ لەبــەرت هەلْـسن، بــەلام کاتێــك سـەرنجت لـێ دەدان، سـەیرت دەکـرد هـەر هـەموویان گیانیـان لەدەست داوەو بوونەتە مۆمیا....

پۆلێ قوتابی ساوا وەك کەروێشکی خـرپن لـە قوتابخانـەوە روەو مـالْ دەبوونـەوە، لـە ناوەڕاسـتی شـەقامەکەدا، هـەنگاوە خنجیلانــەکانیان هێــدی هێــدی قــورس بــوو، چــەند دلْۆپــە خوێنێکی گەش لە دەمو لوتیانەوە رژایە سەر دەفتـەرەکانیانو ئـەرکی سـبەینێی مامۆسـتایان بـە خـوێن نووسـیەوە، خـەرامان مەمکی نـابوە دەم کۆرپەکەیـەوەو لای لایـەی بـۆدەکرد، دواجـار کە سەیر دەکـەیت ملـی سـۆزو خـەمی بەسـەر بێشکەکەدا شـۆڕ کردۆتـەوەو شـیریش بۆتـە ژەکـی سـیانیدو، خـەرامان خۆیـو ئازادی نۆبەرەیـشی گیانیـان لەدەست داوە، کۆمـەلێك ئـافرەتی رەش پــۆشو بــەش مەینــەت بــە کۆلــە کنگــرو پوونگــەو گێلاخەوە، لـە لێوار شـەقامێکدا هـەنگاوەکانیان قـورس دەبێو رادەکـشێن، لـەپڕێکاو لـەناکاو تراکتۆرێـك بەسـەریاندا هـاتو

لەگەڵ شەقامەکەدا خوێن و گۆشت و ئێسقانی تێکەڵ کردن و خۆیشی لە چەقی جادەکەدا ئیستێکی هەتاهەتایی کرد، دیارە لێخوڕو سەرنشینەکانیشی گیانیان لەدەست دابوو، بەڵام ماکینەکەی هەر ئیشی دەکردو دەینالاند، پۆلە کۆترێك لە باخەکانی گوڵانی شێخ مۆمنەوە، ئەدەن لە شەقەی باڵ و ڕووەو شار ڕێ هەڵە دەکەن و... لەسەر بەردە نوێژەکانی مزگەوتی پاشا باڵە سپی و نەخشینەکانیان هەڵدەوەرێ... نوێژکەرو کۆترو قورئان و بەردە نوێژەکان لە خوێندا شەلاڵ دەبن.... ئەوانەی لە چنگی مەرگ ڕزگاریان بوو بوو، تاك تاك و کۆمەڵ کۆمەڵ، بە زامی قووڵ و سکی برسی و خەمی گەورەوە هەڵدێن و گورگی سیانیدو خەردەلیش هەر بەدوایاندا ڕادەکات... دەکەون و هەڵدەستنەوە... دەکەون و هەڵدەستنەوە... جارێکی تر ڕوودەکەنەوە چیاکانی شنروێ و بالانبۆ..... هەندێکیان پەردەی ڕەش دەکەوێتە سەر چاویان و کوێر کوێر ڕادەکێشێ.... هەندێکی تریان هێند برینەکانیان کاریگەر بوو، لە لاڕێ و ملەکاندا ڕادەکشان و گیانیان لەدەست دەدا.... لە کاژێری چوارو نیوی ئێوارەدا جارێکی تر چەند فڕۆکەیەك لە ڕێگای عەنەب و شنروێ دێنەوە سەر خەڵکە دەربەدەرو کەساسەکەو گەلێکی تریان گیان لەدەست دەدەن....

لە ناوچەکانی بۆین و مۆردین کۆمەڵێکی تر ئاوارەو بریندار لەپڕێکدا دەچن بەسەر کێڵگەیەکی میناو شەل و پەت دەبن و گیان لەدەست ئەدەن.... ئەوانەی کە نووزەیەکیان تیا ماوە بە

هەزار ئەشکەنجەو ناڕەحەتی خۆیان دەکەن بەودیو سنووورداو گەلانی ئێران‌و کۆماری ئیسلامیش باوەشی سۆزی گەرمیان بۆدەکەنەوەو بێشکەی برسێتی‌و زامی قووڵ‌و خەمەکانیان بۆ رادەژەنن‌و دواسات بریندارەکانی ئەم شارە مەزڵوومەو رۆحیانەت سپیە، دەگەنە لەندەن‌و زیوریخ‌و پاریس‌و تاران‌و بەرلین‌و دەبنە ئاردی بن دڕکی وڵاتان.

بریماکۆفی ویژدان مردوو کە دەنگی فەرمی وڵاتی شوورەوی بوو، لە پراڤدای ڕووزەردا، بە بۆنی نەوت‌و دۆلار دەکەوێ‌و دەڵێت دەوڵەتی عیراق کیمیابارانی هەڵەبجەی نەکردوە.... باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەهەموو جیهاندا بە فەرمی پرسە رادەگەیێنن‌و ئاڵای ئێران دێننە خوارێ.. ئیستگەکانی دنیا دەیکەن بە هەڵڵاو هاوار... بەڵام ئەوانیش بۆنی نەوت مەلاشویان دەگرێت‌و بێدەنگ دەکرێن... هەڵەبجەش دەبێتە پەڵەیەکی رەش، بە تەختی تەوێڵی نەک فاشیەکانی بەغدا بەتەنیا، بەڵکوو هەموو کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانی رۆژئاواو رۆژهەڵاتەوە، ئەو کۆمپانیایانەی کە ئەم چەکانەیان بە رژێمە فاشیەکەی بەغدا فرۆشتوە.

تێبینی: ئەم بابەتەم لە رۆژنامەی هەڵەبجەی ژمارە (١) لە ١٩٩٣/٣/١٦دا بەناوی (ماکوان)ەوە بڵاوکردۆتەوە.

# مامۆستا عبدالكريمی مودەریس چرایەكی پرشنگدار

مامۆستا عەبدولكەریمی مودەریس یەكێكە لە ئەستێرە درەوشاوەكانی ئاسمانی ڕۆشنبیری و ئاینیو ڕوناكبیری كورد لەسەدەی بیستەمدا، ئەم زانا پایە بڵندەمان كۆمەڵێك توخمو هۆكاری كاریگەرو گەورە لە پشت كەسایەتیە دیارو بەرزكەیەوەن، كە دیارترینیان بەهرەو وزە تایبەتیەكەیەتی، كە دەكاتە زیرەكیەكی فرەو بیرەوەریەكی تیژو توانایەكی پڕ لە بەخشینو لەبن نەهاتوو، ئەمە جگە لەو هەوڵە بەبرشتو درێژ خایەنە هەمیشەییەی كە بێ پسانەوە تا ئەم دواییەش هەر لە گەڕدا بوە، نابێت دوو شتی گرنگ بخرێتە پشت گوێ لە بواری چۆنێتی فۆرمەڵە بوونی ئەم كەسایەتیەدا كە یەكێكیان وانە خوێندنو سوودبینێكی فرەیە لە مامۆستاپایە بڵندەكانی كەدەرسیان پێوتۆتەوە بەتایبەتی بلیمەتێكی وەك شێخ عومەری ئیبن قەرەداخیو دوەمیشیان وانە وتنەوەو موتالأی هەمیشەییو تەئلیفاتە، دیارە كارلێكی ئەم لایەنانە بەسەرو

مـــڕی تـــوخمێكی گـــرنگ دێننـــە گـــۆڕێ كـــە ئـــەویش نـــەك دەوڵەمەندیە لە زانستا بەتەنیا، بەڵكو تیـژی بیرەوەریكـانی ئـەم زاتەیە، تیـژی بیرەوەری هـەر مرۆڤێك دەكاتـە نـەمری مانـەوەی تاقیكردنـەوە زۆرەكـانی ژیـان بەهـەردوو بەشـەكەیەوە تیـۆری‌و پراكتیك.

ئەو كاتانەی كە خوێندكار بووم لـە زانكۆی بەغـدا ئامشۆی هەمیـشەیی ئـەم زاتـەم دەكـردو سـوودی گـەورەم لێ دەبینـی، دیـارە پەیوەنـدی خوێنـدكارێكی زانكـۆ لەگـەڵ كەسـایەتیەكی وەهـادا حاڵـەتێكی خۆڕسـك‌و كـاتی نیـە، بەقـەد ئـەوەی كـە پەیوەندیەكـە خێزانـی‌و كۆمـەڵێك شـتی تـرە، وەك ئـەوەی كـە مامۆستا عەبدولكەریم جگە لـەوەی كە هاوڕێ‌و خۆشەویستی بـاوكم‌و مامـەكانم بـوو، لـە كـاتی خۆیـشیاو لەسـەردەمی شـێخ صدیقی شێخ مـەعروفی نێرگسە جاردا كراوە بە مودەریسی مزگەوتی نێرگسە جار كە مەڵبەنـدو زێدی بنەماڵەكـەمان بـوەو كـۆنترین شـوێنەواری زانـست بـوە لـەو ناوچـەیەداو تەنانـەت شێخ عەبدوڵقادری گـەیلانیش سـەردانی كـردوە، ئەمـە جگـە لـە پەیوەنـــدی ڕۆحـــی مامۆســـتا لەگـــەڵ بنەماڵـــەی مەولەویـــدا بەتایبەت شێخ محمد سـەعیدی گونـدە، كـە كورەزای مەولەویـە و باپیری بەندەیە لەدایكەوە، دیـارە لـەم هـەل‌و مەرجـە لـەبارەدا هـاتو چـۆو سـەردان‌و پەیوەنـدی تونـدو تـۆڵی مـن لەگـەڵ ئـەم زاتەدا ئاسایی‌و تەنانەت پێویست‌و ئەركیش بوە.

مامۆستا عەبدولکەریم ئەوکاتانە لە مزگەوتی ئەحمەدی نزیك وەزارەتی دیفاع بوو لە بەغدا، بۆیە زۆربەی کاتەکان بەتایبەتی شەوانە دەچووم بۆخزمەتی و لە نزیکەوە لە مەجلیسەکانیا دادەنیشتم و، زۆر جار ئەوەی کە لە زانکۆ قورس بوایە لە لام، یان بمویستایە پێش وەخت بیزانم پرسیارم لێ دەکردو ئەویش وانەکەی پی دەوتمو شتە نەزانراوەکانی بۆ ڕوون دەکردمەوە، ئەو صرفو نەحوەی کە ئەو دەیزانی مەگەر دوو کەس زانیبێتی لەو کاتەدا، ئەویش د. فاضل سامەرائی و کەمال ئیبراهیم بوو، جارێکیان پرسیارێکی (صرف)ی لێ کردم کە ئەویش ڕەچەڵەکی وشەی (أشیاء) بوو، چونکە هێشتا نەم خوێندبوو نەمزانی، بە پێکەنینەوە فەرموی ئەم پرسیارەو گەلێکی دی لەخۆم کرا کاتێك کە هاتمە بەغداو لە مزگەوتی ئەحمەدی دامەزرام، بەڵام من خێرا زانیم نەك وەك تۆ! ئەوەندەی من لە مەجلیسەکانی رامابم هەمیشە ڕەفتارو وەڵامو پەیڤەکانی لە ئاست خەڵکە جیاوازەکاندا بەقەدەر خۆیان بوو، زۆر جار لە ئاست میوانێکی شارەزوری بەجۆرێك ئەئاخاوت وات دەزانی یەکێکی چون خۆیەتی، جاریش هەبوو لەگەڵ ڕۆشنبیرو زانا گەورەکاندا بەجۆرێك دەپەیڤا کەرێو شوێنیان پیشان بدات، یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئەم زاتە ئەو مەوسوعیەتەیە کە لە هەموو بوارەکاندا ئەسپی خۆی تاو داوەو لەوەدەچێت

دوای ئه‌مو مه‌سعود موحه‌مه‌د ئه‌و جۆره‌ مه‌وسوعیانه‌ له‌نێو كوردا نه‌مابن، هه‌زار ئه‌فسوس! هه‌ندێك جار ده‌چووم بۆ شێخ عه‌بدولقادری گه‌یلانی بۆ سه‌ردانی و ئاماده‌ی مه‌جلیسه‌ فره‌كانی ده‌بووم و چێژو سوودی تایبه‌تیم لێ وه‌رده‌گرت، ئه‌و هه‌موو ڕوناكبیرو مه‌لاو خوێنده‌كاری بالاّو دكتۆری زانكۆیه‌ به‌بێ جیاوازی ڕه‌گه‌ز ده‌هاتنه‌ خزمه‌تی و له‌بواره‌كانی نحو، صرف، بلاغه‌، شرع، منطق، فرائض، كلام... پرسیاری پێچه‌ڵ پێچ و قورس قورسیان لێ ده‌كردو وه‌لاّمی هه‌موویانی ئه‌دایه‌وه‌، جار هه‌بوو كێشه‌ی شه‌رعی و قه‌زائی گه‌وره‌یان بۆ ده‌هێناو ئه‌ویش داوای مۆڵه‌تی لێ ده‌كردن، دیاره‌ پێویستی به‌ رامان و فه‌توای تایبه‌تی هه‌بوو، ده‌توانم بڵێم له‌سه‌رو به‌ندی خۆیدا به‌یه‌كێك له‌وانه‌ ده‌ژمێررێ كه‌ هه‌میشه‌ بیری له‌ كردنه‌وه‌ی ده‌قه‌ داخراوه‌كان كردبێ و به‌دوای ته‌ئویلی جۆر به‌جۆردا گه‌ڕابێ، به‌مه‌به‌ستی ڕاپه‌ڕاندنی كاروباری خه‌ڵك و دوورخستنه‌وه‌یان له‌ كێشه‌و نه‌هامه‌تی، جارێكیان له‌ نێوان هه‌ردو نوێژی مه‌غریب و عیشادا له‌ خزمه‌تیا دانیشتبووم، میلی ڕادیۆكه‌م ده‌گێڕا، به‌ڕێكه‌وت چوه‌ سه‌ر گۆرانیه‌كی هه‌ورامی خۆش كه‌ ئه‌گه‌ر به‌هه‌ڵه‌دا نه‌چوبم گۆرانی (هه‌ی یاران یاران) بوو، مامۆستا فه‌رموی بیوه‌ستێنه‌و ده‌نگی بده‌رێ، مه‌گه‌ر ئه‌م گۆرانیه‌ ئاو بكات به‌ دڵدا، وانیه‌ شێته‌؟! منیش وتم چۆن وانیه‌؟! مامۆستا له‌به‌ر خۆیه‌وه‌ گۆرانیه‌كه‌ی ده‌وته‌وه‌و خه‌ریك بوو شاگه‌شكه‌

بێت لە خۆشیدا.

ئەو کاتانەی کە هەندێك خاوەن پرسیار سەر سوڕهاتنیان پیشان ئەدا لەوزەو توانا باڵاکانی، مامۆستاش زۆر بەتەوازوعەوە دەیفەرموو ئەمە ئیرادەی خوایەو چی بیەوێت دەیکات، جارێکیان داوای لێکردم کە پەرەگرافێکی لە تەفسیری (کشاف) بۆ بخوێنمەوە، دوای گوێ گرتن‌و تیاڕامان فەرمووی ئەگەر ڕای تایبەتی خۆتت نەبێت، لە نێوان ئەم موفەسیرانەدا ون دەبێت.

دیارە پەرەگرافەکە راڤەی ئەم دوو ئایەتە بوو:

یەکەمیان: (وما يعلمُ تأويله إلاّ الله والراسخون في العلم يقولون آمنّا – آل عمران – آية ٦).

دووەمیان: (وقل الحق من ربكم فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر – سورة الكهف – آية ٢٩).

خاوەنی تەفسیرەکە زەمەخشەریەو ئەویش لە موعتەزیلە باڵاکان بوە، بەڵام مامۆستا عەبدولکەریم موسوڵمانێکی میانەڕەو بو، وە زیاتر پابەند بو بە قورئان‌و حەدیسەوە، دیارە گفتوگۆو کێشەی بەندەو بەڕێزی لەسەر دوو بابەت بوو:

یەکەمیان: ئایا (و)ی پێش وشەی (الراسخون) واوی عەتفە یان إستئناف؟ دیارە واتاکان گۆڕانکاری جۆرێتی تێ دەکەوێت لە هەردو حاڵەتەکەدا.

دووەمیان: ئایا ئایەتی دوەم هەمووی مەنسوخە، یان بەشێکی؟

با ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە مامۆستا عەبدولکەریم، هەر لە بواری ئاین و شەرع و تەفسیرو ئیلاهیاتدا، ئەسپی تاو نەداوە بەتەنیا، بەڵکو لە بواری خزمەتی ئەدەبی کوردیو مێژوی زانایانو بەکاربردنی زمانی دارشتنی کوردیدا، رۆڵی دیارو بەرچاوی هەبوە.

راڤەو ساخکردنەوەی دیوانەکانی نالیو مەولەویو مەحویو فەقێ قادری هەمەوەند، کارگەلێکی پیرۆزی گەورەن و خزمەتێکی ئێجگار بالاّن بە ئەدەبی کوردی، لەبەرئەوەی بەشێك لەم کارانە خەسڵەتێکی هەرەوەز ئاسای هەیە، هەربۆیە ناکرێت رۆڵی کاك فاتیح و کاك موحەمەدی کوڕی باس نەکرێتو بەرز نەنرخێنرێت، بەتایبەتی کاك فاتیح لە بواری ساخکردنەوەی تێکستە شیعریەکان لە چەرە دووکەڵی دەسنوسە جیاجیاکاندا. ئەو دەقە کوردیانەی کە مامۆستا بۆ تەفسیرەکانی بەکاری هێناون خۆیان لە خۆیاندا تاقیکردنەوەیەکی بە برشتن بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانو تێکستی کوردی.

کتێبەکانی یادی مەردان و علماؤنا في خدمة الدين، ئەو دەنکە مرواریە شەو چرایانەن کە هەتاهەتایە گەردن و ملی مێژوی زاناو کەسایەتێکانی کورد دەڕازێننەوە. ناکرێت لەم بوارەدا هەوڵەکانی شێخ محمد علی قەرەداخی بەرز نەنرخێنین، چونکە لە پاکنوسی تەفسیرەکانی مامۆستادا

ئـــەركی فـــرەی كێـــشاوەو كـــاتێكی زۆری لـــە خزمـــەتیا بەســـەربردوەو دواجـــار خۆیـــشی ڕێـــچكەی زیندوكردنـــەوەی كەلەپوری كوردی گرتۆتە بەرو جێدەستێكی بەرچاوی هەیە.

ڕاڤـــەو شـــیكردنەوەی وردو قـــوڵی كتێبـــە بەناوبانگەكـــەی مەولەوی (الفضیلة) كە بریتیە لە ٢٠١٣ بەیتە شیعر بە زمانی عـەرەبی، بـە ناونیـشانی (الوسـیلة في شـرح الفـضیلة) بەڵگـەی مەوسـوعیەتی بیری مامۆسـتایە، چونكە لـەو كتێبـەدا باس لـە عەقایـــدو مـــەزاهیب و لایەنـــەكانی بیركردنـــەوەی گروپـــە ئیسلامیەكان كراوە، هەر لـە معتزلـەوە هـەتا قـەدەری و جـەبری و ئەشـــــعەری و جیاوازیـــــە بنەڕەتیـــــەكانیان لـــــە ڕوی بیركردنەوەیانـــەوە، ئەمـــە جگـــە لـــە ورووژانـــدنی مەســـەلەی ئەولەویـەتی عـەقڵ و نـەقڵ و حـادث و مُحدَثـە وە، لام وابێـت ئەگـەر مامۆستا ڕاڤـەی ئـەو كتێبـە گرنگـەی لـەو ئاستە بـەرزو تێرو پڕەدا نەكردایـە، تائێستا كـەس وەك ئـەو بـۆی نـەدەكراو هـەروا بـێ نـاز دەمایـەوە. دیـارە بابـەتی سـەرتەڵ و نـەوازە لێكدانەوەی دەوڵەمەند دێنێتە گۆڕێ.

ڕاڤـــەو شـــیكردنەوەی هێمـــای مـــەڕ زاراوەكـــانی دنیـــای سۆفیگەری و شـەرعی و منطـق و علـومی عـەرەبی و قورئـان و حـدیث و بەلاغـە، ئـەركێكی قورسـی تـری بەئـەنجام گەیانـدنی دیـوانی نـالی و مەولـەوی و مەحویـەو بەڵگـەی شـارەزایی فـرەو لێهاتۆیی مامۆستا عەبدولكەریمە.

ناکرێت لێرەداو لە بواری لێ زانیندا، پەنجە بۆ مامۆستای پایەبەرز مەسعود موحەمەد رانەکێشرێت، کە بە تواناترین کەس بوو لە بواری نالی ناسی و راڤەی قووڵی شیعرەکانیا، کتێبی (دەست و دامانی نالی)، لوتکەی داهێنانی راڤەی هۆنراوەکانی نالیەو گەواهی بۆچونەکەمە، دیارە دیوانی نالی خوێندنەوەی فرە هەڵدەگرێ‌و یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی، ئەو فرە واتاییەیە، کە یەك لەوی تری بەهێزترە. با ئەوەشمان لەبەرچاو بێت زانینی زمانی فارسی‌و عەرەبی‌و شێوەزاری گۆرانیش یارمەتی فرەی مامۆستایان داوە بۆ راڤەو بەدواداچونی دیوانەکان. هەرچەندە لەوانەیە من لەگەڵ راڤەو بۆچوونی هەندێکیاندا نەبم و بە چەمکی هیرمونتیکا، هەندێك لە بەیتە شیعرەکان بۆچون و لێکدانەوەی دەوڵەمەندو جیاوازتر هەڵبگرن‌و لەو تەوەرەی مامۆستادا قەتیس نەبن، بەتایبەتی لە دیوانی نالی‌و مەولەویدا، چونکە ئەم دو بلیمەتە چەندان تەپکەو داویان بۆ خوێنەر داناوە، نەك هەر ئەمەش بەتەنیا، بەڵکو ئاستی پسپۆڕێتیان، لە زانستی علومی عەرەبی‌و منطق و کەلام و عقائد و روناکبیری فرە لایەندا، لەگەڵ بەهرەو وزەی شاعیریەتەکەیاندا لە کێ برکێدا بوەو هەندێك جاریش هەست بەم تێکەڵاوبونە دەکرێت، بەڵام لە دواجاردا ئەم دوانە نەیان هێشتوە لایەنە زانیاری و مەعریفیەکە دەست بنێتە ملی بەهرەی دەوڵەمەندی

شاعیریەتەکەیان، تەنانەت لە هەندێك چامەی مەولەویدا، وا هەست دەکرێت کە ئەم شاعیرە لە رەشە خەڵکەکەیەو ئاگای لە هیچ زانست و روناکبیری و عیلمێك نیە، واتە وەك ئەوە وایە کە دوو ئاو لە جامێ هەریەك لە رەنگێ.

لایەنێکی تر کە نابێت فەرامۆشی بکەم، ئەوەیە کە مامۆستا عەبدولکەریم، هەوڵی نەداوە، یان نەیوستوە لە راڤەو دیراسەی بەیتەکاندا، جۆرێك لە هارمۆنیای یەکێتی بابەت دەست نیشان کات، واتە مامەڵەی سەرەکی و راستەوخۆی لەگەڵ تاك بەیتا ئەنجام داوەو پەیوەندی ئۆرگانی تاك وەك بەیتو کۆ وەك چامە فەرامۆش کردوە، بەتایبەتی لە دیوانی مەولەویدا، لەوانەیە ئەم مامەڵەیەی مامۆستا لەگەڵ دیوانی نالی و مەحویدا گونجاو بێت، چونکە ئەم جۆرە راڤەی تاك بەیتە، چوارچێوەیەکی ئەکادیمی دەگرێتە خۆ، وەك راڤەی دیوانی متنبی — امرئ القیس — کوردی، بەلام مەسعود موحەمەد لەمەشدا رێبازی جودای هەڵگرتوەو زیاتر بەلای رەخنەی داهێنەرانەدا رۆشتوەو راڤەی بەیتەکانی بەستۆتەوە بە هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی لایەنی داهێنان و ستاتیکاو نرخاندنی بەهرەی شاعیریەتەوەو دەس داگرتن لە شیعریەت و توخمەکانی.

لە ئەدەبی کلاسیکدا، شاعیر پشت بە وزەو جوانی تاك بەیت دەبەستێت، واتە عەرەب پێی دەڵێن (بیت القصید) و

هۆراسیش لە ئەدەبی ئەوروپیدا پێی دەڵێت (الرقعة الأرجوانیة)، بەڵام لە ئەدەبی رۆمانسیدا دەرهاویشتەی تێگەیشتنەکان لە کۆی چامەکەوە سەرچاوە دەگرێت و یەکێتییەکی ئۆرگانی بەیتەکان پێکەوە گرێ دەدات و کارلێکیان پێ دەکات، هەر ئەمەش وای کردوە کە زۆرجار مامۆستا لە دیوانی مەولەویدا دوو یان سێ بەیتی پێکەوە راڤە کردوە، بەشێك لەم هۆکارە پەیوەندی بە قووڵی خەیاڵی مەولەوی و وێنە شیعریەکانیەوە هەیەو لە تەنیا بەیتێکدا جێگای بۆ نەکراوەتەوەو سەری کێشاوە بۆ بەیتی تر، جگە لەمەشیان سەرجەم شیعرەکانی مەولەوی دە بڕگەیین و کورت بڕیەکەیان بەشی مەبەستی قووڵ و فرە ناکەن و تەفعیلەکانیان کەمن.

دەبێت ئینسانی کورد هەمیشە ئەوە لەیاد نەکات کە ئەوە بەهرەو ئەفراندنی کەم وێنەی نالی و مەحوی و مەولەویە، کە هەست و سۆزی مامۆستایان کەمەنکێشی سیحری وشەو خەیاڵی داهێنەرانەو وێنەی ناسکترین شیعری کوردی کردوە، ئەوە عەبقەریەتی لەبن نەهاتوی ئەم لوتکە شیعریانەیە، کە هێندەی تر خۆشەویستی خاك و نەتەوەیان لە دڵی مامۆستادا بەرجەستە کردوەو قەواڵەی رەسەنایەتی ئەدەبی کوردیان لە مێشکیا نەخشاندوە.

دەتــوانین بڵــێین بەشــێك لــە بەرهەمــەكانی ئــەم زاتــە دەرهاویــشتەی كــارلێكی هــەردو تــەوەری بــەهرەو داهێنــانی گەورەی ئەم شاعیرانەو گیانی نیشتمان پەروەری مامۆستان، دیــارە زۆر زانــای هاوئاســتی مامۆســتا عەبدولكــەریم لــە كوردســتاندا هــەبون و بیریــان لــە خزمــەتی ئــەدەبی كــوردی نەكردۆتــەوە، بەقــەدەر ئــەوەی كــە لــە بــواری ئــایین گەراییــدا كاریان كردوە.

بەرهەمــە ئــاینی و ئەدەبیــەكانی مامۆســتا عەبدولكــەریم سەلماندویانە كە هەرگیز خۆشەویستی خاك و نیشتمان نەك تەگــەرە نــین لــە ڕێگــای خواناســی و ئــایین گەراییــدا بەتــەنیا، بەڵكو تەواوكەری یەكترن و هەمیشە مرۆڤی هوشیارو زانا، ئەو پردە دلۆڤانەیە كە نەوەكانی ئێستاو رابوردو پێك دەگەیێنێت و تاقیكردنــەوەكانی ژیــان دەوڵەمەنــدتر دەكــات، هــەوڵ و تەقەللاكانی ئەم جوامێرە لە بواری خزمەتی ئەدەبی كوردیدا ئاوێنەیەكی بالانمای گیانی كوردایەتی و خواناسیەو هەتا كوردێك بە رۆح بمێنێ بەرزو نەمر دەینرخێنێ.

## شەهیدکردنی ئەحمەد موختار جاف
## لە دەورانی حکومەتەکەی مەلیك مەحمودا
# ئەزمونێك لە مێژوو... وانەیەك بۆ ئێستا

لە رۆژانی ٢١-٢٠١٣/٨/٢٢دا، بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وێژەیی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری هەڵەبجە، دیدارێکی تایبەت بە شاعیرو نۆڤلێت نووسی نیشتمان پەروەرو شەهید، ئەحمەد موختار جاف لە هەڵەبجە سازکردو ئامادەگیەکی بەرچاوی ئەدیب و رۆشنبیران لە شارەکانی کوردستانەوە دەبینرا، لەو دیدارەدا جاروبار، لە چوارچێوەیەکی کاڵ و شەرمنانەدا تاپۆی شەهیدکردنی ئەحمەد موختار دەردەکەوت و ئاماژەی دوور بەدوری بۆ دەکرا، بێ ئەوەی خاڵ بخرێتە سەر پیتەکان و راستیەکان شەفافانەتر دیاری بکرێت، تەنانەت لە دەرەوەی کۆڕەکانیشدا ئەم باس و خواسانە دەوروژێنرا، بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی متمانەپێکراوی هەبێت.

بەندە بۆ نزیکبوونەوەو تێگەیشتنی پتر لە روداوەکەو دەستنیشانکردنی ئاووهەوای سیاسی نێوەندەکەو کارەکتەرە

سەرەکیەکانی ئەو دەورانە لە دنیای سیاسەتدا، پەنام بردە بەر سەرچاوە نوسراوە کەمەکانو ئەو هەواڵە دەماودەمانەی کە لە دێرەوە بەر گوێم کەوتبوون، ئەمە جگە لە سەرگوزشتەی کەسە بەتەمەنەکانی ئەو ناوچەیە لەمەڕ کارەساتی شەهیدکردنەکە، بەتایبەتی خزمەکانم، کە هەمیشە وەك یادەوەریەکی تاڵو خەمگین دەیانگێڕایەوەو سۆزی بێ سنوریان بۆ ئەحمەد موختار جاف هەڵدەڕشت کە بەو دەردە بڕا.

کاربەدەستانی ئەوسای عیراق بە مۆچیاریو ڕێنمایی کردنی ئینگلیزەکان ئەحمەد موختاریان کردە قایمقامی هەڵەبجەو دواتریش ئەندام پەرلەمانی عیراق، نەك لەبەرئەوەی کە ئەم زاتە خۆی لەخۆیدا شایانی ئەو پۆستانەو زیاتریشەو مرۆڤێکی روناکبیرو کەسایەتیەکی میرخاسی جافی ناوچەکە بو بەتەنیا، بەڵکو بۆ دوو مەبەستی جیاواز:

یەکەمیان: رازیکردنو دڵنەوایی بەگزادەکانی جاف بوو، چونکە لەو دەورانەدا، خاوەنی هێزو پێگەی بەرچاوبوون لە ناوچەکەدا.

دووەمیان: بەمەبەستی رام کردنو لاوازکردنی گیانی کوردایەتیو نیشتمان پەروەری ئەم زاتە پڕ میهرە بوو، بەڵام بەپێچەوانەی خواستە ژەهراویەکانی ئینگلیزو ئینگلیزخواهەکانەوە، ئەم جوامێرە تادەهات گیانی نیشتمان

پەروەری و کوردایەتیێکەی پتر گڕی دەگرت و زیاتر جەماوەری هان دەدا بۆ پساندنی هێڵە قێزەونەکانی نەخوێندەواری و ژێردەستی و هەژاری و وابەستەیی بە داگیرکەرانی کوردستانەوە.

ئەو چەند ساڵەی کە ئەندامێتی لە پەرلەمانی عیراقدا بەسەربردو تێکەڵاوی لەگەڵ برا عەرەب و تورکومانەکان ئەنجامدا، ئەزمونێکی دەوڵەمەندو قووڵی لە سروشتی فەرمانڕەوایەتی لە عیراقدا پێ بەخشی، ئەو تێکەڵاوی و هەڵسوکەوت و جموجووڵ و مورافەعاتی نێو پەرلەمانە، هێندەی تر گیانی کوردایەتی لە دڵە ناسکەکەیدا نەخشاندو ئەوەی لەلا بوو بە حەقیقەتی بەڵگە نەویست. کە دەبێت کورد خۆی دەرمانی جەستە شەکەت و زامدارەکەی خۆی بکات، چونکە هیچ پشت و دۆست و یاوەرێکی تا سەر ئێسقانی لەم دنیایەدا نیە، جگە لە هیمەتی رۆڵەکانی خۆی نەبێت، هەربۆیە، هەمیشە روی هاوارو نزای لە رۆڵەکانی میللەتەکەی بووەو بەکوڵ و دڵ داوای خۆشویستنی خاك و زانست و یەکڕیزی لێکردون و تەنانەت ئینتمای چینایەتی خۆیشی وەك میرێك، وازلێهێناوەو عەدالەتی ئیجتماعی و یەکسانی بەرامبەر یاسا، بوونەتە خەونە پیرۆزەکانی. تەنانەت ئەو قۆناخی پەرلەمانتاریەی لە بەغدا، ئەوەشی زیاتر بۆ سەلماندوە، کە کاربەدەستانی ئەوسای عیراق و ئینگلیزەکان هیچیان بۆ کورد

پـێ نیـەو ئـەوەی کـە دەیڵـێن کـەف لـەژێر پێدانـەو خـودی پەرلەمانەکـەش ئامرازێکـە بـۆ شـەرعیەتدان بـە داگیرکـاری ئینگلیزەکـان، هەربۆیـە بەتونـدی دژی پـەیمانی پوتـسمەوتی نێـوان عـیراق‌و ئینگلیـز وەسـتاوەتەوەو سـەرکۆنەی کـردوە. ئەوەتا بۆ شەشی ئەیلول دەڵێت:

**شەشی ئەیلول ئەزانن ئێوە ئەی قەومی وەفاکردار**

**ئەوە ڕۆژێ بوو دوژمن قەتڵ‌و عامی کوردەکانی کرد**

سەبارەت بە (عصبة الأمم)یش نوسیویەتی:

**ئەم قەراری عوسبەیە خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ**

**هەر قسەی ڕووتەو قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە**

با ئەوەشم لەیاد نەچێت کە هەر ئەحمەد موختـار جاف ئەم هەڵوێـستانەی نـەبوە بەرامبـەر بـە دەسـەڵات‌و پەرلـەمان‌و ئالاکەی ئەوسای عیراق، ئـەوەتانێ جمیل صـدقی زەهاوی بە ڕەگەز کورد دەڵێت:

**علمٌ و دستورٌ و مجلس أمة**

**كلٌ عن المعنى الصحيح محرّفُ**

هەر بەهـەمان نـەزم‌و تونـدتریش، ڕەسـافی‌و کـازمی‌و محمـد مهدی بەسیر هێرشـیان کردۆتـە سـەر ئینگلیـزە داگیرکـەرەکان‌و سەرکۆنەی پەرلەمان‌و دەزگاکانی دەوڵەتی عیراقیان کردوە.

لـە دەورانـی قایمقامێتیەکەشـیدا ئـەزمونێکی کردەیـی فـرەو زۆرو زەوەنـدی وەرگرتـوە لەمـەڕ سروشـتی فەرمانڕەوایـەتی‌و

چـۆنێتی بـەڕێوەبردنی وڵاتو مامەڵـە لەگـەڵ ڕەعیەتـدا، ئەمـە جگە لـە هەڵوێـست وەرگـرتن بەرامبـەر بـە جاهیل و نەزانـەکان، کـە شـوێنەکانی دەوڵـەتیان داگیرکـردوەو بـە ڕاسـتو چـەپا خـەڵکیان دۆشـیوە.. بەشـێکی زۆر لـەو ناحـەقیو گەنـدەڵیو چەوسـانەوەی خـەڵكو خۆدەوڵەمەنـدکردنی کاربەدەسـتانو سڕینەوەی عەدالـەتی ئیجتماعیـە لـە نۆڤلێـتو شـیعرەکانیا بـە زەقی ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەتانێ دەڵێت:

جاهیلان بۆ ئیستفادەی زاتی خۆیان ڕۆژو شەو
لەم موحیتە مەنعی عیلم و سنعەت و عیرفان ئەکەن
چەند کەسێکی تازە پیاکەوتوو لە کوورە دەرچوون
پیاو کە چوو بۆ ئیش لەپێشا بۆقڵەمەی گیرفان ئەکەن

یان دەڵێت:

مەعنایی وەها لێك ئەدەنەوە بەعزێ موەزەف
قانون ئەوەتە کەشفی بکەن باخەڵو گیرفان

بەکاربردنی هەردو پۆستی قائیمقامێتیو پەرلـەمانتارێتی، ئاسۆی دنیابینیەکی ئەوتۆیان لەبەردەمدا کـردەوە کـە بـەوردی ماهیـەتی دەسـەڵات لـەو زەمـینو زەمانـەدا هەڵـسەنگێنێو ڕوە تـەڵخو ناشـیرینەکانی بەرجەسـتەکاتو دواجـاریش بەچـەك هـەڵگرتن دژی بوەسـتێتەوەو سـەری لـەپێناو گەیانـدنی حەقیقەتدا بە پژاندن بدات.

خـاتو ئامینـەی شـێخ صـدیقی شـێخ مـارفی نێرگـسەجار،

چەندان جار ئەوەی گێڕاوەتەوە کە ئەحمەد موختارو چەند جەنگاوەرێکی پڕ چەكو تفاق، چەندان ڕۆژ لە دێی نێرگزەجار لەماڵی باوکیا ماونەتەوەو میوانداری کراونو ڕێزی فرەیان لێ گیراوە، تەنانەت باسی جوانخاسیو پێکەوتەییو ڕێکپۆشی ئەحمەد موختار دەکاتو ئەوی کات ئەم منداڵ بووەو دیمەنی خۆیو جەنگاوەرەکانی وەك پانۆرامایەکی ئەفسوناوی وێنا دەکات.

خاتو ئامینە دەفەرموێت، ماوەیەکیش ئەحمەد موختارو جەنگاوەرەکانی چوونەتە نێرگزەجاڕە کۆنە، کە هەوارگەیەکی کۆنی ئاوایی نێرگسەجاڕەو لەناو دێوە، نانو خواردنیان بۆ ڕۆشتوە، ئەحمەد موختارو جەنگاوەرەکانی، وەك هەر پێشمەرگەیەك، بۆ خۆپاراستن لە دوژمن، لەیەك شوێندا نەماونەتەوە، لە نێرگسەجاڕە کۆنەوە زۆرجار ڕووەو ئاواییەکانی نوەرو هانەژاڵەو گوندەو میراولیو لەوێشەوە چوونەتە باخەکانی حەوت ئاشانو عەرەب سوارو گوێ چەمی سیروانو کەوتەو تەوەنەوەل، لەوێشەوە بە باڵانبۆدا چونەتەوە چنارو سازانو مۆردین...هتد دیارە چاوی پیسی نەیارو ئینگلیزخواهەکان هەر بەدوایانەوە بوەو لە کەمینی دەست وەشاندنێکی نامەردانەدا بوون بۆی.

کاك ڕەئوفی حاجی فەرەجی زەڕە دەڵێت: زۆرجار پۆلیسو چاوە نەیارەکان بەدوای ئەم میرخاسەی جافەوە بوون، چەندان

جار چوونەتە ئاوایی چنارو مۆردین‌و پۆلیسیش ویستویانە مالان بگەڕێن بەدوایاندا، چونکە زۆربەی یاوەرو جەنگاوەرەکانی ئەحمەد موختار لە هۆزی جوامێرو هەمیشە نیشتمان پەروەری کۆکۆیی بوون، تەنانەت جارێك مەفرەزەیەك پۆلیس چوونەتە ئاوایی چنارو ویستویانە مالان بگەڕێن بەدوایاندا، بەلام زێڕین خانی دایکی حاجی فەرەج، واتە نەنکی هەردو شەهیدی جوانەمەرگ‌و قارەمان کاك خالیدو کاك مەحمود، وەك هەر کەڵەژنێکی چاونەترس‌و نیشتمان پەروەر بە ڕوی پۆلیسەکاندا وەستاوەتەوەو خانمانی ئاوایی لیّ هانداون، ئیتر بە هەر هەمویان بە دارو بەردو گالۆك، پۆلیسەکانیان راوناوەو لە ئاوایی دووریان خستونەتەوە، دەبێت ئەوە فەرامۆش نەکەین کە لەڕووی ئیداری‌و فەرمان پێکردنەوە، ئەو پۆلیسانە سەر بە قەزای هەڵەبجە بوون‌و بە فەرمانی بەرزترین دەسەلاتی بالای ئەو شارە کە قائیمقامە نێراونەتە سەر ئەحمەد موختار، تەنانەت هەندێك سەرچاوە دەڵێن کە پۆلیس ئەحمەد موختاریان شەهید کردوە، هەندێکی تریش دەڵێن بە گوللەی وێڵ لەسەر روباری سیروان شەهید کراوە، هەندێکی تریش دەڵێن بە گوللەی نەفامێك شەهید کراوە. هەندێکی تریش دەڵێن کە چەکداری سڤیلی عەشایەر بوون کە تاوانی کوشتنەکەیان ئەنجامداوە، دیارە تەور کلکەکەی لەخۆی نەبێت هیچی بۆ

ناکرێت!!

با ئەوەشم لەیادنەچێت کە خەڵکی ناوچەی نەورۆڵی ئاگاداری ئەوەبوون کە ئینگلیزخواهەکان بەدوای سەری ئەحمەد موختارەوە بوون، خوالێخۆشبوو مەحمودی حەمەصالح، واتە کوێخا مەحمودی نوەر، کە پیاوێکی راستگۆو متمانە پێکراو بوو، دەڵێت، لە چەند لایەکەوە، نەیارو خۆفرۆشیان بۆ ئامادەکردبوو کە لەناوی بەرن، تەنانەت چەند جارێکیش فشاریان بۆ کەڵەکەوانەکەی سەر روباری سیروانیش لە عەرەب سوار هێنابوو، کە نابێت ئیتر ئەوەندە ئەحمەد موختار ئەم بەرەوبەری سیروان پێ بکات، چونکە جار هەبو ئەحمەد موختار دەچوە سوورمەر، کە هاوینە کەپرانی ئاوایی سەرشاتە بوو، لەوێ کاتی بەسەر ئەبردو دەمایەوە، تەنانەت جاروباریش هەتا مۆرتکە دەڕۆیشتو لەوشوێنەی کە مەحمود پاشای جاف خۆی تیا حەشار دابوو، دەمایەوە. حاجی مەحمودی حەمەی زوێرە کە دانیشتوی چرۆسانەیە دەڵێت چەند جارێك پۆلیس لە کەوانەی ئاواییەوە – واتە ئاوایی چرۆسانە – خۆیان بۆ ماتداوە، بەڵام تەسادوفیان نەکردوە.

لەو دەورانەدا چ وەك بیرەوەرێکانی میجەرسۆن، چ وەك خەڵكو مێژووی ناوچەکە دەری دەخەن، ئینگلیزخواهەکانو بەشێك لە بەگزادەکانی جاف لەو دەڤەری هەڵەبجەیە

بالادەست بوون و ملیان نەداوە بۆ بانگەوازە نەتەوەییەکانی شێخ مەحمودو خۆیان لەو بەکەمتر نەزانیوە، یان ڕێڕەوو پرۆگرامە دەوڵەت داریەکانی ئینگلیزیان پێ باشتر بوە لەوەی شێخ مەحمود، یان پەرژەوەندیە ئابوری و کۆمەلایەتێکانیان وای خواستوە کە لە ئینگلیزەکانەوە نزیك بن.

هەر لەو زەمین و زەمانەدا نامەی شێخ مەحمود گەشتۆتە لای سیّد کاك ئەحمەدی سید عبدالله ی سید محمدی کوڕی شاعیری پایەبەرز مەولەوی لەسەرشاتە، بۆ پشتگیری و یارمەتیدانی جولانەوە رزگاری خوازەکەی، بەلام دوای چەندان راوێژو تاووتوێ کردن، سەیدەکانی تاوگۆزی گەشتونەتە ئەو ئەنجامەی، کە لەگەڵ ئەوەی ئەمان شێخ مەحمودیان خۆشدەوێت و بە گەورەو سەروەریان قبووڵەو کەس لەو بە شیاوتر نازانن بۆ مەلیکی کوردستان، بەلام ناتوانن پشتگیری راستەوخۆی بکەن، چونکە دیموگرافیەتی ناوچەکەیان ئێجگار سەخت و نالەبارەو، ئەگەر نەیارەکانی شێخ پەڕینەوەی سیروانیان لێ قەدەخە بکەن و نەهێڵن سەردانی هەڵەبجە بکەن، بۆ بازاڕسازی و ڕایی کردنی ژیانی رۆژانەیان، بارودۆخی بژێویان ئێجگار سەخت دەبێ و گەمارۆ دەدرێن، چونکە دارو خەڵوزفرۆشی لە هەڵەبجە، هۆکارێکی گرنگ بوە، بۆ دابین کردنی ژیانیان، با ئەوەشمان لەیادنەچێت کە فشاری بەشێك لە بەگزادەکانی جافیش لەمەڕ پشتگیری کردنی شێخ محمود

هەمیشە لە ئارادا بوە.

با ئەوەش بڵێم کە سەید قادری کەچ لە عەبابەیلیٚو چەند جوامێرێك، بە رووی ئینگلیزەکاندا تەقینەوەو چوونە ریزی لایەنگرانی مەلیك مەحمودەوەو سڵیان لە دەسەڵاتی ئەوسای جافەکان نەکردەوە.

ناکرێت ئەوەشمان لەبیربچێت، کە هەر لەو سەروبەندەدا، حەمەی سان ئەحمەد لە شەمێران پشتگیری شێخ رادەگەێنیٚو تەنانەت فڕۆکەیەکی هێرشبەری ئینگلیزەکان لەنێوان چەمەرەش‌و دۆڵی ناوحەددا، دەخاتە خواریٚو فڕۆکەوانەکەش رزگاری دەبیٚو دەیدەنەوە دەست ئینگلیزەکان، ئەو مقەست‌و قەڵەمبڕەی کە بە فڕۆکەوانەکە دەبێت، حەمەی سان ئەحمەد وەك دیاری دەینێرێتە خزمەت شێخ صدیقی شێخ مارفی نێرگسەجار، هەتا ئەم دواییانەش ئەم دیاریە لای شێخ ئەنوەری کوڕی وەك یادگاریەکی بەنرخ هەڵگیرابوو.

لەو رۆژگارەدا ئینگلیزو دارودەستە نامەردەکانیان بە راست‌و چەپدا، خەریکی کەرتکردنی ریزەکانی کورد بوون‌و دەمیان ژەندبوە حکومەتەکەی مەلیك مەحمودەوەو مرخیان لە ئاڵتونە رەشەکەی کەرکوك خۆشکردبوو، پەی دەر پەی نەیاریان بۆ مەلیك مەحمود دەتاشی، خەڵکیان لیٚ دووردەخستەوە، جرە کوێخایان دەکرد بەگژیا، چەندان بەگ‌و

ئاغـاو شـێخە رووتـەیان لـێ هانئـەدا، کێـشەی تایفەگـەری‌و ناوچـەیێتیان بۆ دەنایـەوە، بەشـێك لەبـەری پـشدەرو هەڵەبجـەو هەمەوەندیان لیّ کردبوە تەیمانێکی درکەزی‌و سـەنگەرلێگرتن، لە باڵاترین ئاستدا سیاسەتی نەگریسی پەرت کەو زاڵبـە (فـرق تـسد) یـان پیـادە ئـەکرد، ئەمـە جگـە لـە سیاسـەتی کوشـتن‌و هەڕەشــەو تۆقانــدن (ترهیــب)و جارەجــارەش پــارەو پۆســت بەخشین (ترغیب).

دیــارە لــەوەها بــارودۆخێکی شــلۆق‌و نالــەبارو پــڕ لــە دڵەراوکێــدا، توێــژێکی راپــۆرت نــووس‌و زمــان لێــدەرو هەڵمەتەکاس‌و پەرژەوەند خـواس دێنـە ئاراوەو رەوشـەکە تێك دەدەن‌و دڵسۆزو نەیار، حەق‌و ناحـەق، پاك‌و پیس، دۆست‌و دوژمـن، تێکـەڵ‌و پێکـەڵ دەکـەن‌و جۆرێك لـە نائـارامی‌و گێـژاو بەرهـەم دێـنن، کـە لـە دواجـاردا، لـە پەرژەوەنـدی داگیرکـەرو زیــانی میللــەتی کــوردو حکومەتەکــەی شــێخ مــەحمود دەکەوێتـەوە. بەداخـەوە ئـەم راپـۆرت نووسـین‌و زمـان بـەدیو خۆخۆریـە تائێستاش لەنێوانـدا درێـژەی هەیـەو هۆکارەکـانی فـرەن، کـە گرنگترینیـان نـەبوونی دەسـگای تایبـەت‌و پـشت بەستن بە زانیاریـەکانی خێڵ‌و بنەماڵـەو دەسـت‌و پێونـە، ئەمـە جگـە لـە کۆنـەرق، حەسـودی، هـیچ لـەبارا نـەبون‌و ئێرەیـی بـە خــەڵکی لێهــاتوو، هانــدانی ئــەم‌و ئــەو، دەرون نەخۆشــی، سیاسەت کـردن لـە چوارچێوەی خـزم خزمێنـەو دەستەگەری‌و

تـاقم تاقمێنـەدا، تەنانـەت زۆرجـار وەك ئـەركی پیـشەیی، واتـە هەواڵگری كردن بە فـەرمی، مـن نـاڵێم حكومـەت لـە ڕۆژگـارێكی وەك ئەوسـاو تەنانــەت ئێـستاشدا پێویـستی بــە دەســگای هەواڵگری نیە، بەڵام دەبێت لە چوارچێوەی یاساو دیسپلیندا بێـت. ئـەم جـۆرە خەڵكـە نـەك دەسـەڵات ریـسوا دەكـەن بەتـەنیا، بەڵكو بـەرەو دەبـەبوونو گەنـدەڵیو پووكانـەوەی هێـدی هێـدی دەبەن، چونكە لـە هەنـدێك قۆناخـدا هـەرگیز ئامـانجی پـیرۆز بـە خـەڵكو ئـامێری گەنـدەڵ نایەتـە دی، مەرجـە پـشت بەسـتن بـە ناوەنـــدی ڕێكخراوەیـــیو یاســـایی بێـــت، نـــەك كەســـی متمانەپێكراو جێی یاساو هەمووشت بگرێتەوە.

كـــاتی خـــۆی زۆرتـــرین لێكۆڵینـــەوەو پیاهەڵـــشاخانو مـشتومڕ لــە پەرلــەمانی عیراقــدا، لەمــەڕ یاســای هــەواڵگری نهێنی (المخبر السري) هاتـە كایـەوە، چونكە پێشبینی دەكرا كـە هــەواڵگر ئــەمین نابێــتو كێـشەی گــەورە بــۆ حكومــەتو كۆمــەڵگا دروســت دەكــاتو بــارودۆخ بــەرەو شــلۆقی دەبــات، گـەلێك چارەسـەر هاتـە ئـاراوە لەلایـەن پەرلەمانتارانـەوە، وەك روبەروكردنـەوەی هـەواڵگرو راپـۆرت لەسـەر نووسـراو، لـەكاتی سەرپێـــچی كردنـــی قوربانیـــدا، یـــان بەڵگـــەی ســـەلمێنەرو كـۆنكرێتی، یـان بەرپرسـیارێتی یاسـایی لـەكاتی پێـچەوانەی راپۆرتا... یان...یان...هتد لام وابێت پەروەردەكردنی هەواڵگر بـەگیانی نیـشتمان پـەروەریو ئینـسان دۆسـتیو نەتـەوەیی،

هۆکـارێکی کاریگـەربن، بـۆ لەنگـەرگرتن لـە رۆحـی دڵنیـایی پیشەییدا. لـە بۆنـەی ئـەم راپـۆرت نوسـین و ئێرەیـی بـە خـەڵك بردنـەدا، طـە حـسین ی نوسـەری نابینـای گـەورەی عـەرەبم بیرکەوتەوە، کە کتێبێکی بەم شێوەیە پێشکەش بە خوێنەران کـردوە: (ئـەم کتێبـە پێـشکەشە بەوانـەی کـە خۆیـان هیـچیان لـەباردا نیـەو ناشـیانەوێت کـەس بـەرەو پـێش هـەنگاو بنێـت) دیارە مەبەستی لەو نەیارە گەمژانەی بوو کە لـە ئاست قەڵەمـە بوێرەکەیدا هیچیان پێ نـەدەکراو بوختانیان بۆ هەڵدەبەستو راپۆرت ئاژنیان دەکرد.

ئەحمـەد موختـاریش لـەو دەورانـەدا ئاسـتی هوشـیاریەکەی پـێش سـەردەمو دەڤەرەکـەی کـەوتبوو، هەربۆیـە بەتونـدی بـە روی داگیرکەرانـدا دەتەقیـەوەو بـە دوژمـن و ناحـەزی دەزانـین، ئـەو لـەو منوەرانـە بـوو کـە بـە زەبـری قەڵـەمو هـزر نەخـشەی کوردستانێکی ئازادو دوور لە چەوسانەوەی دەکێشا، باهۆزی بۆ وڵاتێکـی ئـاوەدان و میللـەتێکی ئـازادو تـەیار بە عیلمو فـەن ئەدا، شیعرە چاونەترسـەکانی پـڕ بە گەرویـەك بـانگی حـەقیان ئـەدا، دیـارە مامەڵـەی داگیرکـەرو پـاش کەوانـەکانی لەگـەڵ رونـاکبیرو کەسـایەتیەکی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی وەك ئەحمـەد موختاردا نەك ئاسایی نابێت بەتـەنیا، بەڵکو دەشێت چەندان تەونی جاڵجاڵۆکە ئاسای هـەواڵگری و دوژمنایـەتی بۆ هـەڵخاو دواجاریش دەنگە زوڵاڵەکەی لە گۆ بخات.

بە بۆچوونی بەندە یەكێك لە پیلانە قێزەونەكانی دوژمنە داخ لە دڵەكانی ئەحمەد موختار، ئەوەبوە كە: نەیارەكانی ئەحمەد موختار بە هاندان و پیلان ڕێژی ئینگلیزەكان، زمانیان لە ئەحمەد موختار داوە لای مەلیك مەحمود، كە گوایە ئەو واتە ئەحمەد موختار ئینگلیزخوایە، بۆئەوەی شێخ سزای بدات و دواجار ئەویش وەك دژەكاردانەوەو تۆڵەسەندن، ببێتە نەیاری شێخ و بچێتە بەرەی دوژمنەكانیەوە كە دەكاتە ئینگلیزەكان، هەرچەندە ئەڵقەی یەكەم لە پیلانەكەیان سەری گرت، ئەوەبو شێخ محمود لە ئەشكەوتی جاسەنە ئەحمەد موختاری بەندكرد، بەڵام ئەڵقەی دوەمی پیلانەكە هەر زوو بچڕا، ئەوەبوو شێخ زۆر زوو كەسایەتی ئەحمەد موختاری دەستنیشان كردو بەپەلە ئازادی كرد. بەپێچەوانەی خواستی ئینگلیزەكانەوە، هەڵوێستی نیشتمان پەروەری و كوردایەتێكەی هێندەی تر گوڕو تینی وەرگرت، دڵسۆزی و وەفاو میهری بۆ شێخ و جووڵانەوەكەی زیاتر بوو، چ بە شیعرە نەمرەكانی و چ بە هەڵوێستی ڕۆژانەی كە چەك هەڵگرتن و دژایەتی دەسەڵاتی ئینگلیزخواكان بوو لە هەڵەبجە كە دواجار سەرەنگەرێی كردو ئاواتە ئەرخەوانێكانی لەگەڵ خۆی بردە ژێر گڵەوەو خوێناوی دڵی كردە گوڵاڵە سوورەی ئەو خاكەی، كە دەیپەرست.

نابێت ئەوەمان بەسەردا تێ پەڕێت، كە سەردەمی

بەندێتیەکەی لە ئەشکەوتی جاسەنە، ئاسۆیەکی روناکی تری لەبەردەمدا کردەوە، ئەو بەچاوی خۆی دەیبینی کە بە چ درندەیی و رقێکی ئەستوور فڕۆکەکانی دوژمن بۆمبابارانی مەکۆی شێخ و پێشمەرگەکانی دەکرد، ئازایەتی و بڕوا بەخۆبوونی شێخیشی دەبینی کە چۆن بەو توانا کەمەیەوە ئامبازی دوژمن دەبێتەوەو نەخشەی دەوڵەتێکی کوردی دەکێشێت، ئەم شێخی دەبینی کە لەژێر رەحمەتی بۆمبابارانو ژیانی ئەشکەوت نشینیدا، هەوڵی دەرکردنی رۆژنامەی (بانگی حەق) دەداو بە چ ئاراستەیەك هەوڵی قەڵەمو تفەنگ ئامێتە دەکات بۆ رزگاری کوردستان.

با بزانین ئەوکاتەی کە شێخ بەندی کردوە، لە قووڵایی بەندیخانەو ئەشکەوتی جاسەنەوە چ سۆزو میهرێك بۆ مەلیك مەحمود دەردەبڕێت:

سەبا عەرزی خلووسی و بەندەگیم و هەم دوعا خوانی
ببە بۆ خزمەتی شاهی موحیتی گشت سولەیمانی
بڵێ قوربانی تۆبم ئەی سەلاحەددینی ئەیوبی
بە زۆری پەنجە وەك حەیدەر، بە سیما یوسفی سانی
ئەگەر شایەد لە خزمەتتا خراپەی ئەو بوە سابیت
بە لوتفی خۆت عەفووی کە، چونکە هەر خۆت ساحێب ئیحسانی
من ئەم حەپسەم لەلا فەخرە، بە شەرتێ سەروەری کوردان
لە حەق ئەم بەندەیەی خۆیە، بمێنێ لوتفی جارانی
لە لوتفی تۆ زیاتر هیچ پەناهێکی نیە (موختار)

**بەکاری هیچ نەهاتن دۆستەکانی، خزم و خوێشانی**

سەرنجدانێکی سەرپێی ئەو شیعرانە، ئەوە دەسەلمێنن کە گیانێکی پڕ هیمەت، هەستێکی پاکی کوردایەتی، رۆحێکی لێوان لێو لە خۆشەویستی و سۆز بۆ مەلیك مەحمود لە هێلانەی دڵە ناسکەکەیدا ئەجریوێنن. لە بەیتی چوارەمدا ئەحمەد موختار شانازی بە بەندێتیەکەیەوە دەکات، چونکە لە خزمەت شێخدایەو تەنیا داوای ئەوەیە کە خۆشەویستی مەلیك مەحمودی لەدەست نەدابێ و رستەی (بمێنێ لوتفی جارانت) بەڵگەی ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵ و پڕ موحیبەت و خۆشەویستیەیە کە ئەوو شێخی لە بۆتەی کوردایەتیدا تواندۆتەوە.

لە دوابەیتی چامەکەدا دەبینین کە ئەحمەد موختاری قوربانیی دەستی نەیارەکانی، چ خەم و زوخاوێك لەدەست خزم و خوێش و دۆستەکانی هەڵدەرێژێت و لەو نێوەندەشدا بەتەنیا شێخ مەحمود بە پشت و پەنای خۆی دەزانێت، با ئەوەشم لەیاد نەچێت، خۆ هەر ئەحمەد موختار بە تاك و تەنیا نەبوە قوربانیی دەستی راپۆرت نووس و زمان لێدەران، ئەوەتانێ شێخ سەلامی شاعیریش، بەهەمان دەرد براو بە ئینگلیزخواە لەقەڵەم دراو مەلیك مەحمود لە دزڵی بەندی کرد، با لێگەڕێین شێخ سەلام خۆی بیگێڕێتەوە: (لە ٢١ مارتی ئەوساڵە، واتە ١٩٢٢م فیرارمان کرد بۆ سورداش، لە

سورداشه‌وه له‌به‌رئه‌وه كه له‌شكرێكی ئینگلیزی هات بۆ ته‌عقیبمان رۆیشتین بۆ هه‌ورامان، له هه‌ورامان له‌سه‌ر ته‌حریكی هه‌ندێ موغریزین، شێخ حه‌پسی كردم له‌گه‌ڵ قوماندان ساڵح زه‌كی به‌گ‌و فایه‌ق كاكه مین‌و عزیر قه‌زازو ئه‌مین ره‌واندزی، هه‌شت مانگ له حه‌پسخانه‌ی (سیاكوڵه) كه له‌پشت دزڵیه‌وه‌یه مامه‌وه، ئینگلیزه‌كان سلێمانیان به‌جێ هێشت، شێخ سه‌رله‌نوێ به خۆی‌و حه‌پس‌و عه‌سكه‌رو ماڵ‌و منداڵه‌وه هاته‌وه سلێمانی).

شێخ سه‌لام بۆ ئه‌ستۆپاكی خۆی ئه‌م شیعره‌ی ناردوه بۆ مه‌لیك مه‌حمود:

كاكه شێخ ئه‌ووه‌ڵ به حه‌قی خالقی جه‌باری تۆ
دووهه‌میش سه‌ید، به تاجی شاهی دوڵ دوڵ سواری تۆ
سێهه‌میش یا شێخ به جه‌ددی طهوری نازداری تۆ
چواره‌میش قوربان به شاڵی سه‌وزی ره‌ونه‌ق داری تۆ
بێ رق و كینه‌م له‌گه‌ڵتا دۆستم و غه‌مخواری تۆ

ئه‌و مونه‌وه‌رانه‌ی كه مشوری حكومه‌ته‌كه‌ی شێخیان ده‌خواردو له دڵسۆزیه‌وه ره‌خنه‌یان لێ ده‌گرت، حه‌مدی ساحێبقڕان‌و شوكری فه‌زڵی‌و ئه‌حمه‌د موختار جاف‌و جه‌میل سائیب‌و...بوون، به‌ڵام ره‌خنه‌و گازنده‌كانی جه‌میل سائیب له هه‌موویان توندترو داخ له دڵانه‌تر بوو، دیاره هۆكاری سه‌ره‌كی، له داخی كوشتنی جه‌مال عیرفان و عارف سائیب بوو له‌ساڵی

١٩٢٢دا، دیارە ئەم دوانە دەبنە براو ژنبرای جەمیل سائیب.

با بڕوانینە شوکری فەزڵی شاعیر لە چامە درێژەکەیدا، چۆن ئامۆژگاری شێخ دەکات:

سەرەتای ئیش هەموو یەکبونە ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ کە لە دڵدا بوە سارێژی نەکەی
شاوەکو شایەکی شەطرنجة لە عالەم ئەمڕۆ
گەورە قانونە، قسەی کورت ئەوەیە درێژی نەکەی

مەبەستی شوکری فەزڵی لە شا، سەرۆکی وڵاتە کە شێخ مەحمودە، شوکری شای بێ دەستورو قانونی هێند پێ لاوازو نەشیاوە، دەیخاتە ئاست ئەو شای شەترنجەی، هەر کە کشی لێ کرا، لەناودەچێت، واتە هێزی دەوڵەتداری لەو یاساو دەستورەدایە کە شیرازەی ژیان نەخشە دەکێشێتو سەرۆکیش دەکاتە کەسێکی نیشتمانو میللەت دۆست. بەداخێکی سەختەوە، دوای پتر لە ٨٥ساڵو ٢٢ ساڵی حوکمڕانی کورد، هێشتا داواکەی شوکری فەزڵی، جێبەجێ نەکراوە، دەستوری هەرێمی کوردستان کە شوکری پێی دەڵێت قانون، وەك جەستەیەکی شەکەتو ماندوو، هەر ئەم سەرەو سەری پێدەکرێتو بەدەست نەخۆشی کوشندەی شاسالاریەوە دەناڵێنێتو لەحاڵی گیان کەنشتدایە، بەپێچەوانەی ئامۆژگاریەکانی شوکری فەزڵیەوە کە دەڵێت (گەورە قانونە)، تائێستا لەم دەڤەرە قانون ئامرازو داردەستی

گەورەکانەو بە کامی دڵو ویست، چۆنیان بوێت دەیڕاێنن، نەك گەورەکان بەدەست قانونەوە بنو گوێرایەڵی بکەن.

ئەو گلەییو گازندانەی کە حکومەتەکەی شێخ محمود لەلایەن روناکبیرە دڵسۆزەکانو تەنانەت بەشێکیش لە نەیارەکانی دوچاری دەبۆوە، هەمان دیاردەن کە ئێستا لەم وڵاتەدا دەگوزەرێت، رەخنەکانی جمیل سائیبو پیرەمێردو شوکری فەزڵیو حەمدی ساحێبقڕان کە دەست بژێری روناکبیری ئەو سەردەمە بوون، لەمەڕ دیاردەی نەگریسی گەندەڵیو خزم خزمێنەو نەبوونی عەدالەتی ئیجتماعی...هتد لە فەرمان رەوایەتێکەی مەلیك مەحمودا، جارێکی دیو دوای ٨٥ ساڵ، لە چوارچێوەی بە یاساکردنو چاوو ڕاودا چەندبارە دەبنەوە، هەر هەموو سەروەتو موڵکەکانی مەلیك مەحمود، کە بەشێکی لە شێخ سەعیدی باوکیەوە بۆی مابووەوە، زۆر کەمترە لە سامانی دەرەوەو ناوەوەی بەرپرسێکی نمرە دوو و خوارتری ئەم هەرێمە!! با ئەوەشم لەیاد نەچێت کە زۆربەی سامانە کەسێتیەکەی خۆی بۆ پێشمەرگەو حکومەتەکەی بەکاردەبرد، نەك لە پەنا حکومەتەکەیدا سەروەتو سامان پێکەوە بنێو موڵكو ماڵی خەڵك داگیر بکات. بە بۆچوونی بەندە، ئەوەی کە لە سەردەمی شێخدا دەگوزەرا بە روباری زەڵمو سیروان شۆراوەتەوە، لەچاو ئەوەی کە ئێستا دەیبینینو یاساڕێژی بۆدەکرێت، دیارە ئەم دیاردە نالەبارە

مۆتەکە ئاسایە، خەمی قورسی هەموو دڵسۆزێکەو گەرەکە تەنیاو تەنیا یاسا باڵادەست کەین و نەهێڵین ئەم ئەزمونەی کە بە روبارێك خوێن هاتۆتە دی گورگان خوارد کرێت، چونکە نەیارەکانی کورد لە دەرەوەی هەرێم، هەمیشە وەك نهێن گر، لە هەل دەگەڕێن بۆ خنکاندنی ئەم تاقیکردنەوەیە، هەمان ئەم نەیارانە ئەم فیدراڵیەتە بە ئەمری واقیع و ناچاریی دەزانن و کەی مەچەکیان بچەرخێ لێمان تێك دەدەن. پێم باشە نوسینەکەم لەمەڕ ئەو بارودۆخەی کە ئەحمەد موختاری تیا شەهیدکرا بەم سەرگوزشتە وردو مەعریفیە کۆتایی پێ بهێنم: (مێژوونوسێکی بەناوبانگی ئەوروپی دەڵێت، بە مەبەستی تاقیکردنەوە، جارێك هەواڵێکم گەیاندە مەجلیسێکی شەش کەسی، کە بە ریزو یەك لەدوای یەك دانیشتبون، لەپێشدا هەواڵەکەم بە چرپە دایە کەسی یەکەم و داوام کرد کە ئەویش بە چرپە بیداتە تەنیشتی و ئەویش بۆ دوای خۆی تا ئەگاتە شەشەمین کەس، کاتێك کە گوێ دەگرم، ئەو هەواڵەی کە داومە بە کەسی یەکەم، کوت ومت ئەوە نیە کە شەشەم دەیگێڕێتەوەو جیاوازی جەوهەریان هەیە، واتە لەو ماوە کەمەداو بێ تێکەڵاوی ئەموئەو راستیەکان شێوێنراون) مێژوونوسەکە دەڵێت ئەگەر کەمتر لە کاژێرێك راستیەکان بشێوێنرێن، دەبێت مێژوی بەر لە سەدان ساڵ چی بەسەردا هاتبێت و رووداوەکان بە چ ئاراستەیەکدا برابن؟! با ئەوەش

بڵــێم کــە زۆربــەی مێــژوی کــورد نــەیارو بێگانــەکان نووسیویانەتەوەو چۆنیان ویستبێت ئاوا خەملاندویانە!!

هەربۆیە بە بۆچوونی بەندە مێژوونوسی کورد، چەند پشت بـە سەرچـاوە دەبەسـتێت، دەبێـت لـەوە زیـاتریش پـشت بـە شــیکردنەوەو تــاوتویێ کــردن‌و بــەراوردکاری‌و هاوکێــشەی لـۆجیکی ببەسـتێت، ئەمـە جگـە لـە بەهەنـد وەرگرتنـی ئاسـتی دنیابینی‌و مـەعریفی‌و توانـای کارەکتـەرە سیاسـیەکانی کـورد، کەلـە باشـترین حاڵەتدا،ئەمانـە لـە ئاسمـان یـان ئەسـتێرەیەکی تــرەوە نــەهاتون، ئــەم کارەکتەرانــە مرۆڤگــەلێکن، کــە لــە کۆمەڵگایــــەکی دواکــــەوتوی ســــەرکوتکراوی دوور لــــە شارســـتانیەتی داهێــزراودا هەناســـەیان داوەو کەســـایەتیە مەعریفی‌و سیاسـیەکانیان، لـەو زەمین‌و زەمانـەدا چـێ کـردوە، یان بەواتایەکی دی، بارگاوین بە هەڵسوکەوت‌و هـزرو ئاسـتی شارستانێتی کۆمەڵگاکەیانەوە، کەواتـە وەك سۆپەرمان روانین بـۆ ئـەو کارەکتەرانـە، یـان بارکردنیـان بـە ئـەرکی قورسـی لەتوانابــەدەرو موســـتەحیل، ســـوورانەوەیە لـــە بازنـــەی بێهـودەیی‌و مایەپووچـیدا، هـەروەها کـورت کردنـەوەی رۆڵـی میللـەت‌و دروسـتکردنی مێـژوو، لـە چـەند کارەکتەرێکـدا، تێنەگەشتنە لە فەلسەفەی مێژوو. توینبی کە مێژوونووسێکی نـاوداری ئینگلیـزە، رەورەوەی جووڵێنـەری مێـژوو بـە تیـوری

زۆربۆهێنـــانو بەرەنگاربونـــەوە (التحـــدي والإســـتجابة)[1] وە دەبەستێت، دیارە جۆری فشارو زۆر بۆهێنانەکە ئاستی ئامباز بـونو بەرەنگاربوونەوەکـە دەستنیـشان دەکـات، ئـەم تیـورەی تـوینبی (التحـدي والإسـتجابة)، لەگـەڵ زۆربـەی هـەرەزۆری جوولانـەوە رزگـاری خوازەکـانی کـوردا هاوئاهەنگـەو راپـەڕینو بەرەنگاربوونـــەوەکانی میللەتەکـــەشمان بـــە درێـــژایی مێـــژوو بەشێکە لـەو هێـزو بـەرەنگاریو زیندوێتیـەی کـە هـەرگیز لـەبن نایـەت، دیـارە زۆر نەتـەوە هـەبوون لـەم دنیایـەدا، بەرگـەی ئـەو فـشارو زۆربۆهێنانـەیان نـەگرتوەو ئێـستاکە لەسـەر نەخـشەی ژیان ناویان کوێربۆتەوە.

ئەگـەر بەرەنگاربوونـەوە جۆرێـك بێـت لـە کاردانـەوە، ئـەوا بەشـــێك لـــە شکـــستە مێژووییـــەکانمان دەرهاویـــشتەی ئـــەم کاردانەوانەن ئەگەر بەباره نێگەتیڤەکەیدا بێت.لەلایـەکی تـرەوە بەرەنگاربوونـەوە (الإسـتجابة)کـانی میللـەتی کـورد لـە ڕووی چەندێتیو چۆنێتیەوە نەگەشتۆتە ئاستی فشارو زۆربۆهێنانـە (التحدي)کانی داگیرکەرانی کوردستانو زۆر لـەو لاوازتـرو کـەم دەرفـەت تـر بـوەو بـە ناچاری شـێوەی ئیرادەگـەری وەرگرتـوە، واتـــە هاوکێـــشەکە تێـــك چـــوەو بـــە قـــازانجی داگیرکـــەران شکاوەتەوە.

---

[1] بۆ ئەم بۆنەیە بەرەنگاربوونەوەم پێ گونجاوترە لە (وەڵامدانەوە)، چونکە وەڵامدانەوە بۆ (استجابە) وەرگێڕانێکی حەرفیە!

## جەنگاوەرەکانی ئەحمەد موختار جاف

















## سەرد/Narration السرد

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕوانگەی ڕێبازی ئەکادیمی جیهانیەوە ڕەنگی بابە تەکانی دەڕێژێ ، ئەو ڕێبازە تایبەتمەندە، بە سودبینین لەسەرچاوە جیاوازەکان و تاك لایەنانە ناروانێتە دیاردە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان لەبواری ڕۆماندا ، واتە سود دەبینێت لە هەردو سونگەی خۆرئاوایی و ڕۆژهەلاّتی ، کەبریتیە لە تیورو راکانی جیرارجنێت و هەنری جیمس و روبرت همفری و جان ریکاردو ، لەگەلّ تیۆری شکلّ گەراکانی روسی، وەك توماشفسکی و باختین و تزیفتان تۆدۆروف ، ئەم دووجۆگایە دەڕژێنە نێو روباری تیورەکانی رومانەوە و شکلێکی زانستانەی سەقامگیری پێ دەبەخشن.
لەم باسەدا هەوڵم داوە، بابەتیانە لەسەرد بکۆڵمەوە و لەهەر شوێنێکدا پێویست بوبێت رای خۆم دەربڕیوە و نەم هێشتوە بیرو بابەتە دژیەك و لاوازەکان بەسەرما تێپەڕێت ، چونکە یەکێك لەپێویستیەکانی لێکۆلینەوەی زانستی داهێنانی رای نوێ و چارەسەرکردنی کێشەسەرەکی و لاوەکێکانە.

(السرد) وشەیەکی عەرەبیەو بەمانای (شتێك پاش و پێش

بەدوای یەکدابێت ، لە چوار چێوەیەکی رێکخراودا) [1] ، دیارە ئەم واتایە لەبواری فەرهەنگیەوە گوازراوەتەوە بۆ بواری مەجازی و زاراوەیی، کورد دەتوانێت لە بەرامبەر وشەی ( سرد) دا (گێرانەوە) بەکاربەرێت.

لەدنیا بەرینەکەی چیرۆك و رۆماندا ئەم وشەیە زۆر بەکاردێت و ئامادەگی هەمیشەیی هەیە ، چونکە بەردی بناغەی پێکهاتەی رۆمانە ، دیارە لایەنەکانی تری رۆمان کەبریتین لە رووداو ، کات ، جێگا، کارکتەر، تەواوکەری سەردن و بەهەموویان رۆمان بەرهەم دێنن. جیرار جنییت دەڵێت: سەرد بریتیە لە ( خستنە پێش چاوی روداوێك ، یان کۆمەڵێك روداو، راستەقینەبن یان خەیاڵ ، ئەم کارە بەهۆی زمانەوە ئەنجام ئەدرێت، بەتایبەتی زمانێکی نوسراو، لەزنجیرە کارێکی دیاردا) [2] ، گەلێ بیرورای جیاواز هەیە لەمەڕ گرنگی سەرد لەرۆماندا ، هەندێك دەڵێن، سەرد توخمێکی سەرەکی و دارێژەری بەردی بناخەی رۆمانە ، هەندێکی تر دەڵێن سەرد لەگەڵ وەسف و دایەلۆگدا ئامێتە دەبێت و بەهەرسێکیان دەبنە توخمی سەرەکی رۆمان. ئەم دوو بۆ چونە جیاوازە هەتا ئێستا خوێنەریان نەگەیاندۆتە روخی دڵنیایی و ئەنجامێکی رەهاو یەك لاکەرەوە [3]، دیارە لەسەر بنەمای هەردو بۆ چوونەکە کۆمەڵێ چەمکی رەخنەیی و شیکرنەوەی جیاواز هاتۆتە ئاراوە ، مەجدی

وەهبە دەڵێت سەرد لە ڕوی زاراوەوە بریتیە لە (گێڕانەوەی روداوێك یان چەند روداوێك ، یان چەند هەواڵێك ، ئیتر گرنگ نیە ئەم گێرانەوەو هەوالآنە ڕاستی بن یان خەیاڵ) [4] ، جان ریکاردو کە تیورسازێکی بواری ڕۆمانە ، سەرد لەم چوارچێوەیەدا پێناسەدەکات:

(سەرد بریتیە لە ڕێبازی گێڕانەوەی ڕۆمان ، یان گێڕانەوەی خەیاڵە چیرۆك) [5] ، بە بۆ چونی ئێمە سەرد ئەو توخمەیە کەبەکەرەستەی زمان ، رۆمان لە توخمە ئەدەبیەکانی تر جیادەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دەرخستنی بنەچەی هەموو حیکایەتەکان ، جان لوفیف بەبارێکی تردا پێناسەی سەرد دەکات و دەڵێت (سەرد ئەو قسانەیە کەجیهانێك بۆ مێشکی خوێنەر ئاما دە دەکات ، لەشکڵێکی حەقیقەت ئاسادا ، بەهەردو لایەنی مادی و مەعنەویەوە ، لە زەمین و زەمانێکی دیاری کراودا ، دیارە ئەم کارە دەبێت لە روانگەی کارەکتەرێکی ناو رۆمانەکە ، یان حیکایە تخوانەوە ئەنجام بدرێت) [6] ، جان لوفیف لەم بۆ چوونەیدا باسی خەسڵەت و گرنگی ئەم چوارچێوەیەی نەکردوە کە روداو وکەسایەتێکان دەگرێتەخۆ و نەی وتوەکە کامە رۆڵ دەبینێت لەهەیکەلی رۆماندا. ئەم پێناسە و بۆ چوونە جیاوازانەی کە پیشانمان دا رەنگدانەوەی هەندێك بیرو بۆ چونی هونەری و فیکری و بەکاربردنی جودا جودان و دەچنەوە سەر ڕێبازە لێك نەچوەکانی دنیای رۆمان لەسەردەمە کۆن و نوێکاندا ، دیارە رۆڵی سەردەمی

رۆشنگەری و مۆدەرنێتە بە هەندێك بۆچونەکانەوە بەزەقی دەردەکەوێت. ئەگەر لەڕوانگەی پێناسەکەی جان ریکاردۆ وە تاوتوێی سەردبکەین ، دەبێت وەسف و دایە لۆگ بەهەموو جۆرە ئاستەکانیانەوە بە هۆکار بزانین نەك ئەنجام و بنەڕەت ، واتە ئەم دوو توخمە دەبنە پاشکۆ ، بە پێچەوانەی ئەو رایانەی کە بە بناخەی رۆمانی دائەنێن ، دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاوبێت کەسەرد ناتوانێت واز لە وەسف بهێنێت و خۆی بەدوربگرێت لێی ، بەڵام دەشێت وەسف لەزۆر توخمی ئەدەبی تردا بوونی هەبێت بەبێ سەرد ، واتە هێندەی سەرد پێویستی بە وەسفە ، وەسف سەردی پێویست نیە و دەتوانێت لەدەرەوەی ڕۆمان خۆی نمایش بکات ، ئالێرەدا جۆرێکی تایبەت لە دابڕان لە نێوان ئەودوانەدا دێتە ئاراوە ، کەناتوانین هەروا بەئاسانی بازی بەسەردا بدەین. نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە شێوازەکانی سەرد چون یەك نین و جیاوازن، بەپێی جیاوازی وێناو روانگەی سەیرکردن و سەرنجی رۆمان نووسەوە.

والاس مارتن دەڵێت سەرد بریتیە لەم توخمانە:

١-دیمەن (المشهد) Scene

٢-پیشاندان (العرض) Showing

٣-لاسایی (المحاكاة)Minesis

لەگەڵ پیشاندانی وشەو کرداری کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ کەزۆرجار پێی دەوترێت (درامی).

ئەم بۆ چونەی والاس مارتن کورتی هێناوە چونکە بازی

داوە بەسەر هەندێك تکنیکی سەردا، کەبریتین لە

١- کورت کردنەوە (التخلیص) sommaire،

٢ - وەستان (الوقفة)pause .

٣- analepse..بەهەردوو بەشەکەیەوە دەرەکی و ناوەکی گەرانەوە (الاسترجاع)

٤- لابردن (الحذف) Elipse.

٥- پێشبینی (الأستباق) Protepse (7).

لە نێوان شرۆڤەکردنی ئەم بۆچونە فرانەوە ، بۆمان روون دەبێتەوە کەسەرد ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی هەیە و هەرگیز ناتوانین بیخەینە خانەی دوەم یان تەواوکەر یان یارمەتی دەر، چونکە بەبیٚ سەرد کاری رومان نایەتە دروست بوون.

دەبێت ئەوەش بزانرێت کە کۆمەڵێك ڕیزبەندی جۆراو جۆر هەیە بۆ توخمی سەرد لەروی کاریگەری هونەری و وەزیفەی بەکاربردنەوە، ئەمە جگە لەوەی کەسەرد بریتیە لە چەند تەکنیك و لك و پۆپێك، کەهەر بەشێك لەمانە کۆمەڵێك ئەرك و فەرمان جیٚ بە جیٚ دەکات.هەر بۆیە سەرد لەم چوارچێوە ئەکادیمیەدا دەکەم بە دووبەشی سەرەکیەوە .

## سەردی بابەتی، السرد الموضوعي
## Object narrative

توماشفسكی كە شكلْ گەرایەكی روسی ناسراوە ، سەردی بابــەتی لــەم چوارچــێوەیەدا دەناســێنێ (لەســەردی بابەتیــدا نوسەر ئاگای لە هەموو شتەكانە ، تەنانەت لایەنەكانی بیری نهـێنی پاڵــە وانەكانیـشی دەزانێـت) [8] ، كاتێـك كـە رۆمـان نوس لە پەنای سەردا خۆی مات ئەداو ئامادەگی بەهێزیشی هەیــە بــۆ هــەموو وردبونــەوەو ســەرنجدانێك ، دەشــێت لــەو حاڵەتەدا وەك هـەر دەرهێنـەرێكی سینەمایی هەڵس و كەوت بكـات ، چـونكە دەرهێنــەر لـەو دۆخـەدا زاڵــە بەسـەر روداو و دیمـەن و دیاردەكانـدا ، توماشفسكی لـەم حاڵەتـەدا جیـاوازی وردی نەكردوە لەنێوان روما نوس و حیكاتەخوانـدا ، چونكە زۆرجـار رۆڵـەكانیان تێكـەڵ دەبێـت و جێگـا گـوركێ دەكـەن ، كەواتە ( كـاری سـەردی، لـە خـودی سـەردەوە دروسـت دەبێـت، كـە ئـەویش بریتیـە لـە بەكاربردنی زمـان لەشـێوەی گێرانـەوەدا بــۆ دەرخـــستنی روداوە خـــەیاڵێكان لـــە زەمـــین و زەمـــانێكی دیــاریكراودا ، وەك كۆمــەڵێك كەســایەتی كەلەلایــەن ڕۆمــان نوسـەكەوە دەسـت نیـشان كـراون و رۆڵـی كارەكتـەر دەبیـنن) [9] ، دەبێـت ئـەوە لەبـەر چـاو بگیرێـت ، ئـەوەی كـە گرنگـی بـەكاری سـەرد ئـەدات خـودی ڕۆمانوسـە ، كەبەرهـەم هـێنی روداو و هـەڵس و كەوتەكانـەو جیهـانێكی خـەیالْ ئاسـامان بـۆ

دەنەخــشێنیٚ ، دیــارە هەڵوێــستی بەرهــەم هــێنی ســەرد، گۆرانکاری بەخۆیەوە دەبینێت لەکاتی مامەڵە کردن لەگەڵ هەردو سەردی بابەتی و خودیدا .

لەنــەزمی ســەردی بابەتیــدا (رۆمــان نــوس ئامــادەگی و ئازادیەکی رەهای هەیە بۆ چوونە نێو بیرو هەڵس و کەوتی کارەکتەرەکانی ، تەنانەت هەندیٚ جار بەشێك لە کێشەکان لەخوێنــەر دەشــارێتەوە ، بەمەبەســتی رەســاکردنی لایــەنی هونــەری و دەرەنجــامی روداوە گومناوەکــان. بەرهــەم هــێنی ســەردی بابــەتی هەمیــشە دەتوانێــت ئــازاد بێــت لەهــەڵس و کــەوت و گــەڕان بــەنێو جیهــانی بــیرو ختــورەی دڵ و دەرونــی کارەکتــەرە کانیــدا ، تەنانــەت رێگــەی پێــدراوە کــە هەنــدێك زانیاری و هەواڵ لە خوێنەر بشارێتەوە و نەیدا بەدەستەوە) [10] ، دەسەلاٚتی بەرهەم هێنی سەرد فرە رەهایە ، لە بواری بیرکردنەوە و وردبینی و شیکردنەوەدا، رەخنەگری فەرەنسی جــان بویــون و تــودوروف دەڵــێن پەیوەنــدی حیکایــەتخوان لەگەڵ کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمان دا سیٚ جۆرە: [11]

١- حیکایەتخوان گەورەتر دەبێت Vision parderriere لەکارەکتەر

واتـــە حیکایـــە تخـــوان هـــەموو شـــتێك لـــەبارەی کارەکتەرەکانیــەوە دەزانێــت و دەتوانێــت بشــچێتە نێــو خانەکانی کەللە سەریانەوە و نەك هەمو نهێنیەکانیان بەتەنیا

، بەڵکو خولیاو هەست و نەست و چارەنوسی کۆتاییشیان بزانێت ، سیزاقاسم دەڵێت : (حیکا تخوان ماسکێکە لەو چەندەها ماسکەی کە رۆمانوس خۆی لە پەنایدا ماتداوە بۆ شکڵ گرتنی کارەکەی) [12] .

٢- حیکایەت خوان یەکسان دەبێت Vision avec:
لەگەڵ کارەکتەر دا

ئەم حاڵەتە پێشی دەوترێت ( بینین و وێنای هاوبەش) ، واتە مەعلومات و زانیارێکانی حیکایە تخوان لەم حاڵەتەدا یەکسان دەبێت بەزانیا رێکانی کارەکتەر لەگەڵ خۆیدا ، لەم دۆخەدا راناوی بە کارهاتو ، بریتی دەبێت لە هەردوو راناوی قسەکەرو غائیب کە دەکاتە (من ، ئەو) واتە دیدگای کارەکتەرەکان لەمەڕ روداوەکان فراوانتر دەبێت و لەهەمان کاتیشدا ، رومانوس دەتوانێت باسی کارەکتەری فرە بکات و لە یەکێکەوە بگوێزێتەوە سەر یەکێکی دی ، بەلام لە چوارچێوەیەکی رەساو توندو تۆڵدا ، ئەم دیدگایە (لەوەی پێشوو رەساو گونجاوترە ، چونکە یەکسانە بە سنوری زانیاری خودی کەسایتێکە لە گەڵ خۆیدا) [13] ، شکڵ گەرای روس توما شفسکی ئەم حاڵەتەی خستۆتە ژێر پێناسەی ( سەردی خودیەوە) ، حیکاتخوان لەم حاڵەتەدا دەبێتە هاوڕێی کارەکتەرەکان و بیروڕایان لەمەڕ ڕوداوەکان لەگەڵ دەگۆڕێتەوە ، هەندێك جاریش ( خودی کارەکتەر روداوەکان

دەگێڕێتـەوەو ئـەم جـۆرە ڕۆمانـەش دەچێتە خانـەی رۆمـانی کەسێتیەوە (الروایة الشخصیة) [14]، ئالێرەدا توماشفسکی سـنوری نێـوان سـەردی بابـەتی و خـودی شـکاندوە،بە بـۆ چونی ئێمە، ئەکادیمیانە تر دەبوو ئەگەر لە توخمی سەردی خودیـدا ، باسـی رۆمـانی کەسـێتی (الروایـة الشخـصیة) بکردایە، نەك لێرەدا.

٣- حیکا تخوان لە کاراکتەر Vision de dehors:

بچوك تر دەبێت

واتـە (دیـدگای دەرەکـی) ، لـەم دۆخـەدا ( زانیـاری حیکـاتخوان کـە مـترە لـە کارەکتـەرەکان ، واتـە رۆڵـی حیکایـەتخوان بیٚ لایەنانەیـە و کارەکـەی بریتیـە لـە مونتـاج ، یـانی سـود وەرگـرتن لـە تەکنیکـە سینەمایەکان) [15]، دیـارە رۆمـان نـوس سـەر پـشکە لـە هەڵبـژاردنی هەریـەکێك لـەم دوجۆرە سەردە، واتە بابەتی و خودی، تەنانـەت هەنـدێك جـار رۆمان نوسەکان هەردو جۆرەکە بە تێکەڵی بەکاردەهێنن، هـەر ئەمەشـە وایکـردوە کـە زاراوەی تێکەڵـە ( سـەردی بابـەتی و خودی) بۆ ئەم جۆرە حاڵەتە بە کارببرێت.

ئەرنـست هەمـەنگوای یەکێکـە لـەو رۆمانوسـانەی کـە هەمیـشە ڕۆڵـی حیکـا تخـوانی گـەورەی بـەکارهێناوە ، بەمەبەستی ئاگـاداربون لـە نهێنی کارەکتـەرەکان ، بەهـەمان شێوەش دستۆفسکی لە رومـانی ( براکانی کا راما زۆف) دا ، ئاگـای لـە چارەنوسـی کارەکتـەرەکانی وەك (دمـتری ،

البوشا ، ایڤان) بوەو نهێنی و سەرەنجامی ژیانی زانیون ، بەڵام فرجینا ولف بە پێچەوانەوە، لە رومانی (شەپۆلەکاندا) رێبازی تێکەڵەی جودای هەڵگرتوە و ڕۆڵی کارەکتەرەکانی زەق کردۆتەوە ، کافکاش لە ڕۆمانی کۆشکدا (القصر) هەمان ڕێبازی گرتوە، گارسیا گابریل مارکیز لە ڕۆمانی ( سەدسالْ دابڕان) بە بە کارهێنانی شێوازو ریتمی ریالزمی سیحریدا ، پشتی سەرەکی بە حیکاتخوان بە ستوە ، گۆتە لەرۆمانی (ئازارەکانی ڤارتەردا) لە شێوەی نامە گۆڕینەوەدا، پشتی بەکارە کتە رەکانی بەستوەو حیکاتخوانیشی کە نارگیر کردوە، سەردی بابەتی و خودی کۆمەڵێك حیکایەتخوان لە خۆی دەگرێت و سەرجەم ئە مانەش بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانیان جیاوازە لەروی رێکخستن و دارشتنی ڕۆمانەوە.

فیردمانی رەخنەگەر [16] ژمارەی جۆری ئەم احیکایەتخوان و کەسایەتیانەی گەیاندۆتە هەشت کەبریتین لە مانە:

١-حیکاتخوانی ئاگادارو خاوەن ڕا ( الراوی العلیم ذو الرأي).

٢-حیکاتخوانی ئاگادار ( الراوی العلیم).

٣- (من) بەمەرجی گێرەرەوە و شایەت ( أنا بوصفه الراوی الشاهد).

٤-(من) وەك کارەکتەری سەرەکی (أنا بوصفها

الشخصية الرئيسية).

٥-حیكـاتخوانی ئاگـاداری سەرپـشك لـە هەڵبژاردنـدا (الراوی العليم المتعدد الاختيارات).

٦- حیكـاتخوانی ئاگـاداری دەسـبژێر ( الـراوي العلـيم المنتقي).

٧-حیكـاتخوانی خـاوەن شـێوازی شـانۆ ( الـراوي ذو الاسلوب المسرحي).

٨-حیكاتخوانی كامێرا ئاسا ( الراوي عدسة الكاميرا).

تێبینی :

١-بۆ وشەی (الراوي) كە عەرەبیە حیكایەتخوانم داناوە ، دەتوانین وشەی گێرەرەوەش بەكاربهێنین.

٢-بـۆ وشـەی ( الشخـصية) كاراكتـەرم بـەكارهێناوە ، دەتوانین وشەی (كەسێتی)ش بەكاربهێنین.

٣- بـۆ وشـەی ( الـسرد) ی عـەرەبی دەتـوانین ( گێڕانـەوە) بەكار بهێنین ، بەڵام من هەر ( سەرد) م بەكارهێناوە.

## السرد الذاتيPersonal narrative

توماشفسكی و أوسبنسكی سەردی خودیمان بەم شێوەیە پێ دەناسێنن (لەنەزمی سەردی خودیدا بەهەڵپەوە بەدوای روداوەكاندا دەڕۆین ، بەپشت بەستن و لەبەر ڕۆشنایی چاو وگوێچكەی حیكاتخوان ، یان گوێگر) [17] ، واتە كارەكتەرەكانی نێو ڕۆمان و حیكاتخوان ، روداوەكان پێش چاو دەخەن و دیمەنە جیاوازەكانیش نمایش دەكەن ، خەسڵەتەكانی ئەم توخمە بریتیە لە وەی كە ( حیكایەتخوان یان هاوبەشی لە دروست كردنی روداوەكاندا دەكات ، یان شایەتە بەسەر یانەوە ، بەڵام زانیارێكانی سنوور بەندەو لە چوارچێوەیەكی تەسكدایە ، چونكە حیكایەت خوان بەتەنیا باس لەو روداوانە دەكات كە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە و ، ئاگای لەختورەی دڵ و بیرو بۆ چونی كارەكتەرەكانی تر نیە) [18] ، ئاستی پەیوەندی لەم جۆرە سەردەدا ، لە نێوان حیكاتخوان و پاڵەواندا پەیوەندیەكی هاورێیەتیە، واتە تێكەڵاوكردنی دیدگای دەرەوەو ناوەوەیە،دەبێت ئەوەمان بەسەردا تێنەپەڕێت كەپانتایی جووڵەو هەڵس و كەوتی حیكایەت خوانی ئاگادارو گشت زان ، تەسك دەبێتەوە، لەبارتەقای ئەمەشدا رێگا فراوان دەبێت و ئاسان كاری دەكرێت لەبەردەم كارەكتەرەكاندا بۆ دەربڕینی خولیاو هەست و بیرو ڕاكانیان، ئەم دیدگایە لەدنیای ڕۆماندا

بەهرەوەرو پێشکەوتوترە لەوەی کەهەر حیکاتخوان بالأدەست و قسەکەری سەرەکی بێت، بەلأم لەهەمانکاتیشدا ئەم دیدگایە سنوور بەند دەبێت ، بەپێی شارەزایی کارەکتەرەکە لەزانستی خودی خۆیدا ، سیزاقاسم رای وایەکە ( سەردی خۆیەتی وەك ئەو کامیرایە وایە کە خراوەتە سەر چاوی یەکێك لەکارکتەرەکان و خوێنەریش لە روانگەی ئەوەوە سەیری رووداوەکان دەکات و ئەوەی کەدەیبینێ دەبێت هەرلەئاسۆگەی چاوی ئەوەوە بێت ، واتە لەدەرەوەی چاوی کاراکتەرەکە، هەموو شتەکان شاراوەن و هیچ نابینرێت) [19] ، بوارەکان سەردی خۆیەتی لەمەڕ دەربڕینی کێشە فیکری و کۆمەلأیەتی و دەروونیەکان گەلێك فراوانترە لەگێڕانەوەی حیکایەتخوانی بەئاگاو وێناکەری رووداوەکانی رۆمان ، چونکە کارەکتەرەکان ئازادی فرەتر دەدەن بەخۆیان بۆ دەربڕینی لایەنی شاراوەی رووداو و کە سەکان. بائەوەش لەیاد نەکەین کە بەکارهێنانی فرەی سەردی خۆیەتی نابێتە هۆی نەمانی یەکجارەکی حیکا تخوانی بەئاگاو هوشیار ، چونکە (دیارنەمانی حیکایەتخوان بەیەکجاری لەرۆماندا شتێکی مەحاڵە) [20] ، بەکارهێنانی سەردی خۆیەتی لەرۆماندا نابێتە هۆی لەناو بردنی پێکهاتەکانی سەردی بابەتی بەرەهایی ، چونکە ئەم دوجۆر سەردە نەك بەدو هێڵی دژیەکا تێناپەڕن، بەڵکو زۆرجار، یەك ئەوی دی تەواو دەکات ، لێرەدا دەمەوێت بڵێم

کەشوێن و جۆرو خەسڵەتی روداوەکان، شێوازی سەردەکە بەرهەم دەهێنن، خۆ لەهەندێك جاریش ئەم دوو حاڵەتە تێکەڵاو دەبن، بەمەبەستی شکڵ گرتنی خودی رۆمانەکە ، (فرە شێوازی لە قسەکردندا ، یان ئەوەتا لەرێگەی کارەکتەرە جیا جیا کانەوە سەقام گیر دەبێت وشکڵ دەگرێت ، یان ئەوەتا لەرێگای دایەلۆگی راستەوخۆی ناو رۆمانەکەوە) [21] ، ئازادی بەخشین بەهەڵس و کەوت و قسەکردنی کارەکتەرەکان ، دەبێتە هۆی دەرخستنی لایەنە سیاسی و کۆمەلایەتی و روناکبیریەکانیان و تەنانەت پەی بردنیش بەبە شێك لە ئاوات و نەست و خولیا نەبینراوە کانیشیان. (لەرۆمانە رەسەنەکاندا مرۆڤ دەتوانێت ، لە پشت گوزارشتی هەر کاراکتەرێکەوە، سروشتی زمانە کۆمەلایەتێکەی ، لۆژیکی ناوەوەی ، پێویستیە رۆحیەکانی ، دەست نیشان بکات ، زمانی ئاخاوتنی نێورۆمانەکە، وێنەی ئاسۆی کۆمەلایەتی و ئایدۆلۆژی کارەکتەرەکان دیاری دەکات [22]).

هەتا حیکاتخوان بوار بۆ کارەکتەرەکانی برەخسێنێ لە نێو رۆماندا ، وە ئازادی رەهایان پێ ببەخشێت، زمانی دەربرینیش لەتاك لایەنە رزگاری دەبێت و فرە دەنگی و دەوڵەمەندکردنی تاقیکردنەوە ئینسانیەکان بەر کەماڵتر دەبێت ، هەر بۆیە دیاردەی (پۆلیڤونی) واتە فرەدەنگی لە رۆماندا خەسڵەتێکی زیندوی رۆمانی هاوچەرخە ، چونکە

لـەو ڕێگایـەوە ڕۆمـان دەکرێتـە ئاوێنەیـەکی باڵانمـای ژیـانی کومـەڵ بـە سـەرجەم زەردەخەنـەو فرمیـسکەکانیەوە ، دیـا رە سـەردی خـودی، لـە زۆربـەی ڕۆمانـە نوێکانـدا ، واتـە ئـەو ڕۆمانانەی کەسیمای تازەگەری و برەودان بەدنیای نەست و زینـدە خـەوەوە هەیـە بەرجەسـتە ئـەبێت ، لـە بەشـێك لـە چیرۆکەکانی ولیام فوکنەردا ئەم فرەدەنگیە بەرچاو دەکەون ، وەك چیرۆکی (مێژو) ، ( عەدالەت) ، (پایزی دەلتا)، لەئەدەبی کوردیـدا لـە رومانـەکانی بـەختیار عـەلی و شـێرزاد حەسـەن و محەمـەد موکریـدا خۆیـان دەنـوێنن، هـەروەها فرجینـا ولْفـیش لەرۆمانی ( فەسڵە کاندا) سەردی خودی فرە بەکابردوە ، ئەمـە جگە لە پول أوستری امریکی کە لـە رومـانی (تـەلاری مانگـدا ١٩٨٩) پـەنای فـرەی بردۆتـە بـەر دەنگـی کەسـی یەکـەم کـە کارەکتـەرێکی سـەرەکی رۆمانەکەیـە ، لـە نێـو رۆمـان نوسـە عەرەبەکانیـشدا ، صـنع الله ابـراهیم و یوسـف العقیـد و غائـب طه فرمان و محمـد زفـزاف و جـةبرا ابـراهیم جـبرا ، سـوودیان لە سەردی خودی بینیوە بۆ دنیای ڕۆمانەکانیان.

محـی الـدین زەنگەنـەش کەنوسـەرێکی کـوردەو بەعـەرەبی دەنوسـێت ، ڕۆمـانی ( گـەران بـەدوای شـارێکی تـردا) و (ئاســـۆس) و (ئـــەوان و خۆشەویـــستی بەناونیـــشان دەمنێنێتەوە) سودی لە سەردی خودی بینیوە.

## سەرچاوەکان

١–لسان العرب ـ ابن منظور ـ مادة ( سرد).

٢– حدود السرد ـ جيرار جنيت ـ ترجمة: بنخي بوجمالة، مجلة أفاق المغربية، ع ٨ ، ١٩٨٨ ، ص٢٥

٣– بروانه:

أ–أبحاث في النص الروائي ، د.سامي سويدان ، ص١٢٣،

ب– دراسات في القصة العربية الحديثة ، د. محمد زغلول سلام ـ ص٤٥

ج– بناء الرواية ـ سيزاقاسم.

د– جان ريكاردو قضايا الرواية الحديثة ص٩.

٤– معجم مصطلحات الأدب ـ مجدي و هبة و كامل المهندس ـ مكتبة لبنان

٥– قضايا الرواية الحديثة ــ جان ريكاردو ــ ترجمها و علق عليها ، صباح الجهم ــ وزارة الثقافة والارشاد القومي ــ دمشق،١٩٧٧ ، ص٩.

٦– نقلا عن بناء الرواية ـ دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ ـ سيزا قاسم ـ الطبعة الأولى ١٩٨٥ ـ دار التنوير للطباعة والنشر ـ بيروت ـ لبنان ـ ـ ص٢١.

٧– تحليل النص السردي ـ تقنيات و مفاهيم ــ محمد بوعزة ـ مطابع الدار العربية للعلوم ـ بيروت ـ ص٧١

٨– نظرية المنهج الشكلي الروسي ـ، ترجمة ابراهيم الخطيب ـ الشركة المغربية للناشرين المتحدين ـ بيروت ١٩٨٢ ، ص١٨٩

٩– في نظرية الرواية ــ بحث في تقنيات السرد ــ تأليف د.

عبدالملك مرتاض ـ مطابع الرسالة ـ الكويت ـ عالم المعرفة ـ ١٩٨٨ ـ ص٢٥٦

١٠– النقد التطبيقي و التحليلي ـ د.عدنان خالد عبدالله ـ دار الشؤون الثقافية ـ بغداد ١٩٨٦ ص٨٦.

١١– نقلا عن بنية النص السردي : د.حميد لحمداني، ص١٣٥ .

١٢– البناء الرؤائي ـ سيزاقاسم ـ ص١٨٠.

١٣– نظرية البنائية في النقد الادبي ـ صلاح فضل ـ مطبعة الأمانة ، مصر ـ ١٩٨٦ ، ص ٤٣٦،٤٣٧

١٤– غائب طعمة فرمان روائيا ـ د.فاطمة عيسى جاسم ، وزارة الثقافة ـ طبع في مطابع الشؤون الثقافية العامة ٢٠٠٤.

١٥– نڤريه البنائية في النقد الأدبي ص ٤٣٧ ، بەڵام تۆدۆروف لە روانگەی حیکاتخوانەوە سەردی کردوە بە دوو بەشەوە.

١–دیدگا لە ناوەوە ، واتە حیکاتخوانی بەئاگا لەهەموو شت.

٢– دیدگا لە دەرەوە ، واتە حیکا تخوانێك کە زانیارێکانی سنور بەند بێت.

١٦– نقلا عن تحولات الشخصية في روايات عبد الرحمن منيف ص٤٠.

١٧– نظرية الأغراض من كتاب نظرية المنهج الشكلي ـ مجموعة الشكلانين الروس ـ توماشفسكي ، ترجمة ابراهيم الخطيب ـ مؤسسة الابحاث العربية بيروت ـ الشركة المغربية للناشرين المتحدة ـ المغرب ص١٨٩.

١٨– البناء الفني لرواية الحرب ـ عبد الله ابراهيم ص١٧٧.

١٩- بناء الرواية ، دراسة مقارنة ـ سيزاقاسم ص١٥١.

٢٠- الأنشائية الهيكلية ـ مجلة الثقافة الأجنبية ، عدد ٣ ـ ١٩٨٢ ، ص١٣.

٢١- الخطاب الروائي ـ ميخائيل باختين ـ ترجمة محمد برادة ـ دار الفكر للدراسات و النشر و التوزيع ، القاهرة ، ١٩٨٧.

٢٢- المبدأ الحواري ـ ميخائيل باختين ـ ص٨٤.

# تۆفیق وەهبی ، ئینسکلوبیدیای کورد

کاتێک کەداوام لێکرا بۆ زانای پایەبەرزی کورد تۆفیق وەهبی شتێک بنووسم، دەست و قەڵـەمـەکـەم لـەئاستی گـەورەیـی ئـەم جوامێرەدا داچڵەکین، لەبەر خۆمەوەوتم، کێ بێت بتوانێ حەقی ڕەوای خۆی بداتێ و لە چوارچێوەی سەردەمەجـەنجاڵـەکـەیدا، وەک خۆی بینرخێنێ و (تقییم) گەورەییەکەی بـەیـان بکـات؟ کـێ بێـت بـەسـنگی ڕووت و قـەڵـەمێکـی لـەرزۆکـەوەئامبـازی پیرەمەگرونێک لەزانایی و کوردایەتی و خەمخۆری نەتـەوەکـەی بێت؟ مرۆڤ هەرچەند دەکات نازانێت لەکوێوەچنگەکرێ بکات و لـەکامـەبـوارەوەدەست بـەکاربێت؟ لـە بـواری لێهاتوویـیـەکـانی لـەبـەرەکـانی جـەنگـی ئـەلبانییـەکانـدا وەک ئـەفـسەر و بەرپرسیارێک؟ یان لەبـەڕێوەبردنـی وەزارەتـەکـانی (المعـارف، الاقتـصاد، الـشؤون الاجتماعیـة) و گـەلـێ پۆسـتی گرنگـی تـر لـەبـەغـدا و سـەرجـەم عێراقـدا؟ کـەبـە شـایەتـی عـەرەبـەکـان لەپۆستەجیاجیاکاندا ئێجگار سـەرکـەوتـوو و نموونـەیـی بـووە، یان لەیارمەتیدانی مەلیک مەحموود و حکومەتەساواکەی؟ چۆن قەڵەم لەم دەرفەتەکەمەدا دەتوانێت ئـەو هـەمـوو لێکۆڵینـەوە و دراسـات و فـەرهـەنگۆکـەدەوڵـەمـەنـد و ئـەکادیمییانـەی

هەڵسەنگێنێت؟ دەبێت بوترێت نرخاندنی ئەم توانا فرەمەودادییەی تۆفیق وەهبی بابەتی تێزێکی دکتۆرایەبۆ خوێندکار، هەر بۆیەبەندەئەوەندەم بە باش زانی کەتیشکێکی ڕاگوزاری بخەمەسەر هەندێک لایەنی زمانناسی و مەوداکانی تر جێ بهێڵم بۆ قەڵەمەئازیزەکانی تر.

ئەم زانا بلیمەتەهەر لە سەرەتاوەبە دوای قەواڵەی نەتەوەیی کوردا گەڕاوە و وێڵی ساخکردنەوەی سەرچاوە و ئەسڵ و فەسڵی کورد بووە، دیارەتانەی نەیارەکانی کورد ئازاری هەمیشەیی بەدڵی گەیاندووە، لەلایەک مەسعودی لە(مروج الذهب)دا وتویەتی ئەسڵی کورد دەچێتەوەسەر جنۆکە! کولەینیش فەرمویەتی! نە ژن لەکورد بێنن و نەژنیشیان بدەنێ، چونکەنەوەی خراپیان لێ دەکەوێتەوە، خۆ لەباکوریشەوەبەکوردیان وتوەتورکە شاخاویەکان، دیارەلەوەها دۆخێکی زاڵمانەدا، دەبێت چەکی پیرۆزی بەرگری، بۆ یەکێکی وەک تۆفیق وەهبی، هەر بیری ڕووناکی سەلمێنەر و زانیاری مێژوویی و ڕاستی ڕووداوەکان و دۆکۆمێنتی فرەلایەن بێت.

یەکێک لەکارەکانی تۆفیق وەهبی سەلماندنی ئەو ڕاستییەیەکەکورد دەگەڕێتەوەسەر مادەکان و بە نەتەوەهەرەدێرینەکانی ڕۆژهەڵات دەناسرێن. تۆفیق وەهبی هەندێک ڕاو بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسی، مەکەنزی پووچ کردۆتەوە، کەگوایەبەڕای ئەو، کورد بۆیەخۆیان بەستۆتەوەبەمادەکانەوە، بۆ ئەوەی لەو نێوانەدا ڕابووردوویان پتەو و مسۆگەر بکەن، نەک هەر ئەمەبە تەنیا، بەڵکو پەرچی گەلێ ڕای تری مێژوونووسانی تریشی داوەتەوەکەگوایەکوردیان

لەبە نەتەوە بوون و ڕەسەنایەتی خۆرهەڵاتی سفر کردۆتەوە. مەکەنزی زمانی خۆرهەڵاتی بەبەشەجیاجیاکانیەوەبەباشی نەزانیوە و نەیتوانیوەلەو نێوانەوەسوود لەپەیوەندییەزمانییەکان وەربگرێت بۆ ساغکردنەوەی کێشەنەتەوەیی و بنەچەییەکان، جگەلەمەشیان ڕای وایەکەزمانی کوردی لەژێر کاریگەریێتییەکی ڕاستەوخۆی فراوانی زمانی فارسیدایە، بەڵام تۆفیق وەهبی بەنەفەسی زانایەکی خاوەن میتۆد و ڕێسای زانستیانە، بۆچوونەکانی بۆ ڕاست دەکاتەوە و دەڵێت لەبەر ئەوەی کەئاڤێستا بڕبڕە پشتی زمانی کوردییە و لەهەمان کاتیشدا تێکستێکی ئاییني پیرۆزە، واتەبنەوانەمێژووییەکەشی لەزمانی پەهلەوی کۆن بەهێزترە و سەرچاوەو لایەنەفۆنەتیکیەکانیشی ڕەسەن و پێگەییو ترن، ئەوەی کەبۆچوونەکانی ئەم زانا جوامێرەی کوردی، بەگوڕ و هێز کردووە و کردویەتییەجێگای متمانەمان، قووڵ داچوون و پەنا بردنەبەر سەرچاوەمێژووییەدێرینەکانە، نەک هەر ئەمەش، بەڵکو تۆفیق وەهبی زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و پارسی کۆن و پەهلەوی و هەموو دیالێکتەکوردیەکانی وەک کرمانجی خواروو، سەروو گۆرانی و لوڕی و زازایی بەباشی زانیوە، هەوڵی فرەیشی داوەکەئەم دیالێکتەکوردییانەبەمیتۆدی گەشەسەندن و گۆڕانکاری لەوشە و دەستەواژەدا، لەو هەلومەرجەسیاسی و ئیداری و ژیارییەی ئەو دەورانەدا، چوارچێوەیەکی کوردانەبگرێتەخۆ، نابێت ئەوەش لەبیر بکرێت کەتۆفیق وەهبی مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتەگرنگەدا، وەک زانایەکی خاوەن میتۆد و پرۆگرام

ئەنجامداوە، یەکێک لەبناغەی میتۆدەکانی لەم بوارەدا بەراوردێکی هونەرییە، لە نێوان فۆنەتیک و هەڵاوێردنی هەندێک فۆنیم و گۆڕانکاری لە نێوانیاندا، وەک حاڵەتێکی (صرفی)، لە هەندێ بواری تردا هەوڵی داوەلەگەڵ گەشەسەندنی وشەدا پێ بە پێ گۆڕانکاری فۆنیمەکانی دەربخات، واتەمێژووی گۆڕانکاری خۆڕسک لەوشەدا پیشان بدات، ئەم پرۆگرامەلەفەرهەنگی ئۆکسفۆڕدا بەدی دەکرێت و لەنێو عەرەبەکاندا (ابن جنی) هەوڵی لەم جۆرەی هەیە، چونکەبەپێی ئەم تیۆرەزمانییە، وشەوەک هەر بوونەوەرێک هەمیشەلەدۆخی گۆڕاندایە.

لەدواجاردا تۆفیق وەهبی سەلماندویەتی کەزمانی کوردی بەچکەزای زمانی هەرەدێرینەی ئاری و ئاڤێستی و مادییە و لەوێوەسەرچاوەی گرتووە و ڕاکانی مینۆرسکی لەم بوارەدا بەزانستانەتر دەزانێت لەبۆچوونەکانی مەکەنزی، هەوڵەکانی تۆفیق وەهبی لەوەدا دەدرەوشێنەوەکەیەکێتی کورد وەک نەتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەبنیات نراوە، کەدەگەڕێنەوەسەر ماد و بنەوانەزمانی و ئەتنیکیەکەیان لەقوولایی مێژووی خۆرهەڵاتەوەسەری دەرهێناوە.

مامۆستا تۆفیق وەهبی شارەزا و پسپۆڕێکی ئێجگار فراوانی زمان و مێژوو و ئایینەجۆر بەجۆرەکانی خۆرهەڵاتە و لەو بوارەدا جێ دەستی دیار و درەوشاوەیە، پێ بەپێ بە دوای کۆچی تیرە و هۆز و شەپۆلەمرۆییەکانی هیند و ئەورووپییەکانەوەیە، بەتایبەت ئەوانەی کەلە کوردستان و ئێراندا ماونەتەوە، بە دور و درێژی و پشت بەسەرچاوەبڕوا پێکراوەکان، لەبنەما ئاینییەدێرینەکانی کوردی کۆڵیوەتەوە، ئەوەندەی بەڕێزیان بە

وردی و هۆشـیارییەوەباسـی بنـەچـەو سروشـتی ئـاینی و هەڵسەنگاندنی قەواڵەی یەزیدییەکانی کردووە، کەس نەیکردووە و تەنانەت ئەوانی بەتەوەری توند و بەهێزی نـەتـەوەیـی کـورد ناوزەد کردووە و لـەپەنای ئەمەشدا لـەسەر ڕووبەرێکی جـوگرافی دیار و ڕوون، شوێنی کۆچ و نیشتەجـێ بـوون و شـەڕ و شـۆڕ و مـەزاری شـێخ و پیـرەکانیـانی بـە وردی دەستنیـشان کـردووە و زانیارییەکی فرەی لە سەرچاوەمێژوویەباوەڕپێکراوەڕۆژهەڵاتـی و ڕۆژئاواییەکانەوەوەرگرتووە، ئەمەجگـەلـەوەی کـەبۆچـوون و دەرەنجامـەتایبـەتییـەکـانی خـۆی، هێنـدەیتـر توێژینـەوەکـانی دەوڵەمەند کردووەو بۆتەسەرچاوەیەکی زانستیانەی بڕوا پێکراو بۆ توێژەرەکانی داهاتوو. با ئەوەش نەبوێرم کـەتۆفیـق وەهبـی ڕای وایـەکـەزوڵمـی بـێ بنـەمـا لـەیـەزیدییـەکـان کـراوە و هـەمیـشەقوربـانیی دواکـەوتـوویی دەوروبـەرەکـەیـان بـوون لەنەخشەی ئاینزاکانی خۆرهەڵاتدا، بە تایبـەتـی وڵاتـی ئێرانـی ئەوسا، وەک تۆفیق وەهبی ڕونی کردۆتەوە، یەک جـۆر ئـاین و بیر و بڕوا و سروت نەبووە، بەڵکو جۆرێک لەڕیزبەنـدی ئـاینی بۆ قۆناغ و شوێنەکان دەست نیشان کردووە و ئـاینی زەردەشتی کردۆتـەئـاینی سـەرەکـی ئـەوسـای کـورد و ئـەوەشـی سەلماندووەکەبنەماکانی ئەم ئاینەهەمیـشەداوای چاکـەو خێـر و بوژانـەوەو ئـاوەدانکردنـەوەی سروشـت و دوورکـەوتنـەوەلـەئـازاردانی مـرۆڤ و شـەڕ و شـۆڕ و.... هتـد، دیـارەهـەمـوو ئـەم ئـەدگارانـە و تـەبلیغـات کـردن بۆیـان لەکۆمەڵگەیەکدا بـووە، کـەلـەقۆنـاغی شـەڕانگێـزی و پێکـدادانی هەمیشەیی و داگیرکاری و بەرگریدا بـووە، هـەر بۆیـەزەردەشت

لەو دەورانەپڕ لەناسەقامگیرییەدا، داوای نیشتەجێ بوونی هۆز و تیرەکانی کردووە، بۆ ئەوەی مەشغوڵ بن بەئیش و کار و کشتوکاڵەوەو دوورکەونەوەلەکۆچ و کۆچباری کەسەرچاوەی ناسەقامگیری و دوواکەوتن و شەڕ و شۆڕ ە، واتەبیر و ڕاکانی زەردەشت هەڵقوڵاوی ناخی ئەو کۆمەڵگەیەبووە، لە بواری چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەسیمبولی ئاهورامەزدا. ئەوەی کەتوانای لە بن نەهاتووی ئەم زانا گەورەیەی کورد دەسەلمێنێت، ئەو فرەمەودابییەیەتی لەپسپۆڕی لەبوارەکانی، مێژوو، رێزمان، زمان، کۆمەڵگە، پەروەردە، ئاین، شوێنەوار، جوگرافیا، زانستەکانی جەنگ، نەک لەچوارچێوە ئامادەکراوەکەیدا، بەڵکو لەگەڕان بەدوای سەرچاوەکاندا لەزمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و عەرەبی و فارسیدا و دانانی تەلارێکی تیوریزەی باوەڕ پێکراو بۆ نەتەوەی کورد.

ئەو سەرچاوەبیانییانەی کەتۆفیق وەهبی لەکون و کەلەبەری کتێبخانەکاندا دۆزیویەتیەوە و کاری لەسەر کردووە، بوونەتەهەوێنی ئەو هەموو توێژینەوەزانستییانەی کەکتێبخانەی کوردی لەو بوارانەدا دەوڵەمەند کردووە، نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کەزۆرجاران هەڵەی ڕۆژهەڵاتناسەکانی بەبەڵگەی سەلمێنەر ڕاست کردۆتەوە، یان زانیاری نوێی خستۆتەسەر، یان داهێنانی لەپاڵدا کردووە.

میتۆدی توێژینەوەزانستییەکانی تۆفیق وەهبی، لە بوارەجیاجیاکاندا چوون یەک نییەو بۆ هەر بوارێک پرۆگرامی تایبەتی گونجاوی خۆی بۆ چێ کردووە، واتەمەنهەجی

توێژینـــەوەی زمــان، جیــاوازەلــەمــەنهــەجــی ســاغکردنەوەی ڕووداوەمێژووییەکان، یان دابو نەریتەکۆمەڵایـەتییـەکـان، یـان ناسینەوەی شوێنەوارەکان... یان.... یان... هتد.

خاڵی هاوبەش لە چێ کردنـی دەرەنجـامی توێژینـەوەکانـدا، شـیکردنەوە و بـەراوردی دەق و کـەرەسـتەکـان و دواجـار ڕای تایبــەتــی خۆشــیەتــی، کـــەهـــەمیـــشەدەدرەوشـــێتەوەو کەسایەتییەزانستییەکەی بەرجەستەدەکات، واتەهەر سەرچاوەی ئـەم لاولای لێـک نـەداوەو بـەکـەڵـەکـەکـراوی بـۆ خوێنـەری جـی بهێڵێت، جار هـەبـووەلـەبـەشـەوە(جـزء) چـووەبـۆ گـشت (کـل)، جاریش هەبووەبەپێچەوانەوە، بۆ توێژینەوەی بوارەکانی زمـان و گەشەسەندنی واتا و گۆڕانکـاری لـەبونیـادی ڕسـتە و وشـەدا، میتۆدی پەرت (تحلیل) کردنی جومگـەکـانی وشـە و دەسـتـەواژەی پیــادەکــردووە و لــەئــەنجامــدا چۆتــەســەر لێکـدان (ترکیــب)، دیارەزانیاری فـرەی تۆفیـق وەهبـی، لـەبـواری ڕۆنـانی وشـەدا، یارمەتی فرەیان داوەبۆ ڕاست و ڕەوانی ئەنجامگیرییەکـانی، بـا ئەوەشم لەیاد نەچێت کەئەم زانا گەورەیە، لەگەنجینەی مێـشک و بیرەوەرییەکانیدا زۆرترین موفرەداتـی کـوردی ڕەسـەن و سـەر تەڵی گرتۆتەخۆ.

سەرامەدێتی و پێشەوایەتی تۆفیق وەهبی لەدەوڵەمەند کردنی کولتووری زمانی کوردیدا، لایەنێکی تری نەمرییەکەیـەتـی، زۆر بابەت هەبووەپێش تۆفیق وەهبی ڕۆشنبیرەکوردەکان پەییان پـێ نـەبـردووەو تـەنانـەت ئاگاشیان هـەر لێـی نـەبـووە، هـەر ئـەم کەڵەزانایەبوو، کەدەرگای لەسەر زۆر بابەت کردەوەو ئێمەی پێ ئاشنا کرد، دیـارەیـەکێـک لـەهۆکـارەکـانی ئـەم سـەرامـەدێتیـە،

ئاشنایەتی تۆفیق وەهبی بوو لەگەڵ کتێبخانەبیانییەکان و بەرهەمی بەبڕشتی ڕۆژهەڵاتناسەکان بەزمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی و عەرەبی و فارسی.

لەبواری ڕێزمانی کوردیدا دەشێت هەمووومان لەبەردەم توانا و داهێنانەکانیا بنووشتێینەوە، چونکەزمانی کوردی بەبارەئەکادیمییەکەیدا خستەسەر سکەی ئاسایی خۆی و بێ خەمی کرد، چونکەزمان هەرچەندەموفرەداتەکانی فرە و دەوڵەمەند بێت، ئەگەر زانستەکانی ڕێزمان (نحو – صرف) بەیاسا ڕێکی نەخات و ڕستەسازی بۆ فەراهەم نەهێنێت، بەرەو پووکانەوەدەچێت، لەهەڵدانەوەی ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا جاروبار دیاردەی (اعراب) کردنی بەیتەشیعرێکی کوردی دێتەپێش چاومان، لەسەر یاسا و ڕێسای زمانی عەرەبی، وەک دەستنیشانکردنی (فعل، فاعل، مفعول بە، ظرف)، ئەم دیاردەنامۆیەلەزمانی کوردیدا جیگای مەترسی گەورەبوو بۆ داهاتوو، چونکەلەبونیادی زمانی کوردیدا دیاردەی (سەر، بۆر، ژێر) واتە(فتحة، ضمة، کسرة) نییەو بەتەنیا تایبەتەبەزمانی عەرەبی و لەگەڵ زمانی کوردیدا نایەتەوە، ئەو پرۆگرامەورد و پڕ سەلیقەیەی محەمەد تۆفیق وەهبی لەمەڕ ڕێزمانی کوردی، بووەقەواڵەیەکی بڕوا پێکراوی ئەوتۆ کەکەس نەتوانی لێی لابدات، نەک هەر ئەمەبەتەنیا، بەڵکو بووەئەو بناغەتووند و تۆڵەی کەلە دوای خۆی تەلاری بنەماکانی ڕێزمانی کوردی لێ ڕازێنرایەوە و بێ خەمی کردین، واتەسنوورێکی پۆڵایی بلندی دانا، لە نێوان بەکار بردنی یاسا و ڕێسای زمانی عەرەبی لە نێو زمانی کوردیدا.

ئەو لێکۆڵینەوەبەبڕشت و فرەمەودایەی تۆفیق وەهبی لەسەر خێڵ و تیرەکانی (گۆران و باجەلان) ئەنجامی داوە، لە ڕووی جواگرافیا و ئایین و هەڵس و کەوت و دیالێکتی قسەکردن و دابو نەریت و سەرچاوەی بنەچەکانیانەوە، هێند دەوڵەمەند و زانستانەیەکەتا ئێستا هیچ کوردێک نەیگەیشتۆتێ، تەنانەت بۆتەسەرچاوەیەکی ڕوون و گەش بۆ توێژەرەکانی دوای خۆی، ئەو سەرچاوەدانسقانەی کەبەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و فارسی سوودی لێ بینیوە، ئێجگار دەگمەن و بەڵگەی ماندوو بوون و کێومالّ کردنی کتێبخانەکانە، خۆ ئەگەر ئەو نەبوایەزۆر بەدرەنگ، یان هەر نەدەگەیشتینەئەو سەرچاوانە، بەڕاستی ئەمەیەخەسڵەتی زانای گەورە و نەمر لەمێژوودا، چونکەهەمیشەسەرامەد و داهێنەری یەکەم و پشوو درێژن بۆ کارەنەمرەکانیان.

لە بواری دەستنیشانکردنی شوێنەوارەکوردییەکاندا، هێندەی تر خۆی ماندوو کردووە و بەبەشێک لەمێژووی شارستانی کوردی ئەژمار کردووە، میتۆدی ئیشکردنی تۆفیق وەهبی لەم بوارەدا بریتییەلە پشت بەستنی بەسێ بنەما:

١- ڕای ڕۆژهەلآت ناسەکان

٢- ڕای تایبەتی خۆی، چونکەوەک ئاسەوار ناسێک شوێنەکانی لەنزیکەوەبینیوە و بە وردی وەسفی کردووە و لێی کۆڵیوەتەوە، لە نێوان بەراوردکردنی بۆچوونەجیاوازەکاندا، زۆرجار هەڵەی شوێنەوارناسەکانیشی ڕاست کردۆتەوە.

٣- نرخاندنی شوێنەکانی بەستۆتەوەبەو تیرە و هۆز و گەلانەی کەلەو شوێنەدا ژیاون و دەسیان هەبووەلەبونیادنان،

یان پاراستنی، یان کاول کردنیان دا، واتەهەولێداوەلەم چوارچێوەیەدا مێژووی شارستانی ناوچەکانی کوردستان چێ بکات، دیارەئەم پرۆگرامەزانستیی و بابەتییە، ئەو توێژینەوانەی هێندەی تر دەوڵەمەند و پڕ بایەخ کردووە، با ئەوەش لەیاد نەکەین کەداد و بێدادی بووەلەوەی کەمیللەتی کورد ڕێز لەشوێنەوارەکانی ناگرێت و دەرک بەوەناکات کەئەم ئاسەوارانەبەشێکی زیندوو و بەڵگەنەویستن لە مێژووی وڵاتەکەی.

لە ساغکردنەوەی ناوی شارەزوور، قەڵاچوالان، کەرکوک، الزاب خرناباد، بهرز، بلدروز، بێستون، بغداد... هتد.

سەری کردووەبەگەلێ سەرچاوەی جۆر بەجۆردا و ئارەقەی بۆ ڕشتووە، ئەوەی کەیارمەتی فرەی داوەبۆ ساغکردنەوەی ئەم شوێنانە، ئەو دەسەڵاتەڕەهایەیەلەبواری زمان زانیدا، بە تایبەتی زمانەکانی ئاڤێستایی، پەهلەوی، فارسی کۆن، ئەمەجگەلەزمانی دەوڵەمەندی کوردی بەهەموو بەش و دیالێکت و چڵ و پۆپەکانیەوە، نابێت ئەوەش لەبیر بکرێت، کەئەم شوێنانەی بەستۆتەوەبەو تیرە و هۆز و گەلانەی کەتیایاندا ژیاون، واتەبەکورد بوونی ئەم شوێنانەیەکێک بووەلەمەبەستەسەرەکییەکانی، دەرهاویشتەکانی ئەو پێش بینییەی تۆفیق وەهبی، ئێستا کەلە شوێنەجێناکۆکەکانەوەسەر دەردێنێ، کەکاربەدەستانی بەغدا شەڕیان لەسەر دەکەن و بە خاکی عەرەبی دەزانن!!

وتارەزانستییەکانی لەگەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە و دیاری کوردستان ١٩٢٤ – ١٩٢٥ گەواهیی ئەو هەوڵەشێلگیرانەیەتی لە

بواری دەوڵەمەندکردنی زمان و بوارەکانی ڕێزماندا.

بەپێی بەراوردکردنی هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، لەڕووی پێکهاتە و فۆنیمەکانەوە، گەیشتۆتەئەو ئەنجامەی کەئەو خەتەی زمانی عەرەبی پێ نووسراوەتەوە، پیتەکانی بەشی زمانی کوردی ناکەن و هەندێک دەنگ هەیەپێویستییان بە پیتی تایبەت، یان هێما هەیە، هەر لەبەر ئەوەبوو دوای ماندوو بوونێکی زۆر کۆمەڵێک هێمای بۆ خەتەعەرەبیەکان داناوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ زمانی کوردیدا بگونجێت، بەلام شۆڤێنییەعەرەبەکان و خەڵکێکی تر لێیان کردووەبەهەڵلاو نەیان هێشتووەپرۆژەکەی سەربگرێت، هەر بۆیەئیتر نەیتوانیوەباسی بەکارهێنانی پیتی لاتینیش بکات، مامۆستا تۆفیق وەهبی ئەم ئەرکەی خستەئەستۆی کۆڕی زانیاری کورد و داهاتووی نووسینی کوردی و دڵسۆزانی میللەتەکەمان.

نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، لەبارتەقای ئەو ڕێگریەدا، کۆڵی نەداوەو لەپەیجۆری ئەوەدا بووە، کەبەکارهێنانی زمانێکی کوردی ڕەسەن بکاتەدەستەگوڵی نووسین و لەو بوارەدا کاری گەورە و سەرامەدی ئەنجامداوە، وەک توێژینەوەکانی (دەستوری زمانی کوردی لە١٩٢٩)دا، (خوێندەواری باو ١٩٢٣)، (فەرهەنگی گەلاوێژ)، هەروەها کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی زمان و ڕێزمانی لەگۆڤاری گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە و پێشکەوتن بڵاوکردۆتەوە.

با خوێنەری ئازیز ئەوەش بزانێت کەئەو خەتەی ئێستا عەرەبەکان بەکاری ئەهێنن، داهێنانی خۆیان نییەو کۆمەڵێک ڕای جیاواز هەیەلەسەری، هەن دەڵێن هی کەنعانییەکانە، هەند

دەڵێن هی قیبتییەکانە... یان لیحیانییەکانە... یان... یان.

مامۆستا محەمەد تۆفیق وەهبی، هەمیشەلەگەڵ ئەوەدا بووەکەئەگەر لە جیاتی وشەیەکی عەرەبی، یان فارسی بەکارهاتوو لەزمانەکەماندا، وشەیەکی کوردی ڕەسەن لەهەر شێوەزارێکی تری کوردیدا هەبێت وەک (کرمانجی سەروو، گۆرانی، لوڕی، زازایی)، دەشێت لەجیاتی ئەو بەکاربهێنرێت، بە مەرجێک لە چوارچێوەی ڕێزمانی کوردی دەرنەچێت، دەشێت ئەم بۆچوونەسەرامەدە، یەکەمین بەردی بناغەی زمانی یەکگرتووی کوردی بێت، کە تا ئێستا ئەفسوس!! نەمان توانیوەفەراهەمی بهێنین، هەروەها بە لایەوەئاسایی بووەبەکارهێنانی وشەیەکی بیانی کەلەکۆنەوەبەکارهاتووە ووەک کوردی لێهاتووە، واتەکوردێنراوە، بەڵام ئەوەی پێ باش نەبووەکەلە جیاتی وشەی (زمان)، (زبان یان زوان، یان ازمان، یان عزمان) بەکاربهێنرێت، هەر لەبەرئەوەی کەفۆنیمەکانیان نزیکن لەیەک.

تێبینی: بۆ نووسینەوەی ئەم بابەتەسوود لەکتێبی (تۆفیق وەهبی) – الاثار الكاملة بینراوە.

## ڕەهەندەکانی هۆنراوەی نوێ لە باشووری کوردستاندا

هۆنراوەی کوردی وەك لکێکی گرنگی ئەدەبو بابەتێکی سەربەخۆو تایبەت، جگە لەوەی کە چەپکێك پێداویستی و مەرج و یاساو چوارچێوەی تایبەتی خۆی هەیە، بە کۆمەڵێك قۆناغی جیاجیاشدا تێپەڕیوەو لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگارە گەش و ڕەشەکاندا گۆڕانکاری چۆنێتی و چەندێتی فرەی بەخۆوە دیوە تا گەشتۆتە ئەم قۆناغە تایبەتەی ئێستای، با ئەوەش لەبیر نەکەم کە ئەم گۆڕانکاریو هەڵسوکەوتەی هۆنراوە لەیەك دۆخ و ئاستدا نیەو شەقاوی چون یەکی هەڵنەهێناوە، ڕووبەرو چەندێتی هۆنراوەی کوردستانی باشوور جیاوازی فرەی هەیە لەگەڵ بەشەکانی تردا، بەهۆی ئەو کەرت بوون و دابڕانە سەپاوە ناهەموارەی کە کراوەتە ئەمری واقیع، دیارە ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە پەیوەندی نەستی و ئۆرگانی بینراو و نەبینراو لەنێوان بەشەکانی ترماندا نیەو سنوورەکانی بابەتو شێوەو فۆرم نەبەزیوەو ڕەنگدانەوەی تاقیکردنەوەکان لەسەر یەکدی ڕوی نەداوە، بەهەرحاڵ نووسینەکەی من سەر بە هۆنراوەی نوێی باشووری کوردستانە، نەك باکوورو

خۆرهــەڵات. بــۆ پێکــانی مەبەســتو دواجــار نرخاندنیــشی، کۆمــەڵێك پرۆگــرام و ڕێبــازی جیــاواز هــەن کــە هەریەکــەیان ڕەنگدانــەوەی دەورانــی تایبــەتو قوتابخانــەی فیکــریو فەلسەفیو هونەری جیاوازن، هەندێکیان لەسەر جوگرافیای کات یان بابەت بە باڵا دەبڕڕێن، هەندێکی تر لەسەر نەخشەی جێگا، خۆ هەندێکی تر وەك کەس و ڕێبازی تیۆری تایبەت، دیــارە هــەر یــەکێك لــەم پرۆگرامــە توێژینەوانــە کۆمــەڵێك خەسڵەتی نێگەتیڤی و پۆزەتیڤی خۆی هەیە، بەڵام بە رای من هەوڵدان بۆ دەستنیشان کردنی بوارێکی گوڵبژێری (انتقائیة)، دەشێت بەرکەوتەی پۆزەتیڤی گونجاومان بداتێ – هەرچەندە تیۆریزمەکانی وەك جۆرج لۆکاش و هەربرت ریدو گرامشی... ئەمە بەلادان و گوم بوون دەزانن لە گەوهەری ئایدۆلۆژیا، دیارە ئەمە جۆرێکە لە دۆگما.

من نامەوێت لە ئەڵقەو پێگەی گۆران و ڕەشید نجیب و شێخ نوری شێخ ساڵح و ئەورەحمان بەگی نفووسەوە دەست پێ بکەم، چونکە ئەم دەرفەتە تەنگەبەرە ناتوانێت ڕێگا بۆ بوارێکی وا مێژوویی ئاواڵە بکات، ئەوەی کە ئێستا نووکی قەڵەمەکــەمی تــێ وەردەدەم قۆنــاغی دوای گۆرانــە – ئەگــەر بشێت ئەو زاراوە ڕەخنەییە بەکاربرێت؟ – دیارە لە خودی ئەم دەورانەشدا چەندان دەنگی جیاجیا هەن لە رووی فۆرم و نــاوەرۆك و گەوهــەری شــیعرەوە، کــە هەریەکــەیان خــاوەنی

کەسێتی هونەری و شیعری خۆیەتی و بە جۆرێك لە جۆرەکان هاوبەشی کردوە لەو بواری نویٚ کردنەوە فرەلایەنەدا.

ئەگەر بێتو لەسەر هێڵێکی بەیانی هەڵچوون و داچوونی خەسڵەتە دیارو بنەڕەتیەکانی هۆنراوەی دوای گۆران بە باڵا بڕین، دەشێت هەندێك خاڵی ناوکۆیی دەرخەین و بە ئاستەم لەگەڵ قۆناغەکانی تردا بەراوردیان کەین، واتە کلاسیك و رۆمانتیك، دەبێت ئاگاشمان لەوە بێت کە نەکەوینە تەپکەو داوی غافڵ گیری و کوت و مت ئەو بارودۆخانەی کە رێبازە شیعریەکانی ئەوروپاو وڵاتانی تر چاویان تیا کردۆتەوە پراکتیزە بکەین لەسەر نەخشەی جوگرافیای شیعری نوێی کوردی، چونکە قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگای ئێمە لە ڕووی ئابوری و سۆسۆلوژی و سیاسی و شارستانیەوە گەلێك جیاوازە لەوانی ترو رادەی گەشەسەندنی کۆمەڵگای کوردەواری پڕە لە هەڵبەزو دابەزی ئەوتۆ کە هێند تایبەتمەندو ناسکە، ستەمە هەروا بە ئاسانی فۆرمەڵە بکرێت، بەڵام هەندێك خاڵی گشتی هەیە کە زۆربەی شیعری دوای گۆرانی گرتۆتە خۆ، دیارە ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیێنیٚ کە لەنێو ئەم دەنگانەدا تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندو ئەفراندنی باڵا نەنرخێندرێت و جێگای شایستەی خۆی نەدرێتیٚ، چونکە دەنگی شاعیری داهێنەر وەك ئەو شەپۆلە تیژو خوڕانەیە کە بە پەرش بوون و هێوربوونەوەی تەزوە نەمرەکانی، بەردەکانی

روخــی دەریــا دەنەخــشێنێت و لەنگــەری خەمــە ئەبەدیــەکان دەگرێت، واتە داهێنەر هەمیشەو هەمیشە قوربانییەو هەناسە ساردو گەرمەکانی پشکۆی نەمریی دەگەشێنێتەوە.

بە بۆچونی من و ئەوەندەش هەستم پێ کردبێت، خاڵە ناو کۆییــەکانی هــۆنراوەی ئــازادی دوای گــۆران لــە باشــوری کوردستاندا لەم هەوارگانەدا لەنگەر دەگرێت:

١. کارژ فرێدان و تازەگەرێتی لە هەموو بوارەکانی ژیانـدا حەتمیــەتێکی مێژوویــەو دەشــێت چــرکەکانی ئێــستا جــێ پەنجەی لەسەر داهاتوو بنەخشێنێت و مۆرکی تازەگەرێتی پـێ ببەخــشێت، واتــە تازەگــەرێتی کاردانەوەیــەکی میکــانیکی تەوژمی لاسایی کردنەوە نیە، یان هەڵچونێکی پەرگرتوو، یان خـۆ نـامۆکردنی نالۆژیکیانـە لـە واقیـع و مۆدیـل بـازیش نیـە، بـەڵکوو وەڵامدانەوەیـەکی پۆزەتیڤانـەی قۆناخـە رۆشـنبیری‌و کۆمەڵایەتێکانـە، لای مـن هەنـدێك داروبـاری فـۆرم و تـەکنیکی شـیعری قۆنـاخی گـۆران تـا ئێـستاش درێـژەی هەیـەو خـاڵی کۆتـایی ئـەو قوتابخانەیـە نەگەشتۆتە بـن بەسـت و ئێکسپایەر بـوون، لەوانەیـە هەنـدێك دەنـگ ویـستبێتیان لێـی قوتـار بـن و جێی بێڵن کە ئەمە وەك خولیاو ئاواتی داهێنەر تا بڵێی پیرۆزە بەڵام تا ئێستا بۆ کەس نەلواوەو خۆزگە دەلوا!!

٢. ئەگـەر گـۆرانی بلیمـەت و داهێنـەر درێـژە پـێ دەرێکـی ســەرکەوتوی قوتابخانــەی رۆمــانتیکی مــەڕ بێــسارانی و

مەولــەوی و خانــای قوبــادی بێــت بــە تایبــەت لــە هــۆنراوە سروشـــــتی و لیریکیـــــەکانا، دیـــــارە بـــــەو هـــــەوڵ و وزە داهێنەرانەیــەی توانیــوێتی لــە روی فۆرمــەوە تایبەتمەنــدێتی خــۆی لــە دنیــای هــۆنراوەدا بنەخــشێنێت، هــەر بــۆ نموونــە لــە کێــشی دە برگـــەی رەســـەنی فۆلکلـــۆرەوە گواســـتیەوە روەو هەشــت و شــەش و دوانــزەو هــەنگاوی کێومــاڵ کردنــی ئــاوازو مۆسـیکا شـیعریەکانی فۆلکلـۆری گەیانـدە چڵە پۆپـەی هونـەر، نــەك هــەر ئەمــەش، بــەڵکوو زمــانی شــیعریی پاکــژکردەوە لــە ووشــەی بێگانــە، جگــە لــە هــەموو ئەمانــەش نــاوەڕۆکی نــوێی نەتــەوە خــوازی و نێــو نەتــەوەیی بارگــە کــردە ســەر ئــەو فۆرمــە خۆماڵیانــە، نابێــت ئــەوەش لــەیاد کرێــت کــە هەنــدێك لــەو کێــشانەی خـــەلیلی فەراهیـــدی کـــە ســـێ کوچـــکەی بابـــان و مــەحوی و شــێخ رەزا بــەکاریان دەبــرد گــۆران خــستیە چــاڵی لەبیرچــوونەوەو نەچــوەوە بــە لایانــدا. ئەوانــەی دوای گـــۆران هەندێك مەرجی گۆرانیانەیان لەدەست داو پشتیان کردە کێش و سەرواو هەوڵی فەرهادانەی بێهوودەیـان دا، کە لـە بارتـەقای لەدەســت دانــی ئــەو مەرجــە گرنگانــەدا قــەرەبوو بکەنــەوە بــە ســـازدانی ئاهـــەنگی نـــاوەوەو رێـــتم و هەڵبـــژاردنی وشـــەو دەســتەواژەگەلی مۆســیکی و ئــاوازدار، هەرچــەندە هەنــدێکیان وازیان لەوەش هێناو خۆیان خزاندە پانتاییە بێ بەراییـەکانی پەخــشانە شــیعرەوەو پــێش دەچــێت ســنووری نێــوان ئــەم

دوانەشیان کردبێتە نەخشی سەر ئاو! دیارە ئەم حاڵەتەش هەر بە تەنیا لای کورد سەری دەرنەهێنا، بەڵکو وەك شەپۆلێکی باو هۆنراوەی عەرەبی و فارسی و تورکیشی گرتەوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی گەلێك جیاوازی نێوان ئەم زمانانە.

٣. ئەگەر لە هۆنراوەی کلاسیکی سێ کوچکەی بابانـدا یەکێتی بەیت و شابەیت و یەك قافیەیی و هەندێك جار بەیتی موسەرەعیش مۆرکی ئێجگار دیاری قەسیدە بوون، ئەوا لە هۆنراوەی دوای گۆراندا هەوڵی یەکێتی بابەت ئەدرێت، بەتایبەتی لە قەسیدەدا لەجێگای شابەیتیشدا کە هۆراس پێی دەڵێت (روقعەی ئورجوانی) هەوڵی بەرجەستەو بونیات نانی زەربەی بروسکە ئاسا دەدرێت، کە دەکەوێتە کۆتایی پەرەگرافە شیعریەکانەوە، دیارە ئەم زەربە شیعریانە پێویستی بە کارامەیی و وردبینی و وێناکردنی باری دەرونی خوێنەرە، کەم شاعیری دوای گۆران توانیویەتی لەم توخمەدا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بێنێ، رەخنەی نوێی شیعر جەخت لەسەر ئەم لایەنە دەکات و جێگای شیاوی خۆی دەداتێ.

٤. وێنەی شیعریی قۆناخی دوای گۆران هەوڵی داوە کە لە شتە زەینی و دەستوورە وشکە بەلاغیەکانی ئەرەستۆو قەزوێنی خۆی رزگار کات، واتە لە وێنە شیعریەکاندا جگە لە

جـۆش و خرۆشـــی ئــاوازدار، هەوڵـــدراوە کـــە هـــەر پێـــنج ئامێرەکـەی هەسـت بـەکارببرێت، بـۆ بەرجەسـتەکردنی تـابلۆ هونـــەرێکان، تەنانـــەت هەنـــدێك جـــاران کـــارلێکی ئـــامێرە هەســـتیارەکان بـــە شـــپرزەیی تـــابلۆی ســـوریالی و دادائـــی ئـامێزیش بەرجەسـتە دەکـات، بـەڵام لای گـەلێ شـاعیری نـوێی کورد وێنـەکان پێکـرا تێکـەڵ دەبـن و تـەم دەیـان گرێـت چـونکە خوازەکـــان (میتافۆرەکـــان) یـــەك لـــە وێڵاشـــی ئـــەوی دی دەردەچـێت (تناسـل الاسـتعارات) یـان (زانـی میتـافۆر) واتـە خـودی هـۆنراوە کـە بـە نامـەئلوفی دەزێـت، کـە ئەمـە دەبێتـە لێچۆڕانی (نزیف) وێنە شیعریەکان، واتە تـەمتومانی نەساچاو دەچێتە جێی بیری مەئلوفی کلاسیك، سەیری ئەم بەیتـەی نـالی کەن چەند رەوان و مەئلوف کردنی نامەئلوفە!

**ناری سینەم گەرنەبێ بێ غەرقم ئەمن**

**ئاوی چاوم گەر نەبێ سوتاوم ئەز**

یان ئەم وێنە هەست و نەست بزوێنەی مەولەوی:

**مطرب یە کەمان باڵای خەم وەردەم**

**بە تار ئەسرین خەم کۆك ئاوەردەم**

٥. تـەك و زو دەسـتوورەکانی رێزمـان و شـارەزابوون لـە یاسـاکانی گرامـەرو رەنگدانـەوەی لـە دەقـە شـیعریە نوێکانـدا کـاڵ و کرچـەو بـە ئـاو و کلـۆرۆفیلی خوێندنـەوەی سـەرومڕ نەبێت گەش و پاراو نابێت، ئەوەنـدەی مـن بـزانم ئـەو لاوازیانـە

لە بواری بەکارهێنانی جۆرەکانی راناو و کاتی کردارو حەرفی جەڕو کرداری تێ پەڕو نەپەڕدا خۆیان دەنوێنن دیارە نموونە گەلێکی فرەم بە دەستەوەن و بواری وتنم نیە.

٦. زمانی دەق لە هۆنراوەی نوێی کوردیدا هەنگاوی هەڵهێناوە، بەتایبەتی لای شێرکۆ، کە توانیویێتی لە رێگای موفرەداتی توخمەکانی سروشتی کوردستانەوە، کێشە خودی و نەتەوەیی و تەنانەت مرۆڤایەتیەکانیش بچنێ و نومایش بکات، ئەمە لەکاتێکدا کە لەتیف هەڵمەت لە توخم و دیمەنە رۆژانەییە ساکارەکاندا بیری نەتەوەیی و بەرگری مەردانەو مل نەدان بە واقیع ئەنەخشێنێ لە چوارچێوەیەکی خوڕو بێ گرێدا، بەڵام لای قوبادی جەلی زادە لەسەر نەخشەی جەستە دلۆڤانەکەی ئافرەت، هەموو سنوورە حەرامەکان یەك دەگرنەوەو چێ دەبن (داوای لێ بوردن دەکەم لە ناو نەهێنانی دەنگە شیعریەکانی تر لەبەر بێ کاتی).

با ئەوەش لە یاد نەکەم کە تا ئێستا گۆڕانکاری چۆنێتی زۆر دیارو پۆلێن کراو نەهاتۆتە گۆڕێ، واتە ئەو تەقینەوەیەی کە بۆشکین و مایکۆفسکی لە زمانی روسیدا کردیان لای نەوەی دوای گۆران نەهاتۆتەدی، حەزئەکەم ئەم تێبینیەش بەسەرما رانەبوورێ، کە لەدوای راپەڕینی ١٩٩١وە ئەتەکێتێکی نوێ هاتۆتە گۆڕێ، ئەویش بەکارهێنانێکی زۆری وشەی عەرەبیە، کە گوایە ئەم وشانە مۆسیکی و شیعرین!!،

سەیرەکە لەوەدایە کە لەبەرامبەر ئەو وشانەدا وشەی پاکی کوردی هەیەو تەنانەت لای خودی عەرەبەکانیش ئەو وشە عەرەبیانە بە مۆسیکی و نەوازە نەناسراون!!

٧. کەم لە شاعیرە نوێکانی دوای گۆران کەلەپوورە بەبرشت و دەوڵەمەندەکەی، کلاسیکی کوردیان ئەزم کردوەو مروارییە درەوشاوەکانی رۆحی نالی‌و سالم‌و کوردی‌و مەولەوی‌و خانی‌و جزیریان کردۆتە ملی هۆنراوەکانیان، نەك هەر ئەمەش بە تەنیا، بەڵکوو سامانی بەپیت و فەڕی موکریانیش وەك پێویست تاوتوو نەکراوە، واتە بەرهەمە نەوازەکانی هێمن و هەژارو بەیتی موکریان و توحفەی موزەفەریەو فەرهەنگەکەی زەبیحی...هتد کەچی لە بارتەقای ئەمەدا شاعیرە نوێکان هەوڵیان داوە هۆنراوەی نوێی کوردی موتوربەکەن بە سامانی بەبڕشتی شاعیرە گەورەکانی وەك نیرۆداو نازم حیکمەت‌و ئاراگۆن‌و شاعیرە فەلەستینیەکان سوهراب و فروخ و شاملو ماغوت...هتد واتە دەست بەرداربوون لە رەگی ژیان بەخشی خۆمان، بەڵام باوەش کردن بە چڵی سەوزو گەشی دەرەوەدا! دیارە تێنەگەشتن لە پێکهاتەو ساچانی هاوکێشەی نێوان رەسەنایەتی‌و لاسایی، یان جێهانێتی‌و ناوچەێتی، زیانی گەورەی لە هۆنراوەی نوێی کوردی داوە! حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە گەلێ شاعیری نوێخواز تا ئێستا لە شیعری کلاسیکی کوردی حاڵی نەبوون و بۆیان ئەزم ناکرێ!

٨. هۆنراوەی دوای گۆڕان سوودێکی فرەی لە هونەری تــوخمو بابەتــەکانی مــەڕ شــانۆو ســینەماو تابلۆســازیو هونەرەکانی کاریکاتیری ساتیر ئامێز بینیوەو توانیویێتی لە ڕێگای مۆنولـوژو و بورترێت و میناتۆرو کـولاج و پانت و میمەوە میعمارو تەکنیکی هۆنراوە دەوڵەمەند بکاتو زیاتر مــەودا فــراوان کــات لەبــەردەم بەخــشینی بــیری گــەورەو مرۆڤانەداو لە دەرگای مەبەستیش بدات، با ئەوەشم لەیاد نەچێ کە بەشێك لەم تەکنیکی هونەرە نوێیانە لای نالیو مەولەوی زۆر بە سەرکەوتوانە ئەنجام دراوەو ئەو دوانە گەلێ پێش سەردەمەکەیان کەوتوون، هەر بۆ نموونە با سەیری چامەی (هەی کەرێکم بو چ پەیکەر)ی نالی، یان بڕوانە (وشکە سۆفی و ڕەقسی بە هەلهەلەی) نالی یان شیوەننامەکانی مەولەوی بۆ عەنبەر خاتوونی هاوسەری و ئامینەخانی قادر بەگی کەیخەسرەو بەگ و کوڕەکەی مەحمودی یارەویس، هیچ ناڵێم، سەیری ئەم وێنە سینەمایی و کەرنەڤاڵی مردن و خەمە ئەنتۆلۆژیەی مەولەوی کەن لەم تەنیا بەیتەدا:

قازان قەتاران قوڵنگان حەوایی

حەیفەن باڵاکەت شەو وە تەنهایی

ئەمە جگە لە هۆنراوەی (گڵکۆی تازەی لەیل) ئەحمەد بەگی کۆماسی کە خۆی لە خۆیدا شانۆنامەیەکی سەرکەوتوی بە شان و شکۆیە لە هەموو ڕوەکانی کات و جێگاو دایەلۆك و

پاڵەوان و کۆمبارسەوە...

٩. ئەوەندەی من بۆی بچم شاعیری نوێ بە حوکمی ئاواڵەیی ئەو هەموو دەرگا ئەبستمۆلۆژی و شارستانیانەی کە بۆی لواوە دەبێت دەوڵەمەندیەکی رۆشنبیری گەورەی هەبێت لە پشت دەقەوەو رەنگدانەوەکەشی لە بوارە جیاجیاکانی هۆنراوەدا بە ناراستەوخۆ بدرەوشێتەوە، تا ئێستا ئەو رۆشنبیریە خەستو خۆڵەی لە بواری ئاینیو مرۆییو سۆسۆلوژی لای نالیو مەولەویو مەحویو خانیو جزیری بینیومە، لای شاعیرانی نوێ هەر نەم دیوە، بەڵام ئەم حاڵەتە لەهەندێ بواردا لای عەرەبەکان بەپێچەوانەوەیە، باشترین بەڵگەش بۆ درەوشانەوەی ئەو رۆشنبیریە گەورەیەی ئەودیوی دەق، ئەدۆنیسو فەیتوریو محمود دەرویشو ماغوتە، یان لە فارسیدا سوهرابو ئەحمەدی شاملو، یان ئەلیوت و گۆتەو کولردج.

١٠. لە هۆنراوەی نوێی کوردیدا پەنجەرەیەکی گەورە خراوەتە سەرپشت بۆ لیزگی خۆری بەکاربردنی رەمزە نەتەوەییو مێژوییو ئەنتۆلۆژیو جیهانیەکان، کە هەندێکیان وەك دەمامك (قناع) بەکارهاتوون و هەندێکی تریشیان بۆ دەوڵەمەندکردن و بەستنەوەی کێشە گەورەکانمان بە چارەنووسە جیهانیەکانەوە، یان بۆ رۆچوون بە ناخی مێژووی نەتەوەییماندا بە هەموو خەم و کەسەرەکانیەوە، واتە ئەم

حاڵەتە لە بارتەقای ئیحاو و تەزمین و ئیشارەو ئیقتیباسی مەڕ کلاسیکدا بەکاربراوە، دیارە تەوزیفی ئەو رەمزانە تاقیکردنەوە شیعریەکان دەوڵەمەندو چڕتر دەکات و باشتر دەمان بەستێتەوە بە رابوردوو دەوروبەرەوە، بەڵام لە دیدێکی نوێ و شارستانیانەتردا، ئەوەی شیاوی وتنە بەکارهێنانی رەمز لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا هەبووە، بەڵام لە جوغزێکی ئاینیو مێژوویی تەنگەبەرتردا، هەر بۆ نموونە رەمزەکانی (مانی، حەلاج، کەربەلا، حوسەین، یوسف، قابیل...) لای نالیو کوردیو مەولەویو مەحویو خانای قوبادیو خانی بەکاربراون. لە چوارچێوە گەلێکی جیاجیادا.

١١. یەکێك لە کۆڵەکە قەف ئەستوورەکانی هۆنراوەی نوێ ئەو خەیاڵە تایبەتمەندەیە کە مامەڵە لەگەڵ دیاردە دژەکاندا بە وەستایی دەکاتو توخم و دیمەنە زۆر لەبەرچاوەکان لە حاڵەتی ئاساییەوە دەگەێنێتە بواری قووڵی ئەدەبو فەنتازیا، واتە دوورکەوتنەوەیە لە زمانی هەستی راستەوخۆی پێنج ئامێرەکە بە هێزی دەرەوە، دیارە گوڕو تینو قووڵی خەیاڵی فراوان ئیحا بەخشترە لە هەستو خورپە کاتیو راستەوخۆکان، واتە گەرەکە خورپەو راچەنینو هەڵتەکاندنی بیرە چەق بەستوەکان لەڕێی هۆنراوەی نوێوە پتر ئاواڵەو بەرجەستە بێت، چونکە خەیاڵی ئەودیوی نەست – کە لای فۆکۆ دەکاتە خوێندنەوەی سێهەم – چراهەڵگری وێنە

ئیحابەخشەکانە، واتە مەلی خەیاڵ لە هۆنراوەی نوێدا نەك بەتەنیا دەبێت تیژڕەو بێت، بەڵکوو گەرەکە بەسەر هەموو پانتاییو کەندو لەندێکدا بفڕێ و باڵ بخشێنێ.

١٢. هێزی داهێنانی هۆنراوەی نوێی کوردی لە قووڵایی ناوەوەی ئازارو خورپەی ڕاچەنینەکانەوە سەردەردێنێو فۆرم بارگە دەکات، واتە ئیرادەگەری زەینی وشك، نابێتە هاندەری وێناکردن، بەپێچەوانەی هەندێك لایەنی هۆنراوەی کلاسیكو تەنانەت بەشێك لە ڕۆمانتیکیش، کە لە دەرەوەی دەقەوە تیشکی داهێنانو فۆرمەڵە کردنی شێوازەکان وێناو بەرجەستە دەکات، دیارە ئەم بارە تایبەتە دەشێت پەنجەرەی داهێنانی دلۆڤان بخاتە سەرپشت لەبەردەم هۆنراوەی نوێداو پتر ئالودەی کات بە هەستو نەستی خوێنەر، نەك هەر ئەوەندەش، بەڵکو دەبێتە ئاوێنەی بالا نمای چێژە هونەریو جیهانبینیەکانی خوێنەر.

١٣. هۆنراوەی نوێی کوردی بیرو هزرو مەبەستە تایبەتیو ئایدۆلۆژیەکانی شاعیر لەنێوان شەبەنگی (موشور) ویژدانەوە دەنەخشێنێو هەرگیز چڵی بیری ڕووتمان ناداتە دەست، هەتا دانەپۆشرابێت بە گەڵاو گوڵی پەمەیی سۆزو تەم و مژی زیوینی هەست پژێن، بە پێچەوانەی هەندێك لایەنی بەرهەمی کلاسیكو تەنانەت هەندێك هۆنراوەی لاوازی ریالیزمی فۆتۆگرافی گۆران و بێکەس و قانیع کە قسەی

ڕاستەوخۆ لەگەڵ زەین و بیری قەیران خواردوی مۆراڵیدا دەکەن‌و هەربەدوای خوێندنەوەی هۆنراوەکەدا هیچ جۆرە شوێنەوارێکی هونەری جێ ناهێڵن، جگە لە چەند تیۆرێکی ئایدۆلۆژ ئامێز کە بابەتی پەخشان‌و خیتابی ڕاستەوخۆی سیاسەتن.

١٤. بەرکەوتنێکی فرەی هۆنراوەی نوێی کوردی، بە مەبەستی دابەزینە ناو جەماوەرو کاریگەرێتی خێرا لە وتاری ئاخافتن نزیك دەبێتەوە، بەشێکی تریش بە پێچەوانەوە پڕە لە تەم و مژی نامەئلوف، واتە کەمیان توانیویانە هاوکێشەی زمانی شیعریی، واتە شیعریەت، کە دەکاتە چەقی بەرجەستە بوون‌و لەدایکبوونی هۆنراوە بە زیندوویی و کەوتنە پێ ڕەوکە لە ناخی خوێنەردا فەراهەم بێنن، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا خوێنەر دەق ئاواڵە دەکات‌و ئەگەرە هونەرێکانیش بۆی هەیە لە قۆناخی بەرجەستە بووندا دەق‌و خوێنەر کارلێك پێ بکات‌و هەردوکیان بکاتە گەمەی یەکتر.

١٥. لە هۆنراوەی نوێدا دەشێت ناسکترین هەست بوروژێت بەرامبەر بە ڕەوتی مێژوو جیهان و توخمەکانی سروشت و شارستانێتی، ئەمە جگە لە بزواندنی پرسیارە گرنگ و بڤەکان و بەزاندنی سنوورە تەقلیدیە حەرامەکان، بە مەبەستی هەڵوێست وەرگرتنی خوێنەر، دیارە گەلێك هۆکاری شارستانی و بەرزبوونەوەی ڕادەی بیری سوسولوژی مرۆڤی

کورد هۆنراوەی نوێی گەیاندۆتە ئەو حاڵەتە، ئەم دیاردەیە لە هۆنراوەی نوێمان دا کەمتر خۆی دەنوێنێ، جگە لە نالی و خانی سەرامەدو پێشەوا. کە بیرو پرسیاری ئەوتۆیان وروژاندوە گەلێك پێش سەردەمەکەیان کەوتوون، بەڵام جێی داخە دیاردەی پێش سەردەم کەوتن – وەك دەردەکەوێت – لە هۆنراوەی نوێی کوردیدا تا ئێستا بێ بەراییەو دەبێت بپرسین بۆ؟ – هەرچەندە ئەم لایەنە نەوەی دوای ئێمە پتر هەستی پێ دەکات! –.

١٦. بەهۆی ئەو بارە شارستانی و پەیوەندیە نێونەتەوەییانەی سەردەمەکان، وەرگێڕان لە زمانە زیندوەکانی جیهانەوە بە تایبەتی لە بواری شیعرا بۆ سەر زمانی کوردی رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی بینیوە لە دەوڵەمەندکردنی شیعری نوێدا، یان یارمەتیدانی شاعیر لە رووی هوشیار کردنەوەوە لە دنیای تیۆرە شیعریە جیاوازەکاندا، نەك هەر لەو بوارەدا بە تەنیا، بەڵکو لە بواری رەخنەی شیعریشدا، بەڵام لە هۆنراوەی کلاسیك و رۆمانتیکی کوردیدا ئەم مەودایە بەرتەسکە، کە ئەوپەڕی لای یەکێکی وەك نالی و مەحوی و مەولەوی دەفتەری سێ موڵکیان لە گیرفاندا بوەو چارەوێی هۆنراوەی دلۆڤانیان تاوداوەو بانگەوازی داهێنانی رەسەنیان چڕیوە.

١٧. لەگەڵ ئەوەی کە هۆنراوەی نوێی کوردی ئەرکە

ئێجگار قورسە هونەرێکانی وەك کێش و قافیەو ڕێتم و تەون چنی کێشی بێگانەی خەلیلی فەراهیدی و تەنانەت کێشی بڕگەی خۆماڵیشی لەملا نەماوەو ڕەهاترین سەربەستی پێ بەخشراوەو هۆکارە فرەکانی دەوڵەمەندکردنی تاقیکردنەوەی دراوەتێ و لە چوارچێوەی ئەو زیندانە مێژوکردە ئازادکراوە، بەڵام هێشتا – بە ڕای من – نەچۆتە ئاستی بەرپرسیارێتی هونەریەوەو نەیتوانیوە بە هۆنراوەی دلۆڤانی گەورە قەرەبووی ئەو ئەرکە قورسانە بکاتەوە، ئەگەر هەوڵی هەردوو شاعیری نوێ و ڕابوردوو لەو بوارەدا بەراورد بکرێت ڕەنجی شاعیرانی کلاسیك ئێجگار قورس و کەمەرشکێنە، بەڵام هاوکێشەکە بۆ وا دژوار کەوتۆتەوە بەلای هۆنراوەی نوێدا؟ دیارە مەسەلەکە عەبقەریەتی شاعیرو بەهرە خۆرسکەکەیە، ئەفسوس!!

١٨. ژمارەی شاعیری نوێ بە بەراورد لەگەڵ داهێنەری بابەتەکانی تری ئەدەبو تەنانەت شاعیرە کۆنەکانیشماندا، ئێجگار ڕوو لە زیادبوونەو بۆتە جەنگی مەغلۆبە!!، دیارە لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگارو خولانەوەی پیرەزەویدا، چەند قەسیدەیەکی کات و شوێن بەزین لە شوێنەواری ئەو هەموو بەرهەمە جێ دەمێنێ – ئەگەر بمێنێ! – واتە ئەو هەمووەی دی دەبنە نەخشی سەرئاو!، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە ئەم دیاردەیە لای نالی و سالم و کوردی و مەحوی و شێخ ڕەزاو هێمن و مەولەوی و بێسارانی و جزیری و خانی.. هەستی پێ ناکرێت

و زۆربەی بەرهەمەکانیان کێ بەرکێیانە بۆ گەشتن بە لوتکەی نەمری و لە دڵە گەورەکەی شیعرا دەمێننەوە.

١٩. من وای دەبینم لە دەقی نەمردا درەوشانەوەی خودو تاکمەندێتی وزەکانی شاعیر خاڵێکی ئێجگار گرنگەو دەبێت خوێنەری وریا هەستی پێ بکات، دیارە ئەم لایەنە ناوەرۆك و فۆرم و میعمار بەرجەستەی دەکەن، لە زۆربەی هۆنراوەی نوێی ئێمەدا توخمی دەست نیشان کردن لاوازەو زۆربەی هەرەزۆری دەقە شیعریەکان لەیەك دەکەن و دەڵێی فۆتۆکۆپی کراون، واتە تاکمەندێتی بە هۆنراوەی نوێوە کەمتر دەدرەوشێتەوە، دیارە هۆکارەکان زۆرن و بواری شیتەڵ کردنیانم نیە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە لەگەڵ خوێندنەوەی بەرهەمێکی هێمن، نالی، خانیدا خوێنەری زیرەك دەزانێت لەرینەوەی رۆحی بێ ئۆقرەی کام شاعیریانە.

**زۆرم ماوەو کەمم دەربڕی!**
**چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز**
**مەرگتان نەبینم هەرگیز**

تێبینی:
ئەم بابەتە لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە (٢٢) ساڵی (٢٠٠١) بڵاوبۆتەوە.

## چەپکێ وشە بۆ ساڵیادی حەمەساڵح دیلان

**ئەی هەورەکە داڕێژە سەری تشرینە**
**وادەی پەڵەو ناشتنی تەرمی هاوینە**
**نۆرەی تۆیە بگری بەسەر هەمومانا**
**بەسەر ئێسك و پروسکی رابوردومانا**
**بیشۆرەوە با سەر لە دەس دیاری بێ**
**با قوڕ خەست بێ بۆ سەری شەرمەزاری بێ**

لە قەڵەم ڕەوی بابان و زۆزانی ئەردەڵانەوە، لە ئامەد و جزیرەو بۆتانەوە، لە هەنسکی منالانی ستەمدیدەو کوانوی ساردەوەبوی گەرمیانەوە، لە ئارارات و پشتکۆوە هەتا قەندیل تا هەورامان، گشت پەرۆشن بۆ شیعری جوان، بۆ هاوخەمی وشەو هەڵوێست، بۆ هاوڕێی سەرکەشی مەیدان.

کاکە دیلان ڕاکشاوی گردەکەی سەیوانەکەم، بۆ نازانم هەتا ئێستاش خوێنی وشەی لەخاچ دراوی دەستی سانسۆرو رەزی سووتاو و چیای زامداری ئەم قەڵەم ڕەوە سەرکەشە لە

نـاخی ناختـا هـەر قوڵـپ ئـەدات؟ بـۆ نـازانم تـۆ رەوتەنیـەکی جەستە شـەکەتی رێـی هـات و نـەهاتی سـەردەمێکی ئەنگوسـتە چاو و لە خوێندا شەلاڵ بوی؟ ئـەوە بـۆ پێڵوی چاوەکانت لێك نـاوە؟ ئـەم سـەرخەوە ناکـاوە تاکـەی؟ کـوا چـریکەی سـرودی نـەورۆزو ئـەژدەهاك و مامـە کورنوەکـەت؟ ئـەوە بـۆ مەجلیـسی یارانەکەت خـامۆش و بـێ دەنگە؟ ئەوە بـۆ پێکـی خـەم و نـازی مەولەوی و سالم و مەحوی و حەمدی نانێیـت بەسـەرتەوە؟ کـێ ئەڵێت ئێستاش ئەو تۆسقاڵە دڵـەت هـەر بـە ئاسـۆیەکی گەشـتر بـۆ ئینـسانی کـورد لـێ نـادات؟ دیـلان... حەمـە سـاڵحەکەی گـەرەکی خـۆمـان، هەرچـەندە ئێـستاکە کفنەکـەت چـۆڕ چـۆڕ خـوێنی ئەرخـەوان و شـیعری هـەڵکروزاوی ئـەم ولاتـەی لـێ دەتکـێ، هەرچـەندە تەرمـە ماندوەکەشـت دەرزی ئـاژنی خـەمی گەورەو کوردستانێکی چوار میخە کێشراوە!

هەرچـــەندە تائێـــستاش هـــاوارو گریـــەی ژن و منـــداڵی سـەردەمی ئـەنفال، بـەدەم دەسـتڕێژو تیربارانـەوە لـە گۆڕەکـەتا هـەر دەنـگ دەداتـەوە! حەمـە صـالح لـە گۆڕەکـەت راسـتۆ بـەو سـواری ئەسپەشـێی هـۆنراوەو خەمـە پیرۆزەکانـت بـە، ئـەی سوارەی مەیدانی هۆنراوە، ئاوزەنگی خـەم لێدەو گـوڵ کۆکـەت جێ هێڵە، با کامێرای چاوە تیژەکانت سەرنج بداو بزانێ:

داخۆ دەرونی سافە گورەی ماوە تانجەرۆ
یاخۆ ئەسیری خاکە بە لێڵی دەکا عوبور

ئاخۆ حەبیبەی (نالی) سەرپۆشی تەمی زەردەو سەگرمەی داوە بەسەردا؟ ئاخۆ جاریٚ تر لەبەر ئاویٚنەی زریٚبارو سیروان‌دا کەزیٚ و بسکی شانە دەکات؟ تۆ بڵێی (تاردۆنی) لە دەربەند بێلوولە هەروەکو جارانی بە فیزەوە بەسەر چیاکانی حەمرین دا بڕوانیٚ و نەعرەتەی شیٚرانە لیٚ بدات؟ ئەی سوارەی بروسکەو هۆنراوەی پڕ کڵپە، ئەم جارەیان با وچانت لای تونکە تونکەی جاف و سیروان بێت، بە جووت هەردوکتان سەربنێن پێکەوە، تۆ بە هەنسك ئەو بە گریانی، تۆ بە ئاوازو ئەو بە نەسرەوتن، مێژوی سەردەممان بۆ بڵێنەوە، ئەی سوارەی شیعری بێدارو هاوەڵی چیا، ئەسپەشیٚ تێر ئاو کەو بە کەژا هەڵزنیٚ تا ئامبازی مەزاری خەمناکی مەولەوی دەبیت، دەزانم هەر کە گەشتی وەك عەزرەتیەك باوەش دەکەیت بە گوڵ کۆ بیٚ نازەکەیدا، دەبەس بگری بۆ خۆت و بۆ میحرابی شیعرو مەزاری مین ڕێژکراو و وڵاتی سووتە مەروی کوردانەوە! ئێستا لەو مەملەکەتە چۆڵەی تاوگۆزیدا، نە دەنگیٚ دێتە گوێت، نە ئاوازیٚ نە سروەیە، تەنیا هاوەڵی رازو نیازی هەردوکتان هەر پێشمەرگەیە.

چاوم لێیە ئەمجارەیان مەولەوی نەك بۆ عەنبەرخاتون دەگری بە تەنیا، بەڵکو بەخوڕ فرمێسکی گەرم ڕژاوەتە سەر ریشە نوورانیەکەیی و شیوەن نامەی بووکی هەڵەبجەی ژێر دەواری سیانید و خەردەلت بۆ دەچڕیٚ:

**ئیمسالْ نەو وەهار چون خەزان سەرد**
**بەرگ وەرد باخ مەعدوم بەرد پەی هەرد**
**کزەی چزەی زام گرپەی گڕەی دڵ**
**داخ دووری دۆست دوورکەفتە مەنزڵ**
**شەرارەی ئاهیر دڵەی پڕ دەردم**
**تەپ و دووی دووکەڵ هەناسەی سەردم**
**جە شەرارەی نار دڵەی پڕ جەخەم**
**سۆچیا تەمام هەر هەفت پەردەی چەم**
**پەردەی سەبوری هەڵەبجەم دڕیا**
**هەی رۆ رۆڵە رۆ**
**ریشەی جەرگەکەم بڕیا رۆڵە ڕۆ**
**وە ناکام هیجرەت کەردەم رۆڵە رۆ**
**داخان گشت وە خاك بەردەم رۆڵە ڕۆ**
**خان و مان خامۆش بێ تۆ رۆڵە ڕۆ**
**زارۆڵان مەدهۆش بێ تۆ رۆڵە ڕۆ**
**فەلەك جەرگش دەن وە مەودای چڵدا**
**کام خاطر رێشیش بێ نە ئۆی دڵدا**

هەر بەدوای ئەم شیوەن و کۆتەڵەدا رۆحیانەتی هەردوکتان وەك دوو هەڵۆی بەرزە فڕی زامدار ئەدەن لە شەقەی باڵ و بەدوای نەخشەی دنیایەکدا وێڵ دەبن کە ئازادی و عەدالەتی تیا خونچە دەکات.... بەڵام هەزار ئەفسوس لە دێرەوە ئەم

ئاوارەیی و کۆچ و کۆچباری کوردە ئاوێکەو رژاوە، قوڕێکەو هەر هەمو خۆمان تێناوە، گوللەی خەمێکی بێگانەکردەو هەر چوار پارچەکەی! دڵمانی پێکاوە، مۆری خۆخۆری گڕێکەو لە لاشەی مێژوومان ئالاوە.

ئەی شاعیرە خەم خۆرەکە... ئەی پیاوی تەنگانەی ئەم خەڵکە، ئەرێ لەسەر دوو پەڵە رەزی سوتێنراوی ئەو پشت کێوە یەخەی کێت نەگرت؟ پەت پەتی چیت پێ نەکرا؟ نانت نەبڕرا؟ دوور نەخرایتەوە؟ بەند نەکرایت؟ ئەوکاتەی کە ئینگلیزو ئەڵقە لە گوێکانی چۆکیان دادابوە سەر سنگی ئەم گەلەو هەناسە سواریان کردبو، بە توندی لە رویاندا دەوەستایتەوە، تەنانەت بە هۆنراوە ئاگرینەکانیشتەوە نەوەستایت، بەڵکو بە خودی خۆیشت وەك جەنگاوەرێ هاوبەشیت دەکرد لە ریسواکردنیاندا، لە ساتە ئەنگوستە چاوەکاندا، ملت لە چەقۆی داگیرکەرانی کوردستان دەسوی و دەتوت:

ئەم ولاتە مووچەو بەراتی کوشتنە
بەندکردنە، ئەستۆ لە نێڵەکردنە، خنکاندنە
لەودەمەوە کە (ریچ) گەیشتە سەرچنار
تۆوی پیلان هی ژێردەستی بۆ ئەم کوردە هێنا بە بار

ئەوکاتەی کە لەشکرەکەی فرایزەر لە دەربەندی بازیان فەقیانەکەی شێخ مەحمودیان لە خوێنی ئالی ئەم قەڵەم رەوە

هەڵکێشا، موشیریان بردە سەر لاشەی زامداری شێخەوە لە بەردەقارەمان، لە تۆڵەی ئەم تاوانەدا پاش چەندان ساڵ عەرشی چ کردگارێکت نەلەرزان؟ سەرت بە کام دەرگای ئیلهامی شیعرا نەکرد؟ ئەوە نەبو لە شیوەن خانەکەی دڵتا بەدەم هەنسك و سۆزەوە دەت وت:

**کوا شێخ کوا نەوەی ئەحمەدی کاکی**
**کوا نەبەردەکەی ئەم کوردستانە**
**کورد شۆرە سواری وەك شێخی بووبێ**
**سەر نەوی ناکات لە بۆ بێگانە**

حەمە ساڵحەکەی گەڕەکی خۆمان... کەم دەریاچەی زیوینی دنیای داهێنانەکانت مینڕێژکراو لە بەندیخانەی نوگرەسەلمان توند کرایت؟ کەم کیژۆڵەی هۆنراوە بزێوەکانت بە پرچە خاوەکەی کرا بە سێدارەی سانسۆرەکاندا. ئاخ... دیلان... من باش دەزانم بە داخی چیەوە سەرت نایەوە، دڵە ئاوەکیە ناسکەکەت نەیتوانی لەوە زیاتر بەرگەی ئەو هەمو خورپەو راچەنین و کۆستە کەمەرشکێنە بگرێت، رۆژ نەبو جوگرافیاو نەخشەی ئەم کوردستانە شەکەتە کلك و گوێ و قۆچی تاش نەکرێت! رۆژ نەبو نێزەی هەواڵی سوتانی گوندێ، بالیسانێ، سەیسوێنانێ، گەرمیانێ، هەڵەبجەیێ پەرەی ئەو تۆسقاڵە دڵەت خڵتانی خوێن نەکات! چیت نەدی؟ چیت نەبیست؟ رۆژ نەبو رەشەبای سەختی براکوژی و

خۆخۆری گەلای تەمەنی چەند پێشمەرگەو هاولاتیەك بەفیڕۆ هەڵنەوەرێنێ! ڕۆژ نەبو ئەستێرە گەشەی چاوی چەند منداڵێکی کورد لەنێو تەم و دوکەڵی سیانیدو خەردەلا نەکوژێتەوە!

کار گەشتە ئەوەی دەیەها کیژۆڵەی کوردی زەمەنی ئەنفال بفرۆشرێن و بکرێنە مەزەی شەوانی داگیرکەرانی کوردستان... ئەوی کاتێ ئاواتت بەوە دەخواست کە گەلای پەڕەکانی ئاوێستا بکەنە کفنی زەردەشت و لە مەزاری دڵتا بیسرەوێنن. نەکا دەستیان بگاتە ئەویش و وەك ولاتەکە بیکەنە سووتە مەرۆ.

دیلان گیان خۆزگە ئێستاکە لە گۆڕەکەت ڕائەبویت و سەرت دەردەهێنا... سەیرکە... شار بەیەك جار ڕابوە، لافاوی قینی پیرۆز سەرئەکا هەڵچوە، ئەو شێرە بەفرینە نامۆو مشەخۆرانەی کە چەندان ساڵ بو دەمیان نابوە خوێناوی دڵ و جەرگمانەوە، لە چاوتروکانێکدا، هەتاوی ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١/٣/٧ کردنیە چەند دڵۆپێ ئاوی ڕەشی ژێر پێی منداڵ و ئافرەتانی شارەوە، بۆ نەتزانیوە شەهیدەکانی سەیوان بە بەرگ و سیپاڵی خوێنینەوە دادەبەزنە ناوشارو سرودی ئەی ڕەقیب دەچڕن و هاوبەشی ئاهەنگەکانی سەرفرازبوون دەکەن؟! ئێستاکە پرچ و کەزێی خۆری ئازادی بە شان و ملی سەگرمەو بەرانانەوە ئالاوەو لێی نابێتەوە...

کاك حەمە ساڵح لەمە زیاتر چیت پێ بڵێم؟ ئیتر پێڵوی چاوە ماندووەکانت لێك بنێ و بنوو نوستنی پاش هیلاکی ڕێ، تا ئەوکاتەی پرخەت دەگاتە بست بە بستی خاکی داگیرکراوی کوردستانەوە.

# خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی دیوانی مستەفا بەگی کوردی

مامۆستا حەمەبۆر لە دوو بەرگی قەشەنگ و قەوارە گەورەی تێر وپڕدا، دیوانی مستەفا بەگی (کوردی) ساحێبقڕانی بە چاپ گەیاند و چاوی خوێنەری کوردی پێ گەش و ڕووناکتر کردەوە و بەم هەوڵە نەوازە و پڕ لە ماندووبوون و دڵسۆزانەیەی خزمەتێکی گەورەی ئەدەبی بەرهەم هێناوە و کتێبخانەی کوردی ئاوەدان و دەوڵەمەند کردووە.

لە سێبەری ئەم بەرهەمە دلۆڤانەدا، هەوڵدەدەم چەردەیەك سەرنج و تێبینی تایبەت، لەمەڕ شاعیرێتی موستەفا بەگی کوردی و خودی کارەکەی مامۆستا حەمەبۆر بخەمە بەر دیدی خوێنەرانی کوردەوە.

١- لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا جاران وا دەوترا کە (نالی) لە ڕووی کات و بابەتەوە سەرامەدە لە هۆنینەوەی شیعری کلاسیکی کوردیدا و سەر قافڵەی کاروانی شیعری

کلاسیکییە، بەڵام مامۆستا حەمەبۆر بە بەڵگەوە سەلماندوویەتی کە (کوردی) پتر لە دەهەیەك بەر لە نالی شیعری لەم جۆرەی وتووە و ئەسپی هونەرمەندانەی خۆی لەم بوارەدا بەگوڕ تاوداوە، نەك هەر ئەمەش، بەڵکو بەر لە سێ کوچکەی بابانیش (نالی، کوردی، سالم) شاعیری تر هەبوون کە بە هەمان نەزم شیعریان وتووە.

ئەم ڕوونکردنەوە و سەلماندنە بۆ ئەم نەوە نوێیە تا بڵێی کارێکی چاك و خزمەتگوزارانەیە، دیارە لەم بوارەدا نووسەری تریش هەن کە دەستیان بۆ ئەم بابەتە بردووە، بەڵام کارەکەی مامۆستا حەمەبۆر ورد و ڕەسا و دۆکیۆمێنتاری ترە.

٢- واتای موفرەداتی نێو بەیتە شیعرەکان، بە مەبەستی زانینی ڕاڤەی بەیتەکان بە تێروتەسەلی خراونەتە ڕوو، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا بەرەو بە فەرهەنگ بوون و قەبە بوون ڕۆیشتوون و مەبەستی سەرەکی ون بووە، یەك وشە چەندان واتای جۆربەجۆری بۆ داناوە، تەنانەت هەندێك وشە هێند ئاسانە پێویستی هەر بە ڕاڤەکردن نییە! با ئەوەش نەبوێرم کە لە زانستی زماندا وشەی (مرادف) هاو واتای سەد دەرسەد کەمن!! ڕاڤەی ئەم فرە واتاییەی وشە، ئاستی دەوڵەمەندی مامۆستا حەمەبۆر دەردەخات لە بواری زمان زانیدا، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئەم فرە واتاییە دەبێتە هۆی دەرچوون لە گەوهەری واتای خودی بەیتەکە، خۆ لەوانەشە بۆ هەندێك

خوێنەری تازەکورە بە نێگەتیف بکەوێتەوە، چونکە پێدەچێت واتای وشەیەك هەڵبـژێرێت کە نەگونجێت لەگەڵ مەبەستی سەرەکی بەیتەکەدا، بە بۆچوونی بەندە باشتر وابوو، واتای ئەو وشانەی بدایە کە نزیکن لە ئاو و هەوای بەیتەکەوە و هێند دوور نەکەوتایەتەوە لە مەبەستی سەرەکی.چونکە کاری بنەڕەتی ئەو ناساندنب واتای بەیتەکانە، نەك قوڵبوونەوە لە زماندا.

٣- کاك حەمەبۆر لە ڕاڤەی بەیتەکاندا، هەندێك جار بۆچوونێك دیاری دەکات، کە ناگونجێت و دوورە لە واتای بەیتەکە و تناسب نییە، لەوانەیە بەڕێزی وای پێ باش بێت کە ئەو بۆچوونە دوورەدەستانە لە بەرژەوەندی توانا و لێهاتوویی مستەفا بەگە! بەڵام ئەم (تحمیل) بارکردنە قورسە، مەرج نییە لەگەڵ ویست و خواستی کوردیدا بێتەوە، لە هەموو حاڵەتێکدا (المعنی فی قلب الشاعر) گرنگ پەی بردنە بەو واتایە، کوردی دەڵێت:

لەناو فیکر و خەمانی کاکۆڵت قوربان وەها ماتم(١)
شەو و ڕۆژ نابزووم ئەصلا نە بەم لادا نە بەو لادا

ئەگەر (ماتم) لێك چواو بێت بە مەلیکی مردووی شەترەنج، دەبێت فیکر و کاکۆڵی لوول، فیل و ئەسپ و ڕوخ بن!! دیارە ئەمە هاوکێشەی یاری شەترەنج دروست ناکات، لەلایەکی ترەوە (خەمانی کاکۆڵ) پڕ، بە پڕ کاکۆڵی لوول دەگرێتەوە و

بەهیچ شێوەیەك (خەفەتەکانی) ناگرێتەوە و نەدەبوو مامۆستا مێشکی خوێنەر بۆ ئەوە ڕاکێشیٚ!

حەزدەکەم نموونەیەك بۆ (تناسب) لە واتای شیعردا بخەمە بەر دیدی خوێنەری ئازیزەوە، (کوردی) دەڵێت:

لە حەسرەت ئەو قەدو باڵای وەکو نەی (٢)

دڵی من پڕ لە ئەفغان و خرۆشە

(نەی) کە شمشاڵە زۆر جار ئاوازەکەی پڕ لە (گریان و خرۆشە) واتە تناسب هەیە لە نێوان (نەی لەلایەك فغان و خرۆش لەلایەکی ترەوە)...مامۆستا لە ڕاڤەی وشەی (ناسۆر) دا دەڵێت:

دڵ وە چاکە زامەکەی ناسۆری تیری تانەبیٚ (٣)

سینە بۆ نیشی مژانی مەهروان نیشانە بیٚ

ناسۆر: جۆرە برینێکە، کولانەوەی برین، زامی بەئازار

پێش تۆزێك وتم (ترادف) هاو واتای سەد دەر سەدی وشە دەگمەنە، لێرەدا مامۆستا سیٚ واتای ڕیز کردووە، مەرج نییە هەموو برینێك پڕ ئازار بێت! لەم بەیتەدا ناسۆر بەواتای ئازار دێت نەك برین! چونکە شاعیر وتویەتی (زامەکەی ناسۆری)، دەبوو بۆ ئەوەی کوتومت خوێنەر بگاتە مەبەست، بیوتایە مەبەست لە ناسۆر ئازارە لەم بەیتەدا! دیارە دەیان نموونەی لەم جۆرە لە دیوانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت.

٤- زۆرجار مامۆستا حەمەبۆر چامەکەی بەستۆتەوە بە

بۆنـەی (مناسـبە) وتـنی چـامەکەوە و دەستنیـشانی زەمـین و زەمـانی هۆنینـەوەی چـامەکە و تەنانـەت دەستنیـشانی ئـەو کەسانەشی کردووە کە پەیوەندییان بە باتەکەوە هەیە و لـەو نێوانەشـــەوە نـاوی گـــەلێ شـاعیری نەناسـراو و ناسـراو و شیعرەکانیشیانی بە نموونە هێناوەتەوە، دیارە لـەم نێوانـەوە ئـاوڕی لـە نـەریتی کۆمەڵایـەتی لـە پۆشـین و دابـو نـەریت و هەڵسوکەوتی سـەردەمەکە داوەتـەوە، دەتـوانم بـە دڵنیاییـەوە بڵـێم ئـەم دیـوانی کوردییـەی مامۆسـتا حەمـەبۆر جۆرێکـە لـە ئینسکلوپیدیای ڕاڤەی شیعری کلاسیکی کوردی و تا ئێستا بەرهـەمی وا نـەوازە و تێـر و تەسـەل لـە زانیـاری فـرە مـەودا، نەهاتۆتـــە کتێبخانــــەی کوردییــــەوە و ئەمــــە جێگــــای دەستخۆشییە.

٥- ئەگـەر بـەراوردێکی ئەکادیمیانـەی بابـەتی، لـە نێـوان مەنهـەجی ڕاڤـەی دیـوانی نـالی و مـەحوی لەگـەڵ ڕاڤـەی ئـەم دیوانـەدا بکـەین، هەرچـەندە پرۆگرامـی ڕاڤەی هـەردوو لایـەنی هاوکێــشەکە جیــاوازە، بــەڵام ئەمــەی مامۆســتا حەمــەبۆر تێروتەســەلترە و زانیــاری وردتــری ســەبارەت بــە نێوەنــدی ڕۆشـنبیریی وسیاسـی و کۆمەڵایـەتی سـەردەمەکە تێدایـە و خوێنەری دیوانەکە دەباتەوە سەردەمی مستەفا بەگی کوردی بــە نــــەریت و داب و هەڵــــسوکەوت و جــــۆری پۆشــــین و کەسـایەتییەکانی ئـەو سـەردەمە و جـۆری بیرکردنـەوەیان و

پتریش دەستی خوێنەری گرتووە بۆ زانینی واتای شیعر و موفرەداتەکانی مستەفا بەگی کوردی، واتە لێکۆڵینەوەیەکی تۆکمەی خستۆتە بەردیدی خوێنەران.

٦- مامۆستا حەمەبۆر بۆ زانینی واتای زۆربەی بەیتە شیعرەکان، بە تەنیا ڕاڤەی وشەکانی کردووە و ئازادی و بەرپرسیارێتی داوەتە دەست خوێنەر بۆ لێکدانەوەی واتای شیعرەکان، ئەم ئازادی بەخشینە بەخوێنەر، یەکێکە لە بنەماکانی تێوری هیرمونتیکا (التأويلية) و لە ئەنجامدا دەبێتە دەوڵەمەندکردنی دەق و وەك تۆدۆرۆف و رۆڵان پارت دەڵێن " مردنی داهێنەر لێرەوە دەست پێدەکات، دیارە بەپێی ئەم مەنهەجە، ئەوە دەقە کە خوێنەر هەڵدەسەنگێنێ و دەیخوێنێتەوە، نەك نووسەری دەق، ئەوە خوێنەری دەقە کە بۆتە خاوەنی تێکستەکە و بە ئارەزووی خۆی شەن و کەوی دەکات، ئەم مەنهەجە بەشی خۆی کێشەی هەیە و ئاو زۆر دەبات، بە تایبەت بۆ خوێنەری کەم بەهرە، چونکە ڕەخنەگران پێیان وایە کە خاوەن دەق تووشی خەم و داچڵەکین دەبێت بەدەست خوێنەری کەم سەوداوە.

٧- هەندێك جار مامۆستا حەمەبۆر کەوتۆتە بەرداشی نێوان چەند بۆچوونێکەوە، کە دەبوو گونجاوترینیان (ترجيح) بکات، بەڵام جار هەیە لایەنی نەویستراو و لاوازی هەڵبژاردووە و ملی دەقە شیعرییەکەی بە ویستی خۆی باداوە و

نەیویستووە شەن و کەوی گونجاو لە نێوان موفرەداتی بەیتەکەدا بکات، هەر بۆ نموونە لە چامەی (تاکەی بکێشم)دا دەڵێت:

نەشئەی فیراقی تۆیە کوڕەی سەخمە قرمزی (٤)

وا لیٚ و بە بارم، ڕەنگ زەرد و سینە چاك

سەیرکەن بۆ واتای (کوڕەی) چەند شتی وتووە: مەبەست لە دەنگ گڕی بووە، کە دەنگی عەزیز بەگ گڕ بووە، یا پیاوێکی ئاگرین بووە!!

ئەی بۆ هەر پیٚ داناگری لەسەر ئەوەی کە مەبەست لە (کوڕە) هەر عەزیز بەگ بووە و هیچی تر؟!

لەهۆنراوەی (تاکەی ئەم جەور و جەفایەت) دا دەڵێت:

ئەی تەبیب ئەر تۆ تەماتە زامی دەردم چارەکەی(٥)

تاکە گەرما و گەرمە بۆی پەیدا بکە شەهدی ویصال

کاك حەمەبۆر خۆی دەڵێت لە جیاتی (بۆی) (بۆم) گونجاوترە، بەڵام هەر (بۆی) داناوە، نازانم بۆ؟! خۆ لە بەیتە شیعرەکانی سەروو خۆیەوە (کوردی) هەر ڕاناوی کەسی یەکەمی بەکارهێناوە،تەنانەت لە نیوە دێڕی یەکەمی بەیتەکەدا وتوویەتی (دەردم) و نەیووتوە (دەردی) ئیتر نازانم لێرەدا بۆ ڕاناوی (ضمیر) کەسی سێیەم گونجاوترە؟! لەلایەکی ترەوە من وای بۆ دەچم کە بەیتەکە یان هەڵەی چاپی تێدایە، یان مستەفا بەگی کوردی تووشی غەفڵەت بووە، ئەوێك کە

تاکەی گەرما و گەرم بێت و وەخت بێت بسووتێت، خۆ شەهد کە هەنگوینە هێندەی تر دەیسووتێنێت و دەیکوژێت!! دیارە لێرەدا موعادەلەی گونجاندن لەق دەبێت و واتا لەدەست دەچێت! باشتر وابوو کاک حەمەبۆر پێی لەسەر ئەم لایەنانە دابگرتایە لە هەڵسەنگاندنەکانیا، نەك هەر پیاهەڵدان و تێپەڕبوونی خێرا.

لە بواری شیکردنەوەی تێکستدا (تولیف) گونجاندن یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی گەیشتن بە واتای گونجاو، ئەو وشەیەی کە لە فلانە ڕستەدا واتایەك دەدات بە دەستەوە لە ڕستەیەکی تردا واتاکەی بە جۆرێکی ترە، نابێت ئەوەش فەرامۆش کەین، کە هیچ وشەیەك ناتوانرێت لە بنەڕەتدا خەسڵەتی جوانیی، یان پێچەوانەکەی پێ ببەخشرێت و بە ڕەهایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەهەمیەتی هەر وشەیەك لە شیعر یان پەخشاندا بەبەر و دواوەیەتی، نەك هەر ئەمەش، بەڵکو پاش و پێش خستنی وشەش گۆڕانکاری گەورە لە ڕستەدا فەراهەم دێنێ، چونکە (جون کوین و تشومسکی و دی سوسێر)پێداگری لەم بوارەدا دەکەن، هەر بۆ نموونە هێمن موکریانی دەڵێت (ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە)، واتە کەس و شتی تریشم لەبیرە و هەر تۆ نیت! خۆ ئەگەر هێمن بیوتایە (ئەمن ئەی نیشتمان هەر تۆم لەبیرە) دیارە لەم حاڵەتی پاش و پێشی وشەی (هەر)ەدا واتاکە

دەگۆڕێت و ئیتر هێمن جگە لە نیشتمان کەسی تری لەبیر نامێنێ، زانینی ئەم بابەتە گرنگە لە زانستی بەلاغەدا بۆ ڕاڤە و شیکاری هۆنراوە و دەرخستنی ستاتیکای دارشتن، زۆر پێویستە و دەشێت ئاوڕی لێ بدرێتەوە و لە ناوەڕاستی ڕێگادا بەجێ نەهێڵرێت، چونکە بواری لێکۆڵینەوە فرە مەودایە و لک و پۆپی بابەتی جودای لێدەبێتەوەو خۆی دەهاوێتە بواری زانستی (علم المعاني)ەوە.

٨- لەبەرئەوەی کارەکەی مامۆستا حەمەبۆر ئێجگار ناوازەیە و هەوڵێکی لە ڕادە بەدەری دڵسۆزانەیە، دەبوو لە کۆتاییەوە پێڕستی ناو و شوێنی بۆ بکردایە، چونکە لەو دوو بەرگەدا ناوی کەس و جێگای فرە هاتوون و ناوەکانیش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە دنیای ئەدەب و زانست و باری کۆمەڵایەتی و مێژوو و سیاسەتەوە و زۆربەی شانۆی ڕووداو و بەسەرهاتەکانیش کوردستان و دەوروبەرن و ئەهەمیەتی خۆیانیان هەیە، بەتایبەت بۆ لێکۆڵەرەوە و خەڵکە پرۆڤیشناڵەکان.

٩- سەرنجێکی وردی ڕەخنەگرانە لە توانا و مامەڵەی ورد لەگەڵ دنیای داهێنانی شاعیرانەی نالی و کوردیدا، گەیاندوومیەتە ئەو ئەنجامەی کە هێندەی ڕووناکبیری ئایینی و مێژوویی و بیری قووڵ و خەیاڵی فراوان لە هۆنراوەکانی نالیدا ڕەنگی داوەتەوە، لای کوردی بەهەمان ئاست نییە.

لەلایەکی ترەوە هۆنراوەکانی کوردی لە بیر و خولیای خەڵکە ئاساییەکەوە نزیکترە وەك لە هۆنراوەکانی نالی، چونکە ئەو موفرەداتەی کوردی لە شیعرەکانیا بەکاری دەهێنێ زۆربەی خەڵکەکە پێی ئاشنان و تەنانەت بڕێکی زۆریان وشەی ڕۆژانەی خۆیانە، بۆ بەڵگەی بۆچوونەکەم بڕوانە ئەم چامانە (وەکو قومری ل٢١٥، ئەگەرچی قەلبەکەم ل٩٩، پارەیەکی خۆی کۆنە فاحیشە ل٧٦، ئۆف خودا ل٥٠، بۆ منی بێکەس ل١٣٦).

لەڕووی شاعیریەتەوە هەردووکیان ڕووە و بەلوتکە بوون دەچن، بەڵام وزەی خوڕ و ڕەوان و حازر بەدەستی شیعرەکانی و زەقی شاعیریەتە خۆڕسکەکەی (مطبوع) کوردی، لەبەرئەوەی گەلێجار خەیاڵی فراوان و بیری قووڵی وەك نالی نەهێناوەتە گۆڕێ و کەمتر پێوەی ماندوو بووە، دەبینین زووتر و بێ گرێ و گۆڵتر دەچێتە نێو خورپەی دڵەوە، نەك مێشك و بیرەوە، بەڵام لای نالی حاڵەتەکە وا کەوتۆتەوە کە وزەی شاعیریەت و بیری قووڵ و خەیاڵی فراوان لە مەداری داهێنانێکی نەوازەتردا ئەدرەوشێتەوە و سنعەتکاری پێوەدیارە.

نابێت ئەوەش لەیادکەین کە شیعرەکانی سەردەمی لاوێتی نالی، هەمان خوڕ و ڕەوانی شیعرەکانی کوردی پێوە دیارە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر بەراورد لە نێوان هۆنراوەی کەم

بڕشتی هەردوولا بکەین، دەبینین لای نالی هۆنراوەی لاواز کەمترە وەك لەلای کوردی، لە هەمانکاتیشدا هۆنراوەی لێوان لێو لە داهێنان و دلۆڤان، لای نالی پترە لە کوردی، بە تایبەتی هۆنراوەکانی سەردەمی پیرییەتی نالی.

دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە هۆنراوەکانی (کوردی) سەردەمی غەریبی و ئاوارەیی ئێران و دڵشکان لە کاربەدەستانی بابان، پڕاو پڕن لە هەستی پاك و ڕاستگۆیی هونەری و ڕەوانی وشەکان و ئیقاعاتی پڕ لەخەم و هارمۆنیای مرۆڤ هەژێن، وەك هۆنراوەی (فەلەك ڕەحمێ ل٣٢٦، شۆری ئەم جارە ل٩٠..هتد).

هەندێ بابەتی غەزل و سکاڵای دووری و شیعری (اخوانیات) لای کوردی پترن وەك لە لای نالی و مستەفا بەگ لە ساراتینی ئەم سێ بابەتەدا تەنیا سوارچاکە و نالی پیاراناگات!

بەڵام لای نالی (وصف) لە هەر بابەتێکدا بێت ئێجگار باڵادەستە و بارگاویە بە عەقڵێکی ئەندازەیی کە سۆز و ڕاچەنین ڕەنگیان ڕشتووە و بەرەو کەشکەلانی داهێنانیان بردووە و کردوویانەتە لوتکەیەکی باڵای شیعری خۆرهەڵات، دیارە فراوانی خەیاڵەکەی، هەسوونێکی قایمی ئەم وەسفەیە، بۆ گەورەیی و باڵادەستی کوردی لە بواری غەزەلدا بڕوانە: (چاوەکەم زانیوتە ل٣٠٢، ئەمان مردم ل١٣٧، لەغەم شاری

دەرون ٤٩١، عــەزیزم لـــە دووریـــت ل٣٢٠، صـــەدای ل٥٥٠، هەروەها لاپەڕەکانی ٥٢٥، ٤٤٨، ٤٥٦).

نابێت ئەوەش لەیاد کەین کە گەلێ هۆنراوەی (کوردی) لە ڕووی داهێنــان و پێوانــەکانی شــیعری ســەرکەوتووەوە، لــە ئاست نالییایە و هیچی لەو کەمتر نییە، بڕوانە چامەی (جانا وەرە ٢٨٨، ڕەفیقی کونجی میحنەت٣٣٨..هتد).

١٠ ڕێـژەی بـەکارهێنانی وشـەی کـوردی لای مـستەفا بـەگ زیـاترە لـە نـالی، بـە پێـچەوانەوە نـالی زیـاتر لـە مستەفا بەگی کـوردی وشـەی عـەرەبی لـە شـیعردا بـەکارهێناوە، هەرچـەندە هەردوکیان دەرچووی مزگـەوتن، بـەڵام نـالی عـەرەبی زانـترە لـە مستەفا بەگی کوردی، ئەمە جگە لـەوەی مستەفا بەگ لـە نـالی زیاتر فارسی زانیووە، بۆیـە وشـەی فارسـی زیـاتر بەکارهێناوە لــە شــیعرەکانیدا، تەنانــەت زۆر شــیعری فارســی جوانیــشی نووســیووە، دیــارە ئــەم بەراوردکارییــەش لــە خــودی دیــوانی هــەردوو شــاعیرەکەوە هــەڵهێنجراوەو دەشــێت لــەنێوان ئــەم بەراوردانــەدا کەســایەتی شــیعریی مــستەفا بــەگ باشــتر هەڵـسەنگێنین و جـوانتریش دەستنیـشانی وزەکـانی بکـەین لـە نێوان سێ کووچکەی شیعری باباندا.

١١- پەیوەندی کوردی بە گەورە پیاوانی سەردەمەکەیەوە، لـە پانتاییـەکی گـەورەدا خـۆی دەنـوێنێ، بـە تایبـەتی میرانـی بابـانی وەك عوسمـان بـەگی بابـان و ئەحمـەد پاشـا و عەبـدوڵڵا

پاشا و عەزمی بەگی بابان، ئەمە جگە لە گەورە پیاوانی ئیلی جاف و شاعیرە بەناوبانگەکانی سەردەمەکەی وەك سالم و فیکری و صابری و غەوسە و گەورە پیاوانی میرنشینی ئەردەڵان، ئەم پەیوەندییە فراوانە ئاسۆی شیعری (اخوانیات)ی لەبەردەم کوردیدا کردۆتەوە.

با ئەوەش لەیاد نەکەین کە خودی کوردی لە بنەماڵەیەکی ناوداری سلێمانییە، کە بنەماڵەی ساحێبقڕانە و ئەمماڵباتە بەڕێزە پەیوەندییەکی فراوانی بە بنەماڵە ناودارەکانی ئەوی کاتی سلێمانییەوە هەبووە و خوشکی مستەفا بەگی کوردی (پیرۆز خان) هاوسەرگیری لەگەڵ شێخ عەبدولڕەحمانی نێرگسەجاڕدا کردووە و موستەفا بەگی کوردیش بۆتە خاڵۆی شێخ مارفی نێرگسەجاڕ کە یەکێك بووە لە کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمەی سلێمانی و وەك دەما و دەم بیستوومە لە ئێرانەوە هۆنراوەیەکی پێشکەش بە شێخ مارفی نێرگسەجاڕ کردووە و هەوڵی فرەم دا بۆ دەستخستنی و وادەشیان پێدام، بەڵام مەرگ بواری کاك جەمال موفتی بەهەشتی نەداو لە دەستم دەرچوو، ئیتر نازانم دەستنووس و دۆکۆمێنتەکانی کاك جەمال کەوتنە کوێ؟.

١٢- سەبارەت بە هەردوو هۆنراوەی (دەروون زامدار ل٤٥٦، لە وێرانەی دەروونم ٤٤٨، نازانم بۆ کاك حەمەبۆر کردویەتییە دوو هۆنراوە، باشتر وابوو بیکاتە یەك هۆنراوە و

ئەو بەیتانەی کە زۆر نزیکن لە یەکەوە وەدەری نێ.

١٣- گیانی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی لای مستەفا بەگ، هەمیشە لە کڵپەدا بووە و دەشێت بکرێتە بابەتێکی سەربەخۆ و تێر و تەسەل و پانتاییەکی فرەی بۆ تەرخان کرێت، سەیری هۆنراوەی (لەجێگەی شێرکوژانی بەبە ل٢٥١) بکە، چۆن چۆنی و بێ ترس و لەرز، گاڵتە بە ئاکاری هەڵسوکەوتی عەبدوڵڵا پاشای بابان دەکات، چونکە دەستی بێگانە و داگیرکەرانی کوردستانی کێشاوەتە سلێمانی، هەروەها هۆنراوەی (زەمانی فیرقەتی یارانە ١٣٦)، کە باسی کارەساتی ڕووخانی مەحموود پاشای بابان دەکات، هۆن هۆن خەم و پەژارەی لێ دەتکێت و گیانی کوردایەتییەکی پاکی تێدا دەبینرێت.

١٤- لە (تحقیق)ی دیوانی کوردیدا هەست دەکرێت کە هەڵە و کەموکووڕی زۆرە و هۆکاری سەرەکیش (نساخ)ەکانی دیوانەکەیە، لەوەدەچێت کەسیان ئاگای لەوی تر نەبووبێ و بە ئارەزووی خۆیان شەن و کەویان تیا کردبێت، ئەمە جگە لە جیاوازی ڕێنووسی ئەوسا و ئێستا، دیارە ئەمەش کێشەیەکی ترە، ئەم حاڵەتانە بوونەتە شێوانی واتا و کێش و ستاتیکای شیعرەکانەوە و کاك حەمەبۆریش ئاماژەی فرەی بەم کەموکووڕییانە داوە و بەدەستییەوە ماندوو بووە.

١٥- ئەوەی کە کتێبەکەی هێندەی تر گرانبەها کردووە دەستنیشانی نامە شیعرییەکانی نێوان کوردی و سالم،

کـوردی و صـەیدی هـەورامی، کـوردی و صـابری، کـوردی و فیکری، کوردی و مەلا عومەری ڕەنجوری، کوردی و غەوسە، ئەگـەر کـاك حەمـەبۆر نەبوایـە ئـەم هـەموو زانیارییانـەمان لەدەست دەچوو، دیارە کۆکردنـەوەی ئەم هـەموو زانیارییانـە بەڵگـەی نەفـەس درێـژیی و دڵـسۆزی کـاك حەمـە بـۆرە بـۆ سەرخستنی لێکۆڵینەوەکەی.

١٦- ئـەم کـارە گـەورە و دلۆڤانـەی مامۆسـتا حەمـەبۆر گەواهی ئەوەیـە کـە یـەکێك لـە زانکۆکـانی هـەرێمی کوردسـتان دکتۆرایەکی فەخری پێشکەش بکات، چونکە هەم تەحقیقە و هەم ڕاڤەیە و هەم لێکۆڵینەوەیە و هەم دەریایەك زانیاری نوێی سـەردەمی مـستەفا بەگە- چـونکە هەنـدێ دکتـۆرام دیـوە لـەم بوارەدا، کە بە هیچ شێوەیەك ناگاتە ئاستی ئەم بەرهەمە و لە پەراوێزیایـەتی، دیـارە نامـەوێت نـاوی هـیچ زانکـۆ و کەسـێك خوانەخواستە بزڕێنم.

پەراوێزەکان:

١-دیـوانی کـوردی-بـەرگی یەکـەم-لێکۆڵینـەوەی محەمـەد مـستەفا حەمەبۆر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس-هەولێر ٢٠١٠ ل٤٧.

٢-دیوانی کوردی بەرگی یەکەم ل ٦٠٤.

٣- دیوانی کوردی بەرگی دووەم ل١٠٨.

٤- دیوانی کوردی بەرگی یەکەم ل١٦٤.

٥- دیوانی کوردی بەرگی یەکەم ل٢٧١.

# خوێندنەوەیەكی فرەمەودا بۆ شیرین و خوسرەوەكەی خانای قوبادی

شاعیری گەورەو پایەداری كورد خانای قوبادی، داستانی شیرین و خوسرەوی بە هۆنراوەی ناسك و تەڕو پاراوو سەبكی توندو تۆڵ و ڕەسا هۆنیوەتەوەو دایهێڵاوەتە باخچەی گەش و سەوزی ئەدەبی كوردیەوە. ئەم شاكارە لە (٥٥٢٦) [1] بەیتە شیعر پێك هاتووەو لەسەر كێشی پەنجەی خۆماڵی دەبڕگەیی جوت قافیە ڕازێنراوەتەوە، دیارە مەولەوی كورد و بێسارانی و سەیدەی هەورامی و گەلێكی تر، هەمان كێشی ڕەسەنی كوردیان بەكارهێناوە، ئەم كێشە مۆزیكیە پڕجۆش و خرۆشە دەچێتە سەر ئاوازی هەڵپەركێی كوردی و نمونەیەكی بەرچاو و دیاری شێوەزاری گۆرانیە. ئەم بەرهەمە پوخت و نەوازەیە دەتوانرێت لێكۆڵینەوە و بەدوادا چوونی لەگەڵ بواردا بۆ بكرێت و بەبۆچوونی وردو ئەكادیمیانە هێندەی تر دەوڵەمەند بكرێت. مەودای ئەم داستانە شیعریە ئێجگار بەرفراوانە، هەربۆیە بەندە بەتەنیا دەست بۆ دووبابەت دەبەم، بەو هیوایەی كەهاوبەشیەكی. بچكۆلانە لەم پڕۆژە ئەدەبیەدا بەدەست بهێنم:-

**یەکەمین**

**ئایا ئەم شاکارە شیعریە تاچەند خەسڵەت و وردەکاریەکانی داستانی تیا هاتۆتەدی و دەشێت بخرێتە ژێر دەواری کامە تێکستە هونەری و کامە زاراوەی ڕەخنەیی بەبەردا بکرێت؟ ئایا دەتوانین و بۆمان هەیە شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی بەداستانێکی خۆرهەڵاتی تێرو پڕ، یان جیهانی، بەخوێنەر بناسێنین؟ ئایا خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەم بەرهەمەو ئەلیازەی هۆمیرۆس، یان شانامەی فیردەوسی یان ئەنیازەی فرجیل، هێندە نزیك و یەکان گیرن، یان لە هەندێك مەرج و بواردا تاك و لۆدەکەون و دابڕدەبن؟ دەشێت ئەم بەرهەمە بەداستانێکی تایبەتمەندی کوردی، یان ئێرانی بناسێنین؟ ئایا دەتوانین نیظامي گەنجەوی و خانا یەکسان کەین لەبواری ڕزگارکردنی ئەم بەرهەمە زارەکیە لەفەوتان؟ یان لە هونەری سەبك و داهێنانی ئەم داستانەدا؟ ئەگەر بمانەوێت لەڕوانگەی بیرمەندی گەورەی یۆنانەوە (ئەرستۆ) سەرچاوەی بۆچونەکانمان وەرگرین، دەبێت ماجەرای بەرهەمەکە بخەینە بەر شەن وکەوی ئەم قوتابخانەیەوە، دیارە بۆچونی تریش لەم بوارەدا گەلێکن، بیری تیوریزمە ئەدەبیە گەورەکانی وەك رینیە و یلیك و رتشارد و هیگل و بیلسنکی کەم تابێشێ سنورەکانی ئەرەستۆ دەبەزێنن و ئاسۆیەکی فراوانتر دەگرنەبەر. زۆربەی**

بیرمەنـدو تیوریـستە ئەدەبیـەکان داسـتان لـەم چوارچـێوەیەدا پێناسـە دەکـەن: (داسـتان چـیرۆکە شـیعرێکە کـەباس لەپاڵـەوانێتی نەتـەوە دەکات و پـشت بـەتوانا و لێهاتوویی بێ سـنوری کارەکتـەرەکان دەبەسـتێت، لـە نێـو ڕوداوەکـانی داسـتاندا ئەفـسانە و راسـتیەکان تێکـەڵ دەبـن و خـەیاڵ و واقعیـشی تێـك دەئـاڵێن و پێکـرا دەلکـێن، سـەرجەم ئەمانـەش بارگـاوی دەکـرێن بـەبیروڕا ڕۆحـانی و ئاینێکانـەوە) (2) داستانی شیرین و خوسرەو یان شیرین و فەرهاد ، یان خەج و سیامەند، یان قەیس و لەیلا، یان مەم وزین، دەچنە خاطرات و ئەندێـشەی میللـەتانی خۆرهەڵاتـەوە؟ لەوانەیـە ئـەم جـۆرە خۆشەویستیە بنەمایەکی ڕاستەقینەی هـەبوبێت و لـە کورتیا بڕابێتەوەو لەدوایشدا بەدەماو دەم بڵاوبوبێتەوە، دیارە خـەیاڵ و کۆنەسـتی گـەلانیش روداوەکانیـان بـۆ زیـاد کـردوەو پـەل و پۆیـان بـۆ هاویشتوەو شـاعیرەکانیش هەرکەسـەو لای خۆیـەوە هـەوڵی هۆنینـەوەی داوە، لـەم نێوانەشـدا زۆربـەی جارەکـان، خـەیاڵی دورە دەسـت جێگـەی واقیعـی گرتۆتـەوە و مێـژوش متوربەکراوە بەدنیای بەرینی ئەفسانە، واتـە داستانەکان لـەم فۆرمەدا ڕەنگدانەوەی سۆز و خەیاڵ و خولیای مرۆڤی چاخە دێرینـەکان بـون و بونەتـە بەشـێك لەبەرهـەمی فیکـری دەسـتە جـەمعی میللـەتان.ئێمـە تائێـستا یەکـەمین داڕێـژەرو خـاوەنی بـیری ئـەم داسـتانە ناناسـین و لـەوە دەچـێت خـەیاڵی دەسـتە

جەمعی گەلێ شاعیری نەناسراو هێنابیانەتە ئاستێکی بالاّو پێ گەییو، هەروەك چۆن بەر لەهۆمریۆس کۆمەڵێك شاعیری نەناسراو ڕۆڵیان هەبوە لە دارشتنی ئەلیازەداو دواجار لەسەر دەستی هومریوس دا چوارچێوەی بالاّکەی ورگرتوە، بەهەمان شێوەش فیردەوسی و دەقیقی لەشانامەدا، ئاوەهاش شیرین و خوسرەو لەسەردەستی نیڤامی گەنجەوی هەنگاوێکی پڕ میهرو سەلیقەی هەڵهێنابێت ئەویش بەگواستنەوی بەرهەمێکی زارەکی بۆ بەرهەمێکی نوسراو لەچوارچێوەی (٦١٨٨) [3] بەیتە شیعری تێرو تەسەلی دەوڵەمەندا. خانای قوبادیش بەمەبەستی دەوڵەمەنکردنی کەلتوری کورد، لەچوارچێوەیەکی تەڕوپاراو و سەرکەوتودا خستویێتیە سەر زمانی شیرینی کوردی و گۆی هونەری پێ بردۆتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە بەرهەمەکەی گەنجەوی (٦٦٢) بەیتەشیعری لەوەی خانای قوبادی زیاترە و ئەم دیاردەیەش بۆچونی فرە هەڵدەگرێت ! ماجەرای هەرهەموو ڕوداوەکانی ئەم داستانە، بەتەنیا لەسەر زەمینی کوردستاندا روی نەداوە، بەڵکو لەپانتاییەکی ئێجگار گەورەدا فەراهەم هێنراوە، هەر لە مەدائینەوە کە دەکاتە ناوەڕاستی عێڕاق، لەوێوە بەقەسری شیرین و ناوچەی مایدەشتا، هەتا مەهستان کەدەریای خەزەرەو لەوێوە بۆ ولاّتی رۆم و حوکمرانی قەیسەر، واتە زۆربەی ولاّتی ئێرانی ئەو سەردەمەی گرتۆتەوە، بەهەمو

پێکهاتـــە نەتەوەییەکانـــەوە، ئەمەجگـــە لـــەوەی کـــەناوی پاڵەوانەکان هەر لەفەرهادەوە تاشیرین و خوسرەو وشێرویە و مەریـــەم و بـــارام و گـــەلێکی دی کەبەشـــی کـــوردی بـــەزیادەوە لەخۆهەڵگرتوە، بائەوەش نـەبوێرم کـە کـەش وهـەواو داروباری ئـــەو شـــوێنانەی کەشـــەڕو پێکـــدادان و ئاهـــەنگ وبـــەزم و ئاسەواری فەرهادیان تیا جێماوە کورد نشینن ولای خوێنـەر هـەرگیز ناوچـە وجێگـای نـامۆ و وێنـا نـەکراو نـین، کەواتـە دەتوانین ئەم بەرهەمە نەوازەیە بەداستانێکی هاوبەشی گەلانی ئێـــران دابنـــێین، بەپێـــچەوانەی مـــەم و زیـــنی ئەحمـــەدی خانیەوە،کەبـــەدان پیانـــانی خـــودی خـــانی داســـتانێکی سەدەرســـەد کوردیـــە. داســـتانی (البـــامیش) [4] کـــەفازیل یولداشیف لەسەر سەبکی اوزبکی دایڕشتوە لـە ١٤٠٠٠ بەیتـە شـــیعردا، داســـتانێکی هاوبەشـــە لـــەنێوان ســـێ نەتـــەوەی جیاوازدا، کە بریتین لـە کـازاخی و قـەرەبالکی و ئۆزبـەکی و بـە هەرســێ زمـانیش هۆنراوەتەوە،بائـەوەش نـەبوێرم کەدارشـتنە کـەم وێنـەو دلۆڤانەکـەی خانـای قوبـادی هێنـدەی تـر گیـانی کوردانەی کردوە بەبەرداو بۆتـە ئاوێنەیـەکی باڵانمـای هونـەری وەرگێڕانـی داسـتان. ڕوداوەکـانی ئـەم داسـتانە ڕەنگدانـەوەی قۆنـاغێکی مێـژویی دەورانـی پاشـاو مـیرو دەسـەڵاتی ڕەهـای فەرمانڕەواکانـــە، دیـــارە لەودەورانـــەدا تـــاك دەســـەڵاتی لەچـڵەپۆپەدا بـوەو زۆربـەی شەڕوشـۆر وپێکدادانـە گـەورەکان

بەفەرمانی ئەوان بوە، بەپێی ڕوداوی داستانەکە، مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەیامبەری ئیسلام (د.خ)، چونکە لەوەوە نامە ئاراستەی خوسرەو کراوە بۆ ئەوەی بچێتە سەر دینی ئیسلام. ئەم قۆناغە مێژوییەی ئێران لەداستانەکەدا تێکەڵ بە ئەفسانە و خەیاڵ وتوانای فراوانی کارەکتەرەکان کراوەو ڕۆڵی ئەستێرە ناسان و خەوبینین و هێزە ئیلاهێکان ماجەرای ڕوداوەکانی بەکێش کردوەو کاریگەری بەرچاوی بینیوە، بون بەمیری خوسرەو دوای ئەنەوشیروانیی باوکی، شایەدی ئەم کاریگەریانەن. زۆربەی ڕوداوەکان تێکەڵ کراون بە ئەفسانەو پێ لێ هەڵبرینی بەرچاو وچوارچێوەی داستانی گرتۆتەخۆ، بەئاراستەیەك کەمرۆڤی سەردەمە کۆنەکان بروا یان پێ کردوەو ختوکەی سۆزی داوە بەدڵیان و ئاسودەییەکی جۆریی پێ بەخشیون، دیارە هەرئەم ساویلکەییەی مرۆڤی سەردەمە کۆنەکانە کەبرەوی داوە بەم هونەرەو خەڵکەکەش بەکوڵ بەپیریەوە چوەو باوەشی بۆ کردۆتەوە، بەلام لەسەردەمی پێشکەوتنی شارستانیەتدا داستان کۆتایی دێت وجڵەوەکە دەدرێتە دەست ڕۆمان و چیرۆك، بائەوەشمان لەیاد نەچێت کە سۆزە نەمرەکانی وەك: خۆشەویستی، ڕق، ئێرەیی، تورەبون، بەزەیی، سێبەری مرۆڤن و لێی جودا نابنەوەو لەگەڵیا ژیان بەسەر دەبەن، بەلام لەچوار چێوەی جۆراو جۆر و گۆڕانکاری فرە مەودادا، هەرئەم سۆزە

نەمرانەشە لەکاتی شیوەنی شیرین بۆ فەرهاد و خوسرەودا بەدەر لەسنور بەندی کاتەکان ـ تەلی هەستمان دەجولێنێ ونوقمی خەم وئازارمان دەکات، یان دنیای بەزەییمان دێنێتە جوولە، یان رقی پیرۆزمان هەڵدەستێنێ بەرامبەر بەهەموو زوڵمێك. هەرچەندە بیرکردنەوەی زانستانە جێگا بە ئەفسانەو خەوارقەکانی داستان لەق دەکات و وەدەری دەنێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت کۆتایی بەدنیای سۆزو هەستە مرۆڤایەتیەکانمان بهێنێ. ڕوداوەکانی داستانی شیرین و خوسرەو چیرۆك ئاسا سەرەتاو پێگەیین و کۆتاییان هەیەو ڕوداویش بریتیە (لەجولانەوە یەکانگیرو تەواوکەرەکانی یەکترو کاردانەوەکانیان و تەنانەت چارەسەرکردنی کێشە جۆربەجۆرەکانیش) (5) ، ئەمە جگە لەبونی دیارو بەرچاوی زەمین و زەمان و پاڵەواندا، کەهەمو ئەمانە مەرجە سەرەتاییەکانی بوونە داستانن. خەیاڵ کە مەرجێکی دیارو ڕوونی دنیای داستانە لەم بەرهەمەدا ئێجگار فراوانەو لەهەندێك شوێندا بە جۆرێك وێناکراوە کەلەدەرەوەی واقیعە، بەتایبەت لە رازاندنەوەی وەسفی نەك شەڕو شۆڕ و پێکدانەکاندا بەتەنیا، بەڵکو مەجلیسی بادە نۆشین و پێك گەیشتنی شیرین و خوسرەو و تەنانەت نەیارەکانیشیاندا، ئەوەی کە هەستی پێدەکەم لەم داستانەدا، گرنگی فرە دراوە بەوەسفی کۆشك و تەلاری رازاوەی نێو باخچەو لالەزارە پڕ

لەگوڵــە جۆربەجۆرەکانــدا، دیــارە ئــەم حاڵەتــە ڕەنگدانــەوەی سروشتی ئاڵ و والای ولاتـی ئێرانـە، نـەك هـەر ئەمـەش، بـەڵکو دەرخــستنی رادەی ئورســتوکراتیەتی مــیرو پادشــاکانی ئــەو سەردەمەیە، کەچۆن چۆنی کۆشك و تـەلارەکانیان لەسەر شان و ملـی کۆیلـە و چینەکانی خـوارەوەدا بەرزکردۆتـەوە. دەبێـت ئــەوەش بوترێــت ئــەو خەیاڵــەی کەئــەلیازەی هۆنیوەتــەوە، بەئاراســتەیەکی تـردا فـراوان کـراوە، ئـەویش وەسـفی شـەڕو پێکـدا دانــەکان و لەونێوانەشــەوە دەرخــستنی توانــای بــێ سـنوری پاڵەوانــەکانی وەك ئــەخیل و هکتــۆر و أجامەمنونــە، (لەئــەدەبی داســتاندا گیــانی پاڵەوانێتیــەکی ئەفــسونگەرایی لەچوارچــێوەیەکی میــسۆلۆژیدا خــۆی وێنــا دەکــات و بیرەوەرێکانی میللەتان پێش چاو دەخات) [6] . لەبەرئـەوەی کـە ئـافرەت بەتایبـەتی کـچە شـازادە ڕۆڵـی بەرچـاوی هـەبوە لەکۆمـەڵگای ئـەو چاخانەدا، دەبینین لەئـەلیازەی هۆمیرۆسـدا، هــەمو شــەڕەکان لەســەر (هێلــینی) پاشــا ژنــە، لەئۆدیــسادا، دیـسانەوە پاڵـەوان ژنـی ئۆلیـسە کەبـەرگری لەشـەرەفی خـۆی دەکــات، تــادوای دەســاڵ کــە ئۆلیــسی مێــردی لەشــەڕ دەگەڕێتــەوە، لەداســتانی شــیرین وخوسرەویــشدا، هــەمو روداوەکان بەدەوری شیریندا دەخولێنـەوە، خوسـرەو فـەرهاد و شیرۆیەی کوڕی خوسرەو، هەریەك لەڕوانگەی خۆیەوە عاشقی شـیرین بـوەو ئـەم سـیانە لـەگرژترین دراماـدا هـەڵس و کـەوت

دەکەن و دوانیشیان لەو پێناوەدا سەر دادەنێن.لەداستانی ئەلیازەی هومریوس وئەنیازەی فەرجیل دا خوداکانی یۆنان دێنە خوارەوەو هاوبەشی ڕوداوەکان دەکەن و ترازوی کێشە جۆربەجۆرو گرنگەکان بەلادادەخەن، وەك (أیزیسی) یۆنان و خواکانی خێرو شەڕ و باران و بادە و جوانی....هتد بەڵام لەشیرین و خوسرەودا لەم جۆرە خودایە هەست پێناکرێت جگە لە (اللە) نەبێت کەخانای قوبادی و نیظامي گەنجەوی جاروبار ناوی دەبەن ولێی دەپاڕێنەوە بۆ چارەسەری کێشەکان بەبارێکی باشتردا، ئەم بەراوردە، دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بیروباوەری فرەخودایی بە پێچەوانەی یۆنان و میسری فیرعەونەکانەوە لەسەردەمی دانانی شیرین و خوسرەودا نەبوەو، دەشێت مرۆڤ لەو سەردەمەدا بڕوای بەتاك خوایی هەبوبێت. ئەگەر ئەسپەکەی تەرِوادە رەمزی فێڵ و لێهاتویی و شارەزایی جەنگی یۆنانێکان بێت، ئەوا شەودێزی خوسرەو وەسفە ورد و دلۆڤانەکانی خانا جێگایەکی رون و بەرچاوی هەیە، هێندەی دیاردەی شەڕو پاڵەوانێتی نەتەوەیی وەك ئەخیل و هیکتۆر و اجاممنون و أولیس لای یۆنانێکان ڕەنگی داوەتەوە،لەبری ئەوە لە شیرین و خوسرەودا خولیاو هەستی دڵداری و ئەوین و قوربانیدان بۆ ئافرەت و جوانێکانی ژیان رەنگی داوەتەوە، هەرچەندە کۆلکەی هاوبەشی هەردو لایەن هەرئافرەتیشە ! نابێت ئەوەش فەرامۆش کەین کە لای

فیردەوسی دیسانەوە پاڵەوانی نەتەوەیی و جەنگ وپێکدادانی قورس لەبەرزبونەوەدا بووە، هیگڵ دەڵێت (ئەوکاتیانەی کەپڕن لە پێکدادان، مادەی خاوی ئەو هونەری دراماین کەوێنای شێوازە پڕ لە جوانیەکان دەنەخشێنن) (7) . کوشتنی خوسرەو بەدەستی شیرۆیەی کوری لەپێناو شیرین دا، بەپێی تیۆری سیموند فرۆید گرێی ئۆدیب پاشایە، کارەساتی خۆکوشتنی فەرهاد و لاواندنەوە پڕسۆزو میهرەکەی شیرین جۆرێك لەپاكژبونەوەی دەرونی دەدات بەخوێنەر، بەڵام لای ئەرستۆ ئەم خۆکوشتنەی فەرهاد بەتراژیدیا لەقەڵەم نادرێت، چونکە لای ئەرەستۆ کاتێك پاکژبونەوەی دەرونی بەئاراستەیەکی بالا دروست دەبێت، کەپاڵەوانەکە لەچینی ئۆرۆستوکرات بێت، دیارە هەر لەبەر ئەو بەریەك کەوتنە تیوریانەیە کەنەمویستوە لەم توێژینەوەیەدا سەد دەر سەد بۆچونەکانی ئەرەستۆ پیادە بکەم، چونکە بنەماو تەوەری بۆچونە فیکری و رەخنەییەکانی ئەرەستۆ – بەهەمو گەورەیەکیانەوە – هەڵقولاوی ناخی ئەدەبی یۆنانیە، بەلام بابەتەکەی ئێمە خۆرهەلاتیەو بە ئاراستەیەکی تردا هەنگاو دەنێت، بەتایبەتی دوای بلاوبونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کەکۆتایی بەفرە خودایی دێنێت و پرۆگرامێکی ژیانی جیاواز وێنادەکات بۆ مرۆڤ.

**دوهەمین**

**کەسایەتی خانای قوبادی لەنێو داستانەکەدا**

زاراوەی کەسایەتی شاعیر، فرە مەودایە و دەشێت لەم نوسینەدا پلە بەندو دەست نیشان بکرێت، بەداخەوە تاهەنوکە مێژوی ئەدەبی کوردی زانیاری بەدەستەوە نەداوە لەسەر ئەم کەسایەتیە (8)، هەربۆیە پەنا دەبەینە بەر هۆنراوەکانی و لەونێوەندەوە هەندێك زانیاری وەدەست دێنین، دیارە ئەم پرۆگرامە بەئاراستەی ڕێبازی رەخنەگری ناوداری فەرەنسی (سانت بیف) ناروات ولە رێبازی (تین) و (برۆنتێر) نزیك دەبێتەوە، واتە بەرهەمە ئەدەبیەکە دەبێتە سەرچاوەی هەڵێنجانی زانیارێکان لەسەر نووسەر، خوێندنەوەیەکی بابەتیی شیرین وخوسرەو دەمانگەیەنێتە چەند ئەنجامێکی رێژەیی، بائەوەش بڵێم کەمەرج نیە ئەم بۆچونانەی بەندە مەبەست بپێکن و دەشێت خوێندنەوەی جیاوازتر بۆ بەرهەمەکە بکرێت:-

١- خانا هەستێکی پاکی نەتەوەیی هەبوەو ویستوێتی لە ڕێگای ئەدەب وشیعرەوە ئەو ئەرکە جیٚ بە جیٚ بکات، دیارە بەر لەو نیظامي گەنجەوی هەمان داستانی بەزمانی فارسی نوسیوەتەوە، هەرچەندە هەرخانایەکەم کەس نیە کەئەم داستانەی کردبێتە شیعر بۆ زمانی کوردی، بەڵکو خەڵکانی تریش هەن. خانا نەیویستوە کوردە هاوزمانەکانی بیٚ بەش

بــن لەبــەهرەی ئــەو داســتانە و بەســەرهاتەکانی و پــەنای بردۆتەبەر پڕۆژەی وەرگێڕانەکەی

تاکە ماجە رای شیرین و خوسرەو [9]

سەنگ تاشی ی فەرهاد، سەرگوزشت ئەو

با وەروو وە نە ظم خاستەر جەگەوهەر

بە ڕەشح خامەی شۆخ بۆ عەنبەر

راستەن مواچان فارسی شەکەرەن

کوردی جە فارسی بەڵ شیرین تەرەن

بەلفظ کوردی، کوردستان تەمام

پێش بوان محظوظ، باقی (والسلام)

دیــارە لەپــەنای وەســفکردنی زوبــانی شــیرینی کوردیــدا، داســتانەکەی و تواناکــانی خۆیــشی وەدەر دەخــات و جۆرێــك لەشانازی بەبەرهەمەکەشیەوە دەکات.

٢- لەوەدەچێت خانا مەلایەکی خاس و لێهاتو بێت، هەر بۆیە دەبینین ڕەمزە ئاینیە ئیسلامیەکان و ئیشارەت بۆ ئایەت و فەرمایــشتەکانی پەیامبــەر (د.خ) لــە هۆنراوەکانیــا ڕەنگــی داوەتەوە:

چەنی چەندین فەوج (أعلى عليين) [10]

بشی وەپای تەخت (رب العالمين)

واتش: (ياسيد، لعمرك) مەقام [11]

طه لە بكاری تۆن (حی لاینام)

زۆربەی رستەکان هێمان بۆ روداوێکی مێژوی ئیسلام، یان ئایەتی قورئان، یان فەرمایشتی پەیامبەر (د.خ)، دەشێت بەشێك لەم رستەو دەستەواژانە بە هونەری جوانناسی (علم البدیع) بە (اقتباس یان تلمیح یان عقد) دابنرێن. (نعوذ بالله ـ شیرین وخوسرەو ل٨١) (ألامرمنكم ل٨٤) (دیار البشر ل ١٠٣) (مالایطاق ل٩١)

(جنەالمأوی ل٨٦) دیارە نمونەکان ئێجگار زۆرن وئەم ئەرکە دەخەمە ئەستۆی خوێنەری ئازیزەوە.

٣- خانا شارازاییەکی زۆری لە بواری گۆرانی و ئاوازو ناوی مەقام و ئامیرەکانی مۆزیکای زانیوەو لەو نێوانە شەوە مەجلیسی ئاهەنگ و بەزمەکانی بەسەرکردۆتەوە:

فەرماش تاچل ڕۆژ بە صه د شادی و ناز [12]
ژەندەن بە ئاهنگ (عێڕاقی و حیجان)
عێڕاقی و حیجاز دوو مقامی بەناو بانگن
ساکە سەرشار بین جە بادەی گولْ گوون [13]
بەئاهەنگ ساز نەغمەی (ئەرغەنون)
منۆشا شەراب ئەرغەوانی رەنگ [14]
گۆش مدا بەساز (بەربەگ) چەنی (چەنگ)
بەنغمەی (صه نجان) شۆخ خۆش ئاواز [15]
بەدەف چی قەووال رەند چۆپی باز

٤- خانا خوێندەوارێکی بەسەلیقەی سەردەمی خۆی بوەو لەبواری زانینی زمانی عەرەبیدا زۆر لێهاتوو بوە، نەك هەر ئەمەش، بەڵکو لە زمانی فارسیشدا چارەوێی خۆی بەخێرایی تاوداوە، زانینی ئەم سێ زمانە یارمەتیەکی گەورەی داوە، نەك بۆ دەربڕینی روداو و وەسفەکان بەتەنیا، بەڵکو بۆ هێنانەوەی قافیەکان بەخێرایی و بێ وەستان، واتە سواری و حازر بەدەستی قافیەکان، چونکە جار هەیە بەعەربی و جاریش هەیە بە فارسی قافیەکانی جووت دەکات:

چون بە حوکم زات (لاأحصی) صیفات [16]
جەناب ئەقدەس (جاعل الظلمات)
*******
شەهنشا جە زەوق ئەو (قرە العین) [17]
ئەو (قوة الظهر) ظە ریف پرزەین
*******
ئاخر خوداوەند بە خشندەی بێچون [18]
کەریم بێ باك، کار (کن فیکون)
*******

کێو ماڵی ئەم بەرهەمە بۆمان دەسەلمێنێ کە موفرەدات گەلێکی عەرەبی فرە بەکاربراوە، چ بۆ لەنگەر گرتنی قافیەکان، یان دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە بەو دەستەواژانەی کەهێمای ئاینیی و مێژویی و زانیاریان تێدایە.

٥- لــەبواری وەســفی شــەرو پێکــدادان و رازاندنــەوەی مەجلیس و پێگەیشتنی دڵداران و سروشتی رازاوەدا، سنوری بەزانــدوەو وەســفەکانی وەك ئەســتێرە ئــەجریوێنن، ئــەوەی شــیاوی وتنــە بەشــێك لــەو وەســفانە لێــو ڕێــژە لــە جووڵــە و خرۆشان و ئۆقرە نەگرتن و پرە لەجو نبوشی هەمیشەیی نێو بەیتە شیعریەکان

سەر شارەن، شۆخەن،شیرەنەن رەندەن (20)

شەوقش شۆڵەی شەمع کافوری سەندەن

باخچەی روخسارش بە زەردی کەرد مەیل (21)

چون وەڵك وەزان رشتەی نەو سوەیل

تاچەندێ ئەو پۆل ئالای خاڵ خاسان (22)

رەقصان بین جە زەوق وێنەی رەققاصان

٦- شارەزایی فرەو وردی خانا لە جیهانی خشڵ و تەلای رازاندنــەوەی ئافرەتانــدا، نــەك هەرئەمــە، بــەڵکو ئامێرەکــانی چــەنگ و ژیــانی کۆشــك ولادێ و ئــامێرە دا نــسقەکان و نــاوی گــوڵ و باڵنــدە و روەکــی جــۆر بــەجۆر و دیمــەنی وەرزەکــان و ژیــانی نێــو تــەلار....، ســەرجەم وەســفی ئــەم دیاردانــە ئاســتی پێــشکەوتنی شارســـتانێتی ئـــەو ســـەردەمە دەنـــوێنن، خوێندنەوەیەکی ئەکادیمیانەی ئەم بەرهەمە، ئەوە دەسەلمێنێ کــەموفرەداتی زاری گــۆرانی ئێجگــار دەوڵەمەنــدەو دەشــێت، فەرهــەنگی زل وقەبە بگرێتــە خــۆی، مــن وای بــۆ دەچــم کــە ئــەم

شـێوەزارە لەلـە هجـەكانی تـر بەبرشـت و دەوڵەمەنـد تـر بـوە لەكاتی خۆیدا، تەنانەت ـ وەك گریمانەیەك ـ ئەگەر خانا كوت و مـت كتێبەكـەی نیظـامیـشی وەگێڕابێتـە سـەر شـێوەزاری گـۆرانی، بەڵگـەی بـەتوانایی خانـاو دەوڵەمەنـدی شـێوەزاری گۆرانیــە، بائــەوەش لەبیرنەكــەین كــە برێكــی فــرە، وشــەو دەســتەواژەی هاوبــەش هەیــە لــەنێوان شــێوەزاری گــۆرانی و فارسیدا و ئەم داستانەش گەواهی بۆچونەكەمە.

٧- زۆربەی ئەو سیفەتانەی كە خانا داویەتە پاڵ فەرهاد یان شیرین یان خوسرەو پێیان دەوترێت سیفاتی (الماهیـة) واتە نـەگۆر و هەمیشەیی و تایبـەت، دیارە ئـەم جـۆرە سیفەتە بەكارناهێنرێن بۆ جیاكردنەوەی توخمەكان، وەك پیاوی ئازا بـۆ جیاكردنـەوەی پیـاوی ترسـنۆك، یـان پیـاویی زیـرەك بـۆ جیاكردنەوەی لە كەودەن، بەڵكو ئەو سیفەتانەی كەتایبـەتن بـەخودی كەسـەكەوە، دیـارە لـەم حاڵەتـەدا جۆرێـك لـەدڵنیایی دەرونی دێتە ئاراوە بەرامبەر بەوەسف كراو. وەك:

**چون سەحەر چە نوور خورشید ئەنوار** (23)

**سەركوان پۆشان نەمەشەی گوڵنار**

**لەوەصفی خوسرەودا دەڵێت:**

**گورەی كاكۆڵش چون زوڵف حورەن** (24)

**گەردەنش طلوع صوبح بلورەن**

*****

نازك نەو هالآن زوڵف بۆ عەنبەرین [25]

گشت جەم بین جەپای ئەو رەنگ شیرین

٨- پــێ دەچـێت خانـا شـارەزا بـو بێـت لـە بوارەکـانی مەسـەلەی ئیلاهیـات و مەزەبـە جیاوازەکانـدا، خانـا رەخنـەی فـرەی لەزەمانـە گرتـوەو بـە تاقیکردنـەوە بـۆی دەرکـەو تـوە، کـەڕەورەوەی ژیـان و دەسـەلآت زوڵـم و چـەپاندن دەیبـات بەرێوەو بەکێشی دەکات، دیارە لەبەر خۆ پارێزی لـە زوڵمـی دەسـەلآت، شـاعیرەکان زاراوەی زەمانـەیان بەکارهێناوە،واتـە مەبەست لەزەمانە دەسەلآتی فەرمان ڕەوابوە:

جەگەرمی ئافتاو عەدل و ئینصافش [26]

جەبەرق شمشێر خارا شکافش

گورك و مێش جە عەدل ئەو جەمین چون شەم

صیغە ی ئیخوانی وەندشان وەهەم

بەشاهیش مەردوم بەو طە ور بین خورسەند

بەعەدل ودادش موەردن سەوگەند

لای خانـا هەمیـشە عەدالـەت سـەنگی محـەك بـوەو لـەوێوە دیاردەکـان ئاشـکرابوون، خانـا دەسـەلآتی عـادلی بەبەهەشـتی ناو زەد کردوە، تەنانەت ئەگەر موسڵمانیش نەبێت:.

مەعلوم بۆ جەلای بزورگان دەور

هەرکەس عادل بۆچون هورموز بەی گە ور

بەر گوزیدەی ذات حەیی ئەکبەرەن

مەحفوزەن جەنار ئەرصەد کافرەن
ئەر ئەوالی بیٚ عەدل شەرارەت پیشەن
بەدجینس، بەدکار، دور جە ئەندیٚشەن
وڵگەی مەملەکەت کەی مەعمور مبو؟
ئەیمەنی و راحەت جە خەلق دور مبۆ

ئەم تیٚزە فیکریەی کە خانا دەستی بۆ بردوە، کاتی خۆی لەنیٚوان موعتەزیلەو ئەهلی سونەدا کیٚشەی گەورەی نایەوەو کارگەشتە مل پەراندن و دوای سەردەمی مەئمونیش سەری موعتەزیلەکانی خستە چاڵی لەناوبردنەوە.

٩- خانا لەسەرەتای زۆربەی فەسڵەکاندا ناوی نیڤامی گەنجەوی دەباو و ستایشی لیٚهاتویی و شاعیریٚتی و بیرتیژی دەکات و بەسەر چاوەیەکی خوڕ و بیٚگەردی شاکارەکەی خۆی دەزانیٚت، ئەم هەڵویٚستە خەسڵەتیٚکی ئەکادیمی بابەتیە، چونکە ئیشارەت کردن بۆ سەرچاوە نەك ئەمانەتی ئەدەبیە بەتەنیا، بەڵکو جۆریٚکە لە مۆراڵی نوسین وەك هەر کارو پیشەیەك:

بەلیٚ جاریٚ بۆ ویٚنەی (نیظامي) [27]
شوعەرای شیرین نە ظم نادیرەی نامی
نویسندەی نەظم ئەی نامەی نامی [28]
بەی گە ور کەرد تەصدیق گوفتەی (نیظامي)
نەدیٚباجەی شۆخ ئەی نامەی نامی

بەی دەستور من دیم نە قُم (نیظامي) [29]
وێنەی (نیظامي) شوعەرای دڵ پەزیر [30]
بەی دەستور ئاوەرد بەرشتەی تەحریر

١٠- سەرنجێکی وردی بەیتە شیعریەکان دەمان گەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کەوزەی شاعیرێتی خانا ئێجگار پڕو تەنانەت سەرڕیژی کردوە، خوێنەر لەنێو گوڵزاری بەیتە شیعرێکاندا هەست بەزۆر لەخۆکردن و داتاشین و نەساچان ناکات، وەسفە ناسك و ڕوداوە فرەکان هێند ئاوێزانی موفرەداتی شیعر ئامێزو ئاهەنگ و مۆزیکای ناوەوەی بەیتە شیعرێکان بوە، کەئەمە بەڵگەی شاعیرێتیەکیی خۆرسك و رەوان و بێ گرێ وگۆڵە.

خانا بۆ دەربڕینی مەبەستە جیاوازەکانی پەنای بردۆتە بەر لێك چواندن و خوازە و کینایە، دیارە ئەم هونەرە بەلاغیانە بربرە پشت و خولقێنەری خەیاڵی فراوانی شاعیرن، وێنە شیعرێکانیشی بریتین لەتوخمەکانی سروشت بەهەمو جوانی و سیحرێکیەوە، بائەوەش نەبوێرم کە زۆربەی وێنە شیعریەکانی هەست پێ کراو و رون و دیارن و دورن لە زەین ئارایی و قووڵ داچوون و خۆ ونکردن لە دەریای واتای فەلسەفە ئامێزو تەجریداتدا.

١١- نیزامی گەنجەوی لە بواری داڕشتنی ئەم جۆرە حیکایەتە داستان گەرایەدا تواناو لێهاتوییەکی فرەی پیشان

داوەو لە هەوڵی ئەوەدا بوە کە ئەم حیکایەتانە لە دەماودەمی نێو خەڵك‌و فۆرمی بەیتی میللیەوە بگوێزێتەوە بۆ تێکستی کامڵ‌و ئەم جۆرە عیشقە خۆرهەڵاتیە پڕ ئەفسونە بە نەمری بهێڵێتەوە. تائێستا پێنج بەرهەمی نیزامی گەنجەوی چاپکراو، بە خوێنەر ناسراوە، کە بریتین لە (خوسرەو و شیرین، مخزن الأسرار، لیلی و مجنون، هفت پەیکەر، اسکندر نامە)، با ئەوەش لەیاد نەکەین کە بەر لە نیزامی گەنجەوی فیردەوسیش لە شانامەکەیدا ئاوڕی لەم جۆرە عیشقە دلۆڤانە داوەتەوە، جگە لەویش (لامعی) لەهەمان بابەتدا ئەسپی خۆی تاوداوە، بەڵام بە ئاراستەی عیشقی ئیلاهیدا حیکایەتەکەی رسکاندوە، نابێت لەم بوارەدا شیرین‌و فەرهادەکەی نازم حیکمەتیش لەبیر کرێت کە بە زمانی تورکی نووسیویەتەوە.

سەرجەم ئەم بابەتانە کاریان کردۆتە شاعیرانی کوردو لە چوارچێوەی شیعری جۆربەجۆردا ئەم خۆشەویستیەیان نەخشاندوە.

ئەوەی کە جێی سەرنجە جێگۆڕکێ کراوە بە فەرهادو خوسرەو لە پابەندبون بە ئەوینی شیرینەوە، لە هەندێکیاندا تەنها فەرهاد پاڵەوانی سەرەکی عیشقەکەیە، لە هەندێکی تردا خوسرەو، هەمان دیاردە لە ئەدەبی عەرەبیدا بەرچاو دەکەوێت، جارێك قەیس دووچاری عیشقی لەیلایە، جارێك مەجنون، بەڵام لای خانای قوبادی هەردوکیانن، واتە فەرهادو

خوسـرەو و هـەر هەردوکیـشیان دەبنـە قوربـانی گەیـشتن بـە شــیرین، بــەڵام هــەر یــەکی بــە شــێوازێك، هەرچــەندە خۆکوشتنەکەی فەرهاد تەراژیدی ترەو خەمێکی قووڵ لـە دڵو دەرونـی خوێنـەردا جـێ دێڵێـت، نـەك هـەر ئەمـەش بـەڵکو ئاکـارێکی هونـەریو مێـژوویی بـە تـەوێڵی کـەژی بێـستونەوە دەنەخـشێنێ، بـەڵام کـوژرانی خوسـرەو حاڵـەتێکی نامۆیـە لـە کۆمـەڵگای خۆرهەڵاتیـدا. ئـەوەی کـە جێـی سـەرنجە ئـەم چـوار نەتەوەیــە عــەرەب، کــورد، فــارس، تــورك لــە قۆنــاخێکی کۆمەڵایەتی تایبەتداو لەم بوارەدا هاو میزاج و سۆز بون و ئـەم دیـاردە خۆشەویـستیەش بەشـێکە لـە پاشماوەکـانی منـداڵیی (الطفولة) مرۆڤایەتی.

١٢- ســەرجەم کێــشی هۆنراوەکــانی خانــای قوبــادی دە بڕگەییەو دیارە ئەم کێشە کراسێکەو کراوەتـە بـەر هـۆنراوەی شــێوە زاری گــۆرانی، بــەڵام کێــشی شــیعرەکانی نیزامــی گەنجـەوی یـانزە بڕگـەیین و هەنـدێك جـاریش دەچـنە سـەر عـەروزی عـەرەبی، واتـە خانـا لـەم فۆرمـەدا لاسـایی نیزامـی نەکردۆتـەوەو پێـڕەوی فۆرمـە خۆماڵیەکـەی کـردوە، کـە جـووت قافیەی دە بڕگەییە.

١٣- نیزامی گەنجەوی لە پێشەکی کتێبەکەیدا پیاهەڵدانو ستایـشێکی زۆری مـیرو فـەرمانڕەوا باڵاکـانی سـەردەمەکەی کـردوە، وەك (طغـرل ارسـلان، أتابـك اعظـم شمـس الـدین ابـو

جعفر بن ایلدگز، شاه مظفرالدین قزل ارسلان) بەڵام خانای قوبادی بەلای ئەم ستایشانەدا نەچوە، چونکە ئەمانە بەر لەو ژیاون‌و هیچ پەیوەندیەکیان بەوەوە نەبوە، ستایشی خانا هەر بەتەنیا بۆ خوداو پەیامبەرو یاوەرانی‌و پیاوچاکان بوە، جگە لەمەش لە (١١) لاپەڕەدا، وەك پێشەکیەك (میعراج نامە)ی بە هۆنراوە رازاندۆتەوەو ستایشی خودای تیا کردوە.

١٤- خانای قوبادی لە هەندێك وەسف‌و پیاهەڵدان‌و روداوی لابەلا بەتایبەت لە دیارخستنی ئەوینی لاهوتیانەی فەرهاد، لە نیزامی قووڵتر داچوەو شتی زۆری وتوە، ئەم زیادەڕەوی‌و پەلهاویشتنە بەتەنیا بریتییە لە بەرهەمی خەیاڵی شاعیر، خۆ زۆر جارانی تر ئەم زیادەڕەویانە بەرهەمی خەیاڵی میللەتن و ئیتر شاعیرەکان بە میزاجی خۆیان روداو و دیمەنی نوێ‌و ئاخافتن...هتد دەخەنە سەر حیکایەتەکان، یان هەندێکیان هەر لای ئەبەن، یان گۆڕانکاری تیا دەکەن.

١٥- لەبارەی هونەری وەرگێڕانەکەوە، دەتوانین بڵێین، خانا بەتەنیا ناوەرۆکی حیکایەتەکەی گەنجەوی وەرگێڕاوە، واتە وەرگێڕانی پڕاوپڕی دەقی نەکردوە، کە دەکاتە شێوەو ناوەرۆك. با ئەوەش نەبوێرم کە لەگەڵ وەرگێڕانی ناوەرۆکی شیعرەکاندا، خانا زۆرجار خەیاڵی فراوان‌و وردەکاری میتافۆرو ستاتیکای داڕشتنێکی ئێجگار وەستایانەی خستۆتە سەر وەرگێڕانەکە، ئەم ئازادی‌و دەسکرانەوەیەی

خانا لە بواری وەرگێڕانەکەدا گەیاندومیەتە ئەو بڕوایەی کە بڵێم بەرهەمەکەی خانا داهێنانێکی نوێی ترە، بەلاّم بە تێکستێکی هونەری بالاّی خۆماڵی، کە ڕۆحێکی کوردانەی وای پێ بەخشیوە کە هەست نەکرێت ئەمە بەرهەمێکی بیانیی وەرگێڕراوە.

١٦- مەرج نیە سەرباسی ڕووداوەکان لای گەنجەوی و خانا چون یەك بن، هەندێك جار گۆڕانی تیا کراوە، بە پاش و پێشی وشە، یان دانانی وشەی هاوتا (مرادف)، یان لابردنی وشە، یان زیادکردنی، هەرچەندە زنجیرەی ڕوداوەکان، بەشێوەیەکی گشتی چون یەکن، بەلاّم وەك چەندێتی زیادو کەمی هەیە.

هەر بۆ نموونە: خانا ئەم سەرباسەی وا نووسیوە (حیکایت کردن شاپور أز شیرین ل٤٠)، بەلاّم لای گەنجەوی وتراوە (حکایت کردن شاپور أز شیرین و شەبدیز ل٤٦ – نیزامی گەنجەوی)، واتە وشەی (شبدیز)ی زیادکردوە، خانا بۆ سەرباسی دوای ئەمە نوسیویەتی (روانە نمودن خسرو شاپور را بأرمن بجهت شیرین – خانا، ل٤٩)، بەلاّم گنجوی وای نوسیوە (رفتن شاپور در أرمن بە طلب شیرین – نیزامی ل٥٠) دیارە جیاوازی هەیە لەنێوان واتای هەردوو سەرباسەکەدا.

هەندێك سەرباس لای خانا هەیەو لای گنجوی نیە، بۆ نموونە (خبر پرسیدن شاپور مکان شیرین را، خانا ل٥٥) دیارە (٤) لاپەڕەی بەمەوە کوشتوە، کە لای گنجوی بوونی نیە، ئەم زیادەڕەویانە بەتایبەتی لە بواری وەسفدا، بەرهەمی خەیاڵی خودی خانایەو لە فەرهەنگی کارەکەی گنجوی دا نیە.

نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە چڕی واتابەخشیی لە زمانی فارسیدا زۆرترە لە زمانی کوردی، واتە دەشێت (٣) بەیتی فارسی بە چوار یان پێنج بەیتی کوردی وەربگێڕدرێ، دیارە خودی وەرگێڕانەکەش پەیوەندی راستەوخۆی بە ئاستی زمان زانی وەرگێڕەکەوە هەیە، نەك هەر ئەمەش، زۆرجار خودی بابەتەکە رۆڵی کارا دەبینێ لە سروشتی خەسڵەتەکانی وەرگێڕاندا، با ئەوەشم لەیاد نەچێت کە دەشێت وەرگێڕ خیانەت لە هەردوو زمان بکات!

**سه‌رچاوه‌كان:**

١- خوسره‌و شیرین ـ خانای قوبادی ـ رێكخستنی محه‌مه‌دی مه‌لاكه‌ریم چاپخانه‌ی كۆڕی زانیاری كورد ـ

٢- الادب و فنونه ـ محمد مندور ـ دار نهضة مصر للطباعة و النشرو التوزیع ٢٠٠٠ ل٤٢.

٣- شیرین و خوسره‌و ل ٢٥.

٤- الدراسات الأدبیة المقارنة ـ علم الآدب المقارن ـ الشرق و الغرب ـ الجزء الثاني ـ نقلها عن العربیة د. عزالدین مصطفی رسول ص ٥٨-٦٠ مطبعة شظان ٢٠٠٠

٥- هیجل ـ الآعمال ـ المجد الثاني عشر ص ٢٢٣

٦- نظریة الآدب ـ عدد من الباحثین السوفیت ل ١٥٠ ترجمة الدكتور ـ جمیل نصیف التكریتي ـ دار الرشید للنشر ١٩٨٠ص ١٥٠

٧- هیجلَ ـ الاعمال ـ المجلد الثاني عشر ص ٢٠٨ـ ٢٠٩

٨- بڕوانه:گۆڤاری رۆشنبیری نوی ژ ١١٧ ساڵی ١٩٨٨ (چه‌ند شاعیری كورد شیرین و خوسره‌و یان داناوه) محمد عه‌لی قه‌ره‌داخی.

٩- خوسره‌و شیرین

١٠- شیرین و خوسره‌و ل٨

١١- شیرین وخوسره‌و ل٩

١٢- شیرین و خوسره‌و ل ٢١

١٣- شیرین و خوسره‌و ل ٦٢

١٤- شیرین وخوسره‌و ل ١٣٨

١٥- شیرین و خوسره‌و ل ١٤٠

١٦- شیرین و خوسره‌و ل ٣٦

١٧- شیرین و خوسره‌و ل١٩

١٨- شیرین و خوسره‌و ل ١٩

١٩- شيرين و خوسرەو ل٨٦
٢٠- شيرين و خوسرەو ل ٤٥
٢١- شيرين و خوسرەو ل ٧٣
٢٢- شيرين و خوسرەو ل ٦٢
٢٣- شيرين و خوسرەو ل ٥٧
٢٤- شيرين و خوسرەو ل ٨١
٢٥- شيرين و خوسرەو ل ٩٣
٢٦- شيرين و خوسرەو ل١٥-١٦
٢٧- شيرين و خوسرەو ل ٥٧
٢٨- شيرين و خوسرەو ل٤٠
٢٩- شيرين و خوسرەو ل٢٧
٣٠- شيرين و خوسرەو ل١٣٩

کۆڕی نەتەوەیی ئەردەڵان ناسی

مێژوو، فەرهەنگ، زمان و ئەدەب

کات ٢١/نۆڤەمبر/٢٠١١

ژمارە ٣١/٣٩١٧٩

**مامۆستای هێژا بەڕێز دوکتۆر ڕەئوف عوسمان**

**پاش سلاو و حورمەت**

بەشداری ئێوەی ئازیز لە **کۆڕی نەتەوەیی ئەردەڵانناسی** لە ڕۆژانی ٢ و ٣ی مانگی سەرماوەزی کوردی، بەرامبەری ٢٣ و ٢٤ی نۆڤەمبری ٢٠١١ی زایینی، لە هۆڵی مەولەوی زانستگای کوردستان لە شاری سنەدا و پێشکەش کردنی وتارێکی زانستی بە ناوی «خوێندنەوەیەکی فرەمەودا بۆ شیرین و خوسرەوەکەی خانای قوبادی» بووە مایەی خۆشحاڵی بەشداربووان و ڕەونەقی کۆڕەکەی زیاتر کرد.

بەم بۆنەوە پێزانینی گەرمی خۆم و تەواوی بەڕێوبەرانی ئەم کۆڕە زانستییە ئاراستەت ئەکەم هیوادارم کە هەردەم لە قەڵەمی هێژات بەهرە وەرگرین.

لەگەڵ ڕێزی دووبارەمدا

دوکتۆر نەجمەدین جەباری

سەرۆکی توێژینگەی زمان و ئەدەبی کوردی و

نووسیاری زانستی کۆڕی نەتەوەیی ئەردەڵانناسی

زانستگای کوردستان

٢ و ٣ سەرماوەزی ١٣٩٠

٢٣ و ٢٤ نۆڤەمبری ٢٠١١

# ڕۆژی قیامەت

تەمەنی هاوڕێیەتی بەندە و کاك عومەر مەعروف بەرزنجی، خۆی دەدات لەنیو سەدەی ڕەبەق، بەڵام هەمیشە تەرمۆ مەتری ئەم هاوڕێیەتییە پیرۆزە نەك لەیەك پلەی وەستاودا نەبووە بەتەنیا، بەڵکو جار هەبووە گەیشتوەتە پلەیەکی ئێجگار داکشاو، دیارە هەست ناسکی شێخ عومەر و جا ر جارەش خۆش باوەڕی بەنەیارو موشاغبەکان کاریگەری سەختیان هەبووە لە ئاڵۆزی ڕەوشەکەدا، بەڵام بائەوەش بلێم تەنیا تاڵی نەبڕی ئاوریشمین، کەهەمیشە ڕۆحی هەردوکمانی پێکەوە شەتەك داوە، هاوڕێیەتی بێ پێچ و پەنا و مەبەستی کاتی و داکۆکی کردن لەحەق و ملنەدان بەروپامایی و پەت پەتێن بووە لەڕۆژ گارێکی پڕ لە گۆڕانکاری ئەو تۆ کە -ئەسەف- بەهای وشە هێندە بێ ڕێزکراوە، کەوەککا و جۆ ڕژێنراوەتە سەر سفرەی دەسەڵات دارانەوەو ئاتەڵ و واتەڵی سەیری پێ کراوە ! شێخ عومەر هەمیشە ملی لەموو باریکتر بووە لە بەرامبەر حەقیقەتدا، وەك لۆکە نەرم و نۆڵ بووە بەرامبەر لێقەو ماو و بەشخوراوان، بەڵام لەهەمان کاتدا قەڵەمەکەی تیژ تر لەڕم، هەڵوێست و جوامێرێکانی باڵا زرافتر لە پیرە مەگرون،

وزەی تۆکمەو قایمتر لە قەندیل بەرامبەر تەپۆڵکەی دارماوی نا عەدالەتی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی و زوڵم و زۆر، ئەوەندەی من ئاگام لێبێت قەڵەمە ماندو نەناسەکەی چرکەیەك لە ژیانیا کۆی نەکردوە لە ئامبازبونەوەی بوێرانە بەرامبەر بە هیچ کەس لە پێناوی حەقیقەت و راستیدا؟ ئەو لەچی بسڵەمێتەوە؟ لەکێ بترسێت؟ مل بەکێ بدا؟ بۆ لەم دنیایەدا بستێ زەوی هەیە؟ کێ پارچە لۆکەیەکی سۆزی خستۆتە سەر برینە قووڵەکانی؟ کێ بێشکەی خەمەکانی ڕاژەندوە؟ لەکامە ساراتینی تەمەندا چارەوێی خۆشگوزەرانی و بەختیاری تاو داوە؟ لەوانەیە بەشێك لە هاورێکانی نەتوانن وەك ئەم منەتیان بەکەس نەبێ چونکە پەرژوەندێکانیان وا دە خوازێت، بەڵام شێخ، هەرگیز نەچۆتە بەردەرگای کاربەدەستان و وشەیەکیشی بەمەبەستی پەرژوەندی تایبەتی بەکەس نەفرۆشتووە و نەفس بەرزییەکەی هەموو سنورەکانی بەزاندووە.

بەپێی سەرەداوی ئە وزانیاریانەی کەدەستم کەوتون چ لەمەڕ ئەم ئەدگارەی کوردستانی نوێ، چ لە نوسینەوەی کتێبێك بە ناوی (ماڵتان ئاوانەبێ)، دەشێت شێخ عومەرلەو کتێبەدا تیغی زمانی دەمەزەرد کردبێتەوە و کوورەی رۆژی قیامەتی داخستبێت، ئەو ڕۆژەی کە (یوم لاینفع مال ولابنون). دیارە وەك بیستومەتەوە لەم کتێبەدا جاڕی جەنگی مەغلۆبەی بۆ خەڵکێکی فرە داوەو لە پەراوێزی یادەوەریێکانیا دەیان پەتی قەنارەی بۆ نەیارەکانی هەڵخستوە و تەنانەت بەڕۆژی

نێوەڕۆ رەشەکوژییەکی راگەیاندوە و قەتڵ و عامی کردووە بەسەر لەوحەی بابەتەکانی، کێ دەڵێت بەندەش لەپەراوێزێکدا ملی نەکراوە بەسێدارەدا !.

قەڵەمەکەی شێخ عومەر هەمیشە وەك گڵۆپی نێوان دوبەرەی نەیار نەخشەو کەندو لەندی ئەرزی حەرام ئاشکرا دەکات وشمشێری نێوان راستی و ناراستییە، هەن دەڵێن ویژدانی باری کۆمەڵایەتی ئەدەب و روناکبیری لە نێوەندی ئەدەبی سلێمانیدا لەنوکی قەڵەمەکەیەوە چێ دەبێت، دیارە ئەمە شەرەفێکی گەورەیەو بەسامان و پلەو پایە و یەری یەری ئەم و ئەو بەدەست نایەو هیوادارم دڵ ناسکی و حەساسیەتی لەڕادەبەدەر ئەم بەها ئەدەبی و کۆمەلایەتییە بالأیە لەدەست نەدات. لەوانەیە هەبن لەدنیای ئەدەب و داهێناندا زۆر لەپێش شێخ عومەرەوەبن، بەڵام وەك ئەم لە ویژدانی میللەتەوە نزیك نەبن، وەك ئەم روی نازیان لای هەمو لایەك نەبێت، وەك ئەم خەڵکەکە بڕواو متمانەیان پێ نەکەن و پریا سکەی دڵیان لانەکەنەوە، هەر بۆیە سلێمانی جێگای یەك شێخ عومەری تیا دەبێتەوە و هەر ئەویشە بەر لەگشتمان وئێستەشی لەگەڵ بێت خەمەکانی شاری کردۆتە کۆڵ و بەئامان و زەمان لێی جیانابێتەوە.

# لەنێوان هەردو پایتەختی روناکبیریی بەغداو سلێمانیدا

**رونکردنەوەیەکی پێویست:**

له رۆژانی (١٣، ٢٠١٢/١١/١٤)دا له شاری بەغدا، وەزارەتی رۆشنبیری عیراق، به هاوکاری یەکێتی ئەدیبو نوسەرانی عیراق، میهرەجانێکیان رێکخست بەناونیشانی (بغداد عاصمة الثقافة العربية)، داوا له بەنده کرابوو که موحازەرەیەك بۆ ئەو میهرەجانه ئاماده بکەم، ئەز بڕیارمدا که دەبێت تەوەری سەرەکی موحازەرەکەم شاری سلێمانی بێت، لەبەر دوو هۆ: یەکەم: ئەمساڵ سلێمانی پێ دەخاته تەمەنی ٢٢٨ ساڵەیەوەو دەبێت دەستو دیاری منیش ئەم موحازەرەیه بێت. دوەم: سلێمانی پایتەختی روناکبیری کوردستانەو لەگەڵ کەمی تەمەنیو بێ بەشکردنی میللەتی کورد له مافی چارەنوسو خودحوکمداریدا، هیچی کەمتر نیه له بەغدا. نابێت ئەوەش له یاد بکرێت که دەقی موحازەرەکه به زمانی عەرەبی بوو، هەرچەنده له روی دارشتنو ستاتیکای فۆرمو جوانکاریەکانی میتافۆرەوە، زمانی دەقه عەرەبییەکە، گەشو پاراوتر بوو لەم

وەرگێڕانەی ئێستای بۆ زمانی کوردی. دیارە بڵاوکردنەوەی موحازەرەکە دەبێت هەر لە گۆڤاری سلێمانی ئازیزدا بێت، چونکە پەیوەندی راستەوخۆی بە میتۆدی کاری ئەوەوە هەیە، ئەوە بوو لەسەر داوای بەڕێز کاك أحمد حسین وتارەکەم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، چونکە بەڕێزی رای وابو، کە مەرج نیە هەموو خوێنەرانی گۆڤارەکە عەرەبی بە باشی بزانن، با ئەوەش بزانرێت، کە لەپڕ دەنگێکی ناسازی دەمارگیری (بشیر حاتم) ناوێك کە یەکێك بوو لە موحازیرەکانی دوای من، لەسەر میکرۆفۆنەکە وتی: ئێمە نە هاتوین لە پەنای بەغداوە تایفەگەریو نەتەوەچێتی بکەین، گەرەکە بەتەنیاو تەنیا هەر باسی بەغدا بکرێتو هیچی تر!!

میوانێکی فرە لە بەغداو شارەکانی عیراقو کوردستانەوە ئامادەییان هەبو، لە سلێمانیەوە کاك جمال بابان و د.هۆگر شێخ محمود و بەندە بانگهێشت کرابوین، بەڵام مەخابن لەو هەمو پەرلەمانتارو بەرپرسو وەزیرو مەنسولە! سفرەدڕە کوردانەی بەغدا، یەك کەس ئامادە نەبو جگە لە د.لەتیف رەشید و د.موفق دەرگەڵەیی نەبێت. ئەوەی شایانی وتنە کاك حسین جاف جێگری سەرۆکی نوسەرانی عیراق رۆڵێکی بەرچاوی هەبو لە ئیدارەدانی میهرەجانەکە.

بەندە لە کۆتایی میهرەجانەکەدا وێنەیەکی گەورەی مەلیك مەحمودم پێشکەش بە گازینۆی شابەندەر کرد، کە مەڵبەندی

کۆبونـەوەی ئـەدیبو نوسـەرانی عیراقـە، ئـەوەی کـە جێگـای سـەرنج بـو رونـاکبیرو کەسـایەتیە گـەورەکانی بەغـدای وەك سـامی ئالوسـی و ئەلفرێـد سـەمعان و د.عبدالواحـد محمـد و خـەڵکێکی زۆر، بـە پەرۆشـەوە داوایـان دەکـرد کـە بـا لـەپاڵ وێنەکـەی مـەلیك مـەحمودا رەسـم بگـرن بـۆ یادگـاریو پـیرۆزی ئـەم کەسـایەتیە پـڕ لـە هیمـەتو قارەمانـە، وادیـارە تائێـستا رونـاکبیرە دێرینـەکانی بەغـداو عـیراق کاریزمـای کەسـایەتی شیخ محمود هەر لە ناخیانەیە، دیارە ئەمەش شانازیەکی تـری میللەتی کوردو شاری هەڵمەتو قوربانیە.

ناونیشانی موحازەرەکەم بە عەرەبی {بین عاصمتي الثقافة بغداد والسليمانية} بوو.

پوختەی موحازەرەکە:

خوداوەنـدی میهرەبـان پرشـنگی رونـاکبیریو جـوانی هەمیـشەیی سروشـتو رونـاکی داهێنـانی بەخـشیوەتە ئـەم دو پایتەختە روناکبیریە، ئەم دو پایتەختە رۆشنبیریە بـە درێـژایی تەمەنیان، پیڵوی ئارامیان لەژێر دەسـەڵاتی هـیچ داگیرکەرێکدا لێـك نـەناوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەمیـشە دوچـاری دڵرەقـی داگیرکـەرانو زوڵمـی سـوڵتانەکانو چـورتمی زەمانـە بونەتـەوە، ئەم دو پایتەختە بە درێژایی مێژوو باوەشی گەرمو پڕمیهریـان واڵا بـوە بـۆ شـاعیرو روناکبیرەکـانو بوونەتـە لانکـی ئـەدەبو رۆشنبیری.

قووڵایی ستراتیژی هەموو پایتەختێ لە هەرێم‌و شارەکاندا خۆی دەبینێتەوە، هەمیشە پایتەختەکان بە شاکاری داهێنانی هەرێم‌و شارەکان گەش بونەتەوەو لەوێوە گوڕو تینیان دراوەتێ، دیارە بەپێی ئەم هاوکێشە (جیو روناکبیریە) دەبو پایتەختیش ئاسودەیی‌و بنەختەوەری‌و داهێنانی ببەخشایەتە هەرێم‌و شارەکان!!

شاری سلێمانی لەگەڵ کەمی تەمەنیا ٢٢٨ ساڵ، بە پایتەختی روناکبیری کوردستانی عیراق دەژمێرێت، هەمیشە بالآی زرافی روناکبیری‌و هەڵوێستی جوامێرانەی ئەم شارە بەسەر کوردستانی خواروودا روانیویەتی‌و لە ترۆپکا گیرساوەتەوە، تەنانەت ئەو نەیارانەی کە زوڵمیان لە شار کردوە، دانیان بە میهرەبانی‌و ئازایەتی ئەم شارەدا ناوە، ریچ‌و میجرسون‌و میجرنوئیل هەمیشە وتویانە کە روناکبیرەکانی ئەم شارەو تەنانەت مەحمود پاشای بابانیش، پێش سەردەمی خۆیان کەوتون، کاتی خۆی سەدام حسین دەیوت: سلێمانی شارێکە بە کەس کەوی نابێت، هەرچەندە ئەوەی کە ئەم دوژمنانە بە سلێمانیان کرد نە تەیموری لەنگ و نە ئیبن قەلاوون بە بەغدایان نەکرد.

لێرەدا، تەنیا چەند نمونەیەکی کەم دەهێنمەوە بۆ بە پایتەخت بوونی ئەم شارە:

١- یەکەمین قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی لەسەر

دەستی نالی و سالم و کوردی دا دروست بوو.

٢- یەکەمین قوتابخانەی شیعری ڕۆمانتیکی کوردی لەسەر دەستی مەولەوی تاوگۆزیدا هاتەکایەوە، کە ئەویش سەر بە هەمان پارێزگایە، ناسناوی (مەولەوی کورد) هاو نەزم و بارتەقای مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی ناسراو بە (مەولەوی)یە، کە یەکێکە لە شاعیرە جیهانێکان.

٣- یەکەمین تازەکردنەوەی شیعری کوردی هاوچەرخ، عبداللە گۆران و نوری شێخ ساڵح و رشید نجیب هێنایانە ئاراوە.

٤- شێخ مارفی نۆدێ یەکەمین کەسە، نەك لەنێو کوردا بەتەنیا، بەڵکو لە هەمو عیراق و عالەمی عەرەبیدا، کە بابەتەکانی (النحو الصرف، البلاغة، علم الأصول، الفقه، آداب البحث، المناظرة، علم الفرائض، العلوم البدیعیة، قاموس الأحمدي) بکاتە نەزم، ئەم زاتە دەیان زانای گەورە لەژێر دەستیا پێگەیون و ناوبانگی گەشتۆتە ئەستەمبوڵ و تاران و بەغداو جیهانی ئیسلامی.

٥- شۆڕشگێڕی گەورەی کورد مەلیك مەحمود، هاوبەشی شەڕەکانی شوعەیبەو شۆڕشی بیستی کردوەو شەهیدی فرەی بەخشیوەتە ئەم نەبەردانە، لە مێژوی هاوچەرخدا دووجار خوێنی کورد ڕژاوەتە سەر لمی بیابانەکانی عیراق، جارێك لەپێناوی پاراستنی برایەتی کوردو عەرەبدا، جارێکیش

سەدامی خوێن ڕێژ لە بیابانەکانی عەرعەرو سەماوەو نوگرەسەلماندا گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنجامداوە.

شاعیرە کوردەکان، هەمیشە گۆرانیان بە بالأی ئەم برایەتیەدا وتوە. فایەق بێکەس دەڵێت:

دۆستێتی کوردو عەرەب زۆر کۆنە مێژو شاهیدە
ناحەزی دوژمن لە داخا با یەخەی خۆی دادڕێ

گۆران دەڵێت:

برای عەرەبی چاو ڕەشم
تاڵ بوو بەشت، تاڵ بوو بەشم
لەیەك کاسە (تاڵی) نۆشین
برایی کردین بە هەنگوین

نابێت هەڵوێستی مەردانەی جەواهیریشمان لەبیربچێت، کە چامەیەکی دورو درێژی بۆ میللەتی کورد وتوە:

قلبي لكردستان يُهدى والفمُ
ولقد يجود بأصغريه المعدمُ

٦- یەکەمین ڕۆژنامەی کوردستانی عیراق (پێشکەوتن)ە، کە لە سلێمانی دەرچوە، هەر بەدوای ئەمانەشدا مەلیك محمود ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، أميد استقلال)ی دەرکرد، لە پایتەختی حوکمدارێکەیدا کە سلێمانی بوو.

٧- لە ساڵی ١٩٣٠دا لە بەغدا (جمعية الشباب) دروست

کرا، دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە مامۆستا ابراهیم أحمد و شاکر فتاح و عبداللە گۆران بوون.

٨- یەکەمین حیزبی سیاسی کوردی کە حیزبی هیوایە لە ساڵی ١٩٣٩ لە سلێمانی دامەزرا، دوای حەفتا ساڵ یەکەمین جوڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن کە (گۆڕانە)، هەر لە سلێمانی، لەسەر دەستی تێکۆشەری ناوداری کورد کاك نەوشیروان مصطفی دامەزرا.

٩- لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا، مەجالیسی ئەدەبی و روناکبیری لە سلێمانی هەبوە، عەلائەدینی سەججادی و پیرەمێردو گۆران و رەمزی مەلا مارف و بێخودو شێخ محمدی خاڵ و ابراهیم احمدو گەلێکی تر، ئەم مەجلیسانەیان بەڕێوەبردوە یان لە ماڵی خۆیان، یان لە مزگەوت و دیوەخانەکانیان، جگە لەوەش لە چاخانەکانی (حەمەرەق) و (مام علی) و (الشعب)، ئەدیب و هونەرمەندان مەجلیسیان هەبوە، هەروەك گازینۆکانی (حسن عجمی) و (الزهاوي) و (البلدية) و (البرلمان) و (شابەندەر) لە بەغدا.

١٠- هەردو پایتەختە روناکبیریەکە، بە درێژایی مێژو نالاندویانە بەدەست داگیرکەرەوە، هۆلاکۆ زۆربەی هەرە زۆری کتێب و دەسنوسەکانی بەغدای سوتاندو و خستیە روباری دیجلەوە، بە فەرمانی میجرسون و ئەدمونسیش کتێبخانەی بابانیەکان کە (٦٠٠٠) دەسنوسی تیابوو لە مزگەوتی گەورە،

بـە بەرچـاوی خــەڵکی شــارەوە ســوتێنرا، جگــە لەمەشــیان جــارێکی لەپێــشترو لـــە ســـەردەمی بابانیەکانـــدا، ســـوپای عوسمـانلی خـوێن رێـژو داگیرکـەر، دای بەسـەر سـولەیمانیداو کاولی کرد، وەڵامەکەی سالمی شاعیر بۆ (نالی) چمکێکی ئەو زوڵمو زۆرە دەردەخات.

عیراقیــەکان هاوبەشــیەکی کارایــان کــردوە لــە بنیاتنــانی بەغــدادا، دیــارە هــەر شــارەو بــەپێی توانــای خــۆی، بــەڵام روناکبیرە گـەورەکانی سلێمانی هـەردەم سەرچاوەیەکی گـەش بون بۆ بەغداو هەمیشە عیراقو بەغداش قەرزارباری سلێمانیە، لێـرەدا نـاوی کـەمێك لـەو رونـاکبیرە جوامێرانـە دەخەمـە پـێش چاو:

١- مــەولانا خالیــدی شـــارەزوری، کـــە دامەزرێنــــەری رێبـازی نەقـشەبەندی بـوە، لـە بەغـدادا ئـەم کەڵـەپیاوە رۆڵــی بەرچـاوی هــەبوە بــۆ ئیرشــادو تــەدریسو مۆچـیاری خــەڵکی بەغدا، تا ئـەم دواییـەش (التكیـة الخالدیـة) کە نزیـك وەزارەتـی دیفـاع بـوو، وە بـەناوی خۆیـەوە نـاونرابوو، هـەرمابو، مـەولانا لـــەو تەکیەیـــەدا تەدریـــسی دەکـــردو عـــیلمو زانـــستی بڵاودەکـردەوەو هـەمو گـەورەپیاوانی بەغـدا رویـان تـێ دەکـردو لە مەجلیسەکانیا ئامادە دەبوون.

٢- عبـدالکریم المـدرس: مـوفتی یەکـەمی عـیراق بـوەو لـە مزگــەوتی شـــیخ عبـــدالقادری گـــەیلانی تەدریـــسی کـــردوە،

هه‌میشه له به‌غدادا مه‌رجه‌عی یه‌كه‌می فیقهی و عیلمی بو، قازی و مه‌لاو مامۆستای زانكۆو خوێندكار، هه‌میشه رویان تێ ده‌كردو وه‌لامی پرسیاره‌كانی ده‌دانه‌وه، ئه‌م زاته به زمانی فارسی و كوردی و عه‌ره‌بی، كۆمه‌ڵێك كتێبی ئاینی و ئه‌ده‌بی داناوه.

٣- قازی شیخ محمدی خاڵ، ئه‌ندامی كۆڕی زانیاری عیراق و كورد بوو، به هه‌ردو زمانی عه‌ره‌بی و كوردی دانراوی هه‌یه‌و وه‌ك مه‌رجه‌عێكی زانستی له به‌غدا هه‌ڵسوكه‌وتی له‌گه‌ڵ ده‌كرا.

٤- محمد فیضی الزهاوی: ئه‌م كه‌ڵه جوامێره زانایه له بنه‌چه‌دا ده‌چێته‌وه سه‌ر فه‌قێ ئه‌حمه‌دی داره‌شمانه‌و بابانه‌كان، ئه‌م زانا میهره‌بانه سه‌رۆكی هه‌موو مه‌لاو مامۆستاكانی به‌غدا بو، نه‌ك هه‌ر ئه‌مه، به‌ڵكو موفتی هه‌موو عیراق بوو، له به‌غدا وه‌ك شاعیری ناودار عبدالباقی العمری ده‌ڵێت: وه‌ك ئیمامی شافعی مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ ده‌كرا، خوێندكارو زاناو خه‌تیب و قازی، هه‌میشه رویان تێ ده‌كردو سودیان له زانسته‌كه‌ی وه‌رده‌گرت و وه‌لامی پرسیاره‌كانی ده‌دانه‌وه، ئه‌م زاته دوو كوڕی هه‌بوو كه هه‌ردوكیان سه‌رتۆپی شاری به‌غداو عیراق بوون:

یه‌كه‌میان: محمد سعید الزهاوی بوو كه ئه‌میش له‌به‌ر زانایی و لێهاتویی كرابوه موفتی هه‌مو عیراق و كه‌ڵه‌پیاوێكی

روناكبيرو خواناسی شاری بەغدا بو.

دوەميان: شاعيری ناوداری كورد جميل صدقی الزهاوی بو كە ئەميش رەمزی روناكبيریو پێشكەوتنخوازی بو لە عيراقدا.

أمجد الزهاويش كوڕەزای محمد فيضی يەو يەكێكە لە زانا زيرەكو جوامێرەكانی بەغداو عيراقو ئەميش لەبەر لێهاتويی كرايە موفتی عيراق.

جگە لەم هەمو زانايانەی شاری سلێمانی كە رۆڵی بەرچاويان هەبوە لە بواری روناكبيری بەغداو عيراقدا، كۆمەڵێك كەڵەپياوی تری سلێمانی توانيويانە بالانسی ئيداریو فەرمانڕەوايی نەك بەغدا، بەڵكو هەمو عيراق بگرنە دەست، لەوانە:

١- مێژونوسی گەورەی كورد محمد امين زكی كە وەزارەتەكانی الأشغال والمواصلات، الدفاع، الأقتصاد ی هەشت جار وەرگرتوە.

٢- جمال بابان: وەزارەتەكانی العدلية، الشؤون الاجتماعية، الأقتصاد، سێ جار وەرگرتوە، عبدالرزاق الحسنی دەڵێت جمال بابان گۆڤاری (نداء الكرد)ی لە بەغدا لە ساڵی ١٩١٤دا دەركردوەو چەندجارێكيش بۆتە پەرلەمانتارو كەسايەتيەكی دياری عيراق بوە.

٣- جلال بابان: وەزارەتەكانی الأقتصاد، المواصلات

الدفاع، الأشغال، المالية ی هەشت جار وەرگرتوە.

بـەڕێوەبردنی ئـەم وەزارەتانـە، لـەم بـوارە جیاجیـاو دوور لەیەکـەدا، بەڵگـەی توانـاو لێهـاتویی ئـەم زاتانەیـە، با ئـەوەش لەیاد نەکەین کە ئەم جوامێرانە لەدوای خۆیان کۆشكو تـەلارو سـامانیان نـە لـە سلێمانی نـە لـە بەغـدا جێ نەهێـشتوە، مێـژو دەســـتو داوێـــن پاکیـــان دەســـەلمێنێت، دیـــارە ئەمـــەش شانازیەکی ترە بۆ کوردو سلێمانی.

٤- محمـــد توفیـــق وهـــبی: وەزارەتـــەکانی المعـــارف، الأقتصاد والشؤون الاجتماعية ی دووجار وەرگرتوە.

٥- احمد مختار بابان: ئەم زاتە گەلێ پۆستی جیاجیای وەرگرتـوە، وەك: جێگـری سـەرۆك وەزیـران، سـەرۆك وەزیـران، وەزارەتی الشؤون الأجتماعية، العدلية، الدولـة، الـدفاع، حـەوت جاری وەرگرتوە.

وەك دەرکەوت بابانیەکان کە لە سەرچاوەدا لـە سلێمانیەوە هـاتوون رۆڵێکـی گـەورەو بەرچـاویان هـەبوە لـە بـەڕێوەبردنی وەزارەتـەکانی عیراقـداو هەمیـشە لەنگـەری دەسـەڵات بەدەسـت ئەوانـەوە بـوە، دەبێـت ئـەوەش بزانرێـت کـە میرنـشینی بابـان لەسەر دەستی ئەماندا کە نزیکەی (٤٠٠) ساڵ فەرمان رەوایـی کـرد دروســت بـــوو، یەکـــەمین کەســێکیش کـــە پایتـــەختی میرنـشینەکەی بنیـات نـا ئیـبراهیم پاشـای بابـان بـوو کـە بـە بۆچونی ئێمـە هیـچی کـەم نیـە لـە ئـەبو جەعفـەری مەنـسور کـە

بەغدای دروست کرد.

٦- ماجید مصطفی: هەردو وەزارەتی الدولە، الشؤون الأجتماعیة ی بۆ چوار جار گرتەدەست.

٧- سعید قزاز: دووجار وەزارەتی ناوخۆی گرتەدەست.

٨- محمود بابان: وەزارەتی (الصحة) و (الدولة)ی سێ جار گرتەدەست.

٩- نورالدین محمود پاشا لە ساڵی ١٩٥٢دا بوە (رئیس أركان الجیش) و لە دوایشدا کرایە سەرۆك وەزیرانی عیراق.

١٠- عادل أحمد راغب: کرایە (آمر الکلیة العسکریة).

عیراقیەکان بە ڕێژەیەکی جیاجیا ڕۆڵیان بینیوە لە پێگەیاندن و بەڕێوەبردنی بەغدا، بەڵام شاری سلێمانی کە پایتەختی روناکبیری دوەمی عیراقە، لە هەمو شارەکانی عیراق زیاتر ڕۆڵی کاراو لێهاتوانەی هەبوە لە سەقامگیرکردنی بەڕێوەبردن و باری روناکبیری بەغدادا، کەس نیە بەپێی بەڵگەکان نکوڵی لەم راستیە بکات.

لەنێوان دەرخستنی ئەم دیکۆمێنتە مێژویانەوە، داوا دەکەم لە حکومەتی عیراق کە با ساڵێکیش، سلێمانی بکاتە پایتەختی روناکبیری عیراق، ئەوەی شیاوی وتنە، تا ئێستا لە دەست نیشانکردنی پایتەختە روناکبیریەکانی عیراقدا رەچاوی باری نەتەوەیی و ناوچەیەتی و بابەتی نەکراوەو شارە کوردیەکان لەم بوارەدا بێ بەش کراون، دیارە ئەمە بە لادان لە بنەماکانی دەستور لەقەڵەم دەدرێت، چونکە کورد نەتەوەی دوەمە لە عیراقداو هەمیشە دەستور ئەو مافەی داوەتێ،

هیـوادارم عەدالـەت بگەڕێنرێتـەوە بـۆ تـرازوی لاسـەنگی ئـەم دەست نیشانکردنە یـەك لایەنانـەو سلێمانیش ساڵێك بکرێتـە پایتەختی روناکبیری عیراق.

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١- تأريخ الوزارات العراقية، عبدالرزاق الحسني.
٢- علماؤنا غي خدمة الدين، عبدالكريم المدرس.
٣- سلێمانی شارە گەشاوەکەم، جمال بابان.
٤- شاری سلێمانی، ئەکرەمی محمودی صالحی رەشە.
٥- یادی مەردان، عبدالكريم المدرس.
٦- دیوانی بێکەس.
٧- دیوانی گۆران.
٨- دیوانی الجواهری.

# مەرجەعیاتی ڕووناکبیریی و ئەدەبیی
# کاك محەمەدی مەلا کەریم

**تێبینی: سەسەر داوای چاپ و پەخشی سەردەم بۆ ژمارەیەکی تایبەتی رۆژڤار ئەم بابەتە نووسراوە**

کاك محەمەدی مەلا کەریم، یەکێکە لە نووسەرە دیارو بەرچاوەکانی میللەتەکەمان و ڕۆڵێکی کاراو سەنگینی هەیە لەبوارەکانی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی و ڕووناکبیریی کوردیدا، دەشێت مرۆڤ لەگەلێك بواری جیاجیای چالاکیەکانیدا قەڵەم تاوداو زانیاری بدات بەدەستەوە. چونکه کاکە حەمە ڕووناکبیرییەکی بەربلاوی هەیە لە مەیدانی لێکۆڵینەوەو ڕۆژنامەنووسی و وەرگێڕان و وتاری جۆربەجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و زماننناسیداو جێ پەنجەو مۆرکی بە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردییەوە دیارەو نکۆڵی لێ ناکرێت.

سەرچاوەکانی بیرو هوشیاری کاکە حەمە فرەن، ئەو جۆگەلانەی کە دەڕژێنە ڕووباری زانیارییەکانیەوە چون یەك نین، هەندێکیان خوڕو تیژڕەو و هەندێکی تریش مەنگ و قووڵ و هەندێکی تریش سست و کەم خایەنن.

هەنگاوە سەرەتاییەکانی بیری کاکە حەمە، لە بەندەکانی بیروباوەڕی ئیسلامەوە دەستپێدەکات، بە حوکمی ئەوەی خودی خۆی مەلازادەیە و لەفەزای ئەو کتێب و سەرچاوە ئیسلامیانەدا هەناسەی داوەو گوڕو تینی دەسەڵاتە بیری و فەلسەفیەکەی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، نەك هەر ئەمە، بەڵکو زۆربەی زانستەکانی نحو، صرف، بلاغە، فیقھ، عیلمی کەلام..... هتد، وەك ڕێبازو مەنهەج لە حوجرەکانی مزگەوتدا وەرگرتووە بە ئەزمکردنیەوە.

دیارە ئەم سەرچاوە ئاینییانە لە داهاتووی تەمەنی نووسینیدا یارمەتی فرەیداوە بۆ تاوتوێ کردن و لێکدانەوەی نەك شیعری کلاسیکی کوردی لە مەڕ نالی و سالم و مەحوی بەتەنیا، بەڵکو وەك لۆژیکی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە ئەدەبیەکانداو تەنانەت یارمەتی فرەیشی داوە لەکێشمەکێشە ئەدەبیی و ڕووناکبیرییەکانیشدا. بەشێك لەو کولتوورە ئاینییە کە زمانی عەرەبیە یارمەتی خۆڕۆشنبیرکردن و وەرگێڕانە کانیشی داوەو سوودی فرەی لێبینیوە، چونکە بەشێکی گەورە لە ڕووناکبیریەکەی لەزمانی عەرەبییەوە وەرگرتووە.

د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ دەڵێت، لەکۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا، کاکە حەمە بەپەرۆشەوە داوای لێکردووم کە ئەدەبیات و بابەتە فیکری و هۆشیاریەکانی

ئیخوانولموسلمینی بۆ پەیدابکەم لەگەڵ کتێبەکانی سەید قوتوبدا، نەك هەر ئەمە، بەڵکو لەو سەردەمانەدا بیرو هەڵس و کەوتی ئیخوانی بەلاوە پەسەند بووەو پێشی سەرسام بووە.

لەدوای ئەم قۆناغەوە هێدی هێدی گۆڕانکاریەکی جۆریی لەبیری کاکە حەمەدا ڕوویداوەو فەلسەفەو ڕووناکبیریی چەپ و مارکسیەت بوونەتە، جۆگەلەیەکی خوڕو ڕژاوونەتە نێو ڕووباری بیرو لێکدانەوەکانیەوەو لەبەرهەم و هەڵس و کەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیو ڕووناکبیریەکانیا ڕەنگی داوەتەوەو بۆتە سەربازێکی دیارو زرنگ بۆ بەرگری لەم بیری چەپ و پێشکەوتنخوازە، دەتوانم بڵێم ئاسەواری بەند بەندی ئەم بیرە بەسەر ژیانی سیاسیی و ئەدەبیی و ڕوناکبیریی و ڕۆژنامەنووسیی کاکەحەمەدا بەزەقی ئەدرەوشێتەوە، هەیمەنەی قەڵەم و هەڵوێستی کاکە حەمە لەبواری بەرگری لەبیری چەپداو لەنێوەندی ڕوناکبیری کوردیدا، لەئاستێکی زەق و نکوڵی لێنەکراوبووەو بیری مارکسی پێخۆری سەر سفرەو خوانی زۆربەی بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕووناکبیریەکانی بووەو بەشێکی بەرچاو لەخوێندنەوەو سەرچاوە ڕووناکبیریەکانی سەر بەو ڕێبازە بووە، نازم حیکمەت و گۆران و غورکی و قانیع و گەلێکی تری بیروباوەڕ چەپ، هەمیشە زاخاوی هەست و چێژە ئەدەبیەکەیان داوەتەوەو دەوڵەمەندیان کردووە، دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو

بێت کە خودی کاکە حەمە ئەندامێکی چالاکی حیزبی شیوعی عێراق بووەو بەبیرو جەستە کاری تیاکردووەو وەك فێرکارێکی ئـەو قوتابخانەیـە لەڕۆژنامـەی ئـازادی زمانحـاڵی ئـەو حیزبـە هاوبەشییەکی کارای کردووە، دیارە لـەڕێگای ڕێکخراوەکـانی ئـەم حیزبـەوە تێکەڵاوییـەکی هوشـیاریی و فیکریـی و ئـەدەبیی لەگەڵ دەست بژێری"نخبـە" ڕوونـاکبیرە گـەورەو ناسـراوەکانی عێراقـدا کــردووەو ئــەم فــەزا سیاســی و ڕۆشــنبیریە بۆتــە جۆگەلەیــەکی خــوڕو ڕژاوەتــە ســەر ڕووبــاری مەرجــەعیاتی تواناســازی ئــەدەبی و ڕونــاکبیری کاکەحەمــەوەو بەخەســتی لەبەرهەمــە فــرە مــەوداکانیا ڕەنگــی داوەتــەوە، بەتایبــەتی لــەبواری ڕۆژنامەگــەری و فیکریــدا، تەنانــەت قەڵەمەکــەی بەرگریی کـەرێکی بـەتوانا بـووە بـۆ هـەر قەڵـەمێکی کـوردی کـە دژی ئەو ڕێبازە بووبێت.

لایـەنێکی تـری مەرجـەعیاتی تواناسـازی کاکەحەمـە زمـانی فارسیە، دیارە لەڕێی ئەم زمانـەوە چاوی خشاندوە بە ئـەدەب و ڕوونــاکبیریی فارســیداو کــەم تــا زۆر دەمــەزەردی چــێژی ئـەدەبی پـێ کردۆتـەوەو لـەو ڕێگایەشـەوە فارسـیەکەی بەهێزو گوڕو تین بووە، نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە لەچلەکاندا لـە مزگــەوت و حوجرەکانــدا زمــانی فارســی لەپــەنای عەرەبیــدا بەخوێنـدکار وتـراوەو ئەزبـەری کـردووە، گوڵستان و بوستـانی سەعدی شیرازی و ناگەهان و گەلێ کتێبی تر خوێندکار دەوری

کردۆتـەوەو تەنانـەت ئەزبەریـشی کـردووە. نکـۆڵی ناکرێـت کـە کاك محەمەد لەڕێگای زمانی فارسییەوە توانیـوێتی زیـاتر پـەی بـە ئـەدەبی کلاسـیکی کـوردی ببـات و شـرۆڤەی لایەنـە شاراوەکانی بکات، چونکە شیعرەکانی نالی و سالم و کوردی و مـەحوی پـڕن لـە مـوفرەدات و دەسـتەواژەی زمـانی فارسـی، چـونکە ئـەم زمانـە سەرچـاوەیەکی پـڕ بایـەخ و داهێنـانی شوعەرای کوردی ئەوسەردەمە بووەو تەنانەت گەلێ جاران هەر زمـانی نامـەو شـیعرو نووسـینیش بـووە لەکوردسـتاندا، بەتایبـەتی لـەدەورانی حـوکمی میرنـشینی بابانـدا، تەنانـەت شێخ ڕەزاو نـالی و سـالم و مـەحوی بـەم زمانـە شـیعری فارسـی بەهێزو نەوازەیان نوسیووە.


نـالی و سـالم و مـەحوی و کـوردی کـەم تـا زۆر کاریگـەری سـەبکی هینـدی و عیراقـی و بازگەشـت لەسـەر شـیعرەکانیان بـەزەقی دیـاربووە. بـەحوکمی ئـەوەی کـە مـاڵی کاکـە حەمـە لەدەورانێکـدا لـە بیـارە بـووەو زمـانی ئاخـاوتنی ئەوێـشی شـێوەزاری گۆرانیـەو ئـەوی کـات خانـەقاو مەدرەسـەی بیـارە جمەی دەهـات لـە فـەقێ و سـۆفی و خوێنـدکاری هـەردوودیوی هـەورامان، دیـارە بـەحوکمی تێکـەڵاوی کاکەحەمـە لـەحوجرەی خوێنـدن لەگـەڵ ئەمانـەدا، شـێوەزاری گـۆرانی "هـەورامی"بـە باشـی فێربووبـوو وەقـسەی بـەڕەوانی پێـدەکرد، زانینـی ئـەم شـێوەزارە لـەداهاتوودا بـووە جۆگەلەیـەکی خـوڕو ڕژایـە سـەر

ڕوباری مەرجەعیاتی نووسینی کاکەحەمەوەو لەم ڕێگایەشەوە توانی سوودی گەورە وەرگرێت بۆ لێکدانەوەو تاوتوێ کردنی دیوانی مەولەوی و شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی و ئەوبابەتانەی کە بەو شێوەزارە نووسراونەتەوە. یەکێك لەو جۆگەلە خوڕانەی کە ڕژاونەتە سەر تواناو لێهاتوویی کاکەحەمە، زانیاریەکانی مامۆستا عبدولکەریمی مودەریسی باوکێتی کە لەوەوە گەلێ بەهرەی زانستی وەرگرتووەو هەمیشە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوەو کیشە مەعریفی و زانستیەکانی بۆ چارەسەرکردووەو ئەوەندەی پێی کرابێت نەیهێشتووە لەهیچ بوارێکدا پەکی بکەوێت و هەمیشە وەك دەریایەك لێی هەڵێنجاوەو بەکامی دڵ لێی بەهرەمەندبووە، با ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە مامۆستا عبدولکەریمی مودەریس خاوەنی کتێبخانەیەکی تایبەتی گەورەبووەو لەزۆر شوێنی ئەم کوردستانەوە کتێب و کەشکۆڵی دەگمەن و دەسنووسی بەنرخی بەدیاری بۆ هاتووەو کاکە حەمەش سوودی فرەی لێبینیوەو بۆتە سەرچاوەیەکی بە بایەخ بۆ نووسینەکانی، نابێت ڕۆڵی کاك فاتیحی برایمان لەبەرچاو نەبێت، کە ئەویش کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر کاکە حەمە، بەتایبەت لەشرۆڤەو بەدواداچوون و لێکدانەوەکانی مەڕ دیوانی نالی، گەلێك جاران لەسەروبەندی لێکدانەوەکانی دیوانی نالیدا سەردانی کاك فاتیحم کردووە لەبەغداو سەرنجی ماندووبوونی

کاك فاتیحم داوە بەدەست دیوانی نالییەوە، حەزدەکەم خوێنەر ئەوەش بزانێت کە مامۆستا فاتیح ڕووناکبیرێکی پایە بڵندو زانایەکی مەڕ بواری شیعری کلاسیکی کوردی بوو، دیارە ژیان بە تەنیشت ڕووناکبیری واوە خۆی لەخۆیدا گوڕوتینێکە بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا لەسەرجەم بوارە ئەدەبیی و ڕووناکبیرییەکاندا.

تەوەری سەرەکی لێهاتوویی و ڕووناکبیریی و توانا باڵایی هەموو ئەم هۆکارو سەرچاوانە خودی کاکە حەمەیە، لەوانەیە ئەم هەلانەی کە بۆ کاکە حەمە هەڵکەوتووە بۆزۆری تریش لوابێت و بەزیادیشەوە، بەڵام لەئەنجامدا هیچیان لێ دەرنەچووەو نەبوونەتە هیچ، کەواتە لایەنە زاتیەکەی کاکە حەمە، بەردی بناغەیەو هەر خودی خۆشیەتی کە توانیویەتی بە ماندووبوونی لە ڕادەبەدەر خۆی بگەیێنێتە ئەم ئاستە مەعریفیە باڵایە، واتە کارلێکی لایەنی زاتی کە خودی کاکە حەمەیە، لەگەڵ لایەنی بابەتی کە دەوروبەرو مەرجەعیاتەکانە، لە ڕەساترین شێوەدا چوارچێوەی گرتووە، با ئەوەش نەبوێرم کە توخمی زیرەکی و هەناسە درێژی و سەلیقەی نووسین و دڵسۆزی بۆ کارەکەو بەهەند وەرگرتنی ئەهەمیەتی نووسین و ڕووناکبیری لە جوڵاندن و بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگەدا، ئەو سیفەت گەلەن کە پێکهاتەی ئۆرگانی کاکەحەمەن و ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە شێوەگرتنی کەسایەتییە ڕووناکبیریی و ئەدەبییەکەیدا.

# مەولەوی تاوگۆزی لە چەند دیکۆمێنتێکدا



## فەرمانی ژمارە (١)


عـەلی وەیـس و براکـانی، موحەمـەد وەیـس، سـان احمـد، دەروێش سلیم و براکەی، قمر، قالە = قادر، علی وەیس کاکە وەیس، عزیزو براکەی، کیانی شاوەیس، سلیمان.

پایـەی عـالی مـەقام، خۆشەویـستی و راسـتی نیـشان، خـاڵۆ محمد بەگ ((بحمد الله تعالی))، پاش سلاو ڕوونـی دەکاتـەوە، کە لـەم کاتـەدا وەکو پێشتر بڕیار درابوو، سیانزە بنەماڵـە وا لەسـەرەوە ناویـان هـاتوە، بـە پیـاوداری جـەنابی مەولـەوی، بڕیـاردراو ئەوانـەمان سـپاردەی ئـەو کـردو خـەرج و حەواڵەیانمان یەکسەر لە دەفتەرخانە بەدەرکرد، لە کۆتاییدا، بە دڵنیاییـەوە پێتـان ئـەوترێ و ئاگادار دەکرێن کـە هەڵبـەت لەمـەودوا بـەهیچ چەشـنێك لـە چەشـنەکان، پەیوەنـدی و هاتوچۆو داواکاریتان لێیان نەبێت و زەحمەت و دەستدرێژی نەکەنە سەریان، با رەحەت خەیاڵ و ئاسودە حاڵ بن و بەکاری خۆیانەوە خەریك بن.

عبدالله

میری میران

١٢٦١



## فەرمانی ژمارە (٢)[٢]

خــزم و نزیکــانی جــەنابی زۆر گــەورەو بــەڕێز، برامــان مەولــەوی، هەڵبەتــە بەگەیــشتنی ئــەم نووســراوە بالاّیــە، بــە ئەوپــەڕی ئەمنیــەتو دڵنیاییــەوە، لەگــەڵ مــاڵو کۆچــدا بــەرەو شــارەزور ڕێکــەوتنو لــەوێ ســەقامگیر دەبــن، بــەدڵنیایی و بــێ ختوورە بە کاروباری خۆیان خەریك دەبنو دۆعـای بـەردەوامی بـۆ حکومــەتی پایەبــەرز دەکــەن، ئــیتر لــەم بارەیــەوە دڵنیــابن بەشێوەی بڕیار لەسەردراو ئیش بکەن.

عبدالله


٢٦٢

میری میران

٩ ب

---

[٢] بەڕێز جەنابی شێخ معتصم هاشمی ئەم دوکومینتانەی بۆ وەرگێڕامە سەر زمانی کوردی.



## فەرمانی بالاّی (٣)

بــە مەبەســتی بەدەســت هێنــانی ڕەزای خــودای مــەزن و دڵخۆشــبوونی ســەیدی ئــەنبیا (علیــە الــصلاه وأنــام) لەبــەر خــودای گــەورەو بەخــشندەو لــە روی حەقــداری زاتیــەوە، دێــی (بیاوێڵەمان)[٣] بەناوی (وەقفیەت) بە جەنابی بەڕێزو پایەبەرز، برامــان مەولــەوی، مــەولانا عەبــدولرەحیم ئەســپەردە کــرد، تــا داهاتەکەی بۆ گوزەرانی خۆی بەکاربهێنێ، وە بە خەیاڵێکی ئاســــوودە، بــــە ئــــیش و دەرس وتنــــەوەو بلاوکردنــــەوەی زانیاریەکان و خواپەرستی و دۆعا گۆیی خەریك ببێت. هەڵبەتە هیچ کەس بۆی نیە لە ئیش و کاری ئەودا موداخەلە بکات.


عبدالله

١٢٦٢

میری میران

٢١ ج

[٣] ئەم ئاواییە دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای هەڵەبجەوە.



**فەرمانی ژمارە (٤)**

**کاربەدەستی جۆگاکاری بەڕێز...**

**ئەمرتان پێ ئەکەین و بڕیار ئەدەین، کە هەر جۆگایەك پایە بەرزی بەڕێزو بەختیار شێوە، برامان مەولەوی، لە ئاوی سیروانەوە هەڵی دەگرێت، لەلایەن ئێمەی پایە بەرزەوە ڕێگای پێدراوەو حەقی خۆیەتی.**

**هەڵبەتە نابێت هیچ کەس ڕێگری لێ بکات و دەست نەخەنە ڕێگەی.**

**عبدالله**

**١٢٦٢**

**میری میران**

**١٢ ش**

## بڕیاری پێنجەم – فەرمانی باڵا

**دەبێت وەکیل و مووچە خۆرەکان بزانن کە:**

**لەم کاتەداو پشت بەستن بە بڕیاری پێشومان سەبارەت بە مەولەوی و خزمەکانی کە بریتین لە سیانزە خێزان و ئێستا نیشتەجێن لە ئاوایی (هانەسورە، چاڵگە)[٤] و چەند شوێنێکی تریش، داواکارم کە باجیان لەسەر لابرێت و ئەم بڕیارە بەخێرایی جێبەجێ بکرێت، هیچ کەس بۆی نیە دەست بکێشێتە کاروباریانەوە، یان باج و سەرانەیان لەسەر دابنێت بۆ ئەوەی بە خۆشی و دڵنیاییەوە بژین.[٥]**

**عبداللە**

**١٢٦٢**

**میری میران**

**٢٤ ج**

---

[٤] دوو ئاوایین دەکەونە باشووری هەڵەبجەوەو لە ناوچەی نەورۆڵین، ئێستا دێی (چاڵگە) نەماوە.

[٥] دەقی ئەم فەرمانە، وەك دیکۆمێنت کاتی خۆی ناردم بۆ گۆڤاری کاروان، بەڵام جێی داخە، کە ونیان کرد، بەڵام وەرگێڕانەکەیان پەخش کرد، چەند هەوڵم دا، لە کتێبخانەکەمدا نەمدۆزیەوە.

## شیکردنەوەی دیکۆمێنتەکان

زیندووکردنــەوەو بوژاندنــەوەی کــەلتورو مێــژوی کــوردو تەکانــدنی تــەپ‌وتۆزی ڕۆژگــار، لــە ڕوە گــەش‌و جارجــارەش مەینـەت بارەکـەی، ئـەرکێکی ڕونـاکبیری‌و نەتـەوەیی گرنگـە لـە ئەســـتۆی ڕۆشـــنبیرانی میللەتەکەمانـــداو پێویـــستی بـــە ماندوبوون‌و کێومالّی هەمیشەییە.

کـــارلێکی ئێـــستاو ڕابـــوردو، بەئاگاهێنانـــەوەی لایەنـــە پرشـنگدارەکانی کەلـەپووری گەلەکەمانـە لـە خـەوی پـشتگوێ خستن‌و کارێکی دڵسۆزانەیەو پێویـستی بـە هـەوڵ‌و تەقـەللای فرە هەیە لە گشت لایەکەوە.

ئـــەم پێـــنج دیکۆمێنتـــە دەگمـــەن‌و گرنگـــەی کـــە لەبەردەستماندایە، بریتین لە پێنج فەرمانی ئـەمیری کـە عبـدالله پاشـای بابـان ناسـراو بـە (مـیری مـیران) لـە دیکۆمێنتەکانـدا، دەری کردوە، لەم فەرمانانەدا میری میران، ئـەمر دەکـات بەسـەر کاربەدەستەکانیا، کە زاناو شـاعیری گـەورەی کـورد عبـدالرحیم ناســـراو بـــە (مەولـــەوی) لـــە بـــاج‌و ڕســـومات ببەخـــشرێت‌و یارمەتی‌و کارئاسانی بۆ بکرێت لە بەڕێوەبردنی کارەکانیا.

خوێندنـــەوەی ئـــەم پێـــنج فەرمانـــە لای مـــن، کۆمـــەڵێك دەرهاویـشتەی جیاجیـای هەیـە، کـە پەیوەنـدیان بـە خـودی فەرمانـــەکان‌و کەســـایەتی مەولـــەوی‌و مـــیری مـــیران‌و دەوروبەرەکـەوە هەیـەو دەشـێت ئەمـە دوا شـیکردنەوە نـەبێت‌و

ئیزافەی تریشی بۆ بکرێت لەلایەن هەر بەڕێزێکەوە.

دەرهاویشتەکان:

١- هەرگیز ڕەشە خەڵکەکەی ئەو سەردەمە لە ئاست تێگەیشتن‌و ئەزم کردنی بەرهەمەکانی مەولەویدا نەبوون، چ وەك هونەری شیعر، یان پەی بردن بە زانستەکانی عەقایدو کەلام، کە لە هەردو کتێبی (العقیدة المرضیة) و (الفضیلة)کەیدا ڕەنگیان داوەتەوە، واتە بەشێك لە کەسایەتێکەی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە خواناسی‌و ئاینی‌و کۆمەڵایەتێکەی، بەڵام لای عبدالله پاشای بابان‌و روناکبیرانی سەردەمەکەی لایەنی شاعیرێتیە ناوازەکەی، جێگای گوێ پێدان‌و نرخاندنی گەوهەری شیعرە باڵاکانی بوە، واتە هەردوو لایەنی شاعیریەت‌و زانایی‌و عیرفانیەتەکەی، لای دەست بژێرە (نخبة) روناکبیرەکانی سەردەمەکەی، ئێجگار دیارو بەرچاو بوە. فەرمانی سێهەم دەیسەلمێنێت کە میری میران زۆر مەبەستی بوە کە مەولەوی بە دەرس وتنەوەو بڵاوکردنەوەی زانست خەریك بێت.

٢- من وای بۆ دەچم کە ئەم فەرمانانە دوای وەدەرنانی مەولەوی بێت لە ناوچەی شەمێران لەلایەن عوسمانی خاڵەی یەزدان بەخشیەوە، بۆ تاوگۆزی‌و جارێکی تریش لەوێوە بۆ دێهاتەکانی (هانەسورە، میراولی، چاڵگە)، چونکە ئەم ئاواییانە نزیك یەکن‌و بە ناوچەی نەورۆڵی سەر بە قەزای

هەڵەبجە دەژمێررێن. کاتێك (محمد پاشا) بەم باروبارکردنەی مەولەوی دەزانێت، نامەیەکی بۆ دەنووسێت گلەیی لێدەکات تیایدا، کە بۆچی شەمێرانی بەجێهێشتوە، ئەمیش لە وەڵامی نامەکەیدا بۆی دەنووسێت کە (عوسمانی خاڵە) لەگەڵ خزمەکانی ئەم باش نەبوە، لەبەرئەوە ناچار بوە باربکات، لەگەڵ نامەکە، ئەم چەند شیعرە فارسیەشی بۆ دەنووسێت:

وزان سوی وطن هجرت نمودم

خلافت أز علی دانسته بودم

به تاثیر محمد میر أکمل

خلافت چون عثمان شد محول

دل خویشان مارا پر زخون کرد

به خویشاوند خود نعمت فرون کرد

واتە بۆیە گواستمەوە بۆ نیشتمان چونکە خەلیفەییم بۆ (علی) بە حەق دەزانی، وە کە بە تەئسیری (محمد پاشا) درا بە (عوسمان) دڵی خزمەکانی ئێمەی پڕکرد لە خوێنو خەلافەتو بەراتی بۆ خزمەکانی خۆی زیادکرد، مەبەست لە عەلی (شیخ علی) و لە عوسمان (عوسمانی خاڵە)یە، مەولەوی لەم شیعرە ناسکەیدا ئیشارەتی بۆ مەسەلەی خەلافەتی (عوسمانی کوڕی عەفان) و (علی کوڕی ابوتالیب)یش کردوەو ئەو وەزعە رابوردوەی هێناوەتە بەرچاو.... دیوانی مەولەوی، ل٢٠).

٣- ئەم پێنج فەرمانە لە ساڵی ١٢٦٢دا دەرچوونو وەك

سەرچاوەکان دەڵێن مەولەوی لە ساڵی ١٢٢١ك لەدایك بوە، کەواتە تەمەنی مەولەوی، لەکاتی دەرچونی فەرمانەکاندا (٤١) ساڵ بوە، واتە ئەم زاتە لەو تەمەنەدا ناوبانگی کەسایەتی ئاینی و کۆمەڵایەتی و شاعیرێتی و زانستی و عیرفانی، بەو قەڵەم رەوەدا بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو بڵاوبۆتەوە، دیارە درەوشانەوەی شۆرەتی مەولەوی لەم تەمەنەدا بەڵگەی بەهرەو لێهاتوویيەتی.

٤- وەك لە فرمانەکاندا دەبینین، نە نووسینی بەرواری زاینی نە بەرواری کوردی نابینرێت، واتە بە تەنیاو تەنیا لەو دەورانەدا هەر بەرواری کۆچی نووسراوە، دیارە ئەمە ئەتەکێتی نووسینی ئەو دەورانە بوەو بەرواری زاینی و کوردی لەئارادا نەبوە.

٥- وەك لە فەرمانەکاندا دەردەکەوێت، مەولەوی خاوەن ورەو تواناو ئیرادەیەکی باڵا بوە، لەگەڵ ئەو هەمو لێهاتویی و ناوبانگە کۆمەڵایەتی و ئاینی و زانایی و شاعیریەتەیدا، خەریکی کشتوکاڵ و جۆگا هەڵبەستن بوەو بێ منەت لە گشت کەس، هەمیشە ئەوەی پێ باشتر بوە کە دێهاتەو دێهات بکات و ئاوارە بێت و عارەقەی کشتوکاڵ کردن بڕێژێت، وەك لەوەی بچێتە بن دەستی میرێکەوەو بڕو بیانوو بۆ کارە چەوتەکانی بێنێتەوەو شیعرەکانی بخاتە مەزاتخانەی میرو فەرمان رەواکانەوە، ئەوەبوو بە مەبەستی نان پەیداکردن و

ژیان لە زێدی خۆیەوە گواستویێتیەوە بۆ دێی چرۆسانەو لەوێشەوە بۆ ناوچەی شەمێران‌و لەوێشەوە بۆ سەرشاتەو، جارێکی تر گەڕانەوە بۆ ئاوایییەکانی ناوچەی نەورۆڵی. با ئەوەشمان لەیاد نەچێت ئەو کاتەی کە لە سنە بوە، فەرهاد میرزای قاجار داوای لیّ کردوە کە لەوێ بمێنێتەوەو چەند موڵك‌و ئاوایی لەسەر تاپۆکات، بەڵام مەولەوی رەفزی کردوەو ژیانی هەژاریی نێو قەوم‌و عەشرەتەکەی هەڵبژاردوە، کاتی خۆی مەلا محمدی کۆیە، واتە مەلای گەورە، مەولەوی ئاسا هەر بە کشتوکاڵەوە خەریك بوەو ملی بەکەس نەداوە. ئەم جوامێرانە، دوور لە سێبەری میرو پاشاو کاربەدەستە زاڵمەکان، ژیانی هەژاری‌و زەحمەتکێشیان هەڵبژاردوەو نەیانویستوە ببنە دەرباری هیچ کەس، یان کارژی رۆژگار فڕێ دەن‌و هەر رۆژەی بە بالای یەکێکدا هەڵ بدەن‌و بەهای شیعرەکانیان وەك کاو جۆ بڕێژن.

٦- وەك لە دیکۆمێنتەکاندا هەستی پیّ دەکرێت سەرکارو بەرپرسەکانی باج‌و گومرگ ئازاری خەڵکیان دابێت‌و زۆر پێیان داگرتبێت لە جێبەجیّ کردنی ئەرکەکانیاندا، خۆ ئەگەر وانیە، بۆ عبداللە پاشای بابان بەو شێوەیە پیّ دائەگرێت لەوەی کە مەولەوی ببەخشرێت لە باج؟! دیارە باجی زەوی‌و کشتوکاڵیش لەو ناوچەیەدا فەرمانبەری قەڵەم رەو لێی بەرپرس بوە.

وەك دەبینرێت فەرمانەکانی دوەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەم لەیەك وەرزو ساڵدا دەرچوون‌و پێ لەسەر یەك مەبەست دائەگرن، کە ئەمە بەڵگەی:

١. یان پێداگری‌و گوێپێدانی عبدالله پاشای بابانە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە.

٢. یان سەرپێچی‌و فڕوفێڵی فەرمانبەرەکانی باجە لەو دەڤەرەدا.

٣. یان تێکەڵ‌و پێکەڵی کاروبارەکانە.

٤. یان هەرسێکیانە.

دەبێت ئەوەش بزانرێت کە ئەم باج‌و گومرگانە، دوای قاچ‌و قۆچی سەرکارەکان، بەشێکی دەنێررێتە پایتەختی بابانەکان، بەشێکی تریشی لەوێوە دەنێررێتە ئەستەمبوڵ، واتە بە هەر هەموویان گیرفانی جووتیار دەبڕن‌و بەروبوومەکەی وەك توو دەتەکێنن. پرسیار ئەوەیە، ئیتر چۆن بنکەی ئابوری کوردستان دروست ببێت ئەگەر ئەم لێچۆڕینە (نزیف) ئابوورییە تا هەنووکەش هەر لە پەرەسەندندا بێت؟! ئێستاشی لەسەر بێت بەرپرسە باڵاکانی ئەم هەرێ/ە بەسەدان ملیار دۆلار کە بەری رەنجی خەڵکی کوردستانە لووش دەدن و دەینێرنە بانکەکانی ئەوروپا و ئەمریکاوە و ئەم کارە نەگریسە هێندەی تر ژێرخانی ئابووریمان کاول دەکات.

٧- مەبەست لە میری میران (عبدالله پاشای جاف) نیە،

چونکه ڕێـی تـێ ناچـێت کـه عبـدالله پاشـای جـاف لـەو مـاوە کەمەدا بگاتە ئەو پلەوپایەیە کە (میری میرانە)، دیارە ئەم خاڵـە لەسەر وەستانی زیاتری ئەوێت.

٨- ئەم پێنج فەرمانە وەك هەر بڕیارێکی فـەرمی لەسـەرەوە کـە چـەقی بڕیـارە، بـۆ خـوارەوە دەرچـوەو گەرەکـە ئـەوانیش پێـوەی پابەنـد بن، جگـە لـەوەش بـە زمـانی فارسـی نوسـراون، واتــە بابانیــەکان وەك حاڵــەتێکی فــەرمی و ئیــداری ســەر بــە دەوڵــەتی عوسمــانی و ئەســتەمبوڵ بــوون، بــەڵام زمــانی نووسینیان فارسی بوە.

٩- هیچ یەك لەم فرمانانە بە (بسم الله الرحمن الـرحیم) یـان (الحمـد لله رب العـالمین) دەسـتی پـێ نـەکردوە، جگـە لـەوەش هێمـای تیـا نـەکراوە بۆ سەرچاوەی هێـزی بڕیـار کـە خەلیفـەی عوسمانیــە، یــان پاشــای قاجــارە، ئەمــە بەڵگــەی جۆرێــك لــە ســەربەخۆیی ئیداریــەو واتــە (مــیری مــیران) خــودی خــۆی بەرپرسی یەکەمو سەرچاوەی بڕیار بوە لەو قەڵەم ڕەوەدا.

١٠- پۆســتی (مــیری مــیران) وەك هەســتی پێــدەکرێت، فـەرمانڕەوایی هـەرە بـاڵا بـوە لـە قەڵـەم ڕەوەکـەدا، دیـارە ئەمـە بەڵگەی ڕێکخستنی پلەوپایەو پۆستە ئیداری و حکومیەکە بوە لـەو قەڵـەم ڕەوەدا، زاراوەی میری میران، ئـەو هێمایـە ئـەدا کـە پۆسـتی (مـیر)یـش هـەبوە، ئـەوەی کـە دەبێـت لێـرەدا بوترێـت پۆسـتی (مـیر) لـە قەڵـەم ڕەوی سـۆراندا بـەکارهاتوەو زۆرجـار

عوسمانیەکان، پۆستی (بەگ)یان لەجیاتی میر بەکاربردوە، بەڵام بۆ بابانیەکان پۆستی (پاشا) بەکارهاتوە، کە لە بنەڕەتدا فارسیەو ئەوان بەکاریان هێناوە.

١١- ئیمزای عبداللە پاشای بابان لە هەر پێنج فەرمانەکەدا چون یەکەو جیاوازی نیەو لە روی هونەری و ستاتیکاوە گرنگی پێدراوە.

١٢- بەوپێیەی کە فرمانەکان بە زمان و شێوە نوسینی فارسی نوسراونەتەوە، کەواتە هەیمەنەو هەژمونی وڵاتی ئێران لەو زەمین و زەمانەدا دیاردەیەکی بەرچاو بوە، ئەوەی کە جێی رامانە، بابانیەکان سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون لە روی ئیداریەوە، بەڵام لە روی نوسین و کەلتوورەوە پابەندی زمان و ئەدەب و شیعری فارسی بوون، واتە پابەستەییە کەلتوری و روناکبیریەکە، تەمەن درێژترە لە ئیدارەییەکە.

١٣- ناوی ئەو کەس و خێزانانەی کە لە فرمانەکاندا هاتوون، تائێستا وەك ناوی مرۆڤ (إسم علم) بەکاردەبرێن، جگە لە ناوی (کیانی – قمَر)، کە ئێستا لەبیرچوونەتەوە، قسە قسە دێنێ، جارێك قەمەر ناوێك لە مەولەوی دەپرسێت ناسناوەکەت چیە، ئەویش دەڵێت مەولەوی، کابراش بە لاقرتیەوە دەڵێت: (مەولەوی، بەولەوی، جەولەوی)، مەولەویش دەڵێت ئەی تۆ ناوت چیە، ئەویش دەڵێت قەمەر، مەولەویش دەڵێت: (قەمەر مانگە، قەمەر مانگا، قەمەرمان

گا!)، هەروەها لە ناوەکاندا (وەیس) بەکاربراوە، کە ئێستا بە دەگمەن بەکاردەبرێت، وەك دەوترێت (أویس) یاوەری پەیامبەر (د.خ) بوە، هەندێکی تر دەڵێن (تابعین) بوە، هەندێکی تر دەڵێن (تابعینی تابعین) بوەو لە زۆر جێ مەزاری بۆ دروستکراوە، وەك مایدەشتی لای کرماشان و یەمەن و زاهیدان لە ئێران و سلێمانی و تەنانەت ئەم شیعرەشی بۆ وتراوە، چونکە مەزارەکەی نزیك مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە بوە لە سلێمانی، زۆرترین لە زیارەتکەرەکانی سوننە مەزهەبن.

**با بچینە سەر وەیس وەیسی خۆمانە**
**لە وەیس بپرسین خەتای کاممانە**

١٤- زاراوەی (القرار الأعلی) واتە (فەرمانی بالاّ) بەتەنیا لە فەرمانی سێهەم و چوارەمدا هاتوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە چەند ئاستێکی جیاواز هەبوە لە جۆری فەرماندا.

١٥- ئەو خاڵە گرنگەی کە لەم دیکۆمێنتانەوە هەڵدەهێنجرێت، ئەوەیە کە کاربەدەستانی کوردستان لەو زەمین و زەمانەدا، رۆڵێکی باشیان دیوە لە گرنگیدان بە زاناو زانین و خوێندنگاکان، لە فەرمانەکاندا دەبینرێت کە چۆن میری میران دێی (میراولی) خستۆتە ژێر رکێفی مەولەویەوە، با ئەوەشمان لەیاد نەچێت، کە گرنگیدان بە زاناو زانست لە

کوردستاندا لە رەشە خەڵك‌و هەژارەکانەوە دەستی پێکردوەو ئەمانە پاروی دەمی خێزانەکانیان داوە بە فەقێ‌و مەلاو هەمیشە لە خزمەتیانا بون‌و درێغیان لێ نەکردوون. ریچ لە گەشتەکەیدا باس لە ئەهەمیەتی کەسایەتیە زاناکان دەکات لای کاربەدەستانی کورد، یەکێکی وەك محمود پاشای بابان بەپێوە لە حزوور مەولانا خالیدا وەستاوەو قلیانی بۆ ئامادەکردوە. فەرمانی سێهەمیش دەیسەلمێنێت کە میری میران پێداگری لەوە کردوە کە مەولەوی لەو دەڤەرەدا وانە دەڵێتەوەو زانست بلاودەکاتەوە.

١٦- بەرواری دەرکردنی فەرمانەکان‌و ژمارەکەی، وەك ئێستا لە سەرەوەی لاپەڕەکاندا نەنوسراوە، بەڵکو لە خوار فەرمانەکەو لای راستی مۆرو ئیمزای میری میرانەوە، جگە لەوەش، هێڵێك بەژێر بەروارەکەدا هاتوەو لە خوار هێڵەکەوە، (٩ب) یان (١٢ش) یان (٢٤ج) نوسراوە، پێدەچێت ئەمانە وەك ژمارەی فەرمان یان هێمای تۆمار (سجل) بن. ئەوەی دەبێت بوترێت گرنگی بە بەرواری رۆژو مانگ نەدراوەو نەنوسراوە.

١٧- فەرمانەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە لەو دەورانەدا ناوچەی شەمێران‌و نەورۆڵی‌و تاوگۆزی سەر بە قەڵەم رەوی بابانێکان بوون، نەك ئەردەلانێکان.

١٨- زاراوەی (وکیل) لە دیکۆمێنتەکاندا هاتوە، دیارە ئەمە پلەیەکی وەزیفی ئەو سەردەمە بوە، من نازانم سەرو

خواری ئەم پۆستە كێن و كامە پلەن؟!

١٩- وەك لە فەرمانی چوارەمدا هاتوە كە پۆستی (جۆگا كار) هەبوە، واتە بە زاراوەی ئێستا دەشێت (میراوی) بۆ دابنرێت.

٢٠- لە هەر پێنج فەرمانەكەدا، بەتەنیا لە سێهەمیندا، مۆرێكی ڕەسمی بەرچاو دەكەوێت، كە پێدەچێت، هێمای قەڵەم ڕەو، یان خودی میری میران بێت، واتە لە دیكۆمێنتەكانی تردا ئەو مۆرە بەرچاو ناكەوێت.

٢١- بەپێی داب و نەریتی نووسینی بڕیار، یان فەرمانی ڕەسمی، دەبێت مەتنی بڕیارەكە، كورت و ڕوون و مەبەست پێك بێت و دووربێت لە وشەو ڕستەی شێواز ئەدەبی، بەڵام ئەم فەرمانانە تێكەڵەیەكن لە شێوازی جیاجیا، وەك ڕستەی (ڕەحەت خەیاڵ و ئاسودە حاڵ) یان (خەیاڵێكی ئاسودە)، ئەمە جگە لە هەندێ واتای دووبارە.

٢٢- دەبو لە بڕیاری یەكەمدا، لەجیاتی ڕستەی (بحمد لله تعالی) (باسمه تعالی) بوایە، نازانم بۆ وا نەبوە؟!

٢٣- لە فەرمانی یەكەمدا، لەجیاتی ڕاناوی كەسی یەكەم بەكاربهێنرێت، ڕاناوی كەسی سێهەم بەكارهاتوە، ئەوەتا دەڵێت: (پاش سڵاو ڕوونی دەكاتەوە.)، دەبوو بوترایە (پاش سڵاو ڕوونی دەكەمەوە، یان دەكەینەوە...) بە بۆچوونی بەندە سێ هۆكار لەپشت ئەمەوەیە:

١. نووسەری کردەیی فرمانەکە، میری میران نیە، بەڵکو کاتبەکەیەتی، واتا ئەم بەناوی کەسی سێهەمەوە فەرمان دەکات کە میری میرانە.

٢. لەوانەیە شێوازی فەرمانی ئەو سەردەمە وابوبێت.

٣. یان هەڵەی تیا کردوە.

٢٤- زاراوەی (پیاوداری) لەم سەردەمەدا بەکارناهێنرێت، مەبەست لەم زاراوەیە (سەرۆکایەتی) (گەورەسالاری) (سەرکردەیی)یە، تائێستا لە بواری تردا، ئەم دوو وشە لێکدراوە، وەك پیاوداری، حوکمداری، ماڵداری، دڵداری...هتد بەکاردەبرێت.

# د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، پیاوێك لەكتێب

تێبینی:

لەسەر داوای چاپ و پەخشی سەردەم بۆ ژمارەیەكی تایبەتی رۆژڤار ئەم بابەتە نووسراوە

د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، یەكێكەلەزاناكانی ئەم سەدەیەلەبواری ئەدەب و زمانی كوردیدا، بەرهەمەفرە و ناوازەكانی شایەتی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەدەن، كەهەوڵ و تەقەلایەكی بەبڕشتی داوەبۆ خزمەت و بوژاندنەوەی ئەدەبی كوردی و بەدەرخستنی لایەنەنەزانراو و گوماناویەكانی، نەك هەر ئەمەبەتەنیا، بەڵكو هەمیشەلەبەرەی میللەتا بووەو بەوتار و هەوڵەفرەلایەنەكانی خواست و ئاواتەكانی میللەتی كوردی بەرجەستەكردووە.

مەرجەعیاتی هزر و بۆچوونەسیاسییەكانی لەفەلسەفەو بیری ماركسیەتەوەسەرچاوەی هەڵگرتووە، دیارەلە گەلێ بواری نووسین و توێژینەوەو بۆچوونەكانیدا، سێبەری ئەم هزرەڕەنگی داوەتەوەو تەنانەت بەرگری شێلگیرانەشی بەنووسین و هەڵوێستی ڕۆژانەلێكردووە.

ئەم بەرگریەئایدیولۆجییەی پڕۆفیسۆر، لەفیكری چەپ زۆرجار دووچاری لەسەر نووسین و پەرچەفیكری دژ بۆتەوە، دیارەد. عیزەدینیش حەپولكی كەسی نەداوەو هێندەی بۆی

کرابێت، چۆتەسەنگەری بەرگری و وەڵامدانەوەوە، بەتایبەتی لەڕۆژگاری شەڕی ساردی نێوان حیزب و لایەن و ڕێکخراوەکوردییەکاندا، ئەو شەڕی سارده، بەداخێکی سەختەوەشۆڕبووبووەوەبۆ هەموو کون و قوژبنەکانی ژیانی سیاسی و زانستی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەدەبیش، کەئاکامێکی سەختی بەجێهێشت لەسەر هەست و نەستی میللەتەساویلکەو نەخوێندەوارەکە، نەک هەر ئەمەبەتەنیا، بەڵکو مێژوویەکی لێوانلێو لەخۆخۆری و دژیەک بوونیشی تۆمار کرد، ئەگەر شەڕی ساردی نێوان حیزبەکوردیەکان میللەتی تووشی دردۆنگی و گەوجاندن کردبێت، دیارەدەسپێشخەریشی کردووەبۆ ئامادەکردنی فەزای شەڕی گەرمی نێوان ئەم حیزبانە، کەتا هەنووکەش ئاسەوارەکانی درێژەی هەیە، دیارەلەکەش و هەوایەکی لەم جۆرەدا، میللەتەکەمان جامی لێوان لێوی غەشیمانەی نۆشیوەو سەری دڕدۆنگی و نەگبەتی پێ گەرم کردووە.

یەکێک لەو کۆڵەکانەی کەکەسێتی ئەدەبی و ڕووناکبیری ئەم زانایەی لەسەر وەستاوە، ئەم زیرەکی و بەهرەخۆڕسکەیەتی، کەلەنووسینەکانیا بەزەقی ڕەنگی داوەتەوە، شیکردنەوەو تاووتوێکردنی بابەتەکان و پشتبەستن بەو بەهرەخودییەی کەوەک هێزێکی خۆڕسک دەدرەوشێتەوە، بەرهەمەکانی خستۆتەئاستێکی باڵاوەو هەمیشەجێ متمانەی زانکۆکان بووە، ئەمەجگەلەو "ذاکرة" بیرەوەرییەتیژەی کەوەک کامێرای دەستی هونەرمەندێک هیچی لێ ون نابێت و هەموو کەلێن و قوژبنەکان کێوماڵ دەکات و دەیخاتەخزمەتی توێژینەوەکانیەوە،

دیارەبیرەوەری تیـژ و زیـرەکـی درەوشـاوەی د. عیـزەدیـن، دوو بـەهـرەی خۆڕسـکی خـوداییـن و د. عیـزەدینـیش لـەپـەنایانـدا بەهرەمەند بووە. یەکێک لەمەرجەعیاتی کەسایەتـی زانـستی د. عیزەدین، خوێندنی مزگەوتەکەلە خزمەتـی باوکیـا سـەرچـاوەی گرتووە، ئەم نەزمی خوێندنەو تێکـەڵاوی لـەگـەڵ فـەزای مـەلا و مزگەوتدا، گوڕێکی تری داوەتەئاستی نەک عـەرەبـی زانینـەکـەی بەتەنیا، بەڵکو شارەزایـی فـرەلایـەنـی پـێ بـەخـشیوەلـەبـواری فەزای زانستەئاینییەکان و بەستنەوەیان بـەگـەوهـەری هـەنـدێک لەدیراسات و نووسینەکانیەوە، سوودبینینی فرەی د. عیـزەدیـن لـەبـوارەکـانی نحـو، بلاغـة، منطـق، یارمـەتـی تیژکردنـەوەی تواناکانی داوە، بۆ بەکارهێنانی جەدەل و حیوار و وردەکـاری و دنیا بینی زانستانە، ئەم خەسڵەتانەی مەڕ د. عیزەدین، حـسین مروە م دێنێتەوەبیر – ئەم تـەمـەنـی درێژبێـت – لـەپـەنـای ئـەم ڕووناکبیرییەئاینیەدا، د. عیزەدین سوودی گەورەی لەفەلسەفەو ڕوونـاکبیریی و ئـایـدیۆلۆجیای مارکسی بینیـوە، واتـەدوو ئـاو لـەجـامێ هـەریـەک لـەڕەنگـێ، قـاڵبوونی پڕۆفیـسۆر لـەم دوو فەلسەفەیەدا هێز و گوڕ و توانایەکـی ئـەوتـۆی پـێ بـەخـشیوە، کەبەرەو مەوسوعیەت بڕوا لە بواری ئـەدەب و زمـانی کوردیـدا، ئەم مەوسوعیەتەلەم سەردەمەدا بەتـەنیا لای مامۆسـتا مـەسـعود محەمەد و د. عیزەدین بەدی دەکرێت و کتێبـەکانیـشیان گـەواهـی بۆچوونەکەمـە. سـوودبینینی عـەرەبـی زانینـەکـەی د. عیـزەدیـن بایەخێکی فـرەی هـەبـووەبۆ دەوڵـەمـەنـدکردنی دنیـای ئـەدەبـی کوردی، وەرگێڕانی دیوانی گۆران بۆ زمانی عەرەبـی، ناسـاندنی گۆرانەبەجیهانێکی فراوانی خەڵک و بردنەدەرەوەی عەبقەریەتـی

شاعیرێکی کوردەلەناوچەیەتییەوەبەرەو بەجیهانیبوون، جگەلەمەشیان لەکتێبی (بقلم کردی)دا کەبەزمانی عەرەبی دەرچووە، دەبینین ئەم زاتەچ هەوڵ و تەقەلایەکی داوەلەنێو ڕۆژنامەو گۆڤارەعەرەبی و عێراقییەکاندا، بۆ ناسینی میللەتی کورد و بەرگری شێلگیرانەلەدۆزەڕەواکەی و دڕپێدانی ئەو تەمی گومانەلای عەرەبەشۆڤێنییەکان لەسەر مەسەلەی کورد، ئەمەجگەلەبەرگری شێلگیرانەلەهزر و بیری چەپ و پێشکەوتنخواز.

ئەو کاتەی کەدکتۆر عیزەدین بووەسەرپەرشتیاری نووسینەوەی نامەی ماجستێرەکەم (الشیخ معروف النودهی بلاغیا) گەلێک دڵخۆش بووم، چونکەدەمزانی سوودی فرەدەبینم لەتوانا و تێبینییەزانستیەکانی.

با ئەوەش نەبوێرم کەهەندێکجار هەردووکمان لەسەر بابەتێکی پڕ گرێ و گۆڵی بەلاغەماندوو دەبووین و گرێکانمان بۆ نەدەکرایەوە، ڕای دەسپاردم بۆلای مەلایەکی شارەزای مزگەوت، لەئاست زانای گەورەعەبدولکەریم مودەڕیسدا کەئەوەشم دەس نەدەکەوت!! ئەوەی کەهەردووکمانی ماندوو کرد، بابەتی (الفصل و الوصل) بوو، چونکەبەندەلەزانکۆدا نەمخوێندبوو، تەنانەت زانا ئێرانییەکان دەڵێن (اساسی بلاغة فصل و وصلست)، ئەمەجگەلەوەی کەزانستی بەلاغەی عەرەبی خۆی لەخۆیدا ئێجگار قورسە، چونکەپەیوەندی بەئەزمکردن و شارەزایی تەواو هەیەلەهەموو زانستەعەرەبییەکانی مەڕ زمان و نحو، صرف، ادب... هتد،. با ئەوەش نەبوێرم کەزاناکانی بەلاغەی وەک خەتیبی قەزوینی و سەکاکی و تەفتازانی و هەموو ئەوانەی

کەلە(شروح التلخیص)یان کۆڵیوەتەوە، لەسەر گەلێ شت ناکۆکن و تەرجیحاتی جیا جیایان هەیە! دیارەگەیشتن بەئەنجامیکی دڵنیاکەر لەنێو ئەم بۆچوونانەدا، هەوڵ و تەقەلا و ماندووبوونی دەوێ. بەندەنازانم دەستنیشانی کامەکتێبی د. عیزەدین بکەم بۆ ئەوەی تۆزێک لەسەری بووەستم، چونکەدکتۆر پتر لە هە شتا کتێبی بەرهەمهێناوەو بوارەکانی جیا جیان.

بەشی یەکەمی مێژووی ئەدەبی کوردیەکەی لێوان لێوەلەزانیاری و دەستنیشانکردنی سەرچاوەی مەڕ ئەحمەدی خانی، نازانم دکتۆر ئەم هەموو سەرچاوەیەی مەڕ ئەحمەدی خانی لەکوێوەهێناوەو ئەم کانی بیرەوەرییەی بۆ ئەوەندەپاراو و چاو قرژاڵییە؟! د. عیزەدین لەم بەرهەمەیدا پرۆگرامێکی جیاوازی هەیە، لە مێژووی ئەدەبەکوردیەکانی تر، ئەگەر مێژووی ئەدەبەکوردیەکانی تر زانیارییان هەڵڕشتبێت بەبێ دەستنیشانکردنی سەرچاوە، ئەوا د. عیزەدین پشتی بەدۆکیۆمێنت و دەستنیشانکردنی سەرچاوەبەستووەو لەو نێوانەوەزانیارییەکان چێدەکات، جگەلەمەشیان د. عیزەدین هەوڵی ئەوەی داوەکەلەسەر خشتەی بابەت و کات زانیارییەجۆربەجۆرەکان بەدەرخات، خۆزگەلەکاتی دیارکراودا ئەم پڕۆژەگرنگ و پڕ بایەخەی تەواو دەکرد، حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کەد. عیزەدین هەر بەدەستنیشانکردنی سەرچاوەکان دانەکاساوە، بەڵکو لە نێوان سەرچاوەکانەوەشیکردنەوەو مشت وماڵی بابەتەکەی کردووەبەپشتبەستن بەجەدەل و لۆژێکێکی تۆکمەی سەلمێنەر، هەرچەندەهەندێک بابەت تا ئێستا ئەشێت خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، چونکەکەس سەد دەرسەد

نەقشیی نەهێناوە، بەتایبەت لەڕاست و دروستی مەرجەعیاتی ئەدەبی کوردی و مێژووەپڕ لەهەوراز و نشێوەکەی.

هیوادارم بەرگەکانی تری ئەم مێژووی ئەدەبەبەئەنجام بگەیەنێت و لەو ڕێگایەوەبکرێتەسەرچاوەیەکی گەش بۆ خەڵک و بەتایبەت قوتابیەکانی خوێندنی باڵا بۆ توێژەرەوەکان. با ئەوەش بڵێم کە پانتایی دەستنیشانکردنی بابەتەکان زۆرترە لە لێکۆڵینەوە و مشت و ماڵ کردن و هەڵسەنگاندنی بابەتیانە، دەشێـ ئەمە بە کەلەبەر بناسرێت لەبواری هەڵسەنگاندن و بەباڵابڕیندا

دەبوو دەسەڵاتی کوردی تیم و ستافی تایبەت و پسپۆڕ تەرخان کات، بۆ زانای وەک د. عیزەدین و د. کەمال مەزهەر بۆ تەواوکردن و بەئەنجام گەیاندنی پڕۆژەی نووسین و بەرهەمەکانیان، ئەم دوو گەوهەرەدانسقەیە، چەند مولکی خۆیانن زۆر لەوەپتر مولکی میللەتی کوردن و نابێت هەروا بەتەنیا لەناو قەدی ڕێگادا جێ بهێڵرێن و پڕۆژەکانیان بەبێ نەوایی سەر بنێنەوە، گەرەکەیارمەتیدەر و پاکنووسکار و تایبەتمەند و خەڵکی شارەزایان بۆ تەرخان بکرێت، بە چ حەق و یاسایەک بەرپرسێکی نیمچەخوێندەوار، چەندان پاسەوان و شۆفێر و ئۆتۆمبێل بەدەور و خولیەوەبن، بەڵام زانایەکی گەورەی وەک د. عیزەدین یارمەتیدەر و ڕاوێژکاری تایبەتی نەبێت؟! دیارەنرخی زێڕ لای زەڕنگەرە! لەوڵاتانی خواپێداوداخەڵکی وەک د. عیزەدین و د. کەمال مەزهەر سەرپەرشتیار و ڕاوێژکاری فرەیان هەیەبۆ چێکردنی بەرهەمەکانیان و دەوڵەت نووسینگەو شوێنی تایبەتییان بۆ

تەرخان کردوون بۆ ئەوەی کەبەشێوەیەکی ڕێک و پێک دیداریان لەگەڵدا بکرێت، کتێبخانەکانی ئەم زانایانەکراونەتەمەڵبەندی خوێندکاری باڵا و هەمیشەوەک پوورەی هەنگ جمەیان دێت. چەند جارێک بەندەو د. عیزەدین بانگهێشت کراوین بۆ میهرەجانی جەواهیری لەبەغدا، ئەدیب و ڕووناکبیرەعەرەبەکان ئێجگار سەرسام بوون بەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی لەمەڕ جەواهیری، کەبەو زمانەعەرەبییەپاراوەی دەیگێڕایەوەتەنانەت زۆرجار لەگێڕانەوەکانیا لاسایی فۆنەتیکی گۆکردنی هەندێک پیتی لە بیرمابوو کەجەواهیری لەخوێندنەوەی شیعرەکانیا دەری دەبڕی و ئەدیبەعەرەبەکان ئیرەییان دەبرد بەو بیر تیژییەی د. عیزەدین. نابێت ئەوەفەراموش کرێت کەبەشێکی فرەلەمامۆستاکانی کۆلێژی زمان لە زانکۆکانی کوردستان، خوێندکاری ئەو بوون و لەوەوەبەهرەیان وەرگرتووە.

ئەگەر پلە و ئاستی زانستانەی پرۆفیسۆرییەکەی د. عیزەدین بەراورد بکرێت لەگەڵ هەندێک لەپرۆفیسۆرەکانی ئێستای زمان و ئەدەبی کوردی – لەگەڵ ڕێز و حورمەتم بۆیان – جیاوازیەکەئێجگار فراوان و توولانیە، واتەبەهرەو توانا و زیرەکی د. عیزەدین لەگەڵ خۆماندووکردن و خۆتەرخانکردنی سەرومڕ بۆ دنیای ئەدەبی کوردی، ئەو خاڵەڕووناک و دیارانەن بەتەختی تەوێڵی بەرهەمەکانیەوەئەبریسکێنەوە. جارێک لەسەر هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی نێوان هەردوو شاعیری گەورە، مەولەوی و ئەحمەدی خانی، کەلەنامەی دکتۆراکەی د. عیزەدین دا هاتبوو (الواقعیة فی الادب الکردی) چەند سەرنج و توێژینەوەیەکم لەڕۆژنامەی عێراقی ژمارە(٢١٨٢، لە٤ / ٤ /

١٩٨٣) بەعەرەبی نووسی، لەژێر ناوی (عالم مولوی الرومانسی والواقعیـــة المطلوبـــة)، دیـــارەبۆچوونـــەکانمـــان بـــەدژ دەوەستانەوەلەمەڕ چەمکی قوتابخانەی ڕیالیزم و جۆرەکانی و هەندێک تەئویلی هزری مارکسی لەمەڕ ئـەدەب و چـەمکـەکانی، بڕیار بوو بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەش لـەئـەڵقـەیـەکی تـردا بڵاوکەمەوە، بەڵام هەتا ئێستاکەبەشی دووەمـی لێکۆڵینـەوەکـەم داخستووە، چونکەدڵنیابووم لەوەی کەهەندێک بەبڵاوکردنەوەی شـاگەشکەدەبـوون و تـرش و خـوێی نـەیارانـەیـان پێـوەدەکـرد، دیارەبەو هەڵوێستەیـان خواستـەزانـستی و بابـەتیـەکـەی منیـان لەدنیای ڕق و مەبەستەشەخسییەکان تێکەڵ دەکرد و بێ ویست و ئیرادەی خۆم دەخرامەنێوان دوو کەوانەی نەویستراوەوە، هـەتـا هەنووکەد. عیزەدین دەڵێت: (من شـتم لـەدڵ دەردەچێت، بـەڵام لـەمێـشکمدا دەمێنێتـەوە)، دوای ئـەوەنـدەسـاڵ دەڵـێم دەشـێت مامۆسـتا بۆچـوونی جیـاوازی خوێنـدکارەکـەی قبـووڵ کـات، چونکـــەهـــەر جیاوازیـــەکانـــە، جووڵانـــەوەی هـــزر و مەعریفەبەرەوپێش دەبات، بـا ئـەوەشـم لـەبیرنـەچێت کـەهـۆی سـەرەکـی چـارسکردنی د. عیـزەدیـن لـە بلاوکردنـە وە ي ئـە و لیکولینە وە یە ئەوەبوو، کەلەو دەورانەدا هەنـدێک نـەیـاری د. عیزەدین نان و پیازیان بەنووسینەکەمەوەدەخوارد!

واڕێکەوت کەلە کاتی یەکێک لەفێستیڤاڵەئەدەبیەکانی بنکـەی گەلاوێژدا، د. عیـزەدیـن لـەتـاران نـەشـتـەرگـەری دڵـی بـۆ کـرا، بەندە- وەک سـەرۆکـی بنکـە- بـەنـاوی فێـستیڤاڵەوەبروسکەی خـەمبـاری و دوعـای چاکبوونـەوەم بـۆ نـاردوو بـە(عمیـد الادب الکردي) ناوزەدم کرد، دیارەتا ئێستا بەندەلـەسـەر هـەمـان ڕام،

ئەگەر (عەمید) بەواتای کۆڵەکەبێت ئەوا د. عیزەدین لە بواری ئەدەبدا پتر لە هە شتا کتێبی داناوەو دەیان مامۆستای زانکۆ ئەو سەرپەرشتی کردوون، ئەمەجگەلەوەی کەخاوەنی بڕوانامەی (ناوکە) کەبالاترین بڕوانامەی ولاتی ڕووسیایە،با ئەوەشم لەیاد نەچێت کە(عمید) بەواتای خەمخواریش هاتووەلەزمانی عەرەبیدا، ئەبو نەواس دەڵێت:

یا ایها المعمود قد شفک الصدود

خۆ ئەگەر بەم واتایەشی مامەڵەبکەین، دەشێت د. عیزەدین یەکێک بێت لەخەمخۆرەکانی دنیای ئەدەب و زمان. کتێبی ئەدەبی بەراوردەکەی کەلەزمانی ڕووسییەوەوەریگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی، پەنجەرەیەکی گەورەو ڕووناک دەخاتەسەر پشت بۆ خوێنەری کورد، چونکەکتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا ئێجگار دەسکورت و پەژمردەیە، لە نێوان ئەو کتێبەوەکۆمەڵێک زانیاری تازەو وردمان لەمەڕ دنیای ڕۆمان و داستان لەئەدەبی خۆرهەلاتدا دەست دەکەوێت، ئەمەجگەلەپیشاندانی تیورەجیاوازەکانی ئەدەبی بەراورد و دنیا فراوانەکەی، ئەو هەوڵەی د. عیزەدین ئاشنامان دەکات بەفەزای داستانەخۆرهەلاتییەکان و ناوەڕۆکەپڕ لەجیهانبینییەکانیان، لە نێوان ئەو وەرگێڕانەوەهەندێک بەرهەمی ناوکۆیی چەند نەتەوەیەک دەبینین بەتایبەتی لەبواری داستاندا.

بیرەوەرییەکانی د. عیزەدین، پانۆرامایەکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی، بەلام ئەم ژیانەبارگاوییەبە هەموو ئەو کێشەکۆمەلایەتی و سیاسییەی کەلە دەورانی ژیانیا ڕوویانداوە، ئەو پانتاییەی کەشانۆی بیرەوەرییەکانی تیا نمایشدەکات،

فراوانەو خوێنەری کورد لەنێوان ئەو بیرەوەرییانەوەگەلێ زانیاری فرەلایەنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد هەڵدەگۆزێ و لەو نێوانەوەدەتوانێت ئاوڕێکی خێرا لەو بارودۆخ و نێوەندەبداتەوەو ئاستی هۆشیاری کاراکتەرەسیاسی و ئەدەبیەکان هەڵسەنگێنێ، تێکەڵاوی د. عیزەدین جارێک لەگەڵ ڕەشەخەڵکەکان و جارێک لەگەڵ کەسایەتییەئەدەبی و سیاسیەکانی عێراق و سوریا و ئوردندا، هێندەی تر ئاسۆی دنیابینی فراوان کردووەو حەقیقەتی کۆمەڵگەی خۆرهەلاتی لەبەردەمدا والاکردووە.

هەڵگۆزینی مەعریفەو ڕووناکبیری و ئەدەب لەزمانی ڕوسی و عەرەبی و فارسییەوە، هۆکارێکی تری گەورەو بەرچاوەبۆ دەوڵەمەندکردنی دنیای هزر و بەهرەی د. عیزەدین.

د. عیزەدین جگەلە بواری دیراسات و توێژینەوە، هەنگاوی بەرەو داهێنان ناوەلە بواری شیعر و کورتەچیرۆکدا، بەلام لەم بوارەدا هەنگاوەکانی گورج و درێژ نین و بەمەنەناسراوە و کورتی هێناوە

د. عیزەدین لەبواری ڕۆژنامەگەری ئاشکرا و نهێنیدا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەیە، بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی ئەسپی خۆی تاوداوەو ئەوەندەی بۆی لوابێت ڕۆژنامەگەری وەک چەکێکی بیر و ئایدیۆلۆژی دەستەو یەخە، بەرامبەر ڕژێمەیەک لەدوای یەکەکان بەکار بردووە، تەنانەت زۆرجار ئەم چەکەشی بەرامبەر نەیارەئایدیۆلۆژییەکانی بەکاربردووەو سەرکۆنەی کردوون.

کتێبی زمانی یەکگرتووەکەی، یەکێکەلەو بەرهەمەتێر و پڕ و

نەوازانەی کەبۆتەنەخشەڕێگایەکی ڕوناک و بێ گرێ، بۆ دروستبوونی زمانی یەکگرتوو و ستانداردی کوردی، کەتا هەنووکەخەویکەو دەسەڵاتی کوردی دەیتارێنێ و خۆی لێ دەدزێتەوە، لەو کتێبەدا گیانێکی مشوور خۆر و دڵسۆز و بەئەمەک دەدرەوشێتەوە، لەمەڕ داهاتووی زمانی کوردیدا، کەپاراستنەکەی ئەرکێکی نەتەوەیی و شارستانی هەموو تاکێکی کوردە، جێی خۆیەتی لەم بوارەدا ئاماژەبۆ دیمەنێکی تراژیدی دڵتەزێن بکەم، کەکۆمەڵێک منداڵی قوتابخانەلەناوچەی بەردەڕەش، مانی ئەوەیان گرتبوو کەمامۆستاکانیان بەشەق و زللەدەیانەوێت شێوەزاری کرمانجی سەرویان بەسەردا بسەپێنن و شێوازی کرمانجی خواروویان لێ قەدەغەبکەن، ئەم دیمەنەتراژیدییەبەدەنگ و ڕەنگ، تەلەفزیۆنی nrt پەخشی کرد. دیارەد. عیزەدین بەر لە نزیکەی سی ساڵ وەلامی ئەم ناحەقییەی داوەتەوەو داوای زمانی یەکگرتووی کردووە، فێختەی فەیلەسوفی ئەڵمانی لەوتاری (خطابات الی الشعب الالمانی) دەڵێت: نالاندنی گەلی ئەڵمانی لەژێر چەکمەیڕاستەوخۆی داگیرکەردا، بەقەدەر ئەوەسەخت نییە، کەخوێندکارەکانمان بەزمانی زگماکی یەکگرتووی خۆیان نەخوێنن.

د. عیزەدین بەهەوڵ و کۆششی خودی خۆی شێوەزاری کرمانجی سەرو بە لک و پۆپەکانیەوەفێربووە و توانیویێتی لەم ڕێگایەوەکتێبەنەوازەکانی ئەحمەدی خانی بنووسێتەوە، دیارەلەڕێگای ئەم کتێبەوەبڕوانامەی ناوکی بەدەست هێناوە، کەشانازییەکی زانستانەیەبۆ میللەتەکەمان، دیارەد. کەمال مەزهەر و خوالێخۆشبوو د. مارف خەزنەداریش هەمان

بڕوانامەیان هێناوە، کەباڵاترین بڕوانامەی زانستەلەڕوسیا.

د. عیزەدین لەگەڵ داکشانی تەمەنیشدا، ئامادەگییەکی بەرچاوی هەبووەلە بۆنەنەتەوەیی و نیشتمانی و ئەدەبییەکاندا، چ وەک جەستە،چ وەک وتار و لێکۆڵینەوە،ئەم ئامادەگییەی لەبۆنەکاندا، خۆشی و هێزێکی داوەبەکۆڕ و کۆبوونەوەکان.

لە دوای ڕزگارکردنی خانەقین، بۆ یەکەمینجار بنکەی گەلاوێژ، چالاکییەکی وتار خوێندنەوەمان بردەئەم شارە، د. عیزەدین بەر لەهەمووومان بەدڵخۆشییەوەداوەتنامەکەی قبووڵ کرد و بەئەرکێکی نەتەوەیی لەقەڵەمدا، تەنانەت وتارێکی جوانیشی بۆ ئامادەبوان خوێندەوە. وتارەکەی بەندەبەزمانی عەرەبی و شیعر ئامێز بوو، ئەو فەرمووی ئەگەر لە سەرەتاوە بمزانیایە وتارەکە عەرەبییە پێم دەکردیت بەکوردی، چونکە ئەم شارە پێویستی بەزمانی کوردی هەیە، با ئەوەشم لەیاد نەچێت کەلەگەڵ کردنەوەی زانکۆی خانەقین دا، د. عیزەدین و بەندە، وەک دوو خۆبەخش ئامادەییمان دەربڕی، کەلەو زانکۆیەوانەبڵێینەوە، دیارەبەندەکاری پارلەمانی، ئەو ڕێگایەی لێگرتم.

د. عیزەدین گەلێک پێشەکی بۆ کتێبی نووسەران چێ کردووە، دیارەمەبەستی نووسەران لەپێشەکییەکە، یان گرنگی دانەبەبابەتەکە، یان بەهێزکردنی و برەودانەپێی، یان بەهەند وەرگرتنی کتێبەکەیەچ وەک خۆی، چ وەک بایەخدان پێی لەڕێگای پێشکییەکەوە... یان... یان.

ئەوەندەی بەندەلەڕێگای خوێندنەوەی پێشەکییەکانەوە

هەستم کردبێت، بۆ هەندێکیان، یان لەڕوودااماوە، یان هەندێک ئیعتباراتی ناچارکەر هەبوو، بەڵام خودی پێشەکییەکەسەنگ و پێگەی ئەکادیمی خۆی هەبووە، وەک ئەوەی ئەحمەد موختار و (مسآلة کردستان)ی قەدری جەمیل و... هتد، ئەمەجگەلەکۆمەڵێک توێژینەوەی دەوڵەمەند کەلە بۆنەجیاکاندا خوێندویەتیەوە، هەروەک لەدیدارەکانی مەولەوی و گەلێکی تردا، خۆزگەئەم بابەتانەشی کۆدەکرانەوەلەچوارچێوەی کتێبێکدا؛ چونکەئەهمیەتی مێژوویی و ئەکادیمی خۆیان هەیە.

# خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەند بۆ هۆنراوەیەکی نالی بەزمانی عەرەبی

ڕەنگە لای هەندێکمان دیاردەیەکی نامۆ بێت کە نالی مەزن بە زمانی عەرەبیش ئەسپی شیعر وتنی لە ساراتینی داهێناندا تاو دابێت و سوارچاکێکی لێهاتووی ئەم مەیدانە بێت.

(احمد بن محمد الحضراوی) لە کتێبێکدا بەناوی (نزهة الفكر فيما مضى من الحوادث والعبر في تراجم رجال القرن الثاني عشر والثالث عشر) لە پیتی (خ) دا باسی نالی بەم شێوەیە دەکات: (شێخ خضر ئەفەندی نالی کوردی لە ساڵی (١٢٨١) دا هاتۆتە مەککە و بەهۆنراوەیەك ئەمیری مەککەی بەسەر کردۆتەوە و هەمیشە لە مەجلیسی ئەمیردا دانیشتووە و گفتوگۆو بەدوادا چونی کردووە لەبواری زمان ئەدەب وزانستی تردا، هەروەها لەنێوان ئەو و زانای گەورە (شنقیطی) دا دیالۆگ و شرۆڤەی بابەتەکانی ئەدەب وزمان بەرێوە چووە، نالی توانا و لێهاتوویەکی بەربلاوی هەبووە لە ناسینی نەژاد و ئەدەب وزمانی عەرەبیدا، ئەم پیاوە زانا و

خاوەن فەزڵە، وەك پیرێکی جوان وبەهەیبەت، بەلاّم داهێزرا و و سست بەدەردەکەوێ) ئەمەی کە وترا رای مێژونوسێکی عەرەبە بەرامبەر نالی مەزن.

بەقسەی ئەم مێژوونوسە، نالی نزیکەی (٩) ساڵ دوای ئەو تەمەنی مردنەی کەلە لایەن مێژونوس و ئەدیبە کوردەکانەوە بۆی دیاری کراوە، ژیانی بەسەر بردووە و شیعری بەعەرەبی نوسیووە !!

ئەم هۆنراوەیەی کە ئێستا لەبەردەم دایە بریتییە لە (١١٦) بەیتە شیعر و وا دەست پێدەکات:

أزعجتني مزعاج سكني انزواء

ودعتني الى مخاض الفناء

ئەم چامەیە وەك هەر چامەیەکی تری شیعری کلاسیك یەکێتی بابەتی تیا هەست پێناکرێت ورستێك بۆچوون و مەبەستی جیاواز و بیرو وێنای جۆربەجۆری گرتۆتە خۆ، تەنیا تالێك کە بابەتەکانی چامەکەی شەتەك دابێت، سکالأیە لەدەست داگیرکەرانی کوردستان و سۆز وخۆشەویستی و دڵ هەڵقرچانە بۆ شارەزوور و هۆکاری سەرهەڵگرتنەکەی و گرنگی وڵاتی حیجاز بۆ موسوڵمانان.

ئەوەی کەمتر لە چامەکەدا ڕەنگی دابێتەوە وخۆی نواندبێت، ستایشی ئەمیری مەککەیە کەبەتەنیا لەو (١١٦) دێڕە شیعرەدا بە (١٢) بەیتە شیعر ئەمیری مەککەی بەسەر

کردۆتەوە، بەراوردی ئەم ستایشەی نالی بە ستایشی شاعیرە عەرەبەکانی مەڕ ئەم بواری پیا هەڵدانە، ئەوە دەسەلمێنێت کە نالی روپامایی نەکردووە و پێی لێ هەڵنەبڕیوە بۆ ئەوەی ئەم ئەمیرە بەرێتە ئاسمان و بیکاتە سۆپەرمان، بەڵکو وەك یەکێکی بەخشندە ومرۆڤدۆست و ئیماندار و موسوڵمانی راستەقینە ناوزەدی کردووە.

نالی دوای روخاندنی میر نشینی بابان بەدەستی تورکەکان، ئیتر چاوی بەسلێمانی و کوردستاندا هەڵنەهات ونەیویست ئەم لانکی جوانی وئازادییە بە ژێردەستی و کزی ببینێ، ئەوەی کە ئەمە دەسەلمێنێت وەڵامەکەی سالمە کە لە وەسفی سلێمانیدا دەڵێت:

شارێکە پڕ لە زوڵم و مەکانێکە پڕ لە شین
جاییێکە پڕ لە شۆر و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ
توخودا بڵێ بە حەزرەتی نالی دەخیلی بم
بەم نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانیا گوزەر

ئەوەتا نالی جارێك لە شامەوە نامە بۆ سالم دەنێرێت، جارێك لەگەڵ ئەحمەد پاشای باباندا روو لە ئەستەمبوڵ دەکا و جارێکی تر دەڵێت بریارمداوە برۆمە میسر، بۆ ئەوەی نارەزایی و بێزاری لە جەور و ستەم دەربڕم و کراسی خەمەکانم لە نیل هەڵکێشم:

**سوى مصر است مراعزم ازين لجه ء غم**

**تاكه در نيل كشم جامه زبى دادوستم**

**ميرود نالي از اينجا ضو حريصى از دنيا**

**بالب خشك وكف خالي چشم ثر نم**

لە دواجاردا مەلی ئاوارەییەکەی ئەم شاعیرە گەورەیە، لە حیجاز بەباڵ شکاوی دەنیشێتەوە، بەڵام لەو ئاوارەییە و لەپەنای کەعبەشدا سکاڵاو گریان لەدەست هەردوو دراوسێی داگیرکەری کوردستان بەکوڵ هەڵدەرێژێت:

فيم تبكي من فرقة الفرق الرو م وترك الأعاجم العجماء

كنت فاكهتهم فهل ذقت منهم بلغة من بلاغة البلغاء

لەسەر هەمان نەزم، ئۆف و ئاخ لەدەست ئەم دوو دراوسێ نالەبارە دەردەبڕێت کە هەرگیز نرخی دراوسێیەتی نازانن و لەگەرمەی هاوڕێیەتیدا بە هەنگوین دەتخنکێنن و بە لۆکەش سەرتدەبڕن، هەر ئەمەشە وای لێکردووە کەبڵێ هەڵاتن لە بەردەم داگیرکەری وەهادا بۆ ئەو رسواییە و بۆ منیش سەربەرزی.

ويح جارين جائرين عن القصد دو حق الجوار والأتقاء

أمن الخير والثواب تفدا ن الى الحوب والحوباء

أفرارا عن القرار مهينا ومهانا في أعين الازدراء

ئەوەی کە جێگەی خەمە دوای پتر لە دوو سەدە وپاش ئەو هەموو گۆڕانکارییە لە جیهاندا هەمان دوو دراوسێ کۆڵیان

لەسەرکوتکردنی کوردی موسلمان و دراوسێ نەداوە و هەر بەلۆجیکی هێز و ملهوری مامەڵە دەکەن.

هەربەدوای ئەم سکالآیانەدا، نالی هۆکاری هەڵبژاردنی حیجاز دەردەبڕێت، کەسەری پێوەناوە، دیارە لایەنە ئاینییەکەو مەزاری پەیامبەر و پیرۆزی حیجاز و داگیرکردنی سلێمانی هۆکارەکانن، با ئەوەشمان لەیاد نەچێت لەدوای هاتنی هۆلاکۆوە ئیتر هێز وتوانای عەرەبەکان لە ناوچەکەدا پاشەکشێی کردوو دوو هێزی تەماعکار سەریان دەرهێنا کە تورك وفارسەکانن، هەر ئەمەشە وای لە نالی کردووە کەپەنا بۆ شوێنێك بەرێت کەسێبەری ئەم دوو دراوسێ نالەبارەی لێ نەبێت، تەنانەت هەڵبژاردنی میسریش هەر لەبەر ئەو مەبەستەیە !

لەپتر لە (١٠) بەیتە شیعردا نالی هۆکاری هاتنی بۆ حیجاز باس دەکات و بەباشترین پەناگای سەردەمی پیری دەزانێ و دەیەوێت دواساتە غەماویەکانی تەمەنی لەوێ بەسەر بەرێت و چاوی ئاوارەیی و ولآت وێرانی لەپەنای کەعبەدا لێك بنێت. تەنانەت لە هۆنراوە کوردیەکانیشیدا لەسەر هەمان بیرۆکە سوور بووە، ئەوەتا روو لە پەیامبەر (د.خ) دەکاو دەڵێت:

ئەی تازە جەوان ! پیرم و ئوفتادەووکەوتوم تاماوە حەیاتم

دەستێ بدەرە دەستی شکستم، کە بەسەرچوم قوربانی وەفاتم

دوای هێنانەوەی ئەو هەموو بەڵگەیەی کە نالی دەخوازێت

لــە حیجــاز ماڵئــاوایی لــەم دنیــا پڕلەخەمــە بکــات، لــە وەرچــەرخانێکی دەرونــی ناکــاودا، ســۆزو ئــەوینی شــارەزوور ســەرتاپا ویــژدانی دائــەگرێت و وەك کــەوی نێــو قەفەســێك لــە حیجازەوە بۆ شارەزوور دەخوێنێت، نـەك هـەر ئەمـە بەتـەنیا، بــەڵکو ڕەفــزی شــام وئەســتەمبوولّ و بەغــداو هــەموو جیهــان دەکــات و شــارەزووریش بــە پایتــەختی ئــەم دنیایــە لەقەڵــەم ئەدات:

زورت زورة الى الزوراء          أو الى الروم أو الى الشهباء

أو الى شهرزور مسقط رأسي     موطن العلو موطىء الأباء

ماء وجه العراق ورداً ووردا      فهي خضرائها على الغبراء

تەنانــەت لەگــەڵی شــوێنی تــری دیوانەکەیــدا نــالی هــەر دڵ وچـاوی لای کوردسـتان بـووە و ولاٌتـی حیجـازیش بەوهـەموو پیرۆزیەوە تینوێتی خەمە هەمیشەییەکانی نەشکاندووە، هەر بۆیـــە لەبارتـــەقای ئەمـــەدا شـــارەزوور لەپـــەرەکانی دڵـــە نەسرەوتەکەیدا بۆتـە سـەرتۆپی گـشت جـوانی و دلۆڤانێکـانی عیراق، ئەوەتا لەو ئاوارەیی و شارکاولیەدا دەڵێت:

دڵی نالی کە ئەنیسی (قەرەداخ)ە ئیستەیش

داخی (سەرچاوە) و (دێوانە)یی دارودەوەنە

دەتــوانم بڵــێم دڵ وویــژدانی نــالی لەبیرۆکــەی مانــەوەی ئێجگاریی لە حیجاز، یان گەرانەوە بۆ شارەزوور، لەسەختترین درامـای ئـەم دوو تـەوەرەدا خـولی خـواردووە، بـەلاٌم لەدواسـاتە

تراژیدیـەکانی خـەزانی تەمەنیـدا، گەرانـەوەی هەڵبـژاردووە و ختوورەی مانەوە لە حیجاز بەیەکجاری لەهـەناویا کوژاوەتـەوە، هەرچـەندە وڵاتـی کـوردەواریش لـەو زەمانـەدا لـەژێر هـەوری رەشە کوللەی تورکە داگیرکەرەکاندا ئەینالاًند.

ئەوەتانیٚ لەمەککە هەڵدەتـەکێنیٚ و نایـەوێت دەسـت لـەم و لەو پانکاتەوە و نانی منەتی خەڵکی بخوات:

**بۆ جیواری حەق لە هەرجیٚ صدیقی نیەت کافیە**

**من لە (بیت الله) ئینشەلاٚ (بأذن الله) دەرۆم**

**لێم حەرامە دانەو وئاوی حەماماتی حەرەم**

**من کەبازی دیدە بازم نەك شەوارەی دەستەمۆم**

دیـارە بەشـێك لـەم وەرس بوونـە لـە حیجـاز دەرهاویـشتەی نەك نامۆبوونی جێگایە بەتەنیا، بەڵكو نامۆ بونی كـات وتەمـەن و لایەنە کۆمەلاٚیەتیەکەشە.

لــــەم هـــۆنراوە عەرەبیـــەدا نـــالی جۆرێـــك لەوەرەســـی و دڵەراوکێیی پێوە دیارە و لەوەدەچێت دەوروبەرەکـەی ئیرەییـان پیٚ بردبیٚ، چونکە لەگەڵ ئەمیری مەککـە دانیـشتووە و جێگـای گـویٚ پێـدانی بـووە و ئەسـتێرەی ناوبـانگی لـە حیجـاز زوو کەوتۆتە درەوشانەوە، هەر بۆیە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ان يجادلك عالم فتجاهل | وتنزل عن رتبة العلماء |
| أو يعاتبك جاهل قل سلاما | تنج واغضض عن عورة الجهلاء |
| لو يقاسيك قلب قاس كصخرٍ | لن ولاينه واجر جري الماء |
| لا تثق في المداهنات بذي نف | سٍ وان كان اقرب الاقرباء |

ئــەم جــۆرە زۆر بــۆ هــاتن و ســكالآیە لای موتەنــەبی و ئەبولعــەلای مەعــەری و ئــەبو حــەییان توحیــدی وگــەلێكی تــر بەدەردەكـەوێت، چـونكە هەمیـشە ئـەم كەڵـە شـاعیرو نوسـەرانە ژێـر بـەژێر لای كاربەدەسـتە بالآكـان تێـچنینیان بـۆ كـراوە و، كەوتونەتە بـەر زمـانی خەڵكەكانی خوارخۆیـان و بەدەسیانەوە دوچاری ناخۆشی وپەژارەیی هاتون.

ئـەم چامە عەرەبیـە لـەرووی هونەرییـەوە لـە فـەزای شـیعری عەرەبی ئەو سەردەمەی نالیدا هەناسە ئەدات.

ئەوانــەی مێــژوی ئــەدەبی عــەرەبی ئــەو ســەردەمەیان نوسیوەتەوە ئەو قۆناغەیان بەسەردەمی تاریك (الفترە المظلمـە) نـاوزەد كـردووە، چـونكە زۆربــەی هــەرە زۆری شـیعری ئـەو سـەردەمە دووچـاری وشـكبونەوە هـاتووە و شـاعیرەكانی ئـەو قۆناغە خۆیان خەریك دەكرد بە فۆرم وشێواز و ئارایشتكردنی رووی دەرەوەی شـیعر، لەسـەر حـسابی خـەیاڵی بـەر بـلأو و وێنـەی هونـەریی وبزوانـدنی هەسـت وسـۆزەوە، خـۆ هەنـدێكی تریان خۆیان سەغڵەت دەكرد بۆ دۆزینەوەی واتای قوڵ و فرە مـەودا لەسـەر حـسابی شـێوازی ناسـك وتـەر وپـاراو. واتـە بـــەفۆرمی زەیـــن ئـــارایی، تـــەروپاراویی شـــیعرەكە یـــان لەدەســتداوە، ئەمــە جگــە لــە خۆخــەریككردنی ســەر ومــڕ بەرەهەندی زانستی جوانناسییەوە (علم البدیع) ئێمـە دەتـوانین ئـەم مـۆرك وخەسـڵەتانە لـەم هۆنراوەیـەی نالیـدا بەبەڵگـەوە دەستنیشان بكەین.

ئەگـەر هـۆنراوە كوردیـەكانی نـالی بـۆ رونـاكبیری دەسـتبژێر

(نخبـە) نوسـرابنەوە، ئـەوا ئـەم چامە عەرەبیـەی نـالی بـۆ سـەرو نوخبـەی نوخبــەوە نوســراوەتەوە و هیــچی کــەم نییــە لــە (لزومیـات)ەکـەی ئەبولعـەلای مەعـەری ئەگـەر زیـاتر نـەبێت، چـونکە سـەنعەت کارییـەکی ئـەوتۆی تیـا کـراوە، کـەوەك پێشانگایەکی مینـاتۆری سـەربە فەرهـەنگ و زمـان و زارەوەی جۆربەجۆر خۆی نمایش دەکات.

بـۆ راسـتی ئـەم بۆچـونە هەنـدێك لـە دیاردەکـانی هونـەری جواننـاســی (الفنــون البدیعیــة) پــێش چــاو دەخــەم دیــارە نمونەکان زۆرن، بەڵام من بۆیـەك هونـەر یـەك نمونـە دێنمـەوە و نایکەم بە سێ وچوار، چونکە بـواری ئـەم درێژکرنـەوە فرەیـەم نییە و خۆمی لێ لائەدەم.

١. دیـاردەی (تـدویر) کەسـەر بـەدنیای کێشی شـیعرە و بــەدەربڕینی واتــاوە بەســتراوەتەوە، لەچــامەکەدا، بــەفرەیی دەبینرێت:

او ترم وصلة الی صلة الرح     م ووصل الوفاء وقطع الجفاء

٢. جینــاس بەهــەر هەشــت بەشــەکەیەوە رروبــەرێکی ئێجگـار فراوانــی داگـیر کـردووە، وەك: (الأعبـاء . الأعیـاء) (قدمتنی . اقدمتنی) (عاذل . عـادل) (جارین . جـائرین) (وجیـە . وجیب) (الحوب . الحوباء) (موطن . موطیء) (الأباء . الآباء).

٣. هونەری (طباق) بەلێشاو دەردەکەوێتن وەك: (خضراء ـ غبراء) (فـرار . قـرار) (وفـاء . جفـاء) (قـرب . بعـد) (سـعداء .

اشقياء).

٤. هونـەری کینایـەش کـەم تـا زۆر بەرچـاودەکەون، وەك: (موطيء الآباء . الحوب . الحوباء . آل الكسا . ال العباء).

٥. لە چامەکەدا کەمتر خوازەو لێکچواندنی بەکار هێناوە، کەئەم دوو رەهەندە، کۆڵەکەی شیعری دلۆڤان وخـەیاڵ پـڕژێنن، دیـارە قـەرەبووی ئەمـەی بەبـەکارهێنانی هونـەری جوانناسـی کردۆتەوە.

٦. تـابڵێی خـۆی مانـدوو کـردووە، بـەوەی کەبـەدوای ئـەو وشـە نـامۆ و دورەدەسـتانەدا گـەراوە کـە خوێنـەر شـەکەت و سەراسـیمە دەکـەن، خوێنـەری ئـەم چـامەیە دەشـێت فەرهـەنگێکی زمـانی بەدەسـتەوە بێـت بـۆ لێکدانـەوەی وشـە و دەسـتەواژەکان، ئـەم دیاردەیـە لای شـاعیرەکانی سـەردەمی تاریـك (الفـترة المظلمـة) بـاوی بـووە و شـاعیر هەمیـشە خـۆی پێـوە بـاداوە و خوێنەریـشی پـێ تاقیکردۆتـەوە، دیـارە شـاعیرێکی غـەیرە عـەرەب کـە هەسـتی بـە گـرێ کـوێرەی نەتەوەیی کردووە، زیاتر پێی لێ هەڵبڕیوە بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنە.

٧. لەهۆنراوەکانـدا هەنـدێك هێمـای مێـژوویی و فیقهـی ومـەکانی و قورئـانی هەیـە، هەنـدێك وشـەی بـەجۆرێك بەکارهێناوە کەبۆتـە مەتـەڵ و کـەس پێـی ناوێرێـت، بەتایبـەتی ئـەو وشـانەی کـەپتر لەواتایـەکی هەیـە و هەڵبـژاردنی هەریـەك

لەواتاکانی پێویستی بە هاوکێشکردن هەیە لەگەڵ واتاکانی تردا ولەدواجاردا وەك هاوکێشەیەکی زانستی لێدێت، ئەم مامەڵەیە لەگەڵ پێکهاتەکانی شیعردا و بەم شێوە ئەندازەییە شیعریەت چۆڕە پڕ دەکات، دەبێت ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە هۆنراوەی شاعیری عالم بارگاویە بە زاست و زاراوەی ئەوتۆ کە تەڕ وپاراوی شیعرەکە کزر دەکەنەوە و چێژی خوێنەریش بە لاڕێدا ئەبەن.

٨. یاریکردن بە وشە بەجۆرێك کە خوێنەر وەرس دەکات، هەر بۆ نمونە:

ومجيبا بوجية ووجيب　　　وجواب يجوب جوب المراء

مخلط مزيل فيهوى ويهوى　　　مايهب بِهبٍّ طوع الهواء

٩. هەولی داوە لەنێو بەیتە شیعریەکاندا جۆرێك لە خرۆشانی میوزیکی و ئاهەنگی ناو بەیتەکان فەراهەم بێنێت، بەلام بەرێگای سەجەعدا، کەئەمە شیعرەکە بەرەو پەخشان رادەکێشێت، ئەم دیاردەیە ئەگەر لەشێوەیەکی خۆرسکانەدا خۆی نمایش بکردایە بە ئەرێنی دەکەوتەوە، بەلام وورد بونەوە لەم رەهەندە، دەری دەخات کە سەنعەتکاریەکە باڵی بەسەریا کێشاوە.

١٠. بەکارهێنانی (اللف والنشر)

كل جون ذى جمع ضدين لونا　　يتراء، الغور والحرباء

١١. الأستتباع:

جامعا خلقهم بأجمل وجه　　　حسن ذكرهم بلطف الأداء

١٢. التفريع:

جامع الشمل بين ملك ونسك        باتفاق الولاة والولاء

١٣. المبالغة:

حزمه في الوقار فاق الرواسي      عزمه للنزال سهم القضاء

١٤. لزوم مالا يلزم:

من بغى بغى في سعادة البطحاء    فهو باغ والباغي باغي الشقاء

١٥. المشاكلة:

بل ظبا لحظة الظبا السمراء    سبقت سهم حدة الزرقاء

وەك وتم ئـەم چـامە عەرەبیـە، پێـشانگایەكی ئـاڵو والأی بارگاویە بەرەهەنـدی زانستە جوانناسیەكان (العلـوم البدیعیـە) وە ئـەم مـشتەیش نمونـەی خەرواریێكـە، واتـە، گـەلێ هونـەری بـەلاغی تـری تێدایـە و دۆزینـەوەی ئـەم توخمانـەش ئەخەمـە ئەستۆی خوێنەرەوە و دیارە ئەركەكەش هێند ئاسان نیە.

ئەوەی كەدەبێت لە دواجاردا بوترێت:

نالی چ لەم هۆنراوە عەرەبیەدا، چ لەهۆنراوە كوردییەكانیـدا، بەشـاعیرێكی بـەدیع خـواز ناسـراوە، بـەلأم هێنـدەی لەشـیعرە كوردییەكانیــدا تــەڕو پــاراوی، لەچوارچــێوەیەكی خۆرســك وئاسـایدا دەدرەوشـێتەوە ونمایـشێكی هونـەری كـراوە، زۆر لـەوە كـەمتر لـەم هـۆنراوە عەرەبیـەدا خۆرسكی وپاراوی بـەدی دەكرێـت و سـەنعەتكاری وشـك و دوور لەشـیعریەت جێگـای گرتۆتەوە.

**ئەمــەش کــۆی چــامەکەیە بــەڵام هــیچ سەرباســیٚ:ی بــۆ نەنووسراوە**

ازعجتني مزعاجُ سكنى انـزواء ودَعَتْني الى مخـاص الفنـاءِ

أثقَلَتْني بحمل مافوقَ طَوْقي من أشَق الأعباء والأعياء
قصرتني على إطالة نَشْرٍ إنطوتْ عنه عيبتي ووعائي
وأَطالت في سَحب ذيلي على ما قَصُرَتْ عنه جُبَتي وردائي
قَدّمَتْني واقدمتني وأَلْقَت في فؤادي دواعي الإدّعاءِ
أذْهَلَتْني بزهرة العاجل الفا ني عن الآجلِ القريب النائي
واستَفَزّتْ قناعتي واستخفّت لي ركوبَ الدأماءِ والأفلاءِ
زحْزَحَت همة التهامي عن غَوْ رٍ إلى التيه أو إلى التيهاء
تركتني في أسْرِ قبضي وبسطي وغرامي وشِدّتي ورَخائي
لكي أنْوىَ النوى من الام رحما ومزار المرحومة البيضاءِ
زَوّرَتْ زَوْرَةً الى الزوراء أو الى الروم او إلى الشهباءِ
او الى شهرزور مسقط رأسي موطن العلوّ موطيء الاَباء
ماء وجه العراق وِرْداً و وَرْدا فهي خضرائها على الغبراء
ملت عن زورها وذاكرت قلباً في سويدائه ذكاء الذكاءِ
خلداً خالداً وروعاً ذكياً وفؤاداً منوّراً بالبقاءِ
ومجيبا بوَجيةٍ ووجيبِ وجواب يجوب جوب المراءِ
وَيْحَ جارين جائرين عن القصـ د وحقّ الجوارِ والاتقاءِ
أمن الخير والثواب تفدا نِ إلى الحُوبِ او الى الحوباءِ
افراراً عن القرار مُهيناً ومهاناً في أعين الازدراءِ
او حياءً من الرثاثة والعُرْ ى وهذان خلعة الغرباءِ

ان تُرِدْ عِزَّةً ولُبساً فَلُذْ     بااللهِ والَبيْتُ ستْرةُ الفقراءِ
وتَوَسَّلْ بذيلها وبأهلِ البيـ     ـتِ آلِ الكسا وآل العباءِ
قِبْلَةُ القبلة استلامُ يمينِ     اللهِ يُسْرُ اليسارِ رأْسُ الثراءِ
ماترى المحرمين في الْحَرّ والبر     د غريق الحريق والعُرَوَاءِ
إتّقِ النارَ جَمْرَها بِجِمارِ     ولظاها بلَفْحَة الرّمضاءِ
او تَرُمْ وَصلةً الى صلةِ الرحـ     ـمِ ووصلَ الوفاء وقطع الجفاءِ
فَاسْتَعِرْ من حمائم الْحَرَم الرّيـ     ـشَ ورَفْرِفْ وارْأَفْ بهم بالرفاء
اوعلواً على غنائم غَزْوِ     غارة في خزائن الاغنياء
او غُلُوّاً على مغانمِ نَهبٍ     لم يكن دأبَ نَفْسِكَ الْعَصْماءِ
فاسْتَح من جماعة وَاسْـ     ـعَ وطوف بِكَعْبَةِ العلياءِ
رَحْ فإنيّ وعائذ البيت ثاوٍ     رُوَحَتْ روحُه بروحِ الثواءِ
في بناءٍ مثابة للبرا يا     ومطافٍ إجابةً للدعاءِ
مولد الخير مهبط الوحي مثوى الأَمـ     ـنَ معراج خاتم الأنبياءِ
قُرْبُهُ قُرْبَةٌ وبُعْدُهُ بُعْدٌ     عن وقوفِ الإفاضة واللقاءِ
مَنْ تَعَدّى معابدَ السعداءِ     فهو عادٍ والعادي في الاشقياءِ
مَنْ بَغى في سعادة البطحاء     فهو باغٍ والباغي باغي الشتاءِ
مَنْ تَوَلّ مواطنَ الشهداء     فهو جُرح شهادة في اللقاءِ
مَنْ أبىَ عن حمائم الأهل والبيـ     ـت فيلقى حوائمَ الموماءِ
مَنْ نبا عن تهامةَ الحسناءِ     فهو غاوى الخوارج الشوهاء
مَنْ سلا عن ظبائها الشعراء     فهو راعي العُنيزةِ الجرباءِ
مَنْ نأى عن غزالها فقد بَدّ     لَ عينَ الحَوْراءِ بالعَوْراءِ
مَنْ خطا عن ليالها القمراء     فهو مجنون ليلة ليلاء
هل ورُودُ تلالها الوعساءِ     مثلُ شوكِ الشَوامخ الخشناءِ

هل قطيع ظبائها الغناءِ مثلُ حُمْر الشواهِقِ الخرساءِ؟
هل جباه نعاجها الْجَمّاءِ كجبينِ المواعزِ القَرْناءِ؟
هل مُحَيّا بناتها السّمَراء كخدود الخوالِفِ البرصاءِ؟
اين طَرْفُ الزرقاءِ والشهلاء من لِحاظِ المليحة الدعجاءِ؟
بل ظُبا لحظةِ الظبا السمراء سبقت سهم حدة الزرقاءِ
يمنةٌ شامةٌ وجدنا يَمَنَ الْيُمْنِ أيْمَنَ الأرجاءِ
كيف أصحابُ شامةٍ وشمالٍ كصِحابِ اليمينِ يوم الجزاءِ؟
فِيمَ تبكي مِنْ فُرْقَةِ الفِرَقِ الرو م وتُرْكِ الاعاجم العجماءِ؟
كُنْتَ فَاكَهْتَهُمْ فهَلْ ذُقْتَ منهم بُلْغَةً من بلاغةِ البُلَغاءِ؟
انت من اهل سمعٍ إسْمَعْ وأسْمِعْ نبذةً من نصائحِ النصحاءِ
لاتمُلْمُلْ ولا تَمِلْ عن قِوام الـ وسْط العادل القويم السّواءِ
ان تَكُنْ مُجاوِرَ الْعَصْرِ حَقّاً لاتَسَلْ عن فضائل القُدَماءِ
لا ولا عن بقايا فَضْلِ بنِ فَضْلٍ او فُضَيْلٍ فُضَالة الفضلاء
كن مريّاَ ومُرَبّياً ومربّاً بل ورَبَّ استقامة الاتقياءِ
وتحاورْ تحاورَ الجلف جلفاً وتجاوزْ عن لهجة العرباءِ
ان يجادلْكَ عالمٌ فتجاهَلْ وتَنَزَّلْ عن رتبة العُلماءِ
او يعاتِبْكَ جاهلٌ قل سلاماً تَنْجُ واغْضُضْ عن عورةِ الْجُهَلاءِ
لو يقاسيك قلب قاسٍ كصَخْرٍ لِنْ ولاينْهُ واجْرِ جَرْيَ الماءِ
واجتنبْ عن تذبذب الاغواء لا الى هؤلاءِ ولاالى هؤلاءِ
بل تَجنَّبْ عن التي بين جنبيـ كَ وجانبْ عن أسواءِ الْقُرَناءِ
لا تثق في المداهنات بذي نَفْـ سٍ وان كانَ اقرب الاقرباءِ
عِشْ وَفِيّاً مُوَفِيّاً وحَفّياً وخَفِيّاً عن الريا والرياءِ
في المضافاتِ كُنْ أليفاً أبِيّاً لا تماذقْ في الانفِ او في الإباءِ

ودَع الْمَذْقَ للماذق واشربْ لَبَناً سائغاً كَشَهْدِ الشفاءِ
فَتَخَلّصْ عن الاذى وتَخَلّصْ عن تقاضاءِ خِلطَةِ الْخُلَطاءِ
كُلُّ جَوْنٍ ذي جمع ضدين لوناً يترائى كالغورو الحِرْباءِ
مخلطٌ مزيلٌ فيهوى ويهوى مايهب بِهَبّ طوع الهواءِ
عاذلٌ عادلٌ حميم حميم يَتَحوى كحيَّةٍ رَقْطَاءِ
لايغرنك الغُرور بهذي النفـ سِ وسواسِ اسوإ الأسواء
فَوَّضّوا اَمْرَكُم الى مالِك الأمـ ر وكشّاف كُرْبَةِ اللأواء
وإذا شئتَ ان تُصادفُ صُبْحَاً صادقا من صَباحة الخُلصاءِ
جامع الشمل بين مُلكِ ونُسْكٍ باتفاق الولاة والولاّء
دائماً في عُبودةٍ وخليقاً ان يسمّى بأصدق الأسماءِ
قم الى قائم بأمر عباد الله بالامن والعطاو الوفاءِ
وإلى ظله الظَّليلِ ابْنِ عَوْنٍ سِبْطِ اسباطِ اَخرِ الخلفاءِ
جامعاً خلقهم بأجمل وجه حسن ذكرهم بلطف الأداء
صِدْقُهُ صِدْقُ اصدقِ الاصدقاءِ عَدْلُهُ عَدْلُ أَعْدَلِ الرُّحَماءِ
جامعُ الآي في الوفا والحياءِ سِبْطُ صِنْوِ بني علي الزهراءِ
عند ذي العرش اصفى الأصفياء وإلى الحِلْم أحنفُ الحُنَفاءِ
اَمْرُهُ تاجُ مَفْرَقِ الأُمَراءِ رأيُه شمسُ انجم الآراءِ
قُطبِ الاقطابِ عن جدود كرام من أولي الامر سادَةِ الشرفاءِ
مَنْ لَه الامر أمْرُهُ مستقيمٌ ذاكرُ الملك، شاكرُ النَّعْماءِ
حزمه في الوقار فاقَ الرواسي عَزْمُه للنّزالِ سَهْمُ القضاءِ
لا يُوَفّى ولايفي بمزايا هُ نطاق المديح نُطْقُ الثناءِ
اذ حِباه عن فائح الخلق يجري كمعين في الرَوضة الغناءِ
ان تُرِدْ او تَرِدْ بحراً فأوْرِدْ في نداه قصائدُ الشعراء

تَرْوَ من جُوده، جُوده يجري عن مأزيب أَلْسنِ الادباءِ
مِثْلَ ميزابِ رحمةِ البيت تَهْمي فوخيراتِ زمزمٍ خيرِ ماءِ
دَوّنوا من ثنائه مِلءَ جلْدٍ واسع من نفائس الاجزاء
وانتخابٍ من الفرائد نظماً موضحاً فَضلَه على الاسخياء
طَوّلوا في الندى وطول العطايا وارتياحٍ واريحيَّ السخاء
فَرَضُوا نعمة وجوباً وسَنّوا فرَضوا عن جوائزِ المعطاءِ
بلّغوا بلغوا نوالاً وفازوا بصلاتٍ تنفَ بالأقوياء
بصروا بالفواضل الخضراء وعَشَوا في الفضائل البيضاءِ
جهدوا جهدهم وفاؤوا بعجزاك حائر المنتهى عن الإحصاءِ
عَجَزوا عن دقايق كيف يُحصى مابه من جلائل الآلاء
بَرَقَت أعينٌ وحارت قلوبٌ من بروق المحاسن البيضاء
أطرقوا درين لما تجلىَّ من به ضوء ضِئضِيء الاصطفاءِ
ضَوْءُ صَحْوٍ وضَحْوُ صَحْوٍ وسحبُ ط سحب الجودِ لاسحاب الخفاءِ
اَنْفَسُ الأنفس التي بالأيادي جاهَدَتْ في عمارةِ البطحاء
من اساسٍ كراسخات الرواسي ومعارج عُلقَت بالسماءِ
وزوايا مساكنٍ للمساكيـ نِ الخَفِيّينَ في قِبابِ العُلاء
وخبايا قواعدٍ والأيامى واليتامى مع مُعْتَقات الاماءِ
وشراءُ الحَيْوان والموتان والوقـ ف والانطلاق والإحياء
فكم أحيا المواتَ في الأحياء حَوْلَها الماءُ للنما والزكاء
واعان المعينَ للإرْواءِ وأَبانَ الزكا بماء النماء
جَعلَ الأرضَ اشرقت بالنجوم الز هر رَوْضاً منوّرا كالسماءِ
وكذا يَغرِسُ الرجالُ رواءً ويُربيهم بسحب الحِباءِ
اذ من الماء كل بذرٍ وزرع ونباتٍ ودافقِ الامتراءِ

رَبِّ أَعْمَرْتَهُ المكان فَعَمِّرْ رفيع المكانةِ والوقاءِ
فكما ظَلَ ظِلُ أحمى الاراضي دامَ ظلا في اروحِ الافياءِ
وكما عَمّرَ البلاد وأرْوى عَمّرَ الله عُمْرَه بالَبقاءِ
قِفْ وأمّنْ فإن هذى النجايا قد تقومُ مقام الدعاءِ

# میتۆدی مەلای گەورە لەمەڕ
# (تەفسیری کوردی لەکەلامی خوداوەندی)

کاتێک برای ئازیز کاک کامەران سوبحان پێی ڕاگەیاندم، کەڕۆڤار لەسەر مەلا محەمەدی کۆیەدەردەکەن و دەخوازن کەبەندەهاوبەشی لەو ڕۆڤارەدا بکات، بێ سێ و دوو ڕەزامەندیم پیشانداو هەر لەوێدا بڕیارم دا کەلەسەر مەنهەجی (تەفسیری کوردی لەکەلامی خوداوەندی) شتێک بنووسم.

ئەم تەفسیرەنەوازەیەدە بەرگەو لەدەسالی ڕەبەقدا تەواو بووە، ئەم زانا گەورەو بلیمەتە، هێند زانیاری لەبوارەکانی زانستی قورئاندا هەیەکەسنووری بەزاندوەو بۆتەدەریایەکی بێ پەی، دەتوانین بێ دوودڵیی بەیەکێک لەمەوسوعیەکانی کوردی ئەژمار بکەین و تەفسیرەکەیشی بخەینەڕیزی هەرەپێشەوەی تەفسیرنووسەکانی کورد، دەبێت ئەوەش بڵێم کەئەگەر مەلای گەورەئەم تەفسیرەی بەعەرەبی بنووسیایەتەوە، نەک هیچی کەم نەدەبوو لەتەفسیرەکانی زەمەخشەری و بیضاوی و ڕازی، بەڵکو لەبواری ڕای تایبەت و پشت بەخۆبەستن و پەی بردن بەهەندێک نوکتەی جوانناسی و واتای نوێ و گونجاو، دەچووەپێش ئەوانیشەوە.

جەنابی مەلای گەورەلەباسی دانانی ئەم تەفسیرەدا

دەفەرموێت: (گەلێ جار بەدڵم دا دەهات کەتەفسیرێ بەزوبانی کوردی دانێم، تا خوێندەوارانی کورد لەکەلامی خۆیان تێبگەن و بەڕێ نیشاندانی قورئانی، ڕێ بۆ مەنزڵی نەجات ببەن... ئەمما بێ هێزیی خۆم و بێ مەیلیی قەومی کورد، منیان لەوکارەخێرەڕاگیر کرد. تا لەو ڕۆژانەدا دەستەیێ لەجوانان و لاوانی کورد، کەهەریەک بۆ دەستیارو یاوەری ئەنگوستی بۆ (اشتیاق) و ئارەزووی خۆیان نواند، کەتەفسیرێ بەکوردی لەسەریەک دانێم... زۆر پێ کەیف خۆش بووم... منیش کە(جەلی زادە) کاکەحەمەم پێ ئەڵێن، دەستم پێکرد، بەتەفسیری قورئانی حەکیم و ناوم لێنا (تەفسیری کوردی لەکەلامی خوداوەندی)(١).

جۆرەکانی تەفسیری قورئان فرەن و ڕێبازەکانیان جیاوازن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەبیرو بۆچون و ئاست و ئایدۆلۆژیای خاوەنەکانیانەوەهەیەو ئاوێنەی هزرو وێناو دنیا بینی ئەوانە، هەر بۆ نموونە

١- (التفسير المآثور) بۆ ڕاڤەکردنی قورئان، پەنا دەباتەبەر قورئان و سونەت، واتەهەندێک ئایەت بەئایەتی تر ڕاڤەدەکات، یان هەندێکجار پشت بەبیرو بۆچوونەکانی یاوەران و تابعینەکانی پەیامبەر دەبەستێت. یان هەندێجار ئایەتی قورئان بەفەرمایشتەکانی پەیامبەر ڕاڤەدەکات، ئەوانەی لەم مەیدانەدا تەفسیریان داناوە(الزمخشري، الرازي، القرطبي، الآلوسي، القاسمي).

٢- التفسير بالرآي: ئەوانەی لەم جۆرەدا کاریان کردووە،

بیضاوی، الرازی، النسفی.

٣- تەفسیری شیکردنەوە: تەبەری و قورطوبی لەم بوارەدا قەڵەمیان تاوداوە.

٤- التفسیر الفقهی: شافعی و الجصاص و الکیاهرسی، لەم جۆرەدا کاریان کردووە، واتەلەنێوان ڕاڤەی ئایەتەکانەوەئەحکامی شەرعیان دەرهێناوە.

٥- التفسیر البلاغی: آبی السعود، الزمخشری، البیضاوی، لەسەر ئەم بنەمایەڕاڤەی قورئانیان کردووە، واتەدەستنیشانی توخمی زانستەبەلاغیەکانیان کردووە، وەک ئیستعارەو کنایەو تشبیة و... هتد

٦- التفسیر الصوفی: ابن عربی، الالوسی، ابی عبدالرحمان السلمی لەم جۆرەتەفسیرەدا قەڵەمیان خستۆتەگەڕ. لەڕاڤەی ئایەتی (وماآسآلکم علیەمن آجر ان آجری علی رب العالمین) پەڕیوەتەوەبۆ ڕیسواکردنی خورافات و ئەفەرۆز کردنی هەوڵەکانی شێخ بۆ هەڵفریواندنی خەڵکەعەوام و نەخوێندەوارەکەو نموونەیەکی شیعری حاجی قادری کۆیی هێناوەتەوە:

٧- التفسیر الفلسفی: الفارابی واخوان الصفا، لەم بوارەدا هەوڵی بەرچاویان هەیە، دیارەگەشەسەندنی فەلسەفەدوای وەرگێڕانی کتێبەفەلسەفیەکان بۆ زمانی عەرەبی دەستی پێکردووە.

٨- التفسیر الموضوعی: الراغب الاصفهانی، ابن القیم ابی جعفر النحاس، الرازی، لەم بوارەدا کاریان کردووە.

٩- التفسير الآدبي والاجتماعي: المراغي، رشيد رضا، محمد عبده، هەوڵی بەرچاویان هەیە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت کەهەندێک ناو لەبوارەجیاوازەکانی تەفسیردا دووبارەو سێ بارەدەبنەوە، واتەئەمانەلەزیاتر لەبوارێکدا هەوڵی بەرچاویان هەیە، چونکەزۆربەی ئەم موفەسیرانەزانای بوارەکانی قورئانن و سەریان لێی دەردەچێت.

با بزانین مەلای گەورە، لەکام لەم بوارانەدا ئەسپی خۆی تاوداوە و کامەجۆری تەفسیری بۆ ئێمەچێ کردووە، وەک خۆی دەفەرموێت موتالای ئەم تەفسیرانەی کردووە، (زمخشری، طنطاوی، آلوسی، سید رشید رضا، حەسەنی نیسابوری، ابو سعود، الطبری). ئەبێت ئەوەشمان لەبەچاو بێت کەمەلای گەورە، ڕای تایبەتی خۆی بەرامبەر بەهەریەک لەمانەهەیە و مەرج نییەهەمووشیانی بەدڵ بێت، زۆرجار شتی بۆ ڕاست کردونەتەوە، دیارەئەوەی کەبەباش و ڕاست و ڕەوانی زانیوەلێی وەرگرتوون و سوودی لێ بینیون، نابێت لەوەئاگادار نەبین کەموفەسیرەکان، هەر هەموویان سوودیان لەیەک بینیووە، هەندێکیان شتی نوێیان خستۆتەسەر دیواری تەفسیرەوە، بەڵام گرنگ یەکەم موفەسیرە، کەوێراویەتی دەست بۆ ئەم بابەتەگرنگەبەرێت و پشت بەخۆی ببەستێت، هەرچەندەلەکۆنەوەوتراوە(المجد للآولين والسبق للاخرين)، نابێت ئەم پەندەئیرلەندییەش لەبواری بەراوردکارییا فەرامۆش کەین، کەدەڵێت (جەستەی شێر بریتیەلەکۆمەڵێک بەرخ)، واتەهیچ شتێک بێ پەیوەندی نییەبەشتەکانی ترەوە! واتەهەموو

شتەکان بەیەکەوەپەیوەندارن و ئاگایان لەیەکە.

لەم نووسینەدا هەوڵئەدەم بەکورتی مەنهەج و پڕۆگرامی مەلا محەمەدی کۆیەلەمەڕ (تەفسیری کوردی لەکەلامی خوداوەندی) پیشان بدەم و لەڕووی ئەکادیمییەوەئاستی پێشەوەچوونەکانی بەبەراورد لەگەڵ موفەسیرەکانی تر دەستنیشان بکەم.

١- لەبەرئەوەی کەزمانی کوردی خزمەتی زۆرکەم کراوە و نەبۆتەزمانی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و زانستی و لەچوارچێوەیەکی دیاری کراودا چەقی بەستووە، دەستەواژە و موفرەداتی لەبواری زانستدا ئێستاشی لەگەڵ بێت، کەمە، دەسەڵاتی بابان و ئەردەڵان و سۆران، هێند تەمەن درێژ و کەم کێشەنەبوون، هەتا لەم بوارەدا کاری جدی بکەن، دیارەگەشەسەندنی زمانیش پرۆسەیەکی درێژخایەنە و لەمەودایەکی دووردا ڕەنگ دەگرێت، مەلای گەورەلەژێر باڵی ئەم دەسکورتییەدا دەناڵێنێ و دەفەرموێت: (زمانی کوردی مقابلی عەرەبی زۆر زەبون و فەقیرە، آغلب لەلا ڕا بۆ مەعنای ئایەت ئەڕۆیشتم، وەبەعبارەتی درێژ ئیفادەی مەرامم دەکرد، هەرچەندم کرد مقابلی (فسیکفیکهم) چم بۆ نەهات)(٣)، دیارەئەم حاڵەتەوای لێکردووەکەبەناچاری کوردانەنی وشەعەرەبییەکان بکات، ئەویش لەڕووی ڕێزمانییەوە، واتەبەتێکەڵکێشکردنی بەپاشگرو پێشگرو هەندێک دەستەواژەی کوردی، ئەوەی کەئێستا لەزمانی فارسیدا دەگوزەرێت، لەمەڕ بەکارهێنانی وشەگەلی عەرەبی، هەمان ڕێبازەکەی مەلای گەورەیە، دیارەئەم ڕێبازەلەئەنجامدا دەبێتەهۆی دەوڵەمەند کردنی بوارەکانی

زمان، هەر زمانێک بێت، کاتێک کەفارسەکان دەڵێن (دخانیان ممنوعست)، تەنیا مەبەستیان تێگەیاندنەنەک فەنتازیای ڕازاندنەوەی ڕستە و جوانکاری شێواز.

هەر ئەم ڕێباز و بیرکردنەوەدروستەیە، کەوای لێکردوون هەموو زانستەکان وەرگێڕنەسەر زمانی فارسی و لەو ڕێگایەوەبەهرەمەند و دەوڵەمەندی کەن.

لەڕاڤەکردنی ئایەتی (اللەالذی رفع السماوات)دا دەفەرموێت (ممکنەمرادی کواکب بن ئەوانیش وەکی عەردی ئێوەمحادنن، ثقیلن)(٤)، ئایەتی (یکفرهم) وا ڕاڤەدەکات (بەسەبەب و کفر و جهلیان بوو، ئەگەر ئەوانەئاثاری ئایاتی کرامیان ذەررەیێی ئیمان لەقەلبیان دا هەبوایە)(٥). با ئەوەشمان لەیاد نەچێت کەلەڕۆژنامەی ژیان و پێشکەوتن و تێگەیشتنی ڕاستی و... هتد

هەمان شێواز پیادەکراوەلەنووسیندا، بەم حاڵەتەشەوەمەلای گەورەلەڕێگای ڕاڤەکردنی ئایەتەکانەوەزمان و شێوازی داڕشتن و پەخشانی کوردی دەوڵەمەند کردووە و هەوڵی زۆری داوەکەئەو زمانەبخاتەسەر ڕێگای وەرگێڕان و ڕاڤەو پێناسە و ڕوونکردنەوەوە، چونکەلەسەردەمی ئەودا هەوڵی پەخشانی کوردی کەم بووە.

ئەوەی کەئێجگار لەبەرچاوە، مەلای گەورە بەبەچکەدیالێکتی کرمانجی خوارو ڕاڤەی ئایەتەکانی کردووەو بیروڕاکانی بەرچاو خستووە، دیارەئەم بەچکەدیالێکتەلەهەندێک لایەنی ڕێزمانییەوەبەهێڵێکی هاوتەریبی ئەم شێوەنووسینەی ئێستادا ناڕوات و لەهەندێک شوێندا بەریەک دەکەون و کێشەی

ڕێزمانیمان بۆ دروست دەکەن، هەرچەندەئەم شێوەزارەلەئێستادا گۆڕانکاری پۆزەتیفی بەسەردا هاتووە.

بەراورد کردنی شێوازی ئەم تەفسیرەی مەلای گەورەلەگەڵ تەفسیرەکانی شێخ محەمەدی خاڵ و شێخ عەزیز پارێزانی و عەبدولکریمی مودەریس و بورهانی ئەمینی و ئیبراهیم مەردۆخی و وەرگێڕانەکەی هەژار موکریانی، دەمانگەیەنێتەئەو ئەنجامەدڵخۆشکەرەی کەزمانی نووسینی کوردی لەبواری دەوڵەمەند بوونی کەرەستەی زمانەوە، هەنگاوی گورج و درێژی هەڵهێناوەو دەربڕینی سفت و سۆڵی کوردانەلەبواری زانست و هزر و ڕۆژنامەگەری و ئابووری ناسی و ئایینیی و کۆمەڵایەتییەوەبەڵگەی ڕوونی ئەم بەرەو پێشەوەچوونەیە.

دیارەئەم دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردییە، بەری ڕەنج و تەقەللای لەبن نەهاتووی ڕووناکبیرەکوردەکانەبەدرێژایی ئەو مێژووە، بەڵام نابێت ئەوەمان بەسەردا تیپەڕێ کەئەفسوس! ئێمەلە١٩٩١وەخۆمان حوکمی خۆمان دەکەین، بەڵام تا ئێستا نەمان توانیوەزمانێکی کوردی ستانداری یەکگرتوو فەراهەم بێنین، لە ناوچەی بادینان بەو شێوەزارەی ئەوێ واتە(کرمانجی سەروو) خوێندکار وانەوەردەگرێت، لەناوچەی سلێمانیش بەشێوازی کرمانجی خوارووە، ئەم دیاردەناتەوەیی و خەمساردییە، بۆتەبرینێکی قووڵ بەجەستەی نەک هەموو کوردێکی دڵسۆزەوەبەتەنیا، بەڵکو بەم قۆناغەهەستیارەی جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کوردیشەوە.

٢- وەک دەزانین قورئانی پیرۆز حەوت جۆر خوێندنەوەی

هەیەو تەنانەت لای هەندێکیش بۆتەدە، موفەسیرەکانی قورئان، بە گوێرەی بیر و بۆچوونەجیاوازەکانیان، جۆری خوێندنەوەیان هەڵبژاردووە، هەر بۆ نموونە(مالک یوم الـدین) وشـەی (مالـک) دەشـێت بگۆڕێـت بـە(ملـک) وەک کـرداری ڕابـردوو، خـۆ دەشـێت بوترێت (ملک)، هەندێک قرائات هەیەهەر دەگمەنـە، مامۆسـتای کـۆیی ڕەفـزی ئـەم جـۆرەخوێندنـەوەیـەی کـردووە، ئـەوەتـانێ دەفەرموێت. (قرائەتی "شاذە"ی "متخالفە"م کـەیـف پـێ نایـەت، بۆیەچم نەقڵ نەکردیە، و بۆ قراءات غـەیـری قراءاتـی مـەعـروف لــەوڵاتــی خۆمــان کــەمــم تعــرض کردیــە)(٦)، دیــارەمــەلای گەورەئـەوەی زانیـوەکـەگـۆڕینی (قـراءات)، دەبێتـەهـۆی گـۆڕینی واتاو لەو نێوەندەوەکێشەی مەزهەب گـەرایـی دێتـەگـۆڕێ، هـەر بۆیەخۆی لەو بەروژوورکەیەنەداوە.

٣– ئەوەی کەهەستی پێ دەکرێت مـەلای گـەورەتـا تـوانیبێتی خـۆی لاداوەلـەمـەسـەلـەفیقهی و شـەرعیـەکـان و دەرهاویـشتنی (استنباط) مەسەلەکانی فەرامۆشکردووە، چونکەدەرهێنـانی ئـەو ئـەحکامانــەقورسـن و دەبێـت لــەشـوێنی تـردا بـاس بکـرێن، قووڵبوونەوەلەو بوارەدا دەبێتەهۆی لادان لەکارەسـەرەکییـەکـە، بــا ئــەوەش نــەبــوێرین کــەئــەحکامــەشــەرعییــەکــان دوای هاتنـەخـوارەوەی قورئـان و پێویـستەکۆمـەڵایـەتییـەکـان و چـڕ بوونــەوەی ژیــانی کۆمــەڵگــەســەری دەرهێنــا، مامۆســتای گـەورەخۆیـشی دەفـەرموێـت (بحـث م لـەاسـتدلالاتی (فقهـاء) بـۆ استنباط ی احکام شرعیەلەقورئان غایەت کەمە)، دەبێت ئەوەش بزانین کەیەکێک لەهۆکارەکانی فەرامۆشکردنی لایـەنـی فیقهـی،

بــەربــڵاوی بابــەتــەکــەیــە و دەبێــت دەســت بــۆ هــەر چــوار مــەزهــەبــەکــەبــەرێــت و بکــەوێتــەگێــژاوی کێــشەی نێــوان مەزهەبەکانەوە، دیارەئەم لایەنەش وابەستەیە،تەنیا بـەخـودی مەلاکانەوەو ناشکرێت بەشێکی زۆر لەتەفسیرەکەتـەرخـان کرێـت بۆ خەڵکێکی کەم و ئەو بابەتانەش لەکتێبەشەرعییـەکانـدا زۆرن و مەرجیش نییەهەموو موفەسیرێکی قورئان پسپۆڕ بێت لەبواری شەرع ناسیدا.

٤- دەتوانین جۆری ئەم تەفسیرەی مەلای گەورەبخـەینـەژێـر دەواری (التفسیر بلـرآی المحمـود) کـەڕازی و بیـضاوی و نـسفی پەیڕەویان کردووە.

کـەسـایەتـی ڕاڤـەکـەر لـەم جـۆرەتـەفـسیرانەدا بـەجـوانی دەدرەوشێتەوە و تیشکی خۆی دەبەخـشێت، بـەتایبـەتـی کاتێـک کەڕایەکی جوان و بایەخدار دەخاتەپێشچاوی خوێنەرو هـەر ئـەم ڕاو بۆچوونەتایبەتانەشە، کەلەڕاڤەکەرەکانی تری جیادەکاتەوە و لەم بوارەشدا (ترجیحات)ی زۆری هەیەو دیـارەخـودی تـوخمی (ترجیح) دەچێتەوەسەر ڕای تایبەت لەمەڕ مەسەلە جیاوازەکان، هەر بۆ نمونەسەبارەت بەڕاڤەی ئایەتی (انما جعل الـسبت علـی اللـذین اختلفـوا فیـه)، دەفـەرموێـت (ئـەوەی امـام و زمخـشری ئــەیفــەرمــون، وەســیدی (آلوســی) نقلــی کردیــە، هیچــی ناچێتەدەمـاغم، شـەوو ڕۆژی (مراجعـە)ی لغـەتـم کـرد مـەعنـای (ســبت) بــە(حیــرەت) ثــم (مــوت)، مناســبی ئێــرەم دیــت، وەضمیری(فیە) راجعی ابراهیم بێت)(٨)، سـەبـارەت بـەحـەدیثـی پەیامبەر (د. خ) لێبێت (اختلاف آمتی رحمة) دەفـەرموێـت (حـاشـا

اختلافـی وا (قـط) ڕەحمـەت نیـەو عـەینـی غـەزەبـە، آساسـا ئەمەحدیثی مقبول نیـە)(٩) سـەبـارەت بـەڕاڤـەی ئایـەتـی (ثـم ان علینا بیانـە). دەفـەرموێـت (ئـەگـەر اشکالت بـوو، بـۆت بـەیـان ئەکەین، من لەمێژەئەو مەعنایـەم لـە(بخـاری) و (تفاسیر)ی دی دیوە، بەڵام نەهاتەدڵم، چەندم کردو ئەکەم، دڵـم قبـوڵی ناکـاو ناتوانم لام وانەبن و (توجیه)وەدەلیلی لەسەر بێنم)(١٠).

٥- جەنابی مەلای گەورەگـەلـێ ئایـەتـی لـە(اسباب النـزول) دابڕکردووەو دەقی ئایەتەکەی بەبەهایـەکـی ڕەهـاو هـەمیـشەیـی داناوە، ئەوەتا دەفەرموێت (حاجەت بەئێمەنیەاظهـاری مناسبات بکەین)(١١)، زانای گـەورەی کـورد موستـەفـا زەڵـمیش لـەیـەکـێ لەنامەی دکتۆراکانیا بەناوی (التبیـان لرفـع غمـوض النـسخ فـی القرآن)، هەمان ڕاو بۆچوونی هەیە، هەر بـۆ نموونـەسـەبـارەت بـەئایـەتـی (لکـم دینکم ولـی دیـن) دەفـەرموێـت (علمـای اصـول ئەفەرمون ئەم سورەتە(منـسوخ الحکـم)ەتـلاوەتـی باقیـە، محقـق ئەگەر (بلمرة) (منسوخ الحکم) با، لـەقوئانـدا نـەدەنوسرا)(١٢)، هەروەها لـەتـەفسیری ئایـەتـی (فـآقرء وامـا تیـسر مـن القـرآن) دەفەرموێت (جەنابی سیدی آلوسی کۆنەشافعی، تازەحـەنـەفـی، تفصیلاتی زۆری هەیە.....)(١٣)، ئالوسـی لـەشـوێنێکدا هێرشـی سەخت و ناڕەوا دەکاتەسەر کورد، هەرچەندم کرد نەمدۆزییەوە، ئیتر نازانم ئایا جەنابی مەلای گـەورەبـەرپـەرچـی داوەتـەوەیـان نا؟! دەڵێن قسەقسەڕادەکێشێ و بـاس باسـی (اسـباب النـزول)ە، جارێـک لـەبـەردەم پـەرلـەمـانی عێراقـدا وتـارێکم سـەبـارەت بەمەزلومیـەتـی شـاری کـەرکـوک خوێنـدەوە و لـەدواجـاردا بـەم

آیەتەقفڵم کرد (وآخرجوهم من حیث آخرجوکم والفتنة آشد من القتل)، جلال الدین صغیر لێم ڕاپەڕی و وتی تۆ دژ بەخودا و قورئان دەوەستیت، چونکەئەم ئایەتەلەسیاقی مێژوویی خۆی دەرئەهێنیت، وەڵامەکەم ئەوەبوو کەئایەتەکانی قورئان نەمرن و کوردیش مەزڵوم و سەدام و عەرەبەهاوردەکانیش زاڵم، لەبەرئەوەچۆن کوردیان دەرکردووەئاواش گەرەکەدەرکرێنەوە و ئەمەیەعەدالەتی قورئان و خودا، دیارەئەو لەڕووی شۆڤێنیەتەکەیەوەقایل نەبووا!! دەبێت ئەوەلەبەرچاو بگیرێت کەمەسەلەی عەدالەتی ئیجتماعی و مرۆڤدۆستی و نەهێشتنی زوڵم و زۆر مەرجەبنەڕەتیەکانی ئیسلامن.

٦- مەلای گەورەنەترساوەلەدەرهێنانی واتای نوێ، واتایەک کەیارمەتی کۆمەڵگا بدات بۆ بەرەو پێشەوەچوّن و ڕزگاربوون لەچەوسانەوەی فرەلایەن و نەخۆشییەکۆمەڵایەتییەکان، هەر بۆیەلەگەلێ شوێندا هێرشی سەختی کردۆتەسەر صۆفی و مەلا و دەروێشەکانی سەردەمی خۆی و داوای لەمەلاکان کردووە، کەبۆ ڕاڤەی هەندێک ئایەتی قورئان پشت بەعەقڵی خۆیان ببەستن و ڕاڤەیەک دەستنیشان کەن کەبەختیاری ئادەمیزاد دەستەبەرکات، ئەوەتانێ دەڵێت (متصوفەهەن خوایان ئەوێ بەآمر بەر، ئەگەر شەخسێ خلافی مەشرەبیان شتێ بکات، هجومی ئەکەنەسەرو لەدین و ئیمان دەچێتەدەر، ئەو نەوعە(العیاذ باللة حقیقة مؤمن نین)(١٤)، لەشوێنێکی تردا دەفەرموێت: (مەلاو صۆفیان شەڕیانەلەسەر مام خدری! آما ئێستا ناوی گوم بووە، لەوەتی رێی بری و بحری تآمین کرایەسهلبوە)(١٥) دیارەمەبەست لەمام

(خدر) خدری زیندەیە، کەتائێستا هەن دەڵێن ماوەو مەلای گەورەش گاڵتەی پێ دێت و دەڵێت خەرافاتە.

لەشوێنیکی تردا دەفەرموێت:

مەلای نادان بەعنوانی شریعەت
حەرامی کرد لەتۆ عیلمی طبیعەت(١٦)

ئەم ڕەخنەبابەتییەئازایانەیە، مەلای کۆیەدەکاتەڕابەرێکی وشیارکەرەوەی سەردەمەکەی خۆی و بەنەمریی لەدڵەگەورەکەی ژیاندا ئەیهێڵێتەوە.

کەوەی گوت شێخی من دەستەگێڕم لەلام وابوو
لەبەر جاهل و جەوانی، کەپیر بووم تێ گەیشتم دەستی گرتم
لەکارو کەسب و تحصیلی مەعانی، بەڵێ شێخ قوطبە
آما قوطبی ئاشە، بەئاوو نیعمەتی خەڵقەگەڕانی

هوشیار نەبوونەوەی میللەتی کوردو بڕاوبوونی بەخورافات، مەلای گەورەی تووشی ئازاری دەرونی و ڕەشبینی کردووە، ئەوەتانێ دەڵێت:

من یەخەی خۆم لەبۆیەدادەڕم
ئێوەنابن بەهیچ و من دەمرم

مەلای گەورەهەمیشەلادانەکانی (استطراد) لەڕاڤەی ئایەتەکاندا بەستۆتەوەبەڕزگاری کوردو داهاتوویەکی گەش بۆ نەوەکانی داهاتوو، دیارەئەم ئەرکەنەتەوەیی و شارستانیەشی بەستۆتەوەبەبنەماکانی ئاین و قورئانی پیرۆزەوە، واتەلەیەک کاتدا ئەرکی ئاینی و نیشتمانی بەجێهێناوە، تێکەڵ کردنی ئەم

دوو ئەرکەبەئاڕاستەیەکە، کەمرۆڤ تووشی دابڕان ناکات و هەست بەخواستی یەکپارچەیی ئایەتەکەدەکات و تێکۆشان بۆ ڕزگاری کورد، بەبەشێک لەئەرکی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دائەنێت.

٧- جەنابی مەلای گەورە، زانایەکی ئێجگار پایەبڵندەو لەزانینی هەموو بابەتەعەقڵی و نەقڵییەئاینییەکاندا کەم وێنەبووە، هەر ئەو هۆیەشەوای لێکردووەکەلەهەموو بوارەکاندا پەل بهاوێ، زۆرجار لەبابەت لائەداو (استطراد) سەردەکات بەگەلێ کون و کەلەبەری ژیاندا و تاقیکردنەوەی ڕەسەنمان بۆ چێ دەکات، جار هەیەسەردەکات بەقووڵایی دەریای مێژووی مرۆڤایەتیداو گەوهەر و زمروتی سەر بوردەکانی ژیانمان بۆ دەردێنێ، چاومان دەکاتەوەو غیرەت دەخاتەبەردەممان.

بەبۆچوونی من ئەم لادانە(استطراد) زۆرانەی مەلای گەورەلەچەند هۆکارێکەوەسەرچاوەدەگرێت:

١- زانیاری فرەمەودای مەلای گەورەلەئاستێکدایەکەوێنا ناکرێت، مرۆڤێک لەبوارەکانی؛ شرع، شیعر، عقائد، کلام - فلسفة، آصول، مذاهب، تصوف، زمان، بلاغة، نحو، صرف، مێژوو، قووڵایی کۆمەڵایەتی.... زانیاریەکانی سەردەم... هتد، ئەو هەموو شتەبزانێ و لێی بڕژێت، دیارەپڕژەکانی دەبنەئەو (استطراد)ەسوود بەخشانەو مێشکمان گەش و ئاوەدان دەکەنەوە.

٢- یارمەتیدانی خوێنەر بۆ ئەوەی وەڕس نەبێت و پاشەکشەنەکات لەخوێندنەوەی تەفسیرەکەی، دەرخستنی ئەم هەموو بابەتەجۆر بەجۆرە، دەرگای ئاسودەیی دەروونی بۆ

خوێنەر دەکاتەوە.

٣- لەڕێگای ئەو لادانانەوەوانەی ژیانمان بۆ چێ دەکات، بیرمان ڕووناک دەکاتەوەو مەبەستەپیرۆزەکانی والاّ دەکات و گەرەکیەتی لەو سۆنگەیەوەهۆشیاری کۆمەلاّیەتی و سیاسی و ئاینییمان پێ بلێتەوە، گیانی کوردایەتیمان بەهێزکات، ئاسۆی داهاتوومان بۆ ڕووناکترکاتەوە.

ئەگەر موفەسیرەعەرەبەکان جاروبار پەنایان بردبێتەبەر شیعرێک بۆ دەرخستنی بابەتێکی زمانەوانی یان بەلاغی، ئەوا مەلای گەورە، شیعری کوردی و عەرەبی و فارسی پڕ بایەخی بۆ هێناوین، دیارەلەنموونە شیعریەکاندا، پەنای بۆ شاعیرەگەورەکانی خۆرهەلاّت هێناوە، بەلّێ ئەو چێژی شیعری بەخیام- حاجی قادری کۆیی- نالی- حافظ- شێخ ڕەزا و سعدی و ابو العلای معری و موتەنەبی و جەلالەدینی ڕۆمی پژاوە. لەڕاڤەی ئایەتی (والصبح اذا تنفس)ەدا ئەم شیعرەی نالی بیرکەوتۆتەوە:

هەناسەم زولّفەکەی لاداو مەیلێکی نەکرد چاوی(١٧)
(نسیم) ئەنگوت و شەو ڕابوردو نەرگسی هەر لەخەودایە

دیارەئەم شیعرەی نالی ملوانکەیەکی مرواریيەو لوتکەی داهێنانی خۆرهەلاّتە.

لەڕاڤەی ئایەتی (لکم دینکم ولی دین)دا ئەم شیعرەی خیام ی بیرکەوتۆتەوە:

یەک دەست بە(مصحف) و یەک دست بەجام(١٨)
گەهێ سوویی (حلال) و گەهێ سوویی حرام

ئەم بەیتەی خەیام ئاوێنەیەکی بەرهەتاوی دەروونی مرۆڤە.

لەڕاڤەی ئایەتی (قل ان الموت الذی تفرون منهملاقیکم)

ئەم شیعرەی کردۆتەدەستەگوڵ

ومن لم یمت بالسیف مات بغیره(١٩)

تعددت الاسباب والموت واحد

لەڕاڤەی ئایەتی (فآی الفریقین آحق بالآمن) چوارینەیەکی حاجی قادری کۆیی بیرکەوتۆتەوە:

ئە مین بەلەسبەینێ کەچت بەسەردێنێ(٢٠)

حوادثاتی زەمانەکەنایەتەتخمینی

ئەم آرضە کۆنەهەوارەخەلایقیشی کۆچە

امیدی سودی نەبێ کەسی لەژێر چادری شینی

ئەم چوارینەیەپەندێکی بێ وێنەیەبۆ ئەوانەی کەهەموو شت دەکەن لەپێناو دنیایەکی خەرابات ئاسادا. لەڕاڤەی ئایەتی (لایستوی آصحاب النار و آصحاب الجنة اصحاب الجنة هم الفائزون) ئەم شیعرەی ئەبولعەلای معری بەشایەت هێناوە:

واذا تساوت فی القبیح فعالنا(٢١)

فمن التقی وآین الفجار

دیارەلەم بوارەدا ئێجگار نموونەمان هەیەو دەرفەت نییە، حەز دەکەم بۆ یەکەمجار ئەوەبڵێم کەمەلای گەورەلە نێوان ئەم بەراوردکارییانەوەبەپێشەوای داهێنانی بواری ئەدەبی بەراوردی کوردی دەناسێنم.

مەلای گەورەئەم تەفسیرەی بۆ توێژی دەست بژێری (نخبة) ی کورد نووسیوەتەوەو هەموو کەس چێژی لێ نابینێ،

دەورکردنەوەی ئەم تەفسیرەگەیاندومیەتەئەو بڕوایەی کەمەلای گەورەپایەدارترین زانای کوردی سەردەمی خۆی بووەلەهەموو بوارەکانی زانیاری سەردەمەکەیدا، ئەم کەڵە پیاوەخاوەن میهرە، ئاگای لەڕووداوەجیهانییەکانی سەردەمی خۆی بووە، نەک هەر ئەمەش، لەبوارەزانستییەکاندا ئەسپی تاوداوە، ئاگای لەداروین و غوستاف لوبون و ناپلیۆن و کی و کێ بووە، ئاگای لەبیرو بۆچوونی موعتەزیلە و ئەشعەری و ڕاکانی جەمهوری عولەما بووە، لەو سەری فیقهی سونی و شیعییەوەهاتۆتەوە، ئاگای وردی لەناسخ و منسوخ و مجمل و مفصل و ئەسبابی نزول بووە، تاک بەتاک کەسایەتی یاوەرانی پەیامبەری ناسیوە، مێژووی پڕ لەگێچەڵی سەردەمی خەلافەتی ئەزبەربووە، هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی لەئاستێکی بەرزا زانیوە، ئاگای لەشاعیرە بەرزە خۆرهەڵاتییەکانی عەرەب و فارس بووە، من نازانم چۆن کاتەکان بەشی ئەم هەموو زانیارییەی ئەوی کردووەو چۆن پیاڕاگەیشتووە؟ کەی وانەی بەفەقێکانی وتۆتەوە؟ کەی کەوتۆتەموتالای تایبەتی خۆی؟ کەی وەک خۆی دەڵێت خەریکی کشتوکاڵ و فەلاحەت بووە؟ کەی ئەو هەموو کتێبەی داناوە؟ ئەرکەکۆمەڵایەتییەکانی چۆن چۆنی جێ بەجێ کردووە؟ شەو و ڕۆژ چەند کاژێر خەوتووە؟ بۆ کاتی ئیسراحەتی بۆ ماوەتەوە؟! مەلای گەورەو مەولانا خالیدو شێخ مارفی نۆدێ و بەیتوشی، ئەو لوتکەسەرکەشانەن کەهەتا کوردێ مابێت گەرەکەشانازییان پێوەبکات، ئەم کەڵەزانا دەگمەنانەخاوەنی عەقڵیەتی مەوسوعیی

و تا ئێستا هاوتایان نەبینراوەلەکۆمەڵگەی کوردیدا، ئەمانەن سەرمایەی عەقڵ و هوشیاری سەردەمی خۆیان.

دەشێت لەسەردەمی ئەمانەدا دەیان خەڵکی خاوەن سامانی قەبەو دیوەخان و یەری یەری هەبووبن، دەشێت چەندان ئاغاو گزیرو سەرۆک هۆزو تایفەهەبووبن، دەشێت لەسەردەمی ئەمانەدا چەندان سیاسەت بازی! پابەستەی ئێران و توران هەبووبن و بەدەم کوتان لەسیاسەت و دنیاداری، خەڵکیان لەخشتەبردبێ! بەڵام کوا ناویان؟ کێ باسیان دەکات؟ ئەرێ کۆشک و سامانەکانیان فریایان کەوتوون؟ کوا پارەکانیان؟ کوا خزمەت کارو خەدم و حەشەمیان، بۆ تەنانەت شۆستەی مێژووش دەیان گرێتەخۆی؟ سەیرەکەلەوەدایەئەم مشەخۆرانەدەرس لەمێژوو وەرناگرن و هەر بەدوای دەسەڵات و ساماندا ڕادەکەن. ئەگەر نالی چامەی (ئەم تاقمەموتازەی کەوا خاصەیی شاهن)ی بۆ سەربازەکانی ئەحمەد پاشای بابان نەوتایە، هەر زوو ئەحمەد پاشا لەبیر چوو بووەوە، چامەکانی مەولەوی نەبوایە، کێ مەحموودی یاروەیس و ئامینەخانی کەیخەسرەو بەگی دەناسی؟ ئەگەر مەولەوی و پیرەمێرد نەبونایەکەس مەحموود پاشای جافی لەبیر نەدەما، ئەبو تەمام نەبوایەخەلیفەموعتەسەم دەمێک بوو کوژا بووەوە، ئەگەر موتەنەبی نەبوایەسیف الدولـة ئێستاکەلەکوانوی مێژوودا خۆڵەمێش بوو، کەواتەنەمامی مێژوو، خاوەن بیرو داهێنەرەکان شەتڵی دەکەن نەک ساماندارە دەستپیس و سازشکەرەکان.

٨- وەک وتم تەفسیری قورئانی مەلای گەورەنزیکەلەجوری

(التفسير بالرآی المحمود)، بەڵام ئەمەناكاتەئەوەی كەلایەنەكانی تری فەرامۆش كردبێت، لەكوێدا پێویستی كردبێت پەنای بردۆتەبەر جۆرەكانی تری تەفسیر بۆ سەقامگیركردنی كارەكەی، زۆرجار ڕاڤەی ئایەتێكی بەئایەتێكی تری قورئان یان فەرمایشتێكی یاوەرانی پەیامبەرو تابعینەكانی كردووە، بۆ ڕاڤەی ئایەتی (وجعلت لەمالا ممدودا) دەفەموێت (واسع بە(نما) و (زیادی)، لەابن عباس و مجاهد و ابن جبیر مەنقولە)(٢٢) بۆ ڕاڤەی ئایەتی (ومایذكرون الا آن یشاءالله) سوود لەئایەتی (آمنت بما آمنت بە بنواسرائیل) دەبینێت(٢٣)، زۆرجار هەڵەكانی زمخشری و طبری و سید رشید رضا ڕاستدەكاتەوە، بۆ ڕاڤەی ئایەتی (وما صاحبكم بمجنون) بەم شێوەیەموفەسیرو عالمی گەورەزەمەخشەری لەهەڵەئاگادار دەكاتەوە(وای (آسف) بۆ (زكای) زمخشری، فەطانەت و درایەتی زمخشری چۆن غافڵ بووەلەمقتضای مەقام.... هتد)(٢٤)، سەبارەت بەطنطاوی دەڵێت (آما تەماشاكردنی طنطاوی بێ فائدەنیە، گەرچی خاڵیەلەقیمەتی تەفسیر)(٢٥)، بۆ ڕاڤەی ئایەتی (ثم ان علینا بیانە) دەفەرموێت (دو مەعنام واردی خاطر بوو لام وابوو محض هی خۆمن، كەس لەمن سەبقەتی نەكردیە، وەزۆر جەسارەتێ گەورەیەمن مخالەفەی (ابن عباس) و ئەو هەموو مەلایانی عظیم الشآن بكەم،...)(٢٦)، دیارەئەم خۆجیاكردنەوەیە، لوتكەی بڕوا بەخۆبوونە، بەڵگەی زانایی و دڵنیابوونەلەتواناكانی.

٩- مەلای گەورەلەتەفسیرەكەیدا، لایەنی نەحوی و بەلاغی فەرامۆشكردووە، خۆ ئەگەر جارەناجارێك بەر بەقەڵەمەكەی

گیرابێت و پێویستی کردبێت، ئەوا ئاوڕێکی ناچاری لێداوەتەوەدیارەئەوەی لەبەرچاو بووە، کەقووڵ بوونەوەلەم دوو بوارەدا دەبێتەهۆی لەدەستدانی مەبەستی سەرەکی، کەدەرخستنی واتاکانی قورئانی پیرۆزە، موفەسیرەکانی وەک زمخشری و بیضاوی و ابو السعود لەم دوو بوارەدا چارەویی خۆیان تاوداوە، تەنانەت مەلای گەورە، هانی دەست بژێری کوردیشی داوەکەهێند خۆیان مەشغول نەکەن بە(نحو، صرف)ەوەو قووڵ بوونەوەلەم بوارانەدا جۆرێک لەبێ سەروبەری و زیادەڕەوییە، وەهەمیشەئەوەی خستۆتەپێش چاو کەنحو، صرف، بلاغة هۆکارن نەک ئامانج، بەڵام بەداخەوەجار هەبووەوا کەوتۆتەوەلای مەلای کورد کەبوونەتەئەنجام و زۆربەی تواناکانیان لەم بوارەلابەلایەدا سەرف کردووە.

١٠- لەسەرەتای ئایەتەکاندا یەکەمجار واتای فەرهەنگیی وشەکانی داوەو بەدوای ئەودا، واتای ئایەتەکەبەتێکڕایی، ئەم ڕێبازەپتر ڕێبازی قوتابخانە و زانکۆکانە، کەمامۆستاکان پەیڕەوی دەکەن، واتەلە(جزء)ەوەبۆ (کل)، دوای واتای سەرەکی بەتێکڕایی، مامۆستای گەورەمان پەنای بردۆتەبەر نمونە و لێکۆڵینەوە و بەراورد و بێنەو بەرەی تەفسیرەجیاوازەکان، خۆ هەندێک جار (ترجیح) اتەکانی خۆیشی بەبەڵگەوەخستۆتەڕوو، واتەمەلای گەورەبەم ڕێبازەی دەستی لەخوێنەر بەرنەداوە، تا گەیاندویێتیەڕۆخی دڵنیایی کەتێگەشتنە، هێنانی شیعرو هەندێک نموونەی جوانی ئەدەبیی یان کۆمەڵایەتی، یان مێژوویی بۆ تەفسیرەکەبەشێک بووەلەفەنتازیای کەسێتی خودی خۆی، بۆ

تێرکردنی برسێتی خواستەهەمیشەییەکانی، کەلەزانست و مەعریفەی هەمەجۆردا خۆی دەبینێتەوە.

١١- تەفسیرەکەی بێ بەش نەکردووەلەقسەی خۆش و ڕووداوی کوردەواری و تەنانەت شیعری فۆلکلۆریشی بەکاربردووە، لەوەدەچێت مەلای گەورەویستبێتی ئەوەی لەدڵیایەتی بەخوێنەری بڵێت و هیچی نەهێڵێتەوە، گرنگ ئەو توانا لەبن نەهاتوویەتی لە بواری تێکەڵکردنی بابەتەدوور لەیەکەکاندا، لەدەرگادانی ئەو هەموو بوارە، لەو ئاستەشارەزاییەدا، جۆرێکەلەپیادەکردنی مەوسوعیەت لەبەرزترین وێناکردندا.

مەگەر هەر خۆی توانیبێتی ڕاڤەی قورئان و قسەو ڕوداوی کوردەواری و فولکلۆرو پەندی پێشینان و شیعرو دەرهێنانی لەتافەتی فرەمەوداو وشەئارایی تێکەڵکاو خوێنەریش لەو نێوانەوەئاسودەکات، لەڕاڤەی ئایەتەکانی سورەتی (القدر)ەوەدێتەسەر هەندێک چیرۆکی مەڕ تەورات و لەوێوەئەیبەستێتەوەبەوەسفی ئافرەتێکی کورد لەشیعرێکی فۆلکلۆریدا:

هەروا دەڕوا شیلان شیلان (٢٧)
چارۆکەی ڕەش لەسەر پیلان
بەخۆی یەک و دۆستی چلان

بۆ ڕاڤەی ئایەتی (فآما من ثقلت موازینەفهو فی عیشة راضیة) چیرۆکێکی خۆش دەهێنێتەوەکەوێنای مرۆڤەبۆ دەرەنجامەکانی ئەو ئایەتە، دەڵێت (مامۆستا مەلا ئەحمەد کۆرە، لە(آوائل)ی

(نشآت)ی (آحوال) و (وجە) ی عەجایبی بەسەردا ئەهات فەرمووی لەسلێمانی بووم، ڕۆژێ هاتەخەیالم؛ ئایا ئەو ترازوەی (آعمال)ی پێغەمبەرانی پێ هەڵئەکێشرێ (اعمال)ی ئێمەشی پێ هەڵئەکێشرێ؟ ئەی قوڕ بەسەرم چ عەمەلی وامان هەیەبکەوێتەئەو تەرازوە؟ حاڵ و وەجدی بەسەردا دێ لەشار دەچێتە دەرێو آخری ڕوو ئەکاتەوەشار و ئەچێتەوەمزگەوتی گەورە،حەزرەتی کاک ئەحمەدی شێخ بانگی ئەکا (ئاشەوان، ئاشەوان)، ئەچێ بۆلای حەزرەتی کاک ئەحمەد، کاک ئەفەرموێ: ئایا ئەو تەرازووەی ئەمڕۆ لەدنیا زێڕی پێ ئەکێشن؛ سلق و توری بەو تەرازووەهەڵ ئەکێشن. فەرمووی لەفەرمودەکەی حەزرەتی کاک ئەحمەد هاتمەوەسەرخۆ، دڵم داکەوت)٢٨، ئەم تەفسیرەلەبواری ڕووداوی کۆمەڵایەتی و قسەو هەڵس و کەوتی خەڵکی سفیلی کوردەواری زۆری تێدایە و خوێنەری لێهاتوو دەتوانێت لە نێوان ئەو بەسەرهاتانەوەکەسایەتی مرۆڤی کوردی ئەو سەردەمە هەڵسەنگێنێ و پەی بەبارە کۆمەڵایەتییەکەی بەرێ و دیراسەی دەروونی و هۆشیاری و ئەنتروبولوجی بکات، سەیری کەن لەڕاڤەی ئەم ئایەتەدا کەباسی قوربانی دەکات لەڕۆژی جەژندا (فصل لربک وآنحر)، چ نوکتەیەکی خۆشی کوردەواری هێناوەتەوە(چەند ساڵ لەمەوپێش خاتونێ خێرەومەند، بەهەمشیرەی گەورەمی وتبوو عەرضی کاکم کە، یەعنی (من)، ئەڵێن: گاجووتێ بەحەوت قوربانی ئەشێ؛ وەهەرکەس لەمەیدانی حەشری سواری قوربانی خۆی ئەبێت، (آما) من

ناتوانم لەگەڵ شەش کەس سواری گاجووتی خۆم بم چی بکەم؟.
وتی عەرزی بکەن هەر کەسەسواری ئی خۆی ئەبێ، وائەبێ وەکی ئوتومبیل زۆر تیژ تێ ئەپەڕێ، عەرزی بەعزێک مەلایانم کرد زوبان بگۆڕن بەگوێرەی عەقڵی ئێستا (تکلم) لەگەڵ خەڵک بکەن)(٢٩)، واتەمەلای گەورە(مجتهد)ی سەردەمی خۆی بووەو توانیویەتی دەقەئاینییەکان بگونجێنێ لەگەڵ بارودۆخدا.

١٢- مەلای گەورەبالاترین ڕووناکبیری سەردەمەکەی خۆیەتی و ئاگای لەڕووداوەناوچەیی و ئیقلیمیی و جیهانییەکان بووە، جارێک لەڕیگای ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکانی بەغداو قاهیرەوە، جارێکی دی لەڕێگای تاران و ئەستەمبوڵەوە، هەر بۆیەهەمیشەلەدووتوێی تەفسیرەکەیەوە، بانگەواز بۆ بیرو کرداری نوێ دەکات و هانی خەڵک ئەدات کەبەپەرۆش بن بۆ داهێنانەتەکنەلۆژییەکان و دوورکەونەوەلەخورافات و بیری کۆن و پواو.

مەلای گەورەدڵی خوێنی لێ ئەتکێ لەبەر خۆخۆری کوردو بێگانەپەرستی، ئەوەتانی لەڕاڤەی ئایەتی (ولم یکن جبارا عصیا)وە، دەچێتەسەر هۆنراوەیەکی حاجی قادری کۆیی کەدەڵێت

گزیری بۆ ئەجنەبی قبووڵ ئەکەن
نەک کەسێ لەخۆیان ببێتەئەمیر

ئەم زاتەگەورەو دلۆڤانە، لەنێوان ڕاڤەو لێکۆڵینەوەی ئایەتەکاندا هەستی نەتەوەیی دەجووڵێنی و پیرۆزیشی دەکات، داوای ڕزگاری دەکات، ئەوەتانێ هەڵس و کەوت و پلانی

داگیرکردنی کوردستان دەخاتەڕوو، بەتەوسەوەدەڵێت: (ئەم ئەرزەخوا بۆ بەریتانیا یا شەعبی بەنی ئیسرائیل یا فورسی قەدیم، خەلق کراوە)، مەلا موحەمەدی کۆیە، تەنیا چارەی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگار بوون لەنەهامەتی دەبەستێتەوەبەزانست و کتێب و قوتابخانەوە، ئەوەتانێ دەفەرموێت: (کەمنداڵ بووم بابم شیعری کوردی بۆ دادەنام):

عەزیزم ڕۆژو شەو بۆخۆت بخوێنە
لەناو گێژاوی جەهلێدا مەمینە

ئەوەی کەجێگای سەرنجەمەلای گەورە، لەڕێگای چەند شیعرێکی حاجی قادری کۆییەوەدەست نیشانی جۆری زانستەکەشی کردووە:

مەلای نادان بەعنوانی شەریعەت
حەرامی کرد لەتۆ عیلمی تەبیعەت
لەبۆیەهەرچی لەم عەردەبەدەرکەوت
لەزێڕو زیوو پۆلا و ئاسن و نەوت
بەکوللی کەوتەژێر دەستی فەرەنگان
چیاو چۆلان ئەنۆڕن وەک پڵنگان
بیان نۆڕی چیایان چۆن دەکۆڵن
هەتاکەی هەر ئێوەبەرماڵ بەکۆڵن؟!

بائەوەش نەبوێرم کەلەکۆتایی ڕاڤەی گەلێ سورەتی قورئاندا، مەلای گەورەبەکوڵ و دڵ دەپاڕێتەوەو دوعا دەکات، بەڵام دوعاکانی ئاسایی و خواستی تاکەکەسی نین، بەقەدەر ئەوەی کەپاڕانەوەن لەیەزدان، بۆ ڕزگار بوونی میللەتی کورد،

لـــەچنگـــی بیگانـــەو داگیـــر کـــەرانـــی کوردســـتان، نـــەک هـــەر ئـەمـەبـەتـەنیـا، بـەڵکو ڕوکردنـەدنیـای زانـست و ڕیـسواکردنی خورافات و هەڵس و کەوتی نابەجێ.

١٣- مەلای گەورەشۆڕەسواریکی بـواری کوردایـەتییـە، نـەک بەتەنیا لەتەفسیرەکەیدا بانگەشەی بۆ بیری نەتەوەیی کردووە، بەڵکو لەشیعرەنەوازەکانیشیا، لەهەڵوێستەڕۆژانەییەکانیـشیا، ئەم کەڵەزانایەکەلامی خودا دەکاتەمینبەری بیـری نـەتـەوەیـی و هەست و خولیاکانی لەزەمینەی تەفسیرەکەیدا شـەتڵ دەکـات و هاوولاتی سفیلی کورد دەوروژێنێ، با ئەوەش نەبوێرین کەمەلای گەورەلەچینی سەرەوەبووەو دەیتوانی باسی ئەم بیری نەتەوەیی و پێشکەوتن خوازییەهەر نەکـات و گـوێی خـۆی لـێ بخـەوێنـێ، بەلام هەرگیز دواکەوتوویی گەلەکـەی و نـەبـوونی قـەوارەیـەکـی سیاسی بۆ کورد، بەرۆکیـان بەرنەداوە و بەئامـان و زەمـان لێـی جودا نەبوونەتەوەو هەمیشەلەخولیایدا بووە و بەقەڵەم و زمان و هەڵوێستی ڕۆژانەکاری بۆ کردووە.

بۆ ڕاڤەی ئەم ئایەتەکەباسی داهێنان دەکات (آفمن یخلق کمـن لا یخلق) دەفەرموێت (نـازانم چ بنووسم وەقتـەدڵـم تـەق کـا بـۆ اسلامەتـی بـۆ قـرآن، تـەماشـای ئایـاتی کـەبـۆ موسوڵمان، بـۆ قەومی خۆم کوردی ماڵ وێران دواکەوتوی هەموو میللەتـان، بـێ علم و صنعەت.... هتد)(٣٠)، لەڕاڤەی ئایەتی (اولئک فـی ضـلال بعیـد)ەوەگواستویەتـەوەبـۆ نـاوزڕانی کـورد بـەخراپـەلـەلایـەن بیانەکانەوە(حاکمی سیاسی کۆیە(رندیل) ناو، تەماشـای ئێمـەی دەکـــرد لـــەقیـــام و قعـــودو ئـــاداب و خـــواردن و لباســـی

ئادەمیانەتعجبی دەکرد، ئەی وت: لەمەکتەب ئێمەیان دەرس ئەدا (کورد) قەومێکی وەحشیین. آدەم خۆر، وەک گورگی هـار...)٣١، لەمەڕ ئایەتی (وکان الآنسان عجولا) باسی نەوتی باباگڕ دەکات کەچۆن بەتاڵان دەبرێت (آجنبی چاویان لەهەزار ساڵ لـەمـەودوا بـوو، ئـەمـڕۆ تـەدابیریـان بـۆ (اتخـاذ) ئـەکـرد، بۆیـەنـەوتـی (باباگوڕگوڕ)یان دەرخست و حربی عوزمایان لەسەر کرد...)٣٢. دیـارەمـەلای گـەورەلـەخـەمـی ئـەوەدایـەکـەچـۆن ئـەم سامانەنەتەوایەتییەکەنەوتە، بەتاڵان دەبرێت و هەڕاج دەکرێت.

سەرچاوەکان:


١ – تەفسیری کوردی ل٢٦ بەرگی (١)

٢ – ل ٧٢٤، ب ١٠

٣ – ل ٧٢٥، ب ١٠

٤ – ل٤٠، ب ٥

٥ – ل ١٢١، ب ١

٦ – ل٧٢٥، ج١٠

٧ – ل ٧٢٥، ب ١

٨ – ل١٨٨، ج٥

٩ – ل٥٩٨، ب ١٠

١٠ – ل٣١٠، ج ١٠

١١ – ل٣١، ب١٠

١٢ – ل٦٨٣، ب ١٠

١٣ – ل٢٩١، ب ١٠

١٤ – ل٩٩، ب ٥

١٥ – ل٢٩٨، ب ٥

١٦ – ل٤٦، ب ٥

١٧ – ل٤٠٢، ب ١٠

١٨ – ل٦٨٤، ب ١٠

١٩ – ل١٠٦، ب ١٠

٢٠ – ل٥٩٢، ب ١٠

٢١ – ل٥١، ب ١٠

٢٢ – ل٢٩٥، ب ١٠

٢٣ – ل٣٠٤ – ٣٠٥، ب ١٠

٢٤ – ٤٠٥، ب ١٠

٢٥ – ل١١٦، ب ٥

٢٦ – ل٣١٠، ب ١٠

٢٧ – ل٥٩٢ ب ١٠

٢٨ – ل٦٢٧، ب ١٠

٢٩ – ٦٧٨، ب ١٠

٣٠ – ل ١٤٠، ب ٥

٣١ – ل٨٦، ب ٥

٣٢ – ل٢٠٠، ب ٥

# شاعیرێتی نالی و مەحوی
# لەنێوان سەرامەدێتی و بەخشین و وەرگرتندا

مێژووی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانیا بریتییە لە داهێنان و بەخشین و وەرگرتن، دیارە ئەو نەتەوەیەی کە پلەو رادەی بەخشینی بەرفراوان و گەشتر بێت لە وەرگرتنەکەی لە رووی چەندێتی و چۆنێتییەوە، ئەوە پتر هاوبەشیی دەکات لە ئەدەبی جیهانیدا، نەتەوەی کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی ئەم سەرزەمینە، بەگوێرەی بوون و قەوارەی تایبەتی خۆی نالەباری ئەو دۆخە تۆبۆگرافی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەی، کەم تا زۆر هاوبەشیەکی ئازایانەی کردوە لە جیهانی ئەدەبدا بەتایبەتی هۆنراوە، شاعیری وەك نالی و کوردی و سالم و مەولەوی و خانی و گۆران ئەگەر لە ئاست گۆتە و شییلەر و بایرۆن و هەمزاتۆف و جاك بریڤەر و موتەنەبی و سەعدی دا نەبن، ئەوە هەر کەمتر نین.

بەخشین و وەرگرتن و کارتێکردن و بەراورد لەنێوان ئەدەبی دوو نەتەوەدا دەشێت بخرێتە خانەی ئەدەبی

بەراوردەوە، بەڵام من پرۆگرامی ئەم نووسینەم بە بارێکی تردا دەکەوێتــەوە وە لــە جــوغزی ئــەدەبی بــەراوردی هــەردوو قوتابخانەی ئەمریکی و فەرەنسی دەردەچێت.

دەمەوێت لێرەدا چەند تیشکێکی گەش بخەمە سەر ئاستی هەنــدێك لایــەن لــە شــاعیرێتی نــالی و مــەحوی و رادەی کـارتێکردنی نـالی لـە هـۆنراوەو تاقیکردنـەوەکانی مـەحوی و رەنگدانـەوەی ئـەم کارتێکردنـە لـە بـیرو خـەیاڵ و تابلۆکـانی شاعیردا، بێگومان بابەتەکە وروژێنەرەو لەهەمان کاتیشدا سەر بــە گێــچەڵەو ئــاویش زۆر دەبــات، گــرنگ ئەوەیــە مــن وەك ئەرکێکی ئەدەبی رەنگی پرۆژەکە دەرێژم و قووڵ بونـەوەو پـەل و پـۆ هاویـشتن و سەرخـستنی لایەنـەکانی دەخەمـە ئەسـتۆی نەوەکانی داهاتوومانەوە.

ئایا چ شاعیرێك سەرامەد بوو لە وازهێنان و دوورکەوتنـەوە لە زمانی ئەو سەردەمەدا؟ کێ بوو زمانی شیرینی کوردی سـەر بـە دیـالێکتی سـۆرانی گرتـە ئـامێزو وەك کۆرپەیـەکی نـەوازە هێنـد لـە سـنگی تونـد کـرد هـەتا لـەنێو شـادەمار و ئێـسك و پروسـکیا توایــەوە؟ دیــارە نــالی مــەزن بــوو، نــالی وەســتاو ســەرامەد، تــوانی زمــانی دلۆڤــانی کــوردی بکاتــە ویــردو لــە قۆنـاغی قسەو وت و ویـژی سـادەی خەڵکـەوە قەڵـەمبازی پـێ بداتـە قۆنـاغی سـەر تـەڵ تـرین هـۆنراوە، هۆنراوەیـەك کـە شـان بدات لە شانی نەك هۆنراوەکانی ئەم رۆژهەڵاتـە بەتـەنیا، بەڵکو

هـــەموو جیهـــانیش! نـــالی بـــەم شـــەقاوە گـــورج و درێـــژەی کۆڵەکەیـەکی قـەف ئەستووری خستە ژێـر رەشماڵی هەست و بـوون و قـەوارەی نەتەوەییمانـەوە، ئەگـەر شکسپیر جگـە لـە داهێنانـــەکانی – رۆڵێکـــی گـــەورەو ســـەرەکی دیبــێ لـــە کۆکردنـــەوەی لەهـــەجات و خەملاندنی زمـــانی یـــەکگرتووی ئینگلیزیـدا، دیـارە نـالیش نـەك هـەمان دەوری بینیـوە بەتـەنیا بەڵکو گرنگتریش، چونکە ئـەم زمـانی ئاخـاوتنی رەشـە خـەڵکی گواستۆتەوە بۆ جیهانی هۆشمەندێتی هۆنراوەی کلاسیکی، با ئـەوەش نـەبوێرین کـە سـالم و کـوردی و مـەحوی و حەمـدی ساحێبقڕان و حـاجی قـادری کـۆیی و شـێخ رەزا هێنـدەی تـر سێبەری نەمامی دەست نێـژی نالیان خەست و کەڕتر کرد و نـــەوەکانی داهاتوویـــان لـــە دووڕیـــانی زمـــانی ئـــەم و ئـــەو دەربازکردو زمانی شیرینی کوردیـان کـردە توێـشوی سەفەری ژیانی ئەدەبی داهاتوومان.

ئەگەر شاعیرێتی بریتی بێت لـە وزەی تایبـەت و رۆشـنبیری خەســت و زیرەکــی و تاقیکردنــەوەی دەوڵەمەنــد و بــەهرەی گەورە و بیرەوەری تیژ و سەلیقەی خۆڕسك و دەستەڵاتی رەها بەســەر هونــەرو جــوانی و چــۆنێتی داڕشــتنی زمانــدا، دیــارە شـاعیری بەتوانا دەبێـت ئەم رەوشـتانەی بە زەقـی تێـدا رەنـگ بداتــەوە، چــونکە نــەبوونی لایــەنێك یــان دوان لــەم لایەنانــە تــرازووی شــاعیرێتەکە نــەوی دەکــات و کێــشەکە تێــك دەدات.

لەبەر کەمی دەرفەت ناتوانم بۆ هەموو ئەم توخمانە نموونە بۆ نالی و مەحوی بهێنمەوە و لەو نێوانەوە دەست نیشانی ئاستی شاعیرێتی مەحوی و نالی بکەم، ئەوەی کە نووکی قەڵەمەکەمی تێوەردەدەم هەردوو لایەنە و لایەنەکانی تریشی بۆ وتارێکی دی هەڵدەگرم، دوو لایەنەکەش:

یەکەمین: بەهرەی شاعیرێتی وەك وزەیەکی خۆڕسکی تایبەت.

دووەمین: لایەنەکانی کارتێکردن و خۆجوینەوە.

نالی خاوەنی بەهرەیەکی خۆڕسکی ئێجگار درەوشاوە بووە، هەرگیز خوێنەر لە هۆنراوەکانیا هەست بە بۆشایی نێوان شێوە و ناوەڕۆك ناکات، هەر مەبەست و بابەتێك کە ویستبێتی و خەیاڵی وروژاندبێت توانیبێتی بە سانایی بیخاتە چوارچێوەی هەڵبەستەکانیەوە، یان بە واتایەکی تر هەرگیز هەست بە کەلێنی نێوان ویست و خولیاکانی و چۆنێتی دەربڕینیان ناکرێت، واتە هەرگیز دانەماوە لەبەردەم پەری خەیاڵی شیعر و چی ویستبێت نەخشاندوێتی، تەنانەت ئەو هەموو هونەرە بەلاغی و وشە ئاراییەی (بدیع) وەك (جیناس و طباق و توریة و کنایة و حسن التعلیل...الخ) کە لە هۆنراوەکانیا رەنگی داوەتەوە هەرگیز لە خوێنەری دانەبڕیوە، چونکە وەك دەزانین هونەرەکانی وشە ئارایی (بدیع) بەو خەست و خۆڵیە لە هۆنراوەدا پێویستی بە

خۆمانـدووکردن و ئەزیـەت دانێکـی فـرە دەوێـت و هـەر لـە خۆیـەوە ناخـەملێت بـەڵام لای (نـالی) بـە جۆرێـك دەربڕاوە کـە هـەرگیز هەسـت بـە خۆئـەزێت دان ناکرێـت و خوێنـەریش وادەزانێـت هـەر لـەخۆوە هـاتوە و وەك تـافی زەڵـم و سـیروان خـۆی دەدات بـە هـەردەی دڵـداو ئـاوازی هـۆنراوەی نـەمر دەگەیەنێتـە گـوێی گـەردوون، جگـە لـەوەش ئـەو چوارچـێوە تەنگەبەر و گۆڕەوشار ئاسایەی مەڕ کێش و سەروای کلاسیك ناچاری نەکردووە بە هەندێ خەوشی قافیە و هەڵەی زمانی و رێزمانی و پاش و پێش خستنی فۆرم بە پلەیەك کە خوێنەر چەواشـەکات مەگـەر جارە ناجارە نـەبێت، دیـارە ئـەم دیاردانـە هـەموو بەڵگـەی بـەهرەی شـاعیریەتیەکی لـە بـن نـەهاتوو دەوڵەمەندن، دەبا بزانین ئەم دیاردەی شاعیریەتیە لای مەحوی بەم شێوەیە رەنگ دەداتەوە یان نا؟!

بـەر لـە هەرکـەس بـا هانـە بەرینـە بـەر خوالێخـۆش بـوو مامۆسـتا عەلائـەدین سـجادی و مێـژووی ئـەدەبی کـوردی. مامۆستا عەلائەدین سجادی سەبارەت بە هەندێ هۆنراوەی مـەحوی دەڵێـت:[1] (نـازانم مـەحوی چـی ناچـاری کردۆتـە سـەر ئەوە کە بەم جۆرە عەزیەتی خۆی بدا بۆئەوە شیعر دابنێ، ئایا شیعر دەنگێکی نهێنـی نیـە کـە تـەلی عاتیفـە ئـەبزوێنێ؟ ئایا شـیعر دەوارێکـی ئاورێـشم نیـە کـە لـە لالـەزاری گێتـی دا هەڵئـەدرێ بۆ ئـەوە پیـاو لـە سێبەریا خـۆی لـە گـەرماو سـەرما

حەشار بدات و لە بنیا دڵ و دیدەی بە بۆن و دیمەنی گوڵاڵەی ڕەنگاوڕەنگ بگەشێنێتەوە؟ بەڵێ شیعر ئەمانەیە بەڵام وەختێ ئەمانەیە کە بەجۆرێ بوترێ پیاو لێی تێ بگا) واتە بەهرەی شاعیرێتییەکەی داکشاوترە لە مەبەست و وزەی بیری، کەواتە مەحوی پتر شاعیرێکی (کەسبی)یەو نالیش وەهبییە. ئێستا بۆ سەلماندنی ڕاکەی سەجادی من چەند نموونەیەك دەهێنمەوە لەو خۆئەزیەت دانە و تەنانەت دووچاری گەلێ سەرئێشە بووە، هەرچەندە ئێمە چەمکی (ئەوەی بۆ شاعیر دەست دەدا بۆ هەموو کەس دەست نادا) مان هەیە بەڵام نابێت شاعیریش هێندە دەستووری زمان و شیعر و خوێنەریش ئەزێت بدات، کە لای مامۆستا مەسعود محەمەد ئەو ئوسلووبە سەبکی هیندی نیە، بەڵکو[2] (سەبکی مەحوی)یە واتە تایبەتە بە خودی خۆیەوە، ئێستا ئێوە و بڕێك لەم لادانانە:

مەحوی دەڵێت:[3]

کە دایەی خاکت هەر دەبێ بگرێتە باوەش خۆی

بکە خاکێ بەسەر خۆتا لە قاپی (بوتراب)ی زوو

(بتگرێتە)ی کردووە بە (بگرێت) واتە ڕاناوی کەسی دووەمی فڕێداوە کە (ت)کەیە (باوەشی) کردووە بە (باوەش) (دایکی) کردووە بە (دایە)، (خاکی بکە بەسەر خۆتا)ی کردووە بە (بکە خاکی).

هەروەها دەڵێت:[4]

بە سووتن چیم گلەم نەبووە لە دەردی سەردی میهری تۆ
من و شەکوە وتی گویٚ ناگرم لەم فیتنە هەڵبەستە

(گلەیم)ی کردووە بە (گلەم)، ساردی کردووە بە (سەرد) (میهری ساردی) کردووە بە (سەردی میهر) چونکە لە کوردیدا سیفەت پێش موصوف ناکەویٚ خۆ ئەگەر هەندێ جار پێش کەوێت ئەوا پێویستمان بەو (ی) نیە چونکە دەیکاتە پاشگرو پێشگر بۆ نموونە، نێرە قەل، زڕەخەون، زرتەبۆز دە ئەگەر بەم پێوانەیە بێت دەبێ مەحوی بڵێت (سەردە میهر).

هەروەها دەڵێت:[٥]

بڕوانە سووتنم، وەر بڕواکە من نەمام
پەروانەم ئیترم نییە پەروا کە من نەمام

لەجیاتی (ئیتر نیمە) وتویەتی (ئیترم نییە)، جگە لەوەش دووجار وشەی (نەمام)ی بەکارهێناوە با ئەوەش بزانرێت کە ئەمە (رد الصدر علی العجز) نیەو، لە مەرجەکانی شیعری (مصرع)دا بە لاواز دادەنرێت.

هەروەها دەڵێت:[٦]

ئەو سەروی نازە تەوسەنی هێنایە تازوتەك
هەستا قیامەت و مەلەك ئەستونیە گەرەك

لەجیاتی (ئەستۆنی گەرەکە) وتویەتی (ئەستۆنیە گەرەك) دیارە قافیە ئەمەی پیٚ کردوە.

هەروەها دەڵێت:[٧]

کێ قەدری شیعری ئێمە دەزانێ بەری دەکا

هەر صاحیبە لەبەرکەری کالآیی بی زەواج

دەبوایــە بیوتایــە (لەبــەری دەکــا) بــەڵام لەبــەر لەنگــەری کێشەکە (لە)ی قرتاندووە.

هەروەها دەفەرموێت:(٨)

لە غەمزی چاوت ئەبرۆ داگرە و بەس

مەکە بۆ قەتڵی عاشق ڕەنجە بازووت

تکایـە بـا خوێنـەر چـەند جـارێ نیـوەی دووەمـی بەیتەکـە بخوێنێتەوە بزانێ هیچ حاڵی دەبێـت؟! وشـەی (بـازووت) لەبـەر قافیـەی دوابـڕاو خراوەتـە ئەوسـەر دەبوایـە بیوتایـە (بـۆ قـەتڵی عاشق بازووت ڕەنجەمەکە).

هەروەها دەفەرموێت:(٩)

غەنیمەتە بەدەم و دەستی بگرە دامەنی دۆست

لە دەستی خۆتی مەدە داویە خودا تا دەست

لەجیاتی (تا خودا داوێتـی دەس) وتوویـەتی: (داویـە خـودا تا دەست) دیارە مەسەلە قافیە ڕاست کردنەوەیەو هیچی کە!!

ئەوەی شیاوی باسە مـەحوی زۆربـەی لـە کێـشە درێژەکانـدا دووچـاری ئـەم هەناسەسـواریە بـووە لـە لایـەکی تـرەوە مـەحوی وەك خۆتاقیکردنــەوە ویــستویەتی هــەموو پیتــەکان بکــا بــە قافیـەی هۆنراوەکـانی، دیـارە هەنـدێ لـەو پیتانـە (بەتـەنیا یـان لەگەڵ چۆنێتی پیتەکانی پێش خـۆی قورسـن و دووچـاری ئـەو

هەڵانەی دەکەن، لەپ خستنە سەر ئەم لایەنانەی کە روونم کردنەوە ئەوە دەسەلمێنن کە مەحوی لەگەڵ ئەم گەورەییەدا لە دوورپێیانی کەم دەرفەتی وزەی شاعیریەت و مەبەست و خواستی قووڵ و بەهێزدا وەستاوە و تیا راماوە، یان ئەوەتا خۆی تووشی زۆر لە خۆکردن و گوێ نەدانە هەندێ مەسەلەی رێزمانی و زمانەوانی دەکات یان ئەوەتا کارەکەی بۆ ناڕسکێ، تەنانەت خودی مەحوی فەلسەفە تایبەتییەکەی لە ژیاندا گوێ نەدانە بە رواڵەت و شێوەکاری و فۆرمالیزم لە بەرامبەر ئەمانەشدا گرنگییەکی فرەی داوە بە گەوهەر و ناوەرۆك، واتە مەحوی ئەهلی مەعنایە نەك مەبنا، ئەوەتانێ خۆشی لەم هۆنراوەیەدا داکۆکی لەم رێبازە دەکات و دەفەرموێت:[١٠]

سەر کە جۆشێکی نەبێ من زرکە تاڵم بۆچییە
دڵ کە هۆشێکی نەبێ شیشەی بەتاڵم بۆچییە
دەردو داخێکی دەروونی گەر نەبێ با رەنگ و بۆ
سیس و موغبەر بێ کە ماڵم بوو جەماڵم بۆچییە

با گوێگری ئازیز ئەوەش بزانێت کە مەحوی مەزن شاعیرێکی گەورەی نەتەوەکەمانە و جێگایەکی تایبەتیشی هەیە لە رێبازی ئەدەبی کلاسیکدا هەر ئەم گەورەییەشیەتی کە وای لە سالم و حەمدی کردووە کە بەرێزەوە بەسەری بکەنەوە، بەڵام لەو بەسەرکردنەوەیەشدا هەر نالی پێش مەحوی خراوە سالم دەڵێت:[١١]

لەلایەك نالی و مەشوی لەلایەك سالم و کوردی
لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکاجۆبوون لە مەولانا
لە مەیدانی بەلاغەتدا بە سواری مەرکەبی مضمون
بە کوردی هەر یەکە نازی سواری بوون لە بابانا
کە نالی تەوسەنی طبعی بە تەرزی گەرم جەستەن بوو
بە چەو گانی خێرەدگۆیی دانشی دەرکرد لە مەیدانا
کە ڕەختی رامی هاتە سەر میقراضـەکەی تعلیم
رکابی پایی بۆ سی سالم مەشوی لە دەورانا

هەمـدیس سـەبارەت بـە هـەمان بـە بـالاّبڕین و (مفاضـلة) دەڵێت:[١٢]

خەرمانی لەفظی کوردی کە (کوردی) کردی پێوان
(نالی) کە نالی کاسەیەکی دا بەویش لێوان
تاراجی کرد بە مەحوی یە فەندی بە لوطفی خۆی
عوشریشی دا بە (حەمدی) وتی بیبە بەر دیوان

لە مەیدانی دیراساتی تەرخان کراو لەمەڕ لایەنەکانی (دزی ئـەدەبی، کـارتێکردن – وەرگـرتن – سـوودبینین..) لـە ئـەدەبی کوردیدا، نەتەوەکەمان لەبەر گەلێ هۆ چەند هـەنگاوێکی گـورج و درێژ لە دوای نەتەوەکانی ترەوەیەو زۆر کەڕەت ئاگر بەسـتی ئـەم بەشـە هـەرە گرنگـە دەکرێـت، ئەگـەر دەنگـێ لەلایەکـەوە بەرزبێتـەوە، بـە ئاسـتەم دەگاتـە گـوێی خوێنـەر و ئـەدەب دۆسـتان، دیـارە لـەم دۆخـەدا جەدەلیـەتی نێـوان لاسـایی و

رەسـەنایەتی و بـەهرەی گـەورە و ناگـەورە ون دەبێـت و مـافی لایەنــە رەســەنایەتیەکە پێــشێل دەکرێــت و بــەهای پێوانــە راستەقینەکان نـشوستی دێنێـت، بـە رای مـن هـەر نووسـەرێ توانـای هـەبێت باسـی تەئسیری شاعیرێ یان چیرۆك نووسـێ بکـات بـۆ سـەر یـەکێکی کـە یـان لێـوەرگرتن یـان دەسـت بەسـەراگرتن و دزی ئـەدەبی ئـەوە بـارێکی ئاسـایی و تەنانـەت ئازایانەشە و هەرگیز ئەم هەڵوێستە ناچێتە خانـەی پاچ کـاری و وێــران کردنــی باڵەخانــەی ئــەدەبی کــوردی، ئــەدەبی نەتەوەکـەمان دەمێکـە لـەوە دەرچـووە کـە هەڵدانـەوەی ئـەم لاپەڕەیە بیرووخێنێ یان لاوازی کات، بەڵکو بەپێچەوانەوە تین و گـوڕێکی ئـەوتۆی دەداتـێ کـە خـاوەن بـەهرە راسـتەقینەکان لەبەر تیـشکی گەشـی ئـەم بابەتـەدا داهێنـانی گـەورە بەدەسـت بهێنن، ئێمەی کورد وەك هەر نەتەوەیەکی تری ئەم سەرزەمینە فراوانـە خـاوەنی چـەندەها شـاعیر و ئـەدیبی هێـژا و رەسـەنین، دیارە لە هەمان کاتیشدا ئەم ئەدیب و شاعیرانە لە پلەو ئاستی بەرهەمـەکانیانا چون یـەك نین و هەریەکـەیان لەئاسـتێکا خـۆی دەبینێتەوە و لەلایەن خوێنـەر و رەخنـەگرەوە بـەجۆرێك بـە باڵا دەبڕێــت، خــۆ هەیــشمانە موتەئەســیرە بــە بەرهــەمی ئــەم و ئــەوەوە و لــەژێر کــارتێکردنی خــەڵکانی تــردا بەرهــەمی رەخـساندوە، لـە روانگــەی پرۆگرامێکــی رەســەن و دوور لــە هــەواو و هەوەســی تاقەکەســەوە، ئـەدەبی عـەرەبی لـەم بـوارە

گرنگەدا بەتایبەت – رەخنە – سەدان و تەنانەت هەزار ساڵ لە پێش ئێمەوەن و رەخنەگرانی عەرەبیش وێراویانە بڵێن فلانە شاعیر ئەم واتایەی لە فلانە شاعیر وەرگرتوە یان دزیوە یان گۆڕیوە بە بارێکی باشتر یان داکشاوتردا.. هتد هەرچەندە ئەم ئەرکە مەزنە هەندێ نووسەری تووشی ئازار و ئەشکەنجەی تایفەگەرێتی پواو و تیرەچێتی و تاقم تاقمێنەی پووچ کرد، بەلام لە ئەنجامدا رەوت و گورِوتینێکی بەهێزی دایە بەر رەخنە و شیعری عەرەب، هەر بۆ نموونە کەمەکێ لەو کتێبە رەخنەییانە دەخەمە پێش چاوی خوێنەری کورد کە سەدان ساڵ بەر لە ئێستا ئازایانە لەم بوارەدا نووسراونەتەوە و دزیو لاوازی کەڵە شاعیری وەك ئەبو تەمام و موتەنەبی و بوحتەریان دەرخستوە، ئەمەش ناوی هەندێکیانە:

١- سرقات – ابی نواس – مهلهل بن میمون.

٢- الابانة عن سرقات المتنبي – محمد بن احمد العمیدي.

٣- البدیع في نقد الشعر – أسامة بن منقذ.

٤- المثل السائر – ابن الأثیر.

٥- الكشف عن مساوئ المتنبي – الصاحب بن عباد.

٦- العمدة – ابن رشیق القیراوان.

٧- سرقات البحتري من ابي امام – ابي ضیاء بشر بن یحیی.

٨- اخطاء ابي تمام – ابن عمار القرى.

٩- الشعر والشعراء – ابن قتيبة الدينورى.

١٠- الموزانه بين الطائيين الامدى.

گەلێ نموونەی تر هەیە و با ئەوەش بەس بێت، گەه حسین تیۆری دەست بە هەڵبەست[١٣] (انتحال)ی هێنایە کایەوە و وتی ئەدەبی پێش ئیسلامی عەرەب هەرە زۆربەی دەست هەڵبەست و درۆیە[١٤]، (صفاء خلوصي) سەبارەت بە معروف الرصافي دەڵێت (تا ئەم سەردەمی دواییەش وامان دەزانی کە (رەصافی) شاعیرێکی بەدەستەڵاتە، بەڵام لە دواییدا بۆمان دەرکەوت کە ئێمە هەڵەین و زۆربەی هۆنراوەکانی لە شاعیرە تورکەکانەوە وەرگرتووە و تەنانەت هەندێکیشیان وەك وەرگێڕانێکی حەرفی وایە، بەتایبەتی سوودی زۆری لە شاعیری تورك توفیق فکرت وەرگرتووە) ئێمەی کوردیش وەك وەفایەك، ڕێزێکی بێ پایانی بەرهەم و هەوڵ و کۆشش و بەهرەی باوباپیرانمان دەگرین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەموویان لە ئاستێکدا دانانێین، گەرەکە هەریەکە و بەپێی ئاستی خۆی لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کورد و ڕەخنەی کوردیدا بە بالاّبڕین و دابنرێن، نەك هەموویان بە سەیرکردنێکی جەڵەبیانە بخرێنە ئاستێکەوە، چونکە لەو سەیرکردنە جەڵەبیەدا مافی ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی ئەدەب دەسووتێ و یەکسانیەکی نابابەتیانە دێتە گۆڕێ.

لەم بنەوانە مەوزوعیەوە هەوڵم داوە کە هەندێ لەو واتا و بیرۆچکە و وێنە و خەیاڵانەی مەحوی لە نالی وەرگرتوون دەریان خەم، هەرچەندە هەندێ جار وەرگرتن خۆی لە خۆیدا بەڵگەی توانایە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی هونەری قەشەنگ تردا، واتە بیرۆچکە وەرگیراوەکە شتی نوێی (اضافة)ی بخرێتە سەرو واتای درەوشاوە و نوێ تر بهێنرێتە کایەوە، یان بە واتایەکی تر لە هەمان دار و بار شتی گەورە و جوان و دلۆڤان تر بهێنرێتە کایەوە، چونکە ئەمە بەڵگەی بەرەوپێشەوەبردنی ئەدەبە و خەملاندنیەتی، گۆران بەو گەورەییە دان بەوەدا دەنێت کە سوودی لە هۆنراوەی شاعیری ئینگلیز (الی قبرة) شیللی بینیوە و ئەوە سەرچاوەی ئیلهامیەتی، یان بە روونی دیارە کە پیرەمێرد لەژێر تەئسیری مەولەویدا گەلێ هۆنراوەی وتووە.

(قەزوێنی دەڵێت: ئەگەر لێك چوونەکان گشتی بن وەك باسی ئازایەتی و بەخشندەیی ئەمە بە دزی دانانرێت چونکە ئەو واتایانە لە دڵ و مێشك و زەین و داب و نەریتدا جێی خۆیان کردۆتەوە، خۆ ئەگەر واتا وەرگیراوەکە لە یەکەم جوانتر بێت ئەوە جێگای ستایشە، ئەگەر لە ئاستی ئەوەشدا بوو ئەوە جێگای سەرزەنشت نییە، بەڵام داهێنان و ستایش بۆ شاعیری یەکەمە، خۆ ئەگەر لە خوار ئەوەوە بوو دیارە ئەوە لاوازە و دەشێت سەرزەنشت بکرێت – التلخیص في علوم

البلاغة – الخطیب القزوینی ص (٤١٢).

به‌هه‌رحاڵ ئێستا هه‌ندێ له‌و واتا و وێنانه ده‌رده‌بڕین كه مه‌حوی له نالی وه‌رگرتووه:

مه‌حوی ده‌ڵێت:(١٥)

هه‌ناسه‌ی ئاگرینم برده‌وه به‌ر تا ده‌روونم سووت
به ناڵه تا دڵت سه‌خڵه‌ت نه‌ده‌م بڕوانه چۆنم بۆت

هه‌روه‌ها نالی وتوویه‌تی:(١٦)

ئاری سینه‌م گه‌ر نه‌بێ غه‌رقم ئه‌من
ئاوی چاوم گه‌ر نه‌بێ سووتاوم ئه‌ز

ئه‌وه‌ی كه مه‌حوی كردوێتی (ئاوی چاوی) كردوه به (ناڵه) و هیچی كه! هه‌ر له شوێنێكی تردا مه‌حوی پاته‌وپات ئه‌م واتایه‌ی وه‌رگرتۆته‌وه له نالی:

بێمه كوێ؟ دلبه‌ر وتی گه‌ر چاوه گۆفانێكی ئه‌شك
دڵ ته‌نووری ئاگری عیشق و خرۆشی ئیشتیاق

هه‌رچه‌نده (ابن الفارض)یش ئه‌م واتایه‌ی هه‌ر ده‌ربڕیوه پێش هه‌ردوكیان:(١٧)

لولا دموعي أغرقني زفيري
لولا زفيري اغرقتني ادمعي
يا محرقا للنار وجه محبة
مهلاً فأن مدامعي تطفيه
أحرق بها جسدي و كل جوانبي

واحرص على قلبي لأنك منه

مەحوی دەڵێت:[18]

به ئاوی گریه هەردەم ناوی چاوم ششتوه نەك جێت

به خوێن ئاغوشته بێ چاوەکەم بڕوانه چۆنم بۆت

نالیش پێش ئەو وتوویەتی:[19]

تۆ کە حۆریت وەرە نێو جەننەتی دیدەم چ دەکەی

لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەی سۆزانمدا

بەڵام وێنەکەی مەولەوی لە هەردوکیان قەشەنگ ترە، مەولەوی دەڵێت:[20]

باڵاخانەی چەم دێوانەکەی تۆ

بانەناو وەگڵ ئاسانەکەی تۆ

تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تیشدا

ئازیز بۆ جارێ پا بنیه پێیشدا

مەحوی دەڵێت:[21]

ماهی من ڕۆژی لە ڕوو لادا نیقاب

شەو مەگەر هەڵبێ لە شەرما ئافتاب

مەولەویش وتوویەتی:[22]

خەرامان ئاما نەتۆی پەردەوە

نیقاب صفحەی جەمین کردەوە

مەحوی دەڵێت:[23]

ئەی مەحەببەت ئاگرێکی هێندە خۆش و دڵ نشین
ئەوکەسەی سووتووتە هەر ئەو هەوڵ ئەدابۆ سوو بە سووت

نالیش پێش ئەو وتویەتی:[٢٤]

وەرە با ئاگرێکی وەصڵی خۆمان
بخەینە قاوی عومری دوشمنی دین

مەحوی دەڵێت:[٢٥]

دڵ بوو بە دوودی محض و جگەر بوو بە عەینی ئاو
ئاهم نیە دەواتە سروشکم نیە رەوان

هەروەها لە هەمان واتادا مەحوی وتوویەتی:[٢٦]

ئەوی دڵدار و دولبەرمە ئەوا دەڕوا لەبەرچاوم
بەدوویا بۆچی دڵ نەتوێتەوە نەڕوا لەبەرچاوم

نالیش لە نامەکەی مەڕ سالمدا وتوویەتی:[٢٧]

لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ رەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور

ئەوەی سالم لە هەردوکیان جوانترە:

شەتی خوێن دێ بە رووما لەت لەتی جەرگ
دەبێ رێگەی پلووسکی دیدە بەردا
ل٢٠ سالم

مەحوی دەڵێت:[٢٨]

لەبەر زار و نەزاری بوومە وەك پووش
دە ئەمجا رابوێرە من بەزارا
نالیش لە نامەکەی مەڕ سالما دەڵێت:[٢٩]
زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوطور
مەحوی دەڵێت:
خەندێکی لە خونچەی دەمی تۆ دی کە لە باغا
هەر لەو دەمەوە لێو و دەمی لەگۆچوون
ل٢٤٥ مەحوی
نالیش وتویەتی:
بۆ قسەی خونچەی دەمت کاتی تەبەسووم رووبەڕوو
هەتکی شوعلەی بەرق و نظمی دائرەی پەروین دەکا
ل١١٢
مەحوی دەڵێت:[٣٠]
وەرە دەستێ بە خوێنم کە نیگارین
خوێنی من حەڵاڵت بێ نیگارا
نالی پێش ئەم وتویەتی:
حەنایی کردوە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم
ئەمە رەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم
هەروەها لە جێیەکی تردا وتویەتی:[٣١]

وەرە بنوارە دوو دەستی حەنایم

حەنایی چی هەمووی هەر خوێنە قوربان

لە هەمان واتادا دیسانەوە نالی وتویەتی:(٣٢)

ڕەنگینە بە خوێناوی دەروونی دڵی نالی

بنوارە دەڵێ خۆ خەنەیە پەنجەیی ئاڵم

سـالمیش ئـەم واتایـەی هـەر لـە نـالی وەرگرتـوە بـەڵام لـە هەردوکیان بەهێزترە:

وەرە ساپەنجە لە خوێنی دڵی سالم بکە ڕەنگی

ثهبتە ئەم ڕەنگە دایم نیە وەك ڕەنگی حەنا

ل٣٤

مەحوی دەڵێت:(٣٣)

چقڵی مەزاری من چەقیە دامەنی چ سوود

شوومی بەرۆکی بەختمی بەرد کە من نەمام

سالمیش وتوویەتی:(٣٤)

هەتا ئەمرم ئەچێنم تۆوی هەرخارێ لە دڵ شایەد

کە بێی بۆ سەر مەزارم دامەنت بگرن ئەگەر مردم

مەحوی دەڵێت:(٣٥)

پیری نەمامی باغی جوانیمی کردە پووش

تازەم درەختی گوڵی ئەمەل دەردەکا چرۆ

هەروەها نالی دەڵێت:

بەهاری عومر ئەوا گەییە حوزەیران
کەچی وەك کۆدەك ئێستە دەچمە سەیران[٣٦]
سەردو گەرمی ئاهەکەم سەوزی گیای کردم بە پووش
پایزی روو بوو بە بوردی سوور و زەردی موختەلەط

مەحوی دەڵێت:

جۆبارە لالەزارە هەتا چاوی بڕدەکا
مەحوی بەهەشتی بۆچیە چبکا لە ئاو و باخ
ل٣٧

هەروەها مەحوی دەڵێت:[٣٧]

بە گریانم وەکو گوڵ پێ کەنی یار
لە باغی من بە بارش غونچە پشکوت
گوڵستانێ لە خاکی شۆرەزادا

نالیش وتوویەتی:[٣٨]

خاکی بەری پێت هەم گڵ و هەم گوڵ بە سروشکم
وەقتی غەم و شادی ئەوە کردوومە بەسەردا

بێسارانیش وتویەتی:

هوونی دڵ نەچەم بەند خرۆش کەردەن
سوەیل چەمەنانان بەی رەنگ پۆش کەردەن
ئاویەر — ژمارە ١٤

مەحوی دەڵێت: [٣٩]

کێ قەدری شیعری ئێمە دەزانێ بەری دەکا

هەر حاجیبە لەبەر کەری کالآیی بێ رەواج

نالیش وتوویەتی:(٤٠)

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توخمە فرۆشم

زۆرم وت و کەس تێ نەگەیی ئێستە خەمۆشم

مەحوی دەڵێت:(٤١)

لە بۆ ئیمدادی گریانم دەروونی کردمە خوێناو

لە چاوم سەیری کەن ئەم حوکمە دڵ و جەرگمی جاری کرد

نالیش وتوویەتی:(٤٢)

لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە

دڵ رەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور

بێسارانیش وتوویەتی:

دەرون راش نەدا نە نێش دەسەڵات

بی یە بە هوونی چەم رێژا کە ن نەپات بێسارانی ل١٨٥

مەحوی دەڵێت:(٤٣)

روومەتی ئازاری گەیێ من کە روانیمێ وتی

من قسەم گەر دڵ خەراشە تۆ نیگاهت گیان خەراش

مەولەویش دەڵێت:(٤٤)

ڕوخسارت وەختێ مەصقەڵ مداوێش
وەشنۆی پارێز خەیاڵ مەبێ ڕێش

مەحوی دەڵێت:[٤٥]

دڵ فکری کردوە چیە مێرم بوە بە شیر
پیرانی بردەوە کە جوانیمی کەوتەبیر
قامەت نەمام و پشتی وەکوو مێوو ڕۆنی نەرم
چەوتاوە ڕەق هەڵاتووە وەك چەوتەمێوی پیر

نالی بە یەك بەیت واتای ئەو دوو بەیتەی، پێش ئەو وتووە:[٤٦]

غوباری ئەو شەو و ڕۆژەن ردێنی ماش و برنج
کە تێکەڵن شەبەهی صوبح و شام و شیر و مێر

مەحوی دەڵێت:[٤٧]

لە شینی فیرقەتی ئەوا ئەوەندە ئەشکی سوورم ڕێت
بە دەوری جێگەما تا بڕ دەکاتن دیدە گوڵزارە

نالیش وتوویەتی:[٤٨]

خاکی بەری پێت هەم گڵ و هەم گوڵ بە سورشکم
وەقتی غەم و شادی ئەوە کردوومە بەسەرد

مەحوی دەڵێت:[٤٩]

ڕۆژی دی لەو ڕۆژەوە گەر ڕۆژە سەرگەردانە ڕۆژ
گەییە ئێوارە وەکوو من قوڕپێوانە ڕۆژ

نالیش وتوویەتی:[٥٠]

لە خەوفی طهلعةتی ڕۆژ هەروەکوو شێت

بە رووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان

هەرچەندە ئەم واتایە لای عەرەبەکانیش دەربڕراوە:(٥١)

لا ترکننَّ الی الفرا ق وان سکنت الی العناق

فالشمس عند غروبها تصفر من فرق الفراق

حەزدەکەم هەر لەم بوارەوە ئەوەش بە خوێنەری ئازیز ڕابگەیەنم کە هەر مەحوی لەژێر کاریگەرێتی نالیدا نەبوە بەتەنیا، بەڵکوو کوردی و سالمیش گەلێ بیرۆکەو وێنەی شیعری و واتایان لە نالییەوە وەرگرتووە و لەژێر کاریگەرێتی ئەودا ئەسپیان تاو داوە، بەتایبەت کوردی کە شەبەنگی نالی لە هۆنراوەکانیا بە زەقی دەدرەوشێتەوە هەرچەندە پرۆگرامی نوسینەکەم بواری ئەوەم ناداتێ کە لەو ڕووەوە درێژە بە نوسینەکە بدەم، بەڵام هەروەك هەوێن هەندێك نموونەی زەقی سالم دەهێنمەوە:

سالم دەڵێت:

دەستی من تەعویزە بۆ ڕەدی بەلا

با حەمایەڵ بێ لە ملتا بێڵە سا

نالیش وتوویەتی:

دەستم کە بەسەر وەعدە لەسەر جێگە شکاوە

جەبری نیە ئەم کەسرە تا نەیخەیە ئەستۆ

سالم دەڵێت:

تیری تۆ ڕەنگە لە سینەم بڕوێ

غەرقی پێکانە لە ریشەی جگەرا

مەحوی دەڵێت:

بەم هەموو تیرەوە دڵ سینەمی دی ئەو شێرە

لە رازی هاتێ، وتی: ئەم بێشە نەما ئێمە مەلاژ

نالیش وتوویەتی:

بێ جوی بوونەوەیی زەخم و برین و ئەپهرێ

تیری موژگانی درێژت لە جگەر تێ دەپەڕێ

هەر لەم بوارەدا موتەنەبی دەڵێت:

رماني الدهر بالأرزاء حتى

فؤادي في غشاء من نبال

فصرت اذا اصابتني سهام

تكسرت النصال على النصال

هەروەها دەڵێت:

فما تقف النصال على قرار

كأن الريش يطلب النصالا

مەحوی دەڵێت:[٥٢]

بە ئاوی تێگەیشتن ئێمە دنیا هەر سەرابێ بوو

هەموو دەشچن بە خنکان و لەو وشکیشە وەلوەلەی مەخلوق

ئەسڵی فکرەکە لە نالی وەرگیراوە کە دەڵێت:[٥٣]

بنوارە وشکە صۆفی و رەقصی بەهەلهەلە

دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە

ئەم چەردە نموونانەی کە هێنامنەوە گەلێك کەمترن لەوانەی کە دەست نیشانم کردوون، ئامەدی دەڵێت[٥٤] (واتا دوو جۆرن – گشتی و تایبەتی – واتا گشتییەکان لە کۆمەڵدا باون وەك راستییەکی پەی پێ براو لە نەوەیەکەوە دەگوێزرێنەوە بۆ نەوەیەکی تر و بەکارهێنانیان لەلایەن شاعیرەکانەوە بە دزی ناژمێردرێ بەڵام هەرچی واتاو وێنە داهێنراوەکانە تایبەتن بە خودی شاعیرەوە و نابێ لەلایەن یەکێکی ترەوە دەستی بەسەرا بگیرێ) بۆ زیاتر روونکردنەوەی راکەی ئامەدی دەڵێم:

واتا گشتییەکان وەك لێکچواندنی بالاّ بە چنار و رم و سەروو، برۆ بە کەوان و مانگی یەك شەوە و داس، روو بە گوڵ و رۆژو مانگی چواردە، فرمێسك بە بارانی خوڕ و بەفری تواوە و...هتد بەڵام واتا تایبەتی و داهێنراوەکان بریتین لەو تابلۆ و وێنە شیعریانەی کە مۆرکی تایبەتی خاوەنەکانیانن و بەناویانەوە ناسراون، دە مەحوی زۆربەی وەرگیراوەکانی شتە تایبەتییەکانی نالین. ئەناتۆل فرانس دەڵێت:[٥٥] (بیرە گوازراوەکان هەرگیز ملکی ئەوکەسانە نین کە بۆ یەکەمجار دۆزیویانەتەوە، بەڵام لە هەموو کەس پتر مافی ئەوەیان هەیە

کە لە بیرەوەری خەڵکیا بیچەسپێنن) من لەگەڵ ڕاکەی ئەناتۆل فرانسام تا ئەو سنوورەی کە گەرەکە ئەدەب هەرگیز لە گەشەسەندنا بێت و هەمیشە شتی نوێ بهێنرێتە کایەوە و شاعیر قایل نەبێت بەو چەردە واتا و ناوەرۆکە تەقلیدیانە، دیارە هەر ئەم خستنە سەرەیشە (اضافة) کە ڕەوڕەوەی ئەدەب و هەموو بوارەکانی تری ژیان بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر دەبات.

هەرچەندە هەندێ ڕەخنەگر گواستنەوەو وەرگرتنی واتای شاعیری تریان بەلاوە ئاساییە، لای ئەوانە گرنگ ئەو تابلۆ و وێنە قەشەنگە تازە و داهێنراوانەیە کە واتاکانیان گرتۆتە خۆیان، واتە لای ئەمانە شێوە و ڕواڵەت کاری و ستاتیکی فۆرم پێش ناوەڕۆك کەوتووە.

خۆشبەختانە مامۆستا مەسعود محەمەد لە وتارێکی ڕەخنەییدا بەناونیشانی (زڕەخەون لە تەمومژ بە دەوری مەحوی تۆقەڵەوە لە کاروانی)[٥٦] پشتی ڕاکانی گرتووم و بێ ئەوەی دانیشتبین و لەم بوارەدا بیروڕامان گۆڕیبێتەوە چووینەتە سەر یەك ڕاستە ڕێگا کە ئەویش قوتابێتی مەحویی لە دانشگای بەرین و میهرەبانی نالی سەرامەد و وەستای بەهرەمەندا، مامۆستا مەسعود دەفەرموێت:[٥٧] (من وەها دەبینم شەبەنگی نالی لە شیعری (مەحوی)دا بزرە و دیاریشە نەك ئەمەو بەس بەڵکوو بزربوونەکەی لەو شوێنانەدا کە

پێویست بوو دەرکەوێت بەڵگەی دیاربوونیەتی لە ویژدانی مەحوی) هەروەها مامۆستا مەسعود سەبارەت بە پەیوەندی نێوان چامەی (ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا)ی نالی و چامەی (بەحری نوور)ی مەحوی دەڵێت: (لە ناوەرۆکی قەصیدەکەی هەردوانیش بەراوردێك بکرێت گەلێك شوێن پەنجەی نالی لە مەحویدا دەدۆزرێتەوە بە نموونە مەحوی دەڵێت:

چ مەدحێکت بکەم لائیق بە تۆ (یا خیر خلق الله)

منی بێ خێری نالائیق کە جبریلت پەنا خوانە

نالیش دەڵێت:

مرادم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە نەوەك نەعتە

بە چەند بەیتێکی کوردانە کە قورئانت پەنا خوانە

یان مەحوی دەڵێت:

رەحە بەو شێتیە ئەلحەق قصێکی عاقلانەی وت

منم عاقڵ لە بەرگی عاریە خۆمم کە عاری کرد

نالی دەڵێت:

من لە بێ بەرگی ئەحەم پرسی کە بۆ چ رووتی گوتی

یاڕەبی شێت بم ئەگەر شێت بم بە بەرگی عاریە

مەحوی دەڵێت:

ئەم فیزاعەت بەدوە و حەقتە کە ناپرسی چیە

تۆیە یەکێ دائیم هەزارێکی وەکوو من دوو بە دوو بەدووت

نالیش وتوویەتی:

روخی تۆ گوڵێکە صەد بەرگ و هەزاری عاشق ئەمما
لە هەموو چەمەن دیارە بە ئصولی نال نالی

مامۆستا مەسعود دەڵێت:[٥٨] (ئەو نموونانەی بیستبوومن و خوێندبومنەوە بێ هەڵوەست کردن شەبەنگی مەحوی یان لە هەستمدا بەرەو پایە هەرە بڵندەکان دەبرد مەهارەتێکی لەو نموونانەدا رەنگی دەدایەوە دەت گوت لە گۆمی نالی بڵق دەدا) یان دەڵێت (لە دیوانی مەحوی بگەڕێت نموونەی دیکە زۆر دەبینیت لە حازری و بزری نالی هەموویشی هەر بە گیانی تەحەددیەوە هاتوون) بەڵام سەیر ئەوەیە (مەحوی) نە بە دوور نە بە نزیك نە بە هێما ناوی نالی نەهێناوە بەپێچەوانەی سالم و حەمدی وەك وتمان، یان حاجی قادری کۆیی کە دەڵێت:[٥٩]

بۆ (تضمين) بەیتەکی نالی دەهێنم تا رەفیقانم بزانن من بە ئەو ناگەم خەزەف قەدوەك گوهر نابێ لەلایەکی ترەوە مەحوی گەلێك جار پەنای بردۆتە بەر تکرار واتە گەلێ جار یەك وێنە و واتای شیعری لە دیوانەکەیدا دووپات و سێ پات و چوار پات کردۆتەوە، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە گەلێ هۆی هونەریەوە هەیە و لە دوای هێنانەوەی نموونەکانیش لەپ دەخەمە سەر هۆکانی.

مەحوی دەڵێت:(٦٠)

دڵ بوو بە دوودی مەحض و جگەر بوو بە عەینی ئاو

ئاهم نیە دەواتە سروشکم نیە رەوان

هەر لەهەمان واتاشدا دەڵێت:(٦١)

ئەوی دڵدار و دولبەرمە ئەوا دەڕوا لەبەرچاوم

بە دوویا بۆچی دڵ نەتوێتەوە نەڕوا لەبەرچاوم

جارێکی تر خۆی دەڵێتەوە:(٦٢)

لە بۆ ئیمدادی گریانم دەروونی کردمە خوێناو

لە چاوم سەیری کەن ئەم حوکمە دڵ و جەرگمی جاری کرد

مەحوی دەفەرموێت:(٦٣)

بەهاری عومر ئەوا گەییە حوزەیران

کەچی وەك کودەك ئیستە دەچمە سەیران

جارێکی تر هەمان واتا دەڵێتەوە:(٦٤)

لە پێ کەوتووم و نەفسم بۆ هەوا دەشنێ وەکو منداڵ

لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێ و تازە پێ دەگرم

مەحوی دەڵێت:(٦٥)

بە گریانم وەکو گوڵ پێ کەنی یار

لە باغی من بە بارش غونچە پشکوت

هەمان واتا دەڵێتەوە:(٦٦)

**لە شینی فیرقەتی ئەودا ئەوەندە ئەشکی سوورم ڕێت**

**لە دەوری جێگەما تا بڕدەکاتن دیدە گوڵزارە**

**مەحوی دەڵێت:(٦٧)**

**پشتی کە دا بە پشتتەوە بۆ پشت شکاندنە**

**ئەمڕۆ خودا شوکورتە سبەینێ برالەڕۆ**

**هەر لەهەمان واتادا دەڵێت:(٦٨)**

**فەلەك هەر گا کەسێکی هەڵبڕی وەقتی هیلاکەتیە**

**کە سەر بۆ گەیینە پەت بێ پێ لە کورسی و ئەسکەمل چبکا**

**هەمان واتا دەجوێتەوە و دەڵێت:(٦٩)**

**زەمانە بەعضە کەسانی لەپڕ کە هەڵدەبڕێ**

**ئەوەندەی هەڵدەبڕێنن هەتا لەکەل دەبڕێ**

**بەیەك دو کلکە بەرەو ژووری بردەوە دنیا**

**بە تاقە نووکە شەقێکی فڕێ دەدا لەپڕێ**

**هەرچەندە ئەم واتایە سەعدی و موتەنەبیش هەر وتوویانە، سەعدی دەڵێت:**

**مکن تکیە بە رملك دنیا و پشت زبسیار کەس چون ز پەروەردەکوشت**

**موتەنەبیش دەڵێت:**

**ابداً تسترد ما تهب الدنیا فیا لیت جودها کان بخلا**

**مەحوی دەڵێت:(٧٠)**

**ڕەقیبی سەگ حەزی بوو کوشتمت سەیری کە چۆنی بۆم**

دوعا بۆ دەست و تیغت من دەکەم بڕوانە چۆنم بۆت

هەر لە هەمان واتادا دەڵێت:[٧١]

بە تیرێ کوشتمی هەڵیاوەسیم سووتاندمی رۆیی

دوعا بو حفیظی کەن، کێ دیویە جانانە وا گوستاخ

هەر لە هەمان واتادا دەڵێت:[٧٢]

شەرطی کرد ئیتر لە کوشتن بەس بکا یاڕەب بکەی

ئەو وەفا بەم شەرطە کا، ئەمما لە قەتلی من بە پاش

مەحوی دەڵێت:[٧٣]

کە ئەو لێو و ددانەم دیی بە جارێ

لەبەرچاوم هەم و لەعل و گوهر کەوت

لە هەمان واتادا دەڵێت:[٧٤]

کە باسی لێو و ددانی بکەن بەدەردەکەوێ

نیشاری لەعل و گوهر کردنی دەمی لافیظ

لە هەمان واتادا دەڵێت:[٧٥]

کەی بە لەعل و گەوهەر ئەو لێو و ددانی دانیشان

ئەو رەهەندەی شاخە ئەم خۆشارەوەی ژووری سەدەف

ئێستا گەلێ نموونەی ترم لەلایە و نامەوێ پتر لەسەری بڕۆم بەڵام بە ڕای من ئەم سووڕانەوەیە بە دەوری یەك واتا و تابلۆدا لەم هۆیانەدا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەمین:

لە یادکردن و لەبیرچوونەوە، واتە شاعیر لەوە دەچێت

قۆناخەکانی جیهانی داهێنانی کەم تا بێشێ لەیەك دابڕابن و یەك ئەوی تری فەرامۆش کردبێت رەخنەگری ناسراو (درایدن) دەڵێت:[٧٦] (گشت تابلۆ و وێنە سروشتییەکان هەمیشە لە زەین و مێشکیا ئامادەبوون) واتە شاعیر گەرەکە هەردەم بیرتیژو فەرامۆش کەر نەبێت و خۆی بپارێزێت لە دووبارە و سێ بارەکردنەوە.

دووەمین:

بە گرینگ زانینی ئەو وێنە و تابلۆیانە و پێ لەسەر داگرتنیان و دووبارەکردنەوەیان، دیارە ئەم بارە ئاساییە، بەڵام سەیر ئەوەیە زۆربەی ئەو واتا دووبارەو سێ بارە کراوانە وەك لە سەرەتادا روونم کردەوە لە نالیەوە وەرگیراون!!

سێهەمین:

خامۆش بوونەوەی شاعیر لە هەڵچوونی داهێنان و سووڕانەوەی بە دەوری واتایەکی جوان و قەشەنگ دا، مامۆستا مەسعود موحەمەد لەم رایەمدا بەدڵ گەرمیەوە پشتم دەگرێت و دەفەرموێت:[٧٧]

(لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی تێگەیشتنی من لە هێمای رووداوێکی رەنگی دابێتەوە لە دیوانی مەحوی بەو جۆرەی تێم بگەێنێ کە دەخلی تایبەتی هەبووبێت لە ئەدەبی مەحوی وە یا رووکاری بەرەو لایەنێکی نوێدا سوڕاندبێت هیچی ئەوتۆ نابینم لەچاو تەقالیدی شاعیرە کۆنەکانمان زەق خۆ بنوێنێت،

لـەم نموونانـەدا دەڵـێم سـەیرێکی قەصـیدەی لاپـەڕە (١٢١-١٢٢-١٢٣-١٢٤) لە دیوانەکەی مەحوی بکە لـە تێکشکانەکەی رووسـان بەرامبـەر ژاپۆنیـان سـاڵی ١٩٠٥ هۆنراوەتـەوە و بـە هەمووی یەك ساڵ ماوە ژیانی مەحوی لە ١٩٠٦ کۆتایی بێت، دەبینێـت چ فـەرقێك نییـە لـەنێوان ئـەو قەصـیدەیە و هەرچـی پـێش خـۆی وتـراوە لەلایـەن داڕشـتن و فەرهـەنگۆك و بـاوەڕ و تصور و هەرچی شتێکی کە رێی تێ دەچێت بێتە نـاو شیعری شاعیر وە یا رەنگێکی جوداکەرەوەی تێ هەڵسوێت باوەڕناکـەم لـەو تاکـە ساڵەشـدا کـە تەمـەنی مـەحوی بـەلای کەمـەوە (٧٣) ساڵ بووە مەودا هـەبێ بۆ گۆڕانێـك و روو سووڕانێك کاربکاتـە سـەر خـۆی یـا ئـەدەبی) واتـە سـیمای تاکمەنـدێتی لـە هۆنراوەکانیـا بەدەرناکـەوێ و درێژەپێـدەر و تەواوکـەری قوتابخانەکەی نالی و کوردی و سالم ی ساحێبقڕانە.

**پوختەی لێکۆڵینەوەکـە و را تـاییـەتی و نوێکـانم لـەم چـەند خاڵەدا خۆی دەنوێنێ:**

١. شـاعیرێتی نـالی وەك بـەهرە خۆڕسـکەکە گـەلێك درەوشاوە و هەڵچووترە لە شاعیرێتی مەحوی، نـەك بەتـەنیا لـە بواری تاودانی ئەسپی هۆنراوە لـە سـەرجەم بابـەت و مەبەسـتە جیاجیاکانـدا، بـەڵکوو دانـەمان و پـیش نەخواردنـەوەش بەدەسـت بیرۆکـە شـیعرییەکانەوە، ئەگـەر (نـالی و سـالم و

کوردی) لە جوغزێکی دیاردا خرابنە خانەیەکەوە، ئەوا بە رای من جوغزی دووەم کە درێژەپێدانی یەکەمە بریتی دەبێت لە (مەحوی – شێخ رەزا – حەمدی – حاجی قادری کۆیی – ناری – تایەر بەگ) دیارە مەحوی لەم جوغزی دووەمدا وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدارتر دەدرەوشێتەوەو لە ریزی پێشەوەیە.

٢. خۆجوینەوەو دووبارەو سێ بارەکردنەوەی یەك واتاو هەرجارەشی بەشێوە داڕشتنێك، سەیر ئەوەیە ئەو واتایانەش هەر لە نالیەوە وەرگیراون، واتە مەحوی لە رۆنانی فۆرما بالادەست بوە.

٣. بەکارهێنانی هونەری وشەئارایی، واتە (بدیع)، جۆرێکە لە سنعەت کاری لە شیعرا و بمانەوێ و نەمانەوێ، کەم تا زۆر شاعیر تووشی ئەزیەت خواردن و زۆر لە خۆکردن دەکات، هەر بۆ نموونە رەخنەگرە عەرەبەکان زۆرجار سەروودڵی ئەبوتەمام و ئیبن الموعتەز و بوحتەریان گرتوە لەسەر ئەم مەبەستە، بەڵام لای نالی لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو هەموو بەدیعەدا هەرگیز هەست بە خۆسەخڵەت کردن و پیش خواردنەوە ناکرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لای مەحوی بەبێ بەکارهێنانی بەدیعیش هەست بە خۆئەزێت دان و تەکەلوف دەکرێت و شاعیر پەنا دەباتە بەر سەبکی هیندی، کە مامۆستا مەسعوود موحەمەد پێی دەڵێت: (سەبکی مەحوی)، واتە

جۆرێك لە تایبەتمەندێتی.

٤. بە پای پیلان سوودبینین و وەرگرتن لە لێکچوانن و خوازە و (التشبیه والاستعارة) واتا نەوازە و داهێنراو تایبەتێکانی نالی و دەست بەسەراگرتنیان بێ هێماکردن بۆ سەرچاوەکە لەوە دەچێت ئەم دیاردەیە باو بووبێت.

٥. ئەو لادانانەی کە مەحوی لە ئەنجامی قورسی کێش و سەروادا وەك هەر شاعیرێکی کلاسیکی کوردی تووشی هاتوە، یان زمانەوانی یان ڕێزمانییە، با ئەوەش نەبوێرم کە نالی و سالمیش کەم تا بێشیێ هەڵەی زمانەوانیان هەر هەیە، دیارە هۆکارەکان هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ قورسی کێشەکان کە هەندێکیان کێشی عەرەبین و لەگەڵ زمانی هۆنراوەی کوردیدا بەئەزیەت دەساچێن و لەنگەر دەگرن، هەندێکی تریان دەگەڕێتەوە بۆ یەك قافیەیی چامە و هەندێکی تریش بۆ ئاستی بەهرەی شاعیریەت و دەسەڵات بەسەر فەزای چامەدا، لە زمانی عەرەبیدا بەپێی دەستووری (ئەوەی بۆ شاعیر دەست دەدات بۆ خەڵکی تر دەست نادات) هەندێك بوار و فرسەت لەبەردەم شاعیردا کراوەتەوە و کەم تا زۆر شاعیری عەرەب سوودی لێ بینیون، بەڵام زۆربەیان بواری زمان و (صرف)ن و بەدەگمەن بواری هەڵەی ڕێزمانی تێ کەوتووە، دیارە لای مەحوی وەك پیشانم دان لادانەکان ڕێزمانین، ئەوەی شیاوی وتنە تا ئێستا لای ئێمەی کورد هیچ جۆرە داب و نەریت و

یاسایەکی بۆ ئەم بابەتە دانەنراوە و خۆزگە زاناو توێژەرەوە کوردەکان لەم بوارەدا هەنگاویان هەڵدەهێنا و ئەم کەلەبەرە تیۆریەیان پڕدەکردەوە.

٦. ڕەخنەی داهێنەرانە گەرەکە مامەڵەی هۆش و بیرکردنەوەو لۆژیك بێت لەگەڵ دەق و ناوەندە داهێنانەکەدا و هەردەم دووربێت لە سۆز و عاتیفە و هەواو هەوەسی تاکەکەس، نەك هەر ئەمەش بەتەنیا، بەڵکو نابێت لایەنە سەلبییەکانی شاعیرێ ببێتە هۆی ون کردن و بەگۆمانکردنی لایەنە باش و درەوشاوەکانی. هەربۆیە مەحوی لە ویژدانی ئەدەبی و نرخ شناسیدا ئەستێرەیەکی پرشنگدارە و بە ئاسمانی ئەدەبی کوردیەوە دەجریوینێ و هۆنراوەی ئەوتۆی هەن بەتایبەتی چامەکانی لاپەڕە (٥٦، ٧١، ٢١٧، ٢٢٨، ٢٣٠، ٢٣٢، ٢٥٦، ٢٦٠، ٢٦٢، ٢٧٠، ٢٨٠، ٢٩١، ٢٩٧) دەیخەنە پاڵ بەرهەمە شیعریە نەوازە و دەگمەنەکانی کورد و تا دنیا مابێت وەك ئەستێرەی بەر بەیان دەجریوێنن و هەست و سۆزی پاك دەخەنە دڵمانەوە.

٧- یا ئەوەش نەبوێرم کە بەشێك لە واتا وەرگیراوەکانی مەحوی لەنالی هێند جوان و دلۆڤانە، پێش نالی کەوتووە و لە چوارچێوەیەکی قەشەنگدا نەخشاندوێتی.

## سەرچاوەکان:


١) مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلادین سەجادی.

٢) کـاروانی ژمـارە (٦٢) زڕەخـەون لـە تەمومـژ بـەدەوری (محوی) تۆقەڵەوە ل(٣٣-٤٥).

٣) دیوانی مەحوی.

٤) دیوانی مەحوی.

٥) دیوانی مەحوی.

٦) دیوانی مەحوی.

٧) دیوانی مەحوی.

٨) دیوانی مەحوی.

٩) دیوانی مەحوی.

١٠) دیوانی مەحوی.

١١) دیوانی سالم ل٣٥.

١٢) دیوانی مەحوی.

١٣) بڕوانە حديث الأربعاء – طه حسين.

١٤) دراسـات في الأدب المقـارن والمـذاهب الادبيـة، مطبعـة الرابعة – بغداد – ١٩٥٨، ص١٧٠.

١٥) دیوانی مەحوی ل(٧٧).

١٦) دیوانی نالی.

١٧) ديوان ابن الفارض.

١٨) دیوانی مەحوی ل(٧٧).

١٩) دیوانی نالی ل(٩١).

٢٠) دیوانی مەولەوی ل(٥٣٩).

٢١) دیوانی مەحوی ل(٤٥).
٢٢) دیوانی مەولەوی ل(١٩٨).
٢٣) دیوانی مەحوی ل(٧٩).
٢٤) دیوانی نالی ل(٣٥١).
٢٥) دیوانی مەحوی ل(٤٠٧).
٢٦) دیوانی مەحوی ل(٢٢٢).
٢٧) دیوانی نالی.
٢٨) دیوانی مەحوی ل(٩).
٢٩) دیوانی نالی.
٣٠) دیوانی مەحوی ل(٩).
٣١) دیوانی نالی ل(٣٥١).
٣٢) دیوانی نالی ل(٢٨٨).
٣٣) دیوانی مەحوی ل(٢١٤).
٣٤) دیوانی سالم.
٣٥) دیوانی مەحوی ل(٢٥٤).
٣٦) دیوانی نالی ل(٢٤٤).
٣٧) دیوانی مەحوی ل(٨٠).
٣٨) دیوانی نالی.
٣٩) دیوانی نالی.
٤٠) دیوانی مەحوی ل(٩٣).
٤١) دیوانی نالی ل(٢٨٠).
٤٢) دیوانی مەحوی ل(١٩٧).
٤٣) دیوانی مەحوی ل(١٥٠).

٤٤) دیوانی مەولەوی ل(٥١٥).
٤٥) دیوانی مەحوی ل(٣٩٩).
٤٦) دیوانی نالی ل(٢٠٨).
٤٧) دیوانی مەحوی ل(٤٦٢).
٤٨) دیوانی نالی ل(١٠٩).
٤٩) دیوانی مەحوی ل(١٣٧).
٥٠) دیوانی نالی ل(٢٣١).
٥١) الشعر الصوفي حتى افول مدرسة بغداد و ظهور الغزالي – دار الرشيد للنشر ١٩٧٩ – عدنان الراوي.
٥٢) دیوانی مەحوی ل(٨١).
٥٣) دیوانی نالی ل(٤٦٦).
٥٤) الموازنه بين ابى تمام و البحترى (الطائيين) – الامدى ص (٢٢١-٢٢٢-٢٢٣).
٥٥) بلاغه ارسطو بين العرب واليونان ص (٣٤٦-٣٤٧).
٥٦) کاروان ژمارە (٦٢) مەسعود محەمەد.
٥٧) هەمان سەرچاوە.
٥٨) دیوانی حاجی قادری کۆیی.
٥٩) دیوانی مەحوی ل(٤٠٧).
٦٠) دیوانی مەحوی ل(٢٢٢).
٦١) دیوانی مەحوی ل(١٠٩).
٦٢) دیوانی مەحوی ل(٢٤٠).
٦٣) دیوانی مەحوی ل(٢٢١).
٦٤) دیوانی مەحوی ل(٨٠).

٦٥) دیوانی مەحوی ل(٤٦٢).
٦٦) و =
٦٧) و =
٦٨) دیوانی مەحوی ل(١٤).
٦٩) دیوانی مەحوی.
٧٠) غزلیات سعدی ١٧٥.
٧١) بین المتنبی و سعدی – حسین علی محفوظ ص (٢٤٧).
٧٢) دیوانی مەحوی.
٧٣) دیوانی مەحوی.
٧٤) دیوانی مەحوی.
٧٥) دیوانی مەحوی.
٧٦) دیوانی مەحوی.
٧٧) دیوانی مەحوی.
٧٨) مبادیو النقد الادبی – أ – أتشارد – ترجمة و تقدیم الدکتور مصطفی بدوی ص (٢٣٩).
٧٩) گۆڤاری کاروان ژمارە (٦٢) مەسعود محەمەد.

# مەنهەجی مامۆستا ڕەفیق حیلمی
# لە کتێبی ( شیعر و ئەدەبیاتی کوردی )دا

ئەم کتێبە هەوڵێکی لەمێژینەی پڕبایەخ و دەوڵەمەندی بواری ئەدەبی کوردییە و پێگەیەکی شایستەی باڵای هەیە لە دنیای مێژوو و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا. لەگەڵ تێپەڕینی دەیان ساڵ بەسەر چێکردنی ئەم بەرهەمەدا، تا هەنووکە تۆسقاڵێک لە پایەی ئەم کتێبە دانەچووە و بیروبۆچوونەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمیش جێگای تایبەتیی خۆیان لە دنیای ڕەخنەی کوردیدا هەیە.

١- بەر لەم بەرهەمە نـاوازەیەی ڕەفیق حیلمی، چەند هەوڵێکی سەرەتایی بەرتەسک هەن لە مەیدانی بیری ڕاگوزاری ڕەخنەییدا، بەڵام هەوڵەکان سەرپێین و لە چەند بەیتەشیعر و پەیڤێکدا وێنا دەبن. ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و نالی... بەرهەم و شیعرەکانی خۆیان بە چەند بەیتێک هەڵسەنگاندووە و بە باڵایان بڕیوە، تەنانەت نالی خۆی کردووەتە خاوەنی دیوانی شیعر و سەرقافڵە، ئەمە جگە لە مەجلیسە ئەدەبییەکان کە شیعریان تیا خوێندراوەتەوە و دواجاریش لە لایەن ئامادەبوانەوە هەڵسەنگێنراون؛ هەر بۆ نموونە، پیرەمێردی شاعیر لە یەکێک لە مەجلیسەکاندا بە

(ڕەمزی مەلا مارف)ی وتووە (ملك الشعراء).

٢– هەر بە دوای ئەمانەدا ئەمین فەیزی و عەلی باپیر ئاغا (کەمالی) لە دوو بەرهەمی خنجیلانەدا هەندێک ڕاوبۆچوونی ڕەخنەئامێز (إنطباعات)یان تۆمار کردووە لە سێبەری بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک هۆنراوەی شاعیراندا. دەتوانم بڵێم باشترین دریژەپێدەری ئەم ڕێبازە مامۆستا ڕەفیق حیلمییە لە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا بە هەردوو بەرگەکەیەوە، لەبەر دوو هۆکار:

ا– پانتایی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەکانی لە دوانەکەی تر فراوانتر و زانستییانەتر و قووڵترە و وەک دەردەکەوێت، کەم تا زۆریش سوودی لە تاقیکردنەوەی تر وەرگرتووە، خودی خۆیشی بەهرە و ئاستی زانینی لەوان باڵاتر بووە لەم بوارەدا.

ب– بە هەردوو بەرگەکە ٢٤ شاعیری خستووەتە بەر شەنوکەوی ڕەخنەوە. دیارە ئەم ژمارەیە لەوانی تر زۆرترە، چ لە ڕووی ژمارەی شاعیرەکانەوە، چ لە ڕووی چەندێتیی بەرهەمەکانیانەوە.

٣– بەشێکی زۆر کەم لە دابەشکردنی ٢٤ شاعیرەکە بەسەر هەردوو بەرگەکەدا، کە بەرگی یەکەم ١٤ و دووەم ١٠ شاعیری گرتووەتە خۆ، لەسەر بنەمای شێوەیانە، واتە تازە و کۆن. دیارە لێرەوە جیاکاری لە نێوان هۆنراوەی کلاسیک و نوێدا دێتە کایەوە. بەشێکی تری دابەشکردنەکە پەیوەندیی بە میزاجی مامۆستا ڕەفیق حیلمییەوە هەیە؛ هەر بۆ نموونە، سالمی خستووەتە بەرگی دووەمەوە، کە ئەمە هێڵەکانی تازەگەری و کلاسیک لە لایەک و تەمەن لە لایەکی ترەوە دەبەزێنێ و

پـێچەوانە دەکەوێـتەوە، بە هەمـان شـێوە بێخـود و بێکەسـی خستووەتە پێش حاجی قادری کۆییەوە، موستەفا بەگی کوردی و نـالیی پەڕانـدووە، کە ئەم دوانە ئێجگـار دیـار و بەرچـاون و لەوان لەمێژینەترن. لە ڕاستیدا ئەو پرۆگرامەی کە لای بەشێک لە عەرەبەکـان یـان فارسـەکان دەبینـرێن، زانـستییانە و بابەتییانەترن، وەک:

یەکەم: دابەشکردن بەپێی کات و سەردەم.

دووەم: دابەشکردن بەپێی بابەت و مەبەست، وەک هۆنراوەی دڵداری، داشۆرین، سوارچاکی و پیاهەڵدان.

سـێیەم: دابەشـکردن بەپێـی شـوێن، وەک هـۆنراوە لە کوردسـتانی خـواروو، یـان ڕۆژهەڵات، یـان سـەروو یـان خۆرئـاوا... یـان.... یـان بەنـدە گەشـتووەتە ئەو بـڕوا و قەنـاعەتەی کە ئەم دابەشـکردن و ڕیزبەنـدییە لە هەردوو بەرگەکەدا، هەروەهـا پـاش و پێشخـستنی شـاعیرەکان لەسـەر بنەمای تیۆرێکی ڕەخنەیی و بڕیارێکی پێشوەختەی سیستماتیک نییە و زیاتر بە میـزاج و چـۆن بـۆ گونجـان، کـارەکەی فەراهەم هێنـاوە. لە بەرگی دووەمدا پەیمـانی داوە بە خـوێنەر کە ئەگەر بـۆی ڕەخـسا، بەرگـی سـێیەمیش دەنووسـێتەوە. بەڵام مخـابن، کـارەکەی بـۆ تەواو نەکـرا، بـا ئەوەشـم لە یـاد نەچێـت کە خوالێخۆشبوو ڕەفیق حیلمی مەبەستی لە دانانی کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)، تەنیا خزمەتکردن بووە بە میللەتـی کورد و نەوەکـانی داهـاتوو. لە هەمـان کاتیـشدا نەفەوتـانی بەرهەمـی شاعیرەکان و ڕزگارکردنیان لە چنگ لەنـاوچوون. ئەم جـوامێرە هەموو تواناکانی تەرخان کردبوو بۆ میللەتی کورد، تەنانەت لە

حکـــومەتەکەی مەلیـــک مەحمودیـــشدا ڕۆڵـــی ڕۆشـــنبیرێکی پێـشکەوتنخواز و زانـستپەروەری بینیـوە و هەمیـشە لە هەوڵـی ئەوەدا بووە کە حوکمدارێتیی کوردستان بەرەو دنیای خۆرئاوا و شارستانێتی نوێ هەنگاو بنێت، واتە پرۆژەیەکی ڕەخنەسازیی بەرنامە بۆ دارێژراو، تەنانەت بە گەز و گرێی ئەو وەختەش لە خەیاڵیـــدا نەبـــووە، وەک بەیـــانی ڕوانگەخوازەکـــانی لـــەمەڕ خۆمـــان، یـــان بەیـــانە شـــیعرییەکەی فازیـــل عەزاوی، یـــان قوتابخانە ڕەخنەسازییەکانی ئەوروپا وەک ڕۆلان بارت و هایزن و بۆدلێر و...

٤- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، نە بە تەنیا مێژووی ئەدەبە، نە بە تەنیا ڕەخنەی ئەدەبییە، دیارە هێڵێکی جیاکەرەوەی دیـار و تۆخ لە نێوان مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا هەیە. ئەگەر مێـــژووی ئەدەب ڕەنگـــدانەوەی بـــاری سیاســـی، کـــۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕووناکبیری و ژیاریی ئەو سەردەمە بێت کە شـاعیری تیا ژیاوە، دیارە ئەم واقیعەش کەم تا زۆر ڕۆڵی دیـاری هەبێـت لەســـەر پێکهـــاتەی هـــزر و داهێنـــان و بۆچـــوون و هەڵوێـــستی شاعیر، نەک هەر ئەمەش بەڵکو خودی سـەربوردە و ژیاننـامەی تـــایبەتی شـــاعیر و داهێـــنەر و تەنـــانەت بـــاری خێزانـــی و سۆزداریش، ئەوا ڕەخنەی ئەدەبی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و بە باڵابرنی بەرهەمی ئەدەبییە و تەنانەت دەستنیـشانکردنی ئەو بەرهەمە ئەدەبیـــیەیە، کە ســـەر بە چ قوتابخـــانە و ڕەوتێکـــی ئەدەبیـیە و تـا چەنـد گرەوی هـونەریی بـردووەتەوە. نەک هەر ئەمەش، بەڵکو گەلێ جاران ڕەخنەی ئەدەبی دەبێـتە داهێنـانێکی تر بە ئاڕاستەی قووڵکردنەوە و فراوانترکردنی دەقی سەرەکی.

زۆربەی ئەوانەی کە مێـژووی ئەدەبیـان نووسـیووتەوە، هەر لە عەلادین سەجادییەوە هەتـا د. مـارف خەزنەدار، د. عیـزەدین مستەفا ڕەسول، عەلی باپیر ئاغا، ئەمین فەیزی، ڕەفیق حیلمی و تەنــانەت لە نێـو عەرەبەکانیـشدا، حەنـا فـاخوری و تەهـا حسەین و زەکی موبارەک، تەنـانەت بەشێک لە فارسـەکانیش، ئەم دوو بـوارە، واتە مێـژووی ئەدەب و ڕەخنەیـان لە ئاسـتی ناوکۆییدا تێکەڵ کردووە. بەڵام ڕێبازی کارل بروکلمان لە کتێبی (تأريخ الادب العربی) لە هەموو ئەوانەی لای عەرەب و تەنـانەت کوردەکانیش ئەکادیمییانەتر و بابەتییـانەتر و پسپۆڕییانەترە. تەنانەت ئەوانەی لای خۆمـان تـوخمە ئەدەبییەکانیـشیان تـێکەڵ کردووە و دۆ و دۆشاو بەسەر یەکدا ترشـاوە، ئەم دیـاردەیە لای خۆرئاواییەکــان بە شــێوەی لای خۆمــان نیــیە و هەســت بەو تێکەڵاویـیە چڕوپـڕە ناکرێـت؛ هەر بـۆ نمـوونە، بـڕوانە کتێبـی (نظريـة الادب)ی تۆسـتان داریـن و ڕینـیە ویلـک-ی ئینگلیـز و (نظريـــة الادب)ی ڕووســـەکان، هەســـت بە تـایبەتمەنـــدی و پسپۆڕییەکی باڵا دەکەیـت. خـۆ کە کتێبـی (مبـادئ النقد الادب)ی ڕیتـشارد دەخـوێنێتەوە، هەسـت بە پـسپۆڕییەکی ئێجگـار بـاڵا دەکەیـت و هـیچ جـۆرە تێکەڵبوونێـک هەست پێناکەیـت، ئەگەر تێکەڵاوبوون لە نێو بابەتەکانـدا لای نەوەی یەکەم هەبووبێـت، نە ئەبوو لای د. عیزەدین و د. مارف خەزنەدار ئەو دیـاردەیە بە زەقی ڕەنگ بداتەوە.

خوێنەر هەر کە چاوی بە ناونیشانی کتێبەکە، واتە (شیعر و ئەدەبیــاتی کــوردی) دەکەوێــت، دڵــی بە تەنیــا چەکەرەبــۆ تۆمارکردنی چەند دەقێکـی ئەدەبـی کـوردی دەکـات و هیچـی دی!

بەڵام دوای موتـاڵا و خوێنـدنەوە، بـابەتی مێـژووی ئەدەب و سـەربوردەی ژیاننـامەی شـاعیر و دەقـی ئەدەبـی و چەردەیەک ڕەخنەش! واتە ناونیشانی کتێب و بابەتەکانی، چوونیەک نـین، ئەم دیـاردەیە بە لادان لە مەنهەجـی ئەکـادیمی وێنـا دەکرێـت، چونکە هەمیشە ناونیشانی بابەت دەرگـایە بـۆ چوونەنـاو مـاڵی مەبەست.

٥- مامۆستا ڕەفیق حیلمـی، ئەمـین فەیـزی و ئەمـین زەکیـی بەگشتی لە ڕیـزی شـاعیران دانـاوە و بە گەرمـی باسـی بەرهەمە شیعرییەکانیان دەکـات. بەڵام هەتـا ئێـستا ئەم دوو جـوامێرە لە نێوەنـدی ئەدەبـی کوردیـدا بە هەرچییـەک ناسـرابن، بە شـاعیر نەناسـراون، بەنـدە نازانێـت ئەم ڕایە لە چ بنەوانـێکەوە سـەری هەڵگرتووە؟ دەشێت ئەم دوو بەڕێـزە وەک هەر ڕووناکبیرێـک لە چەند بۆنەیەکدا شـیعریان وتبێـت، بەڵام لە کۆتـاییـدا لەسـەری نەڕۆشتوون و وەستاون، ئەمین زەکی باوەشی گەرمی بۆ مێـژوو کـــردووەتەوە و بـــووەتە کـــۆڵەکەیەکی قەفئەســـتووری مێژوونووسـینی کـوردی، ئەوی تریـشیان لە بـواری زانـستدا هەنگاوی گورج و خێرای هەڵهێناوە.

٦- هەنـدێک جـار مامۆسـتا ڕەفیـق حیلمـی لە دەرگـای مەبەسـتێک دەدات کە نـاییپێکێ؛ هەر بـۆ نمـوونە، دەفەرموێـت هەردوو ئەحمەد واتە ساحێبقڕان و موختـار جـاف (هەردووکیـان کە بەهرەیەکی گەورە و بڵندی شاعیرییان بووە، لە سـەرچاوەی فتری زەکای خۆیان و موحیتی ئەدەبی سلێمانی بەولاوە لە هـیچ سەرچاوەیەکی عیلم و ئەدەبی بێگانە، نسیبەداری فەیز و هونەر

نەبوون)[٦]، بەڵام لە واقیعدا هەردوو شاعیر کەم تا زۆر زمانی فارسییان زانیوە، تەنانەت ئەحمەد موختار بە حوکمی ئەوەی پەرلەمانتار بووە لە بەغدا، عەرەبییەکی باشی زانیوە، دیارە ئەم سوودبینینە لە زمانی بێگانە هێڵی بەهرەی خۆرسکی ئەم دوانەی نەبەزاندووە ئەگەر زیادی نەکردبێت! تەنانەت هەر خودی مامۆستا ڕەفیق حیلمی نموونەی هۆنراوەی (گوڵی خوێنین)ی ئەحمەد موختاری هێناوەتەوە و فەرموویەتی "ئەحمەد موختار بەگ لە زمانی بێگانەیشەوە شیعرێکی زۆر بەرز و ڕەنگینی بۆ کردووین بە کوردی و بەم ڕەنگە هێز و توانای شاعیریی خۆی و فەساحەت و بەلاغەتی زمانی کوردی خستۆتە بەرچاو"[٧]. دیارە ئەمە بەڵگەی سوودبینینیەتی لە ئەدەبی بێگانە، واتە بەهرەی فیترەتی شاعیریەت بە ڕووناکبیری شیعری کەم ناکات ئەگەر زیاد نەکات!

٧- مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە زۆر بۆنە و جێگەدا سەرزەنشتی هەندێک شاعیر دەکات، چونکە بابەتی نیشتمانییان بەرهەم نەهێناوە و هەر بە بالای یاردا هەڵیان داوە. ئەو بە ئەڵهاوە لە ڕوانگەی نیشتمانپەروەرێتیی خۆیەوە داوای بیری نەتەوەیی و کوردایەتی و شیعری بەرەنگاری دەکات و بە وەعز و نەسیحەت شاعیرەکان دائەگرێتەوە، واتە داوای (الادب

---

[٦] شیعر و ئەدەبیاتی کوردی- ڕەفیق حیلمی دزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر ٢٠١٠ ل٢٧.

[٧] هەمان سەرچاوە ل٢٤.

الملتزم)یان لێدەکات و ئەم جۆرە ئەدەبەش بەشێکە لە پەیام و خواست و خولیاکانی، ئەوەی کە لێرەدا دەبێت بوترێت، گرنگ ئەوە نییە چی دەڵێیت، گرنگ ئەوەیەچۆنی دەڵێیت! واتە بەشێک لە توخمی شاعیریەت ئەوەیە کە شیعرەکە جوان و دلۆڤان و ڕەسا بێت و مەرجە بنەڕەتییەکانی شیعریەتی بەرهەم هێنابێت، واتە مەرج نییە هۆنراوەیەکی نیشتمانی لە ڕووی هونەر و شیعریەتەوە سەرکەوتوو بێت، ئایا هۆنراوەی (جق و نقی) گۆران لە ئاستی (شیوەنی هیوا)کەیایەتی؟ با ئەوەشم لە یاد نەچێت کە بەها و پێوانەی خواستە ڕەخنەییەکان ڕێژەیی و بەپێی زەمان و زەمین گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، تەنانەت خودی چێژی ئەدەبیش حاڵەتێکی ڕێژەییە و لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر دەگۆڕێت و ناچێتە یەک قاڵبەوە و دەورانی زەمەن کاریگەریی لەسەر داناوە.

٨- لەگەڵ ئەوەی کە ڕەفیق حیلمی گرنگی فرەی بە ناوەرۆک داوە، بەڵام هەرگیز پشتی نەکردووەتە شێوازی دەربڕین و بە تەواوکەری ناوەرۆکی داناوە و نەشیویستووە دوور بێت لە هەڵسەنگاندنی لایەنە ئیستاتیکییەکان، وەک دەردەکەوێت، شارەزاییەکی زۆر لە بواری زانستی ڕەوانبێژیدا (بلاغة) هەبووە، تەنانەت ئەم زانستەشی کردووەتە ئامرازێکی کارا بۆ شیکردنەوەی هۆنراوەکان و بەباڵابرینیان.

٩- زۆرجار شیکردنەوە و تاوتوێکردنی چامە شیعرییەکانی بە خوێنەر سپاردووە و خۆی لێ لاداوە، بە بۆچوونی بەندە، مەبەست لەم دیاردەیە:

یەکەمین: کورتبڕی و دوورکەوتنەوەیە لە درێژەدان بە ڕاڤەی

دەقەکان.

دووەمـین: گرنگیـدانە بە ئەهەمییەتـی خـوێنەر لە کـردەی ئەدەبیدا، چونکە پێکهاتەی هەموو کردەیەکی ئەدەبی بریتییە لە: (داهێنەر، داهێنراو، خوێنەر) یان وەرگر، دیـارە پشتگوێخـستنی خوێنەر، کردە ئەدەبییەکە شکست پێدەهێنێت، تەنانەت هەندێک تیـۆری ئەدەبـی، بەپێـی بیـردۆزی (نظریـة الاستقبال)، خـوێنەر دەکەنە کۆڵەکەی کردەی ئەدەبی، هەروەها بەپێی بۆچوونەکـانی ڕەخنەگـری فەڕەنـسی ڕۆلان بـارت، خـوێنەر لە ڕێگـای هێرمۆنیکـاوە دەق دەوڵەمەنـد و فـرەمەودا دەکـا و بـایەخەکەی زیاتر دەکات.

١٠- زۆربەی ئەو نمـوونە شـیعرییانەی کە مامۆسـتا ڕەفیـق حیلمی خستوویەتیە شیعر و ئەدەبیاتی کوردییەوە، لە ڕوانگەی دەسبژێرییەوە (إنتقائی) بووە، واتە چ دەقێکـی بە دڵ بووبێـت و پێـی سەرسـام بووبێـت، پەخـشی کـردووە و خـستوویەتـیە ژێـر تیشکی شیکردنەوە و نرخاندن و باسی لێوە کردووە.

١١- بۆچـوونە ڕەخنەییەکـانی مامۆسـتا ڕەفیـق حیلمـی لە ڕەخنەی گشتییەوە (النقـد العـام) نـزیکن، چـونکە شـیکردنەوە و هەڵسەنگاندنەکانی پەلـی بـۆ بـواری جوانناسـی و ڕەوانبێـژی و شێوەسـازی و واتـا و وشـەئارایی کێـشاوە و بەپێـی پێویـست چارەسـەری دەقەکـانی کـردووە، نـاتوانم ئەوە بـسەلمێنم کە ڕەخـنەی گـشتگیر سـەد دەر سـەد لە هەمـوو دەقەکانـدا ڕەنگـی داوەتەوە، چـونکە لە هەنـدێ شـوێندا ڕەخـنەی (إنطبـاعی) یـان ناوەرۆکگەرایی یـان (تفـسیر)ی بـۆ بەرهەم هێنـاوین، ئەوەی کە لێـرەدا جێگـەی مەبەسـتە، ئەوەیە کە مامۆسـتا ڕەفیـق حیلمـی

سەرەتایەکی مژدەبەخش و ڕووناکی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا چێ کردووە.

١٢- هەندێک جار مامۆستا ڕەفیق حیلمی بەراوردی لە نێوان دوو شاعیردا کردووە، وەک حەمدی ساحێبقڕان و ئەحمەد موختار جاف، یان گۆران و شاعیرەکانی پێش خۆی. ئەم بەراوردە ناچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردەوە (الادب المقارن)، چونکە بەراوردەکە لە نێوان دوو کەسدایە، کە بە یەک زمان شیعر دەڵێن، دیارە مەرجی ئەدەبی بەراورد بەپێی هەردوو قوتابخانەی فەڕەنسی و ئەمریکی ئەوەیە کە دەبێت بەراوردەکە لە نێو دوو زمانی جیاوازدا بێت. بە بۆچوونی بەندە، خودی بەراوردەکە جێگای سەرنجە و گەرەکە لەم بوارەدا لایەنەکانی بەراوردکراو لێک نزیک بن، بۆ دەرخستنی توخمە جیاوازەکان، یان نزیکەکان. با ئەوەشم لە یاد نەچێت کە قاڵب و تێکست و دنیای شاعیرێتییەکەی حەمدی ساحێبقڕان جیاوازترە لە ئەحمەد موختار جاف. تەنیا ئەوەی کە ئەم دوانە لێک نزیک دەکاتەوە، ڕەخنەگرتنە لە سەردەمی حوکمداریێتیی شێخ مەحمودی نەمر، بەڵام لە دوو هەڵوێستی جوامێرانەی دڵسۆز و بەتەنگەوەهاتوو بۆ شێخ و حوکمداریێتییەکەی.

١٣- مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە نێو ئەو ٢٤ شاعیرەدا، ئێجگار سەرسامە بە عەلی باپیر ئاغا (کەمالی) و گۆران و زۆرترین پانتایی بۆ تەرخان کردوون و زۆر بە وردی و فراوانی و سەرکەوتوانە ئەم دوو شاعیرەی نرخاندووە و لە جێگای شیاوی خۆیان داینـاون، ئەم دیاردەیە ئەو بەڵگەیە دەسەلمێنێت، کە مامۆستا ڕەفیق حیلمی چێژی تایبەت و

(إنطباعی) سەرپشک کردووە بۆ بەشێک لە توێژینەوەکانی؛ هەر بۆ نموونە، لەسەر وەسفی هەورامانەکەی گۆران زۆر وەستاوە و ئێجگار پێی سەرسام بووە و بە بەرزترین نموونەی شیعری تەسویری ناوزەدی کردووە. هەر لە پەراوێزی شیکردنەوەی هۆنراوەکانی گۆراندا ئەوەی درکاندووە، کە کانیی شاعیرێتیی گۆران دوای ناسین و بە دواداچوونی ئەدەبی تورکیی نوێ و خوێندنەوەی بەرهەمەکانی (شوعەرای فەجری تازە)ی وەک تۆفیق فیکرەت و نامیق کەمال هاتووەتە گۆڕێ و وەک هەندێک شاعیر لە ڕەوتی شیعروتن نەکەوتووە و پێبەپێ و سات دوای سات شیعرەکانی بەرەو پێش چووە و لە شکۆفەدا بووە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو لە هەموو مەبەست و بابەتە شیعرییەکاندا سەرکەوتوو بووە، سەبارەت بە شێخ نوری شێخساڵحیش، دەڵێت: (نوری شاعیرێکە تەجەدود پەروەر ئەڵقەیێکە ئەمسەر و ئەوسەری چەمەری شاعیرەکانی چەرخی پێشووی لەگەڵ شاعیرەکانی ئەم چەرخەدا هانیوەتەوە یەک، لە شیعری کلاسیکی بەشێکی زوبدەی وەرگرتووە و لە سەلیقەی ئەدەبی تۆزێک فیتری و تۆزێکیش ئیرسی خۆی خستۆتە سەر...)[٨].

١٤- مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە بواری گرنگیدان بە ئەدەبی نوێ، پێش سەردەمەکەی کەوتووە و بانگ بۆ تازەکردنەوەی ئەدەبی نوێ دەدات، شێوە و داروباری ئەدەبی کۆن ئەفەرۆز دەکات. ئەوەتانێ دەفەرموێت (ئەم چەشنە شیعرانە ئیتر باویان نەماوە -دیارە مەبەستی هۆنراوەی کۆنە- و نابێ ئێمە

[٨] هەمان سەرچاوە ل٢٤.

بگەڕێینەوە سەری و بیکەینەوە بە باو، بەڵکو ئەبێ ئوسلوبێکی تازەی بۆ دابنێین و بەشێوەیەکی وا لە نیشتمان بدوێین کە لەگەڵ پێویستی ئەم چەرخە بێ و شانبەشانی شارستانییەتی بڕوا)، واتە تازەگەریی بەستووەتەوە بە پێشکەوتنی شارستانیەتەوە و ئاوێنەیەکی باڵانمایەتی.

١٥- دەشێت کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) باشترین بەرهەمی سەردەمی خۆی بێت لە بواری شیکردنەوە و بەباڵابڕین و نرخاندنی ئەو دەقانەی کە بەهای جیاجیای خۆیانی بۆ داناون.

**لە ڕۆڤاری ژمارە ٨٥ دا بڵاوکراوەتەوە، ساڵی ٢٠١٥**

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

١- نالی لە دادگای رەخنەدا
٢- سێ تەڵ وەنەوشە بۆ کەزێکانی شیعر
٣- بحثان في الادب الكردي
٤- دەستووری هەرێمی کوردستان، خوێندنەوەیەکی ئەکادیمیانەی بابەتی.
٥- حەپسەخانی نەقیب لە ئاوێنەی مێژوودا
٦- الشيخ معروف النودهي بلاغيا
٧- ئاسۆیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی
٨- ئەزمونەکانم لە پەرلەمانی عیراقدا
٩- افكار و تأملات
١٠- حكاية ليلى والمجنون – للشيخ حسين القاضي، دراسة و تحقيق و مقارنة
١١- محى الدين زنكنة روائيا، دراسة و نقد